رۆمان

# ئاوێنەی بوورکانی ژەنەڕاڵ

رۆمان

# ئاوێنەی بوورکانی ژەنەڕاڵ

سەلاح جەلال

بەرگی یەکەم و دووەم

چاپی دووەم 2020

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **ئاوێنەی بوورکانی ژەنەڕاڵ** (**بەرگی** 1-2)
- نووسینی: سەلاّح جەلال
- بابەت: ڕۆمان
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- چاپ: چاپی دووەم
- نرخ: (5000) دینار
- تیراژ: 1000 دانە
- چاپی: 2020
- چاپخانە: ماد (تاران)
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (800) لەساڵی (2020)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (1048)

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

بەڕێز دکتۆر (ئالان حەمەسەعید)و(شێخ رزگار شێخ عەلی)و(حمید قەلادزێی) هەوڵی تەواویاندا بۆ چاپی هەردوو بەرگەکە.

مافی چاپکرنەوەو فۆتوکردنی ئەم رۆمانە بۆ هیچ کەسێك نییە.

---

## تێبینی:

کۆمەڵێك هەڵەی چاپوو نارێکی لە ماوەی نێوان وشەکان و شتی تر کەوتبووە چاپی یەکەمەوە، بەهۆی ئەوەی چەند کەسێك هەڵەچنیمان کردوو زۆری کارکردنی خۆیشم تیایدا و ماوەی چەند ساڵێکیش بەسەر چاپکردنیدا دروستبوو، لەو کاتەیشدا دوو تاقیکردنەوەی زانکۆم هەبوو. جگە لەو بارودۆخە سەختەی هەمە، ئەم جۆرە ئیشانەیش کاری دەزگاکانە، هەڵەچنی و زۆر شتی تر، من ئەو شانسەم نەبووە، لێرەدا هەموویانمان راستکردۆتەوە، تەنها لە لاپەڕە 49 مەنەلۆژو دایەلۆژێك تێکەڵ ببوو جیامکردەوە، جگە لەوەو راستکردنەوەی هەڵەو پیتی زیادە، هیچ گۆڕانکاریەك لەناوەرۆکدا نەکراوە، بۆ هەموو پرۆژەیەك پشت بەم چاپە دەبەسترێت. لەگەڵ رێزم بۆ هەموو لایەك.

## دایەلۆژی مەرگی دوو بەرگ......

ئەم رۆمانە، سەرکێشیە لە نووسـین و بڵاوبوونەوەیـدا، ئـەوەیش ئـەو بـووارو فـەزا ئـاڵۆزەی نەتـەوەیی کـوردو رۆڵـی بارزانیـە، پـتر لـە نیوسـەدە لـە تۆفـانی زەریای بێئاماندا سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی کردووە. گۆڕینی ئـەو مێـژوەیش بـۆ رۆمـان بـەو هـەموو کارەسـات و  روداو و قۆناغانـەی، چـەندین جۆگرافیـاو زەمەن و کەسایەتی زۆر دەگرنـەوە، رێکخسـتنیان لـە رۆمانێکدا، رەوتـی بـاوی مێژوویی تێبپـەڕێنێت، دەچـێتە ئـەودیوی مەرگـەوە، ئەمـەیش بـە تێکشـکاندنی کرنۆلۆژیاو کارکردنی نوێ لە هونـەری رۆمـان نووسـیندا، لـە سـاتەوەختێکدا لـە زەمەنی لێدانی شـرینقەیەکەوە لـە ئـەمریکاوە، مێـژووی سـەرکردایەتی بـارزانی دەگێڕێتەوە، وەك تەبەقـە شوشـەیەك  دەبێـت بـە هـەزاران  پارچـەوە، دەبێـت خوێنــەر بــە خــەیاڵی خــۆی لــەدوو تــوێی دوو بەرگــدا، لــە زەمــەنی ئاینــدەدا تەشکیلیان بکاتەوە.

ئەم جۆرە هەوڵانە لەسەر ئاستی جیهـانیش ناگەنـە پەنجـەی دەسـت، لەبـەر ئەوەی ترسناکن لە نووسینوو هۆشیاریدا، لە مانـدوبوون و وردبوونـەوەی مێـژوو شۆڕش و رۆڵی سەرکردەیەك، جگە لە چەندەها هۆکـاری تـر، ئـەوەیش گەشـتی مەرگە.

دەمێك بوو دەمویست لە مێژویەکی وا ئاڵوزدا کارێك بکەم دەیـەها پـەرتوکی دەوێت، ساڵی 1993 یەکەم بەرگیم نووسی و بە چـاپی دەسـتی چـاپمان کـرد، لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆربــەی رۆشــنبیران بــە کــارێکی ســەرکەوتوویان زانیــوەو دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، بەردەوام هانیان دەدام هـەتا چـاپی بکەمـەوە، نـەك دوای مەرگی خۆم بفەوتێت.

لەگەڵ چاپکردنەوەیدا گۆڕانی زۆرم تیا کرد، بەهۆی نووسـین و دەیـەها جـار بەسەراچونەوەوەوە ئاڵۆزی رۆمانەکەوە ماندوبووم .

جگە لەوەیش لە بەرگی یەکەمدا کۆمەڵێك هەڵەی زۆری تێکەوت، چەند رستەیەکیش لە گەڕانەوەی بارزانی و بەغداد و بەسرەدا سڕدرابوونەوە، ئەو کاتە مادەی بەرگی دووەمیش ئامادەبوو، هێشتمەوەو بەم دواییە تەواوم کرد. لێرەدا پێکەوە گرێمدانەوە، هەڵەو سڕاوەکانم چاککردوە،ماندوبوونم لە سنور دەرچوو، ئەمەیش بە بێکەسی و ئەو بارودۆخە سەختەی تیایدا دەژیم، بەڵام ئەوەی گەوهەری ئەم نووسینەیە، ئەوەیە ئەم کارە ترسناکەم وەك رۆح و هەولی داهێنان کردووەو بێپرسی دۆست و دوژمنی بارزانی نووسیومن و بڵاومکردوونەتەوە، لەبەر ئەوەیش جگە لە مەرگ بینین بە نووسینیانەوە ژیانیشم بە هۆیانەوە سووتا، بەڵام کار بۆ ئایندە دەکەم، ئەم رۆمانەیش تەنها مێژووی بارزانی نییە، بەڵکو شۆڕش و هاوارو بانگەشەو رەنگدانەوەی نەتەوەی کوردەو پێویستە لە بوواری ئەدەبیشدا بخوێندرێتەوە، دڵنیام ئایندە نرخ و پێویستی ئەم رۆمانە دەردەخات.

ئەمەش ئەو سەرکێشیانەن، منی پێناسراوم. کاتێك دیوانی ئێشکگری کفن پۆش و دوایی کفن پۆش و کەونم دا بە رەقابەی بەغداد یەکەمیان هەموو پسپۆڕەکانی کردوو رەفزکراو دووەمیان لەبەر بڕیاری سەرۆککۆمار بە سەدوچل رستەی سراوەوە پسپۆڕێك وێرای بڕیاری لەسەر بدات. دوایی ویستیان بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە مەلاکان فتوام لەسەر بدەن. وە دیوانی (سیدرە الحسین)یش هەمان سەرکێشیم بوو، بە دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی بە عەرەبی لەسەر نووسراوە، وەدیوانی (سقوط الکون)م لەرۆژگاری رەشدا نووسی بۆ فەلەستین، دیسان سەرکێشیەکی ترم لەسەر(فاتیمەی زەهرا) کردووە، لەدیوانە شیعری (سور النور)دا، هەروەها وتاری (الکردي الحر هویة شرق الآوسط الجدیدة) تەمومژی سەر عبداللە ئۆج ئالانم لەبوواری عەرەبی لابرد، جەند جار لە رۆژنامەکانی بەغداد بڵاوبووەوە، وەکو (الادیب ، المشرق) یەکێك بوو لەو وتارە ناوازانەی، دەنگ دانەوەی گەورەی هەبوو، وەهەروەها ئەو سەرکێشیەی

لەهەردوو قەسیدەی بەرگی یەك و دوی کۆجیتۆی جەلال تاڵەبانیدا کردم، تـوانیم ئەوانە شۆك بکەم قسەی شاخداری مەرگاویان لەسەر دەکردم، ئەمانە هـەموویان ئەو دیوی مەرگ دەگرنەوە، چونکە من یاری لەگەڵ مەرگی هاوڕێم دەکەم، جگـە لە مەرگ هیچ هاوڕێیەکی ترم نییە لەبووندا و جگە لە سەرکێشی بۆ مـەرگ کـاری ترم نەکردوە.

مێـژووی بـارزانیش بـۆ رۆمـان، کارێکـە لێـوان لێـو مـەرگاوی، گـەورەترین کەسێتیە لە مێژووی نەتەوەی کورداو لە کاتێکی هەستیارو مەترسیداردا پـتر لـە نیـو سـەدە سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـوردی کـردووە، منـیش ئـەو چـرکانەم هەڵبـژاردوە، گـرنگ و سـەختن، بـەهای نەتـەوەیی و رۆمانەکەیشـم پاراسـتووە لەجەنگی ناوخۆیی و شتی تر.

هـەموو ئەمانـەیش کـارێکی مـەرگاوین و دەبێـت هیچـت لێتێـك نەچـێت، ئـەو وردبینیەیش چـەندە پشـووی مـەرگاوی دەوێـت، دەبێـت هەمیشـە یـاری لەگـەڵ مەرگا بکەیت، هەر هەڵەیەك لەم کارانەدا قورس دەکەوێتەوە، لەو تاڵـە ئاڵۆزانـە، مــن ئــەو مێژووەیشــم لەبــەرەو کــەم نووســین هــەبێت لەســەر بــارزانی نەمخوێندبێتەوە، هەموو ئەو پەرتوك و نووسین و وەرگێڕان و بیرەوەری و وتارو لێکۆڵینەوانــەی نووســراون لەســەری ســودم لێبینیــون. بــە تایبــەتی هــەموو پەرتوکــەکانی کــاك مەســعود بــارزانی زۆر وردو مێــژوویین و جێــی بــاوەڕن سەرچاوەی سەرەکیم بوون .

لێـرەدا سوپاسـیان دەکـەم.......هیـوادارم لەگـەڵ ئـەوانو ئێـوەو ئـەوانی دواتردا، لە کێڵگەیەکی نوێدا لە خۆشەویستی لەگەڵ مەرگا یەکبگرینەوە.

2019/8/30

# ئاوێنەی بوورکانی ژەنەڕاڵ

**نووسینی: سەلاح جەلال**

**بەرگی یەکەم...... چاپی سێیەم**

## (1)

نمەی باران شوشەی پەنجەرەی ژورەکەی گرتبوو، گڵۆپ و تیشك و رونـاکی لـە ژێـر سـێبەری پەڵـە هـەوری شـاراوەدا مـات ببـوون و گەواڵـە گەواڵـە وەك چەرچـەفی نهـێنی بەسـەر ئاسمـانی ئـەمریکاوە دەکشـان، چـارۆکەی هـێمنی نەخۆشخانەیان دەپێچایەوە، زەنگی نەبڕین خامۆشـی جەسـتەی دەدڕی، گومـان لەهەموو شـتێکەوە دەردەکـەوت، وەك تـارای نهێنیـەکی نادیـار داپۆشـی بێـت، گەروی زمانێك بەو وشانە بکرێتەوە، بە زمـان تـاڵبوون، گوێیـان دەخسـتە سـەر خـرۆش، دەنگـی سروشـت ئاوێتـەی نـوزەی گریـانێکی خەفـەبوو، زمانێـك لـە بێزمانیەوە تۆڕی ئاماژەی ئاسۆییان لە فەزای روانینا بەرجەستە دەکرد، وێنـەی نـەفخی نـەبینی سروشـتی شـاراوەی زەمـەنی دورو نزیکیـان لێدەردەکـەوت، بـە جەستەی ژەنەڕاڵەوە لەسەر چرپایەکە گرمۆڵە دەبوونەوە، وەك موروی ئـاوداری زەمەنی رۆح دەنگیان دەدایەوە.

زەنگـی تەلـەفۆن هێڵێکـی نـامۆیی لـە شـەپۆلی فـەزایا کێشـا. پزیشـکەکە چەرچەفەکەی خستەوە سەر سنگی ژەنەڕاڵ، ئامێرو کاغـەزی پشـکنینی لەسـەر مێزەکە داناو کتوپڕ گەیەنەرەکەی هەڵگرت:

– هەلاو، هەلاو...........

– ............................

دایخستەوەو چاوی بە جەستەیدا گێڕایەوە، لێوی خـۆی کرۆشـت و چـووەوە سەر مێزەکە، بە ئەسپایی شرینقەکەی هەڵگرتوو بە دەستی چـەپی ڕایوەشـاند، ئـەویش زەردەخەنـە کـەوتبووە سـەر لێـوی، چـاوی لەبـەر کۆمەڵـە تیشـکێکی

ئاوەژوودا هەڵدەفڕی، شوشەو دیوارو ڕوانین و مرۆڤ و ئاوێنەو بوون و ژیان و جیهان لەلای ئاوێتە دەبوون، لە وێنەی فۆتۆییدا لەبەرچاوی تیشکیان دەدایەوە، بە شنەی شەماڵی بیرەوەریەوەیشەوە بە جەستەیدا دەکشا، لەسەر لێویەوە نیشانەی پشکوتنی گوڵی ئاسۆیی تیادا دەدرایەوە.

لەپڕ ئەو تیشکە بە دەزوولەی سەدان فیلمی سەر سورڕهێنەرەوە لە نیگایدا گرمۆڵەبوونەوە. لەدوا تەمی بریسکەی شرینقەکەوە خورپە گرتی، گومانی کتوپڕی بە خوێنیدا دەهات، ترپەی دڵی زیاتر دەبوو، بە قەتارەی زەردەخەنەکەیەوە بە کاروانی وندا ڕۆدەچوو لە ڕەنگ و ڕوی پزیشکەکەی دەڕوانی، دوو چاوی شینی بەسەر پێستی سورباویدا، ڕوخساری هەمە ڕەنگەی دەخستە گەرداوی ژیانییەوە، دیمەنی تەلسکۆبی نیگای دەکەوتنە سەر شەپۆل، دیوارو گلۆپ و پەنجەرەو دەرگاو دۆشەك و کورسی و گوڵ و شوشەو بۆیاخ و هەموو مادەیەکی لێبببو بە ئاوێنەو کەفێکی سپی، شێوەو ڕەنگی دیاردەی بوونیان دەدایەوە.

گلێنەی چاوی لەو پڕۆڤەیەدا نوقم ببوو، برژانگی بە تیژی سێبەری ئەو وێنەیەیان دەکێشا، لەناو سەدان وێنەو پریشکی ڕەنگاو ڕەنگدا هەڵدەفڕین، روانین و بیرەوەری لە کەف شرینقەکەوە بروسکەی مێژوویيان دەدایەوە.

ئەوە هەر لەسەرەتای چاوکردنەوەیەوە لە چیرۆکی ژەهر خواردویی توشی ئەو ئەشکەنجەیە هاتبوو، ئەو ژانە لە تەمەنی لاوێتیدا گرتی، دوو هەفتە خستیە سەر پەلاماری مەرگەوە، کاتێك بۆ یەکەم جار ژەهر خواردو کرا، لەوەوە ئەو گومانە گشتیەی لە ژەهرو شرینقەی کوشندەو مردن و ژیان بۆ دروستبوو.

لەو ساتەشدا، ئەو گومانەی پەرەی دەسەند، بوورکانی تەمەنی دەتەقیەوە، لەوەوە نەشتەری ئەو رەگە شێرپەنجەییە بیرەوەری دەگرت، دەرزی ژەنی نەتەوەیەکی کردبوو، بەو بیرەوە لەگەڵ خولیاو ئارەزوو خەرمانەی تەمەنیدا لەناو کەف ژەهراویدا بیرەوەری شەپۆلیان دەدا، جەستەی دەتوایەوە، وەك

پەپولـەی ئـەزەلی خـۆی دەدیـەوە، لێڵیـو تـاری و ڕونـاکی نیگایـان دەپۆشـی، ژەهرو ڕەنگی ئاڵۆز چەخماخەیان دەدایـەوە، لـەو گـەرداوەدا بـە جۆرێـك مۆمیـا دەبوو، تەزوی گەرم خرۆشی دەخستە ناو دەماریـەوە، ڕەگـی بیـنین و بیسـتنی کەوتبوونە ڤیدیۆی بیرەوەری دەیـان سـاڵەوە، ئـاوازی ترسـناك وێنـەی ژیانیـان دەشـێواند، ژانـی خەفـەی زینـدو دەبـووەوەو سـەر لـەنوێ لـە خوێنیـدا چـرۆی نەخۆشـی هەڵدەکفایـەوە، بـزەی تـاڵی و شـادی ڕوانینیـان داگـیر دەکـرد، بـەو روخسارەیشـەوە ڕەنگـی زەرد هەڵگـەڕابو، ئـەو تـەزووە مێشـکی دەگوشـیەوە، کەشوهەوای نەخۆشخانەش شێوازی شانۆی پڕ لـە کارەسـاتیان بـۆ دەڕخسـاند، دیواری سادەو بریقەدار بە ڕەنگی پەردەی سـەوز، شـەپۆلی هـێمنی بیرەوەریـی فۆتۆییان دەردەخست، وێنەی سەدان تابلۆی سریالی پێشانگای دیمـەنی خـوێن و گۆشتیان دەخستەوە بەرچاو، نەخشـەی کوردسـتانی بـە کراوەیـی دەدیـەوە، شەپۆلی پەیمانی سـیڤەرو ئـەرزڕۆم و جـەزائیرو بەغـدادو سـایکس بیکـۆو نـاتۆ، وەك لافاوی ستەم شەپۆلیان دەدایەوە.

ئەو شێیە وەك خۆرە گۆشتیان دەڕزاند، لەگەڵ ئاوازی مۆسـیقای خامۆشـدا، زەردەخەنە وەك کـارگ لەسـەر لێـوی هەڵـدەتۆقاو دەشـنایەوە، ڕوانـینی ببـووە ئاسمانی سەدان قافڵەی مەلی کۆچەری خاکی سوتاو، دەرزی ژەنی دڵ و خـوێن و ڕۆحیان دەکردو دەکەوتنە سەر شەپۆل، لە کەڤ سپیەوە بە تولە ڕێـی دژواری چیای سەر کەشەوە دۆزەخی خوێناویان نیشان دەدایـەوە، وەك لـە ئاسمـانێکی نـەبین بڕوانێـت، ئاوێنـەی دوژەو گـڕو ئـاوو دوکـەڵ بێـت و پروشـەی گۆشـت بەسـەریدا ببارێـت، بـەو جـۆرە خوێنـاوی دەیـان سـاڵەی شـۆڕش، وەك فـوارەی چەمی شاراوەی دڵداری مەرگ و ژیان لەسەر ڕۆحی ئاگریـان دەکـردەوە. وێنـەی هەموو ئەو ساڵانەی لاوان بە سنگی خوێناوی و جێگە زامی گوللەی مەرگەوە بـە لادا دەهاتن، لەدوا هەناسەدا نەمریان لەسەر خوێنیان دەژیاندەوە:

– بژی کوردو کوردستان.

بەو جۆرە شارای جەستە بە یاری مەرگەوە دروشمی مان یا نەمانیان دەگوتەوە، دوا هەناسە خۆڵ بە خوێنیان دەڕەنگا.

ئەو وێنانە لەلای ببوون بە ئەلبوومی بیرەوەری خوێناوی، سرودی (ئەی ڕەقیب)یان لە مێشکیدا دەکرد بە ئاهەنگ، لەگەڵ نەورۆزی ئەو ساڵەدا سەر تۆپی گوڵی خوێناویان بۆ گۆپکەی ئازادی بەڕێ دەکرد، وەك هەموو ئەو جارانەی دەکەوتە سەر خورپە، هێزو تینی لە خوێنییەوە هەڵدەکفاندو ڕوانینی بە ناو پانتایی بەریندا کێش دەکرد، دەیویست ببێتە پەپولە، وەك جاران بەسەر  هەموو چڵ و گەڵاو گوڵ و بەردو دارەوە وەك شنە بای دوای وەشت بکشێت، لێوی گوڵی لاپاڵو بنارو لوتکەو پێدەشت ماچ بکات. هەتا بە خوێنی ئاڵ و گەشەوە زەماوەندیان لەگەڵدا بکات.

هەمیشە ئەو وێنەو نەغمەو ئاوازانە بە خوێنیدا دەهاتن، وەك ئەو هەڵبەست و لاوکو حەیران و گۆرانیانەی پێشمەرگە بە سەمای مردنەوە، لەگەڵ چڕانی کەفی خوێندا لە لێویان دەباری.

ئەو ئاوازانە ببوونە خەرمانەی زمانی ئاسۆیی لەلای، لە ساتی بیرکردنەوەو ڕۆچووندا فرمێسکی دەڕشتە خوارو دەواری ترسناك بە ڕووبەری جەستەیدا هەڵدەدرا.

لەو ساتەشدا، کەوتبوونە ناو ڕوانین و هەست و مێشکیەوەو مۆسیقای دڵتەزێن گوێی دەگرت، یادی ئەو ڕۆژە سەختانەی بیر دەهاتەوە، پتر لە نیو سەدە باروت و ئاگر بارانی فڕۆکەو زرێپۆش و تۆپ و شەستیرو گوللە، بەردو گڵیان دەسوتاند، زەوی بە فرمێسکی لانە روخاو گەرم دادەهات، دارو درەخت دەکەوتن، گژو گیاو گەڵاو گوڵ لە لاسك دەوەرین، نەغمەی بوولبوولی خۆش خوان دەخنکا.

چەند ساڵ دابڕانی لەو گۆڕەپانە تەنیایی گرتبوویەوە، لە پرۆڤەی گەڕانی چیاو شاخ و کێوو دۆڵ و دەشت و دەر هاتبووە دەر، هەر لەو کاتەی بارەگای

نیشتەجێی خۆی بە جێهێشت، سـەیری سـەرین و لبـادو چـرا لـۆکس و تەختـەی کتێبخانەکەی کرد، چوار چـڵ داری خسـتە زۆپاکـەوە هـەتا تـەواو سـوربووەوە، چایچیەکە پەرداخێك چای بۆ هێنـا، بـە حەپەسـاویەوە لێـی وەرگـرت و کلۆیـەك شەکری خستە دەمیەوە، بەدەم بیرکردنەوەوە هەڵی قوڕاند، ئەوسـا هەسـتا لـە کوانوی جێگەی زۆپاکەی روانی، دوا نیگای لـە بنمیچـو تـەژەو دارەڕای سـەربان گرت، خەت و ڕەشی و قڵشی دارو دیواری خوێندەوە، هەناسەی هەڵکێشاو هاتـە دەر، بەدەم قوڵپی خەفەی گریانەوە لە باگردێن و نایلۆنی سەر بانەکەی روانـی، ئەوسا لە هەیوان و بەر پەنجەرەی وردبووەوە، چاوێکی بەملاولادا گێڕاو سـواری جێبەکە بوو.

لەوساتەدا، ئەوەندە بە کوڵ قوڵپیدا شارێك لـە روانینیـا دروسـتبو، گـۆڕا بـە نیشـتمانی خـۆکردو جیهـانی پۆشـی، لەهـەموو لایەکیشـەوە گریـان و هـاواری پێشـمەرگە بـەرزبووەوە، پـەلێك لەسـەر بانێکـەوە تفـەنگیان بـە گوێسـەبانەوە هەڵواسـی بـوو، چـاویان بڕیبـووە جێبەکـەو هەڵدەبەزینـەوە، کۆمـەڵێکی تـر دەسـتیان بـە قایشـی تفەنگـەوە تونـد کردبـوو، سـێ پێشـمەرگە لەسـەر گوێسەبانەیەکەوە جامانەیان خستبووە سەر چاو، لە ملاولاوە ملە قوتەو چرپەو نـاڵین دروسـت ببـوو، وەڕسـی بـە جۆرێـك بـاڵی کێشـابوو، پۆلـە ریشـۆڵە بـە ئاسمانەوە بێدەنگیان دەشکاند، شۆفێرەکە سلفی لێدا، گریان هەموو قـوڕگێکی گرت، لەگەڵ جوڵەی جێبەکـەدا بوورکـانی خەفـەی دەروونـی تەقیـەوە، کەسـێك نەما فرمێسـك بـە رومـەتیا نەهاتبێتـە خـوار، ناوچـەکەش بەهـەموو هێزێکییـەوە وروژا، حەپـەی سـەگەل و قیـژەو قـاژەی قـازو قـوڵنگ و باڵنـدە تێکـەڵاوبوون و هەموو دەنگێکیان خنکاند.

ئـەو دەنـگ و وێنـەو دیمەنانـە لـە روانینیـدا بوونـە بوورکـانێکی گـەورە، ورد سەیری پەڵەی هەوری دەکرد، لەسەر ئاستی رۆژئاوا زنجیرەیان دەبەستەوە، بـە وێنـەی شـاخ و دەوەن و دەشـت و دارو درەختـەوە تێکـەڵاو دەبـوون، دوا جـار

چاوی نوقاند، توانای بینین و بیستنی نەما، هەمووی لەلای بوون بە وێنەی کەوتنە خوارەوەی گەردوون، بەو وێنەیەوە کەوتە دەریای روانینی ئایندەوە، لەو ساتەی گەیشتە سەر فەزای سنور دوا ئاوڕی دایەوە و لەسەر لوتکەی شاخێك وەستا، بە خەنجەر لەژێر تاشە بەردێکدا خۆڵی دڕی، مشتێکی هەڵگرت، پروشێکی خستە ناو دەمییەوە قوتیدا، ئەوی تریشی لەناو دەستە سڕەکەیدا گرێداو خستییە گیرفانییەوە، ئەوسا بە دڵی پڕەوە هەردوو دەستی بەلای رۆژئاواو رۆژهەڵاتا راست و چەپ کرد، جامانەکەی راخست و رویکردە قیبلەو نوێژی دابەست.

کاتێك سواری جێبەکە بووەوە هەر لە بەشی باشوری دەڕوانی، لە ئاوێنەکەیشەوە دارو درەخت و کێوو بەردو خۆڵی دەخوێندەوە، بەرەو فەزای غوربەت هەر قوڵایی چاوی تێبڕی بوو.

لەوساتەوە دابڕانی گەورەی بۆ دروست ببوو، دەزولەی مێشکو دڵ و خوێنی سەرقاڵی ئەو پرۆڤە خەیاڵیە ببوو، ئەوەش ئاوێنەی ئەو ژیانەی بوو، لە بۆتەی ئەو خاکەدا رۆحی دەتواندەوە، هەموو شتێکی لە یاد دەکرد، شێر پەنجەو مەرگ، هەتا کەوتە ئەو گەرداوەوە، رۆژانە لەگەڵ ئازاردا هەناسەی ئاگراوی هەڵدەمژیەوە، بروسکەی ئەو بێئارامیە، مێژووی پێدەخوێندەوە، ئەو هێڵە ترسناکەش ژیانیان گۆڕی بوو، دیمەنی ترسناکی ئەو ساتەی دەدیەوە، لە جەستەیدا چاندیان.

چەند ڕۆژێك لەوەو بەر لەگەڵ تەقینەوەی گرمەی هەوردا ئەو چەخماخەیە گرتییەوە، بەو کرۆکەوە لەسەر شەقامێکی واشنتۆن وەستا، جلەکانی لەبەر دلۆپەی باراندا تەڕ ببوو، سەرماش لەشی یەکدهێنایەوە، بە چاوی کزو بیری ئالۆزاوەوە کەوتە ڕوانین.

ماوەیەك بێ پشوو سەیری ئاسمان و شاخ و دەریاو فەزای خەیاڵی کرد، نەخشەیەکی سەرتاسەری نیگاو نەست و هۆشیان دەگرتەوە، مۆسیقای لاوکی

سوریان بیر دەهێنایەوە، بەو شەپۆلانەوە نەشئەی زەمەنی نوێ، ڕۆحی دەگرتەوەو بەو ئاهەنگ سازیەوە، لەگەڵ شیعرەکەی هەژاردا کەوتە سەرسەمای ڕۆحی:

– کۆترێکی سپی تیژ باڵ بەسەر ڕاو، نامە بەرێتە کۆنگرەی وارشۆ.

هەر وەك بە کۆتری ئەفسانەییەوە ئەو نامەیە بگەیەنێتە هەموو جیهان، بەو جۆرە هێزێکی گەورە هەستی خرۆشاند، لە پڕ تووشی شالاوی کتوپڕی هات، زەنگو مارشیان بە گوێیدا دەهێنا، وەك ئەو ڕۆژانەی مۆسیقای دڵ تەزێنی ئێزگەی کوردستان لێدەدرا، بە هێمنی گوێی لێدەگرت و هەواڵی جەنگی هێزی پێشمەرگەی لێکدەدایەوە، بە بیستنی سوتان و داگیر کردن ئۆقرەی نەدەما، کاتێکیش بۆ نەخشەی سەربازی و هێرش و بەرگری دەچووە ناو هێزی پێشمەرگەوە چاوی دەبڕیە ئاسمان، لێوی خۆی دەکرۆشت و بە حەژمەتەوە لەو جێگەیەی دەڕوانی، کەوتۆتە ژێر دەستی لەشکری ڕژێمەوە، ئەوە فەرمانێکی خەفەی ژەنەڕاڵ بوو، لەو ساتانەدا هەستی دەکرد لەت لەت کراوە. لەوساتەشدا، ئەو وێنانەی لە نیگای واشنتۆنەوە بینیەوە، جارێکی تر بەو داچڵەکینە خورپەی گرت، هەنگاوی هەڵهێنایەوە و پەنجەی دەستی گرمۆڵە کرد، مێشك و دڵی گوشی و لەناو حەژمەتی بوونی نەتەوەیا نوقمی دەریای بیرکردنەوە بوو.

لەوساتەشدا، لە کەفی شرینقەکەوە بروسکەیەك لە مێشکیدا چەخماخەی دەدایەوە، وەك ئاوێنەی ئەفسوناوی کلافەی مێژووی زەمەنی لە نادیاردا دەکردەوە، وەك ئەو ساتانەی پێشمەرگە بۆ بەرگری ڕۆح و جەستەیان دەتواندەوە.

ئەو گڕەیەی لە جەنگی هەندرێن و زۆزگدا دیەوە، بە هەواڵی گرتنیانەوە ئازارێکی کوشندەی گرت، بیری لە نەخشەیەکی کاریگەر دەکردەوە، هەتا پێشمەرگە بە مشتی بەتاڵ و دەستی پۆڵاییینەوە شورای فسفۆرو کیمیایی بشکێنن، بەو بیرەوە لە بن دارێکدا لەگەڵ کۆمەڵێك سەرکردە لە پارتی و

حیزبی شیوعی و سەرۆك هۆزەكان كۆبووەوە، بە چیلكە نەخشـەی هێرشـەكەی لەسەر خۆڵەكە بۆ نیشانە كردن:

– ئێوە ئەوانەن لە رۆحی من و میللەتدا هەن، ئێـوە بـە هێزتـرن لـە فسـۆڕو كیمیایی، سور دەزانم كارێك دەكەن لەشكری رژێم هەرگیز هێرش بـۆ هەنـدرێن و زۆزك نەكاتەوە.

بـەو قسـەیەوە نیشـانەی ئـەو ناوچـەیەی كێشـا، بـە پەنجـەی ئامـاژەی بـۆ شاخەكە گرتەوە.

گـرتنی هەنـدرێن تـەواو غـەمباری كردبـوو، لـەو كاتـەی پێیـانگوت مـژێكی كەسكوندی لە جگەرەكەیداو نەیهێشـت كـەس بـەو ژانـەی بزانێـت، لـە ئیدریسـی كوڕی روانی، خەمو ئازار گرتبوویەوە، نیگـای وردی بـەرەو ئاراسـتەی شـاخەكە راگرتبوو، بەو وێنەیەوە رویتێكرد:

– كوردستان، سەدان چیای وەك هەندرێنی تیایە، نابێت گرتنی شاخێك بـەو جۆرە كارمان تێبكات، رژێم بە فسفۆڕو پلانی نۆكەران گرتی، ئێمەش بـە چـەكی پارتیزانی و باوەڕ دەیگرینەوە، هەر ئێستا بـڕۆ سـەركردایەتی ئـەو جەنگـە بكـە هەتا دەیگریتەوە.

لەوساتەشـدا، بـەو جـۆرە لێـی روانیـەوە و چـاوی بـە هێـزی پێشـمەرگەدا گێڕایەوە.

نیوە شەو لەگـەڵ یەكـەم تیشـكی مانگـە شـەودا، كاتێـك سـڵاوی نوێژەكـەی دایـەوە، هاتنــە لای و مــژدەیان پێــدا، بــەو هەواڵــە دڵــی داخورپــاو بــرۆی بەرزكردەوە:

– مـن نامـەوێت بـەو جـۆرە خـوێن بڕژێـت، یەكەیـەك تـەفرو تونـا ببێـت و یەكەیـەكیش گـەمارۆ، ئێمـە بـۆ مافمـان، بـۆ ئاشـتی دەجـەنگێن، بـە خوێنڕێـژی كێشەكە گەورە دەبێت و مافەكەمان دوا دەكەوێت.

بـەو قسـەیەوە هەسـتاو بـە ژورەكەیـدا كەوتـە هاتوچـۆ، تەزبیحەكـەی لـەناو

پەنجەکانیدا ئاڵاندبوو، دوا جار سیغارێکی پێچایەوەو مژێکی کەسکوندی لێدا، ئەو خەنجەرەی بە دەستەوە گرت، هاوڕێ تاشکەندیەکەی بۆی ناردبوو، لە شێوەی شمشێرا دروست کرابوو. نەخش و نیگارو شێوازی خوێندەوەو ورد لە مەعدەنەکەی روانییەوە، بۆنی تۆفانی روسیا لوتی گرتەوە، لەوەوە ئاهەنگ سازی رۆحی خستییە بیرێکی قوڵەوە.

لە جەنگی زۆزکیشدا بەو جۆرە حەژمەت گرتیەوە، کتوپڕ لەگەڵ ئیدریسا چوو بۆ بەرەی جەنگ، لەبەر ئاگر بارانی فسفۆڕدا کۆبوونەوەی بە فەرماندەی لق و بەتالوێن و هێز کرد، لەسەر پارچە کاغەزێك وێنەی زۆزکی کێشاو نەخشەیەکی چڕی دانا، ئەوسا جگەرەیەکی داگیرساندو چاوی بە هەموویاندا گێڕایەوە، ئەوەندە بە تاسوقەوە سەیری کردن بە هەڵاوسانی پێلوی چاویەوە، وێنەی هەموویانی گرت:

– مان یانەمان، ئەوە پەیمانی هەموومانەو هەرگیز نابێت بیر لە ڕوخان بکەینەوە، دەبێت پێشمەرگە فێری مەرگ یان سەرکەوتن ببن، زۆزك لە ئەستۆتاندایە دەبێت بیگرنەوە.

بەو قسەیەوە دەستی بە شانی چەپی ئیدریسا کێشاو هەتا لەچاوی ونبوو هەر سەیری دەکرد، سێبەر باڵا ناوەنجیەکەی دادەپۆشی و لەگەڵ ریزی پێشمەرگەدا بەرەو چیاکە سەردەکەوت.

بەو ئاکارو بارە دەرونییەوە ورەی دەخستە دڵەوە، پێشمەرگەش بەو رۆحەوە گیانیان دەخستە سەر لەپی دەستیان، لە ماوەیەکی کەمدا ئەو جێگەیەیان دەگرتەوە، ئەو کاتە هەناسەی ئۆخەی هەڵدەکێشا.

لە جەنگی کێوە ڕەشەدا ئەو بێ ئارامیە گرتیەوەو ژانی خەفەی ورەی گیانبازان رۆحی گرت، لە حاجی هۆمەران پێشمەرگەیەکی زۆری لێکۆبووەوە، لە لایەکەوە پەنجەی مان یا نەمان بەرزدەبووەوە، ئەویش بە تیشکی چاوی یانی دەخوێندەوە، دەیزانی بە خوێنیان شاخەکە مۆر دەکەن، چەندین سەرکردەی

کۆکردەوەو نەخشەی گرتنەوەی شاخەکەی بۆ کێشان، سەیری شوێنەواری ڕژێمی کرد بەسەر لوتکەوە، مژێکی قوڵی لە سیغارەکەیدا و کەوتە دەریای بیرکردنەوەوە.

بەو جۆرە بێ ئارام بوو، هەتا لە نیوە شەودا هەواڵیان بۆ هێنا، بە دەستی چەپی رادیۆکەی کز کردو بەوی تریش ئەو رۆژنامەیەی پێچایەوە، لەسەر کۆشی بوو، ئەوسا هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشاو زەردە نیشتە سەرلێوی:

– دەمزانی رۆڵەی کورد لە فسفۆڕ بەهێزترن، بەخوێن کێوە رەش دەگرنەوە.

چەند جارەی گیان بازی کێوە ڕەش کێڵگەی نوێی خۆری ئازادی بوون لەلای، تەنانەت لەسەر یاری کردنیش ئەو ئازایەتیەی بزر نەدەکرد، چەند ڕۆژێک لە دوای ئەوە لەگەڵ نەخشەی سەربازیدا نوقمی بیرکردنەوەی قوڵ ببوو، سوتانی خاك و گڕی تێزابی بە یاری مەرگاوی پێشمەرگەوە تێکەڵاو دەکرد، لەو کاتەدا، سکرتێری ڕۆژنامەیەکی جیهانی هاتە لای، ماوەیەك گفتوگۆی بارودۆخێکی لەگەڵدا کرد، تەنیا باسی جەنگی کێوە ڕەشی نەکرد، ئەویش ئەو نهێنیەی لەناوچاوانیدا دەخوێندەوە، بەو بیرەوە غەمباری گرتبوویەوە، هەتا ئەو پەنجەی بۆ شەترەنجەکە ڕاکێشا:

– بارزانی، با یاریەکی شەترەنج بکەین؟

ئەو داوا کتوپڕیە خستییە گومانەوە، بە خوێندنەوەی ئەو نهێنیەی ناوچاوییەوە سەری لەقاند و پێکەنی:

– فەرموو.

ڕۆژنامەنووس جگەرەیەکی داگیرساند و بە هێمنییەوە مژی لێدا، بە زەردەخەنەوە یەکەم داشی جوڵاند:

– چۆن ئەو سەرکەوتنەتان لە کێوە ڕەش بە دەست هێنا.؟

بەو پرسیارەوە خۆی خواردەوەو مووی گرژبوون، جگەرەیەکی داگیرساندو

مژێکی کەسکوندی لێدا:

– هێزی پێشمەرگە بە بڕوای مەزنەوە بۆ پارێزگاری لە نیشتمانی داگیر کـراو لە ژێر دەستەی دیکتاتۆری خوێن مژدا خۆیان فیدا کرد.

ڕۆژنامەنووس سەرقاڵی یاری بوو، هەتا گەیشتە دوا پێناسە:

– نەبەردی کورد بەو بڕوایەوە ڕوبەڕوی مەرگ دەبنەوە، لەو جەنگەدا رۆحـی برایەتی شیوعی و پارتی تێکەڵاوبوون، بەو یارییەوە گەیشتنە سەر شـاخ، مـۆری شەرەفیان نیشانە کرد.

بەو وشانەوە مـژێکی تـری لـە جگەرەکەیـداو دوکـەڵی بـەرزکردەوە، ئـەویش ڕەنگی تێکچوو، چاوی بەسەر فیل و مەلیکا دەسوڕایەوە، بـە ترسـەوە وەزیـری دەرکرد، ئەوسا جگەرەکەی فڕێدا، ئەویش برۆی یەکهێنایەوەو پەنجەی هەڵبڕی:

– کش مەلیك.

ئەوە دڵی ڕۆژنامەنووسی خستە سەر خورپە، ساتێك بـیری کـردەوە، لـە دوا لەرزیندا زەردەخەنەی کۆتایی گرتیەوە:

– بارزانی لە شەتڕەنجدا لە جیهان دەباتەوە.

بـەو قسـەیەوە لەناوچـاوی روانـی، لـە بەرامبـەری دانیشـتبوو، قـەف قـەف پشـتێنی بەسـتبوو، خەنجـەرێك و دارجگەریـەکی بەسـەر فیشـەکدانیدا کردبـوو، پـڕی چـاوو بـرۆی ببوونـە فـەزای سـامناکی، جامانـەی سەریشـی بـە ئـاوەژۆیی سێبەری رەنگ سوریان بۆ کردبوو، بەو سەرسامیەوە بە جۆرێك بیری بـە فـەزایا پەرش ببوو، کەوتبووە سەر دەیان پرسیاری سەرسوڕهێنەرەوە، لـەو روانینـەوە چارەنووسـی کـوردی دیـەوە، لـەوەوە ئـەو قسـەیەی خرۆتشـۆف، کـە لەسەرچارەنووسی کورد گوتبووی، لە مێشکیدا چاپبووەوە:

_ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا لای مستەفا بارزانییە.

لە کـەڤ شرینقەکەیشـەوە ئـەو رۆژگارانـە دەهاتنـەوە روانینیـەوە، بـرۆی بـۆ ئاسۆ بەرزدەکردەوە و هێزێکی خەفە دەرونی دەهەژاند، رۆژە تاریکـەکان لەبـەر

بروسـکەی نــەفخی ســوری ئەزەلیـدا رونــاك دەبوونــەوە، زەمەنــە دوورەکــان ساتەوەختیان دەگرتــەوە، تــەوژمێکی شـاڵاوبەر روبـەری جەسـتەی دەگرتــەوەو سەرلەنوێ وەك سەرەتا دەچووەوە بۆتەی خەبات و سەنگەری دەگرتەوە.

ئەو هێزە نەبینە لە ژیانیـدا ببـووە نگـین و تـەوژمێکی ئەفسـانەیی بـۆی، لـە جەنگی سەرەتایی بارزانەوە هەتا ئەو ساتە بـەو جـۆرە بـوو، بـۆ پارێزگـاری لـە شەرەف و نیشتمان، وشەی مەرگی لەبیر دەچووەوە، فیداکارانیش لەملاولایـەوە بەسەرپەتی مردنەوە دەچـوونە پێشـەوە، پـاش سـەرکەوتن پـاڵی بـە دارێکـەوە دەدایەوە و هەناسەی هەڵدەکێشا.

لەوەوە فیـداکاری لەهـەموو هێزێـك بـە گـەورەتر دەزانـی. کـاتێکیش رۆڵـەی نەبەردی بدیایە حەزی دەکرد گیانی خۆی پێشکەش بکات، ئەو وێنەیەی بەسـەر سـەداندا ڕشـت. لـەو سـاتەدا ئـەو رۆحـەی دەخسـتە دڵییـەوەو وێنـەی منـداڵی ئاسۆیی بۆ دەڕەخساند.

ڕۆژێـك ئـەو هێـزەی لـەلا دروسـتبوو، پێشـمەرگەیەك هاتـە بـەردەمی زاری تەتەڵەی دەکرد، دوا جار وشەیەکی لە دەم دەرپەڕی:

– سەرۆك......

قسەکە لە دەمیدا وشك بوو، لەرزیو توانای قسەی نەما، بـە کزۆڵـەیی سـەری بەسەر باڵا کورتەکەیدا دانەواند بوو، پشتێنێکی توندی بەستبوو، کاتێك سـەیری کردوو ناوچاوانی خوێندەوە و فرمێسك ناوچاوی گرتەوە:

– ڕۆڵە سێ جار برینداربوویت، دەتەوێت کوردستان بە خوێنت مۆر بکـەیت؟ ئیتر ناتوانیت لەناو شاردا چالاکی بکەیت، بڕۆ پلـەی سـەرلقی وەربگـرە شـۆڕش پێویستی بە کەسانی وەك تۆ هەیە.

پێشـمەرگە لەبەرچـاوی ونبـوو، لـەپڕ کەوتـە ئـەو گێـژاوەوە و لـە وێنەیـەکی ئەفسانەییدا ئـەو سـاتەی بیرهاتــەوە، هاتـە بـەردەمی و دەسـتی بـە جامانەیـەك پێچرابوو، خوێن بەسەر بەرگیدا وشك ببوو، بە کزۆڵەیی وەستا:

– سەرۆك، قومبەلەیەكم فڕێدایە ناو جێبەكەیانوو سیانم لێكوشتن و بوون بە قەرەبروت.

ساتێك لێی ڕوانی وێنەی ئەو گیانفیدایییەی لێدەردەكەوت، ئەوسا دەمانچەكەی قەدی بۆ هەڵكێشاو پێشكەشی كرد.

ئەو رۆحەیش هەمیشە لە مێشكیدابوو، دەیویست نەوەی كورد گیانیان بخەنە سەر لەپی دەستیان بۆ رزگاری كوردستان، بەو بیرەوە بەردەوام هێزی پێشمەرگەی بەسەر دەكردەوە، ورەی گیانبازانی دەخوێندەوە.

لەبەرە بەیانێكی خوێناویدا بە هێرشی هەمە لایەنەی رژێمەوە بە بێئارامیەوە لە چادرەكەی هاتە دەروو لەخوار ئەشكەوتەكەوە بە لاڕێیەكا پیاسەی دەكرد، سەدان پێشمەرگە لەملاولاوە بە چاوی فیداكاریەوە لێیان دەڕوانی و لە ناخەوە هاواریان دەكرد:

– سەرۆك، ڕێمان بدە دەچین لوتكەكە دەگرینەوە.

تیشكی ئەو فیداكاریە خوێن و دەرونی گرت، پێستی روخساری لەبەر هەتاوەكەدا ئاوسا بوو، لەوساتەدا لاوێك هاتە بەردەمی و بەبینینی برینێكی قوڵ كەوتە سەر دڵی و هەناسەی هەڵكێشا:

– ڕۆڵە خەبات سەختە میللەتێكی قارەمان و تێكۆشەرمان هەیە.

لاوەكە دڵی پڕ بوو، ئەویش هەواڵەكەی ئێزگەی دەنگی كوردستانی بیرهاتەوە، ئەو خەمەی رەواندەوە:

– دایك و باوك و خوشكت ڕەمزی نیشتمانن، خۆرن.

لاوەكە تەواو جۆشی سەند:

– ئێستا منماڵم شۆڕشە، هەتا مردن جەستەم قەڵغانیەتی.

لەو ساتەشدا، لە روانینی نمەی بارانی سەر شوشەی پەنجەرەكەو كەفی شرینقەكەوە، ئەو وێنانەی لەلا زیندو دەبووەوە، هەر وەك زەمەن بگەڕێتەوە سەر ئەو روداوانەی رابردوو، لەگەڵ زەنگی شۆڕشی نوێیا تێكەڵاو ببێتەوە.

بەو جۆرەش تەرمی لاوەکانی دەبینیەوە بە دوای ئۆتۆمۆبێلی سەربازیدا، بە کۆڵانەکاندا کێشدەکران، لە وێنەی فۆتۆییدا ڕوبەری پاڵەوانێتی نیو سەدەی دەهاتەوە بەرچاو، لەگەڵ شاڵاوی خوێنی ناوەختەدا یاریان دەکردو تاریکی و تەلیسمیان دەبڕی و بە خوێنیان چرایان لەسەر ئاسن و بەردا دادەگیرساند.

ئەو هێزەی لەگەڵ سروشت و لە دایکبووندا بۆ ڕەخسا بوو، ئەو کاتانەی بە منداڵی دیلێتی سێ ساڵیان بۆ دەگێڕایەوە، لەوەوە بێشکەی بوونی دەهاتەوە بەرچاو، بە تەقینەوەی ئاوێنەی بوورکانی ڕۆحی خەفەوە شیری دایك و دایەنی بەسەر رومەتیەوە دەبینیەوە، وەك ئەو دڵۆپانە پێکهێنەری ئاڵای سەربەستی بووبن، بەو جۆرە بەسەر لقی ژیانەوە مێژووی ئەو گەلەیان نیشان دەدایەوە، شارای رۆح بانگەشەیان بۆ دەکردو دایکان بە لایەلایەوە چاوەڕوانیان دەکردەوە، رۆژێك لە هاتنە دەرەوەی سۆپەرمارکێتێك ئەوەی دیەوە، ژنو پیاوێك بەگریانەوە چاوەڕوانیان دەکرد:

– ئەم پیاوە ژەنەراڵ بارزانیە؟.

بەو قسەیەوە باوەشیان پیا کرد:

– ئێمە نەوەی ئەندرانیکی پاشای ئەرمەنین، ئەم ژەنەراڵە لە دەستی تورك رزگاری کرد.

بەو رۆحەوە رویان کردە هەردو هاورێکەی:

– ئەگەر ئێوە ناتوانن خزمەتی بکەن دەمانەوێت بێتەلامان، هەتا مردن خزمەتکاری دەکەین.

لەناو زمان و دەنگی واشنتۆندا ئەو تەلیسمانە رۆژانە دەیانپێچایەوە، لەپڕێکدا وەك هەزاران دەنگ بەسەریدا دەهاتن:

– سەرۆك، بارزانی، پێشەوای کورد.

چەند رۆژێك لەوەوبەر ئەو دەنگانە بوون بە هاوارو وێنەی ئەفسانەیی و ژوری لە سێدارەدانی هێنایە بەرچاو، سێ لاو پەرۆی سوریان خرابووە مل،

سرودی (ئەی رەقیب)یان دەگوتەوە، بە چاوەڕوانی مەرگەوە چاویان بڕیبووە ئاسۆ، وەك ئەو ساتانەی دەدیەوە، لە رۆژنامەی خەباتدا هەواڵی لاوانی بەرپەتی سێدارەی دەخوێندەوە. لەپڕ لە نیگایدا توانەوەو بوون بە باڵندەی ئەفسانەیی و میلۆنانیان لێدروستبوونەوە.

چەند ساڵ بوو ئەو وێنەیە گرتبوویەوە و ڕۆژو شەوی بەو هیوایەوە بەسەر دەبرد، لەو ساتانەی بیری دەکردەوە رۆحی دەتوایەوە و چەندین پێشانگای سەختی دەدیەوە. رۆژێك نیگای بە چڵی ئاسۆوە نیشتەوە، ئاسمان بووە شەپۆلی رۆح و كۆچی سوری مەلی بێباڵ لە فەزای عیشقی نەمریەوە سات بە سات بەرەو هێڵی سنور پەرەیان دەسەندو میل بە میلیان دادەپۆشی.

ساتێك بە قوڵی لێی روانین، ئەوسا ئاسمانیان تەی كردو پۆل پۆل فەزایان كێڵا، لە فۆتۆناتی كۆتاییا بوون بە باڵندەی ئەفسانەیی و دایناسۆڕی سەرەتاییان لە دۆژەی هەسارەی بەردا تواندەوە.

بەو روانینەوە كەوتە گەڕان، وێنەی قەلەڕەش و بایەقوشی دەدیەوە، لە چوار سنورەوە وێنەی تەونی جاڵجاڵۆكە هەوری ئاگریان بەسەر رۆحی ملیۆنانا دەڕشت، دەپچڕان و دروست دەبوونەوە.

ئەو دیمەنە تۆوی ئەو رۆحە ئەفسوناویەی لەلا دەچاندەوە، بەو گومانەوە بە ئاسمانەوە دەتوایەوە، دەبوو بە مەلی ئازادی و بە ئاوێنەی بیرەوەریەوە شوشەی نەخۆشی تێكدەشكاند، بەهێزی ئەفسانەییەوە بۆ ئەشكەوتی ئاسۆ بەخش دەگەڕایەوە و لە هەوری بارانی دڵدارانا ئاوێتەدەبووەوە، زۆر جار دەبوو بە سەمەندەلی رۆح و ئاگری سنوری دەبڕی.

بەو روانینەوە تابلۆیەكی سروشتی لەبەرچاویدا نەخشابوو، بە هێڵی جیاجیاوە سنووریان دەتەنی و دیمەنی كاراكتەری رۆحیان دەكێشا، بە خوێن خەت خەت ببوو.

چەند رۆژێك لەوەوبەر ئەو تابلۆیەی لە شەپۆلی فەزایا بینیەوە، وێنەی

باڵندەیەکی گەردونی لە جەستەی شیرە خۆرەدا کێشرا بوو، رۆحی بە فەزایا دەکشاو لە هەورا دەتوایەوە، بزرژانگ و تیشکی چاوی بە هێزی سەرسوڕهێنەرەوە تۆوی نەمریان دەچاند.

ئەو هێزەی لە روانینی پێشمەرگەوە لە جەنگی حاجی هۆمەران و ناوچەکانی تردا دیەوە، لە ژێر ئەو سێبەرە خەیاڵیەدا بەو وێنەیەوە ئەو ڕاستیەیان نیشانە دەکردەوە، لەگەڵ کیمیاوی و زەمین بە زەمینا دەتوانەوە و دەبوون بە شەپۆل و بەبای ئەفسانەوە تێکەڵاودەبوون.

بروسکەی ئەو جەنگانە لە نیگایەوە شەوقیان دەدایەوە و تەمی ڕوانینیان دەپێچایەوەو ئاوازی چیای بڵند دەهاتەوە بەر گوێی، گەڵاو لاسك و دارو درەخت و گژو گیا بە نەسیمی هەناسەیەوە دەشنانەوە، نیگای بە ریشاڵی گیای نەمریەوە تەزیبوو، بە ناو کەژو کێوو دەشتی خەیاڵاویدا خەندە دەهاتەوە سەر لێوی و ئەوینیان بۆ دەگرتەوە.

لەوساتەشدا، لە کەڤی شرینقەکەوە لەگەڵ نەغمەو ئاوازی تێکەڵاوی ساتی مۆڵبوودا خورپە دەیگرتەوە، تیشکی چاوی بە سەدان تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگ گیرابو، کەش و شێی مۆڵ کراوی ژورەکەیش بەسەرو ڕویدا دەهاتوو لەگەڵ هەناسەیدا تێکەڵ دەبوون، دەنگی سروشت و هاتوچۆو دەنگ و زرمەو خشەی ناو نەخۆشخانەیش کەشێتی و گومانیان دروست دەکردو تیشکی گڵۆپیش وەك بروسکەی خواوەندی بە تیشك و هێزی شوشەیی لە چوار دەوری ژورەکەدا ڕەنگیان دەدایەوە، وێنەی ڕوخساری ماتەمینی لەگەڵ شێی سروشت لەسەر دیدەی ئاهەنگ سازی هەموو ڕەنگێکیان دەکرد، شەپۆلی بیرەوەری لەسەر لوتکەی ئاوی خەیاڵاوی پەخش دەبوونەوە.

## (2)

ژورەکە دیمەنی ئەفسانەیی گرتبوو، وەك هەموو مادەیەك هێمای پرسیاری فەزای نهێنی مێژوویی بێت، رەنگی کەفاوی شرینقەکەش بیرەوەری مێژووی خوێناویان دەدایەوە، بە دیمەن و بۆن و رەنگ و دەنگ و چرپەو هەناسەو رۆحی سروشتەوە شێوازی ئاوێتەییان گرتبوو، بۆنی جۆراو جۆری تیادا تێکەڵاودەبوون، زمانیان لە بێزمانیدا دەکردەوە، لە تونێلی فەزاوە زەمەنی بانگەشەی رێکەوتە مەرگ یاری رۆحیان دەکرد، ژورەکەش بە دیاردەی سروشتی رازابووەوە، چەند چەپکە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر مێزو پەنجەرەو کۆمیدی دانرابوون، بۆنی هەمە چەشنیان بڵاو دەکردەوەو رەنگ و تامی چیای سەرکەشیان بەسەر و ڕوی ژەنەڕاڵدا دەهێنایەوە، وەك هەموو ئەو ساتانەی بۆنی بە گوڵی بەهاریەوە دەکردو بیرەوەریان لە دەریای تۆفاندا نوقم دەکرد.

ئەو بۆن و بەرامەیە لەسەرەتای بوونیەوە لە دەرونی دەباری، هەمیشە هەستی پێدەکردو بیرەوەری مێژووییان دەخستە نیگایەوە، وەك ئەو جارانەی رۆژانە لەهەموو بۆ نەو یادو سەرکەوتنێکدا دەیدیەوە، کاتێك پاش دوانزە ساڵ لە دەربەدەری بە زەنگی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژەوە گوێی زرنگایەوە، لە خۆشیا ئارامی نەما، بە رادیۆو رۆژنامەوە خۆی خەریك دەکرد، هەتا ناوی ئەو ئەفسەرانەی بیست، لە شۆڕشی بارزاندا بە جموجوڵی شۆڕشگێڕی دەزانینو پەیوەندی لە گەڵیاندا هەبوو، ئەوە خۆشیو بۆنی ئەو رۆژەی خستە دەرونیەوە،

کاتێکیش سواری فڕۆکەبوو چاوی بڕیبووە لوتکەی چیا، بەو هیوایەوە لە فڕۆکەخانەی میسر دابەزی، چاوی بە جەمال عەبدول ناسر کەوت.

کاتێکیش گەیشتەوە نیشتمان هەزاران کەس لە کوردو عەرەب لەفڕۆکەخانەی بەغداد، بەو دەرونەوە پێشوازیان لێکرد. لە بەسرەیش ئەو رۆحەی دیەوە، لە دەریاچەوە سەوڵی دەیەها بەلەم شەپۆلی خستبووە ناو ئاو، لە وشکانیشەوە ئۆتۆمبیل و ئەسپە عەرەبانە کۆڵان و جادەو رێی گشتیان بە وڕەو هۆڕێن خرۆشاندبوو، جۆشی سۆزی نیشتمان پەروەری وەك هەوری بەهار بەسەریدا دەباری، منداڵان بە سرودەوە هەڵدەبەزینەوەو پیاوو ژن دەستیان درێژ دەکردو هوتافیان دەگوتەوە، چەپکە گوڵیان هەڵدەدا، ئەویش لەناو جێبەکەوە هەردو دەستی بەرز کردبووەوە و سۆزی بۆ دەبارانـدن، هەتا دوا سات بە بڵند گۆ دەنگی هەڵبڕی، لەناو ئاپۆڕەی ئەو رۆح بارانەوە بە سەرسامیەوە لە ئاسمانی دەڕوانی هەتا رستەیەکی مرواری بدۆزێتەوە:

– رۆڵەی بە شەرەف و تێکۆشەری شاری بەسرە، برایانی عەرەب و کورد، هەمووتان دەرتانخست، رۆح و دڵی جەماوەری عێراق یەکە، پێویستە هەموومان بیپارێزین. من لە ئاستی ئەو پێشوازیەی ئێوەدا زمانم لاڵەو نازانم بەچی رستەیەك سوپاستان بکەم.

بەو قسەیەوە لەخرۆشی جەماوەری روانی، وەك ئەو ساتەی بەر لەشەش مانگ لە پراگەوە هاتەوەو لەبەغداد هەمان پێشوازیان لێکرد، لەیەکەم ساتدا، حیلمی شەریف و هەمزە عەبدولاّو عوبەیدولای کوڕی دەستەیەك گوڵیان دایە دەست، ئیدریس و مەسعود لەملاولایەوە باوەشیان پیاکرد، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و حیزبەکان و جەماوەر گوڵ بارانیان کرد.

لەوساتەشدا، شاری بەسرە شێوەیەکی ئەفسانەیی گرتبوو، تیشکی خۆر لە رۆژهەڵاتەوە تێر دەردەکەوت، لەگەڵ تاریکی بەری رۆژئاوادا دەبوونە تارای ئاسۆیی شارو بە ئاسمانەوە، لەگەڵ دوکەڵی پەرشی لولەی کارگەو چاڵو

پاڵاوتەی نەوتا تێکەڵاودەبوون، سیمای شارەکەیان گۆڕی بوو بە نیشتمانێکی خەیاڵی، بە گڕی دەروونییەوە، لەگەڵ کەشەی ئاسماندا یاریان دەکردوو بە رەنگی گوڵی تێکەڵە رۆحی و سروشتیەوە ببووە بووکێکی دەستکرد.

لەوەوە بیرەوەری ژیانی بە گوڵی ئاشکراو نەبینی دەدیەوە، وەك تەون لە هەموو ئان و ساتێکدا بەوێنەی جۆراو جۆرەوە دەوری بتەنن. ئەو گوڵ بارانەیشی لە ئاوی ئارازدا بینیەوە، لەو کاتەی لە ئاوەکەی دەڕوانی ئەو وێنەیەی دەهاتە بەرچاو، کاتێك لە پاڵ دارێکا دانیشتبوو بە دووربین سەیری لوتکەو بنارو لاپاڵی دەکرد، لە پەڕینەوەی هەڤاڵانی دەڕوانی لەمبەری ئاوەکەوە بۆ ئەوبەر، ئەو روانینە، بووکە بەبارانەی زەمەنی ناوەختەی بۆ دەسازاند، لەو هەورەوە گوڵزاری ئازادی دەدیەوە، لەوساتەشدا، رادیۆکەی کردەوە، گوێی بە دەنگی حاجی عەلی رەزم ئارا کەوتە سەر خرۆش:

– ئەتوانم بڵێم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا کەس لە شەڕی پارتیزانیدا ناگاتە بارزانیان.

پێشمەرگە لەمبەرو ئەوبەرەوە کەوتنە هەڵپەڕین، چەپڵە لە شاخ و کێوا دەنگی دایەوە، لەوەوە شنەی ئەو گوڵ بارانە لە چاویەوە تیشکی دەدایەوە، شەوی دواییش سەدان گوڵی تری ئازادی بۆ ڕەخساند، لە کاتێکدا ڕادیۆی خستە سەر لەندەن لە سێدارەدانی چوار ئەفسەری خوێندەوە.

بەو هەواڵەوە چاوی نوقاندو لە بوورکانی خەفەی رۆحەوە ئەو ساتەی بیرهێنایەوە، لەسەربانی بارەگای بارزان پەنجەیان بۆ مەرگ گرتبوو، کاتێك ئەو لە وەڵامی رۆژنامەی هاواری ئیشتمانیدا پەنجەی گرتە شاخێك:

– ئەو سنورەی، کوردستانی جیاکردۆتەوە دەست کردەو من واز لە بستێکی ناهێنم.

بەو قسەیەش هەر چواریان گەشانەوە و بە قوڵی چاویان بڕیبووە ناوچاوی وەك قوتی بدەن، ئەویش سەیری کردن و پەنجەی درێژکردەوە:

– هیچ گەلێکی جیهان وەك كورد نەبووە هەموو مێژووی قوربـانی بوویێـت و لە مافی ژێر دەستەییش بێبەش بێت، دەبێت ئەم تەوقە وەك ئەفسانەی داسـتان تێكبشكێت.

ئەوەی گوت هەر چواریان پەنجەیان بـۆ بـەرز کـردوە، لەوساتەشـدا، لـە ژێـر درەختەكەدا هەمان وێنەیان لە نیگایدا دەدایەوە، بەو روانینـەوە بـە فرمێسـكێك رۆحی لەگەڵ تێكەڵ كردنەوە، لەگەڵ هـەواڵی كشـانی رۆحیشـیان بـە مۆسـیقای رادیۆكەوە لەبەرچاویەوە وەك گوڵی نەمری بە فەزایا پەخشدەبوونەوە.

لەوساتەشـدا، ئـەو بـۆن و بەرامـەو دیمەنـەی لـە شـەپۆلی ئـەو پێشـوازیەوە دیەوەو لە یەكەم چركەوە بزە سەر لێوی دەپشكوت، وەك ئـەو سـەركەوتنانەی، بە هەڵمژینی گوڵی كێویەوە بۆنی بەسەردا پەخش دەكردەوە.

ئەو بۆنە لە ئاوارەییشـدا پـتر دەیگرتـەوە، لەسـاتی بـیرەوەری و هیـوای دوا رۆژەوە هەمیشـــە بـــۆنی بـــە خونچـــەی داهـــاتووەوە دەكـــرد، دەحەوایـــەوەو هەڵیدەمژیەوە.

لـە بەرەبـەیانی ئـەو ئازادیـەی دوای مردنـی سـتالین دروسـتبوو جارێـك بـەو جۆرە گەشایەوە، بە بیری جموجـوڵی سیاسـیەوە بەخـەیاڵ چـاوی بـە ئاسمانـدا دەگێـڕا، لــە راڕەوەكــەوە پیاســەی دەكــردو لــە فــەزای بــیرەوەری دەڕوانــی، لەوسـاتەدا لـەناكاو بـە تەپـەی پـێ داچڵەكی، چـەند كەسـێك لـە قادرمەكانـەوە سەردەكەوتن، لە پانتایی راڕەوەكەوە بەوردی نیگای تێبڕین، دو هەڤاڵی لەگـەڵ لاوێكی بالاّ ناوەنجی، قاتێك چاكەت و پانتۆڵی شینی لەبەردابوو، لەبـەر تیشـكی گڵۆپەكەدا دەبریسكایەوە، وەك كارگ رەنگی سـپی پێسـتیان دەردەخسـت، بـە دڵۆپەی پێلویشیەوە رەنگی تۆخیان گرتبوو، كاتێك گەیشـتنە لای بـە دودڵیـەوە سـاتێك حەپەسـا، هـەتا ئـەو هـاواری رۆحـی دەقـی بێـدەنگی شـكاندو خـۆی پێناساند:

– مام جەلالم هاتووم بۆ كۆنگرەی لاوان و ئافرەتان لـە پۆلۆنیـا، لـە ڕێگـەی

سوریاوه به قاچاخ ڕێگەم بڕی و ویستم چاوم پێت بکەوێت.

بەو قسەیەوە باوەشی پیا کرد، فرمێسکی بزەی خۆشیش بە جۆرێك چاوی گرتنـەوە و حەپەسـابوون، مـام جـەلال بـە فرمێسـکەوە لـە نیگـا و روخسـاری دەڕوانی، بۆینباخ و چاکەت و پانتۆڵەکەی بەو وێنەیـەوە بـەراورد دەکـردەوە، بەجلی کوردیەوە دیبووی، ئەویش رۆشنایی لەسەر چیاو لوتکـە دەگیرسـایەوە، بەو وێنە ئالۆزانەوە مەلی بێدەنگی سەربڕی:

– هەڤاڵی خۆشەویست بەخێر هاتیت بە دیدارت دەروونم گەشایەوە.؟

ئەو دیدارە ئازاری کەمکردەوە، بیرەوەریەکی پرشنگدار بوو لـەلای، هێشـوی ئەو هیوایەی بۆ دەهۆنیەوە رۆژانە ئاخی پێ دەخوارد.

لەوساتەشدا، لە شەپۆلی ئەو شارەوە ئەو وێنانەی دیەوە، کـاتێکیش بـەرەو بەغداد کەوتنـە ڕێ، جـەماوەر بـەو گیانـەوە لەسـەر جادەی گشـتی پێشـوازیان لێدەکردن، وەك ئەو ساتەی لـەدوای گەڕانـەوەی بـۆ بەغـداد، بـەبینینی سـەرۆك کۆمـارو کـار بەدەسـتانیش سـێبەری ئـەو دیموکراتیەتـە گرتییـەوە، لـە ڕادێـوو ڕۆژنامەدا بانگەشەیان بۆ دەکـرد، بـەو خونچـەیەوە بـارزان و موسـڵ و هـەولێرو سـلێمانی و زۆربـەی گونـد و قـوخ و تاقـە ماڵـە گـەڕا، هـەموو بارەگـای پـارتی بەسـەرکردەوە، کەسـایەتی نـاودارو شۆڕشـگێڕی بـینی، لـە گـردی سـەیوانیش چەپکە گوڵی ئازادی خستە سـەر مـەزاری شـەهیدان، دوایـی چـووە سـەر گـۆڕی شێخ مەحمودی حەفید، پەیمانی بۆ دوپات کردەوە:

– ئـەی بـاوکی خۆشەویسـتم، بـاوکی گیـان و مێـژوییم، داخـوازیم ئەوەیـە لەسـەر بیروبـاوەڕی نـەمرتان لانـەدەم، تـا دوا تنـۆکی خـوێنم ئامـادەم بـۆ بەربـەرەکانی ئیمپریـالیزم و نۆکـەرانی، تێدەکۆشـم بـۆ ئـازادی و شـادی گـەلی عێراق.

ئەو گولاْنەی لەهـەموو بـیرەوەری ژیانیـدا دەیبینیـەوە، لـە سـاڵ ڕۆژو چلەو یادو جەژن و نەورۆزو ڕۆژانی تایبەتی و لە نامەو ڕاپـۆرت و گفتوگـۆو ئێزگەشـدا،

هـــەر بـــەو گـــولڵ بارانەشـــەوە لەهـــەموو کۆنگرەکـــانی پارتیـــدا بـــە ســـەرۆك هەڵدەبژێردرایەوە.

لەوساتەشدا، هەموو ئەو وێنانە لەناو ئاوێنـەی بـەهێزی بیرەوەریـدا لـە کـەڤ شرینقەکەوە لەبەرچاویدا شـەپۆلیان دەدایـەوە، لـە یەکـەم سـاتەوە وێنـەی ئـەو سـالآنە وەك تـەونی جاڵجاڵۆکـە نیگایـان دەتـەنی، بـەهیوای ئاسـۆی رزگـاری کـوردەوە وتوێـژی لەگـەڵ حیزبـوو نیشـتمان پەروەرانـدا دەکـرد، بـۆ ئـەوەی زەمینـەی ئاشـتی فـراوان ببێـت، لـە گوتـارو قسـەو ئاکاریـدا بـەردەوام ئـەوەی دەردەخست، ئەو ڕاستیەشی خستە بەردەمی سەرۆك کۆمار:

– عەرەب برا گەورەیە لە عێراقدا بـا غـەدر لـە بـرا بچـوك نـەکات، ساڵەهایە کـورد کەوتۆتـە بـەر شـالآوی بێبـەزەیی، ئێمـەش لـەم وڵاتـەدا مافمـان هەیـەو نەتەوەین، با هەموومان لە سایەی ڕژێمێکی دیموکراتیدا بژین، بە ئاشتی هـەموو کێشەیەك چارەسەر بکەین، جەنگ و خـوێن ڕشـتن تـەنیا کاولکـاری و نەخۆشـی وڵاتە.

بەو بیرەوە لەگەڵ حەبیب موحەمەد کەریم کۆبووەوە، ڕێنمایی تەواوی کـرد بۆ ئەوەی لە بوواری رۆژنامەو راگەیاندندا تێبکۆشن، بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی گەلانی عێراق بەرەو ئاشتی و برایەتی.

پاش دوو ساڵ ئەو شادیەی تـۆراو نـا ئـارامی بـاڵی کێشـا، بـەو مەترسـیەوە کتوپڕ کەوتە خۆو هەموو ڕێکخستنەکانی پـارتی ئاگـادارکردەوە، گەشـتێکی بـۆ روسیاش ئەنجامدا، هەتا لە بارەی رەوشی عێراقەوە گفتوگۆیـان لەگەڵـدا بکـات، یارمەتیشـی بـۆ کـڕینی چـەك وەرگـرت، بـەناوی پاراسـتنی سـنورەوە کۆمـەڵێك چەکیشیان لە رژێم وەرگرت، شێخ ئەحمەد لەگەڵ نوێنـەری وەزارەتـدا بردیـەوە بۆ بارزان، ئـەویش دوای ئـەوە بـە یـەکجاری بەغـدای بـە جێهێشـت، بـە جۆرێـك شـەوێك لـە کـەرکوك مایـەوە هـەتا بـەیانی، ئەوەنـدە مەترسـی لـە رژێـم هـەبوو ئاویشی تیایدا نەخواردەوە، کتوپڕ چوەوە بۆ بارزان.

دوای ئەوە بارودۆخ تێك چوو، ڕۆژ بە ڕۆژ نیشتمان پەروەران لە باشورو باکورەوە بۆ زیندان بەڕێدەکران، ڕۆژانە لە ڕۆژنامەو ئێزگەدا ڕوداوی ترسناك بڵاودەبووەوە، بەو ئاماژەیەوە نیشانەی ترسناکی بیری پوچەڵبوونی ڕژێمی دەخوێندەوە، لە کۆبوونەوەیەکدا ئەوەی درکاند:

– سەرۆك کۆمار توشی نەخۆشی نێرگز بووە، بۆرژوازی عەرەبیش لەگەڵ کۆمەڵێك لە تێکدەرانی حیزبی شیوعی ڕۆژانە گوێی پڕ دەکەن.

دوای ئەوە لە بەغداد رۆژنامەو بڵاوکراوەی پارتی و زۆر بارەگای تر داخران، زۆربەی ئەندامان گیران و چەرچەفی کوشتار کشا، ئاگرو ئاسن بوون بە دەسەڵاتی سێ ساڵەی سەرکەوتن.

بەو تارا خوێناویەوە تفەنگی کردە شانی و فیشەکدان و خەنجەرو دەمانچەی بەست، لەمسەر بۆ ئەوسەری کوردستان بەسەر گەلای وەریوی ئازادیدا دەگیرسایەوە، دەیان جار گوندی سوتاوو کاولی بینی، گۆشتو ئێسقانی ڕەنگاڵە بووی بەسەر بەردو داردا دەدیەوە، یەکەم بۆمبارانیش راستەوخۆ ناوچەی بارزانی گرتەوە، گوندو شاخ و کێوی ئاگر درا، چادری بارزانیش سوتا، لەوساتەدا مەسعود بارزانی لە بن بەردێکدا دانیشتبوو، بە دوچاوی وردیلەوە سەیری ئاسمانی دەکرد، شەڕواڵ و چۆغەیەکی خاکی لەبەردابوو، بەڕەشی و سوتاوی و خۆڵ ئاوێتە ببوون، پەنجەی بە رومەتییەوە گرتبوو بە عەرەقی ناوچاویەوە بۆ سەر لێوی دەخزا، بە قوڵی بیری لەو نەهامەتی و سوتان و کوشتارە دەکردەوە، کتوپڕ ئەوەی بە بیریدا هات، ببووە خولیای، لەوساتەی پەیمانیدا ببێتە پێشمەرگەو ئامانجی پاراستنی نهێنی و هەڵگرتنی بەڵگەنامەی شۆڕش بوو، بەوەش بیانوی شێخ ئەحمەدو ئیدریسی بڕی، بە مێرد منداڵی ببێتە پێشمەرگە، بەو پەیمانەوە بیری جانتاکەی بارزانی کەوتەوە لە چادرەکەدا بوو، بە پەلە رایکرد، فڕاندی و کتوپڕ موشەکێك راستەوخۆ چادرەکەی گرتەوە و سوتا، ئەو جانتایەش بوو بە یەکەم ئەرشیفی.

بەو جۆرەش ئاگر هەموو لایەکی گرتەوە، دوایی رژێم بـە هێزێکـی گـەورەوە لە جاش و یەکە سوپاییەکان هێرشێکی بەر بڵاویکردەوە سەر بـارزان، لـە قـۆڵی ئـاکرێ و گـەلێی دەلال و ناوچـەی تـر هێرشـیان هێنـا، جـەنگی گـەورە هـەموو ناوچەی بارزانی گرتـەوە، عەبدولکـەریم قاسـم نامەیـەکی نـارد، داوای لێبـووردن بکاتو لەگەڵیدا رێك بکەوێت ، هەتا کۆشکێکی لە بەغداد بداتێ، لەوساتەدا بـرۆی بەرزکردەوەو رۆحی بە فەزایا فڕی و بە ئاگری دەرونی وەڵامی بۆ نووسیەوە:

– تـۆ داوای لێبـووردن لـە گـەلی عێـراق بکـە لـەو تاوانانـەت، قەسـابخانەت داناوە، من رۆڵـەی گیانبـازی ئـەم گەلـەم، لـە سـەنگەری فیـداکاری بـۆ ئاشـتی، ئەگەر خوا فرسەتم بدات دەبێت پێت بڵێم کێ تاوانبارە.

ئەوەی گوت لەبەر خۆیەوە دوا:

–من هەر رێگەم نـەمێنێت ئـەوا مـردنم هەیـە، جـوانترین کۆشـکی مرۆڤـە بـۆ سەربەرزی، نەك تەسلیم بوون بە دیکتاتۆر.

دوای ئەوە لەبەری ئاکرێ و چیای پێرسـەوە جـاش و سـوپا بـەرەو بـارزان هێرشیان کرد، جەنگی خوێناوی رووی کردە ناوچەکە.

بەو نەخشەیەوە هەڵوێستەی کردو زانی تـەنیا مەبەسـت لـەناو بردنـی رەگـی شۆڕشە، بۆیە بیری مان یا نەمان مێشکی گـرت و خـۆی سـەرکردایەتی مەیـدانی پێشـەوەی هـەموو بـەرەکانی جـەنگی دەکـرد، لـە دۆڵـی نەهلـە لەگـەڵ بیسـت پێشمەرگەیدا گـەمارۆ دران و بـەناو سـوپاو جاشـی رژێمـەوە تێکـەڵاوبوون و بـە ئەفسـانە دەرچـوون، بـەو جـۆرەش لـە ژێـر هەڵمـەتی کاولکـاری و بـە برسـێتیو بێدەرامەتی دەجەنگان.

دوای ئـەوەش هـۆزو ناوچـەی تـر جـەنگی گـەورەیان کـرد، هـەتا لـە زاوێتـە جەنگێك کرا رەورەوەی رژێمی گۆڕی، سوپای هێرش بەری تەفرو تونابوو، هـەتا هەموو هەرێمی بادینان کەوتە ژێر دەستی شۆڕشەوە، مـام جـەلالیش لەناوچـەی چەمی رێزان کەوتە خۆو کۆمەڵێك بەرگری و هێرشی کرد، ئەوسا بەرەو ناوچـەی

سۆران و جەنگی قـەڵای رایـات، ئەوەیشـی، دەنگدانـەوەی جیهـانی لێکەوتـەوە، گرتنی عەین زالەبوو، کۆمپانیـای نـەوتی تیـا دامـەزرابوو، بـە دەیـەها کارمەنـدی بیانیەوە بەهەموو دامودەزگایەکیەوە کەوتە ژێر دەستی پێشمەرگە.

ئەو هێرشـە چـڕە هـەتا کودەتـای بەعسـیەکان بـەردەوامی هـەبوو، ئـەوەش هۆکاری ئەوەبوو، نەخشەی لەناو بردنی بارزانی و ناوچـەکەی کێشـرابوو، لەبـەر ئەوە چەندین بروسکەی بۆ مەکتەبی سیاسی نارد، هەتا بەشداری جـەنگ بکـەنو لەهـەموو لایەکـەوە هێـرش بکرێـت، بـەڵام تـەنیا ئـەو ناوچـەیە ئـاگری بەسـەردا دەباری، جارێکی تـریش دوو یەکـە بـە هاوکـاری حـەوت هـەزار جـاش هێرشـیان هێنایەوە، زۆربەی ناوچەکانیان گرت، بارەگای بارزانیش لە گەلێی دەلاش دابـڕا، سوپای رژێم ئـەو دیویـان گـرت، زەوی لەبـەر ئـاگر بـارانی فرۆکـەو تۆپـدا وشـك داهاتبوو، تاقە پێگەیـەکی شـۆڕش ئـەو خەسـتەخانەیەبوو، دکتـور مـەحمود بـە یاوەری دوو برین پێچ لـە ئەشـکەوتێکدا کردبوویانـەوەو برینـداریان تیـادا تیمـار دەکرد.

ژەنەڕاڵ بەو دۆژە مەرگاویەوە لە ریزی پێشەوەدا هێـزی ئەفسـانەی شـۆڕش و بەرگری پەخش دەکرد، هەموو توانای رژێمی لـە هێرشـی یـەك بـە دوای یەکـدا وشك کرد، جەنگ بەرەو خۆشناوەتی و ناوچەکانی تر بڵاوبووەوە.

ئەو بڕوایە بوو پێشمەرگەی والێکرد، رۆحیان بفڕێت، چەند جارەی هێرش بـۆ ئـاکری، جـەنگی چـیای پـیرس، لـە چـاوی پێشـمەرگەوە رۆحـی بـارزانی بـە ئاسمانەوە دەبینرایەوە، سوپای رژێم بە سێبەر تیایدا توانەوە، ئەو هێـزو رۆحـە لـە شـەری هەیبـەت سـوڵتان و سپیلکیشـەوە رەنگیـان دەدایـەوەو بـە فـەزایا بڵاودەبووەوە، چلوپێنج رۆژ لە چیای مەتینا بەرگری کرا، هـەتا پێشـمەرگە بـەو سوێندەی، بۆ بارزانیان خواردبوو، بـە جـەنگی نێـزەو خەنجـەر سـەدەها چـەکی جـۆراو جـۆری قـورس و سـوك کەوتـە دەسـتی پێشـمەرگەو تـەواوی مـەتین بـە دەیەها دیل و کوژراوەوە گیرایەوە.

دوای کودەتـــای هەشـــتی شـــوبات فـــەرمانی وەســـتانی جـــەنگی بـــە هێـــزی پێشمەرگەدا، چەند جار گفتو گۆ کرا، هەتا تایـەر یـەحیا هـات بـۆ چـوار قورنـە، دوای ئـەوەش چـەندین نوێنەرایـەتی تـر، بەعسـیەکان لـەو پەیمانانـە دەهاتنـە دواوە، بەر لە کودەتاکە دابوویان، خۆیـان بـۆ جـەنگ ئامـادە دەکـرد، ئـەوانیش کەوتنە کاول کاریی و سـوتان، هـەتا لەگـەڵ سوریاشـدا یـەك کـەوتنوو یەکەیـەك هاتە ناوەوە، فەرماندەیەکی پێشمەرگە سوێندی خـوارد نـەهێڵێت سـەربازێکیان بگەڕێتـەوە، بـەو پەیمانـەوە بـە تـەواوی ئـەو هێـزە لـەناو بـرا، دوای ئـەوەیش سەرکردایەتی شۆڕش توانی هەر لە زاخـۆوە هـەتا خانـەقین بخاتـە ژێـر دەسـتی خۆیەوە.

دوای دە مانگ کودەتای تشـرینی دوەم سـەرکەوت ئـەمانیش شۆڕشـیان بـە گفتوگـۆوە سـەرقاڵ کـرد، هـەتا خۆیـان گرتـوو جەنگیشـیان هەڵگیرسـاندەوە، لەهەموو لایەکەوە کەوتنە هێرش، گرنگ ترینیان شەڕی سەفین بوو پـەنجا رۆژی خایاند، ئەوەندە خوێناوی بوو عەبدول سەلام عارف خۆی هاتە شەقلاوە، دوایی سـەفین بـوو بـە مـانگێکی دەسـت کـرد هـەتا بـە قـولایی روانینیـان سـەیری نەکەنەوە.

دوای کەوتنە خوارەوەی عەبـدول سـەلام لـە فڕۆکـە عەبـدول رەحمـان بـەزاز دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەمیش لەدوای شکستەکانی ملی بـۆ رێکەوتنـداو خـۆی بەیاننامەکەی خوێندەوە، هەتا دواجـار لـە بـەرزێوە لـە ژێـر رەشماڵێکدا بەیـەك گەیشتن و کۆبوونەوە.

لەوساتەشـــدا، لەکـــەڤ شـــرینقەکەوە ئیمـــزای ئـــەو رێکەوتنـــە لەبەرچـــاوی سەوزدەبووەوە، وەك ئەو سـاتەی بەمەرەکـەبی پەیمانەکانیانـەوە گـڕی بۆمبـاو ناپاڵم و فسفۆڕ بەرزدەبووەوەو فڕۆکە ئاسمانیان تەی دەکرد، شاخ و ئەشکەوت ببوونە لانەی هاولاتی، ئاگر بەسەر هەموو جێگەیەکدا دەباری، زنجیری زرێپـۆش نیشـانەی، کەلەســەری بەســەر خاکــەوە دەنەخشــاند، تــۆپی گــەورەو بچــوك

کەوتبوونە کار، سەرباز بەسەر تیپی پۆستاڵ سوردا هەنگاویان دەنا.

ڕۆژێك سێ فڕۆکە گوندێکیان لە نزیك بارەگاکەیەوە سوتاند، لەگەڵ یەکەم تەقینەوەدا لە ئەشکەوتەکە هاتە دەر، بە دووربین کەوتە ڕوانینی ئاگرو دوکەڵ.

گوندەکە کەوتبووە سەر بەرزاییەك سنگی بۆ ڕوژ ئاوا کردبووەوە، فڕۆکەش بۆمب لە دوای بۆمبیان فڕێ دەدا، دوکەڵ و کڵپەی ئاگر تەواوی خانوو کەلاوەی گرتبووەوە، دەست و قاچ بە حەواوە یاریان دەکرد، مەڕو بزن و مانگاو سەگ و تولەو کەرو وڵاخ لە مەوجی خوێندا هەڵدەبەزینەوە.

دو دۆشکا لەسەر لوتکەوە کەوتنە دەستڕێژ، ئەوسا فڕۆکە بۆمبارێژەکە لەگەڵ کشانی دوکەڵدا لەگەڵ دوو فڕۆکەی تر بەرەو پایتەخت گەڕانەوە.

بەو وێنەیەوە هەناسەی هەڵکێشا، بە ئازارەوە دوربینەکەی کردەوە ملی و روی کردە دکتۆر مەحمود:

– فیرعەون زوڵمی وایکردوە؟ ئەمانە بۆ مافی مرۆڤ حەلاڵە، چونکە عێراق نەوتی هەیە.

بەو قسەیەوە دەستی چەپی کردەوە بە قۆڵی قاپوتەکەیدا و عەلی عەبدوڵا چاویلکەکەی لەسەر چاوی لابرد:

–جاسوس نەخشەی ئەم ناوچەیەی داونەتێ، پێویستە زۆر وریا بین بۆ ئەوەی خۆفرۆش زەفەرمان پێ نەبەن.

دکتۆر مەحمود پەنجەی بۆ شاخەکەی ئەوبەر راکێشا:

– سەرۆك زۆر ڕێو شوێنی ئاسایشمان داناوە، بەڵام ئەم بۆمبارانە نەخشەیە بۆ بارەگای تۆو دەچینە هەر شوێنێك فڕۆکە دەیسوتێنێت، ئەمەش دەستی خەڵکی خۆفرۆشی تیایە.

ئەو قسەیە خستیە ناو بیرێکی قوڵەوە، سەری باداو لە دوکەڵەکەی روانییەوە:

– زۆربەی گوندو شارۆچکەی تر سووتاون، ئەوانیش بارەگای بارزانیان

لێیه.؟ ئەمه کاری مرۆڤـه؟ مـن هـەر رۆژه بارەگایـەکم هەیـه سـوك و سـۆڵ لـەم ئەشکەوتەوه بۆ ئەوی تر.

فەڕەنسـۆ هــەریری ئەوەنــدەی ســەرمابوو جامانەیــەکی تریشــی لــه ملــی ئاڵاندبوو، به لێکدانـەوەی قسـەی ژەنەڕاڵـەوه مـات ببـوو، دوا جـار پەنجـەی بـۆ شاخەکەی ئەوبەر هەڵبڕی:

– ئێسـتا فسـفۆڕو مـادەی کیمیـاوی و ژەهـراوی دەڕێـژن، هـەمووی بـەپێی یاسای ماف مرۆڤ قەدەغەن، تەنیا بۆ کورد کوشتن حەڵاڵن، ئەمریکا مـاف پشـیله دەدات هی کورد نادات.

عەلی عەبدوڵاو مەسعود بـارزانی بـەرەو ئەشـکەوتی راگەیانـدن سـەرکەوتن، ئەویش دوا مـژی لـه سـیغارەکەیدا، دوایـی هاتـەوه نـاو ئەشـکەوتەکە، ئەوەنـده بەحەژمەتەوه لـەناو چادرەکەیدا دانیشـت پەنجـەی چـو بـه شـیتاڵی لبادەکـەی ژێری و ئازاری پێگەیاند.

ئەشکەوتەکە کەوتبووه خـوار لوتکـەی شـاخەکە، بـەرەو خۆرهـەڵات سـنگی کردبـــووەوه، بـــەرزی شـــاخەکەو دارو درەخـــت و تاشـــه بـــەردی درێـــژ شاردبوویانەوه، کانیەکی گەوره لەبەر دەمیدا هەڵدەقوڵا، لەپاڵ تاشـه بـەردێکی تەنیشتییەوه دیوارێك به قوڕ دروسـت کرابـوو، سـەری بـه دارو نـایلۆن گیرابـوو، گەڵای پەلکەداری خرابووه سـەرو دوو ریـز کوچـکه بـەرد و تـەنورێك و مەنجـەڵۆ قاپ و قاچاغی تیابوو، کرابووه جێگەی چێشت لێنان.

چادری بارزانی له ناوەڕاستی ئەشکەوتەکەدا لەسـەر تاشـه بـەرد هەڵدرابوو، داری بەڵمی لەسەر لیژنه کرابـوو، بـەتانی و لبادیـان بەسـەرەوه راخرابـوو، وەك دۆشەك نەرم ببوو، جگه له بەتانی و سەرین و رادیۆو چرا لۆکسێك و شەترەنج و جانتایەکی قاوەیی هیچی تری تیا نەبوو.

لەوساتەشـدا، ئـازار بـەر پەنجـەی قاچـی گەیشـتبوو لـه کاتێکـا ئـەو ژانـەی دەچەشت پێشمەرگەیەك هاته ژوورەوه:

– سەرۆك ئەو لبادە دەدورمەوە.

پێشمەرگە لبادەکەی لول کردوو بردیە دەرەوە، بە سوژن و بەن خەریکی دورینەوەی بوو، ئەویش قەڵەمی خستە سەر کاغەز و کەوتە نووسین.

بەو شێوەیە هەمیشە بە بۆردومانی هاوڵاتیان ژیانی دەشێوا و موچڕکە دەیگرتەوە، ئەوانەی دەکرد بە ڕاپۆرتێك، بۆ یاسای مافی مرۆڤ و جیهان بەرزی دەکردنەوە.

بەو جۆرەش ڕۆژانە بە دوربین لە ناوچەکانی دەڕوانی، ڕووبەڕووی ئاگرو ئاسن دەبوونەوە، دەیان جەستە دابێژراوی بینی، ڕۆژێك پێشمەرگەیەکیان هێنایە بەردەمی:

– نیشانەی سەرکەوتنە تۆ تەنیا یەك جەستەیت، سیانزە کاتژمێر بە تەنیا لە ژێر فڕۆکەو زرێپۆشدا ڕووبەڕووی لەشکری ڕژێم بوویتەوە، بۆچی ئەم گەلە ناگاتە ئامانج، هەزاران ڕۆڵەی وەك تۆی هەیە.

ئەو بڕوایەی هەمیشە پتەوتر دەبوو، قەڵای گۆشت و ئێسقانی لە تۆپ و فڕۆکە بە بەهێزتر دەزانی، هەمووی لەو پاڵەوانێتیانەدا دەدیەوە لە جەنگەکانی پیرەمەگرون و قەرەداغ و چوارتاو ئەزمڕو زینەتیرو بەرەی ڕەواندزو کێوە ڕەش و ناوچەکانی تردا لە گیانی پێشمەرگەوە بەو شیعرەی بێکەسەوە بەرجەستەی دەکردەوە:

– (قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپو تەیارەی هەیە

ئیتیفاقتان گەر هەبی زۆر زەحمەتە خۆی ڕاگری)

لەوەوە هێرشی گەروی عومەر ئاغای دەبینییەوە بە توانەوەی یەکەیەك سەربازەوە، زۆزك و هەندرێن، گۆڕستانی هێرش تیایاندا هەڵدەدرانەوە، بەو وێنانەوە هەناسەی گڕاوی هەڵدەمژیەوە.

لەوساتەشدا، لە کەفی شرینقەکەو بۆن و بەرامەی بیرەوەریەوە هەموو ئەو دیمەنانەی بە ئاسمانی روانینیەوە دییەوە، وەك ئەو ساتە کەوتەوە ناو تۆڕی

روداوی دوا رۆژو بـڕوای بـەهێزتر دەبـوو، لەگـەڵ بـۆن و ئـاوازی نـامۆو زریکـەی نەزانراوی هۆڵـو ڕاڕەوو ژورو نەخۆشـخانەدا پـتر ئـەو هێـزەی بـۆ دەڕسـکا، وەك لـەناو شـارای حەشـارگەی مـردن و ژینــەوە لـە مرۆڤایـەتی بڕوانێـت بـەو جـۆرە هەست و نەستی شارایەوە و رۆحی توایەوە و مۆمیای نەمری بوو:

فەزا بە فراوانی سەرهەڵدان و بـیرو یـادەوەری بـوونی نەتـەوەوە پۆشـرابوو، کەشـەی هـەوری زەمـەن بـە بروسـکەی تێـزاب رۆحـی تێکـەڵاو کـرد، بـە وێنـەی تیشکی فیزیاییەوە رۆحی ئاوێتەی فۆتۆنی نەمری بـوو، کـەف رۆح بـە تریشـقەی رۆژی ناکاتی خەوی نەفخەوە بە بیرەوەری ساتی شێرپەنجەوە مۆمیای کردبوو، ساتی رۆح دابڕان لە جەستەو هۆش لە بیرو بیر لە تۆڕی فەسلەجە، گـەڵا ڕێزانـی مێژووی بوونی نەتەوەو خاك ببوونە تۆڕی خواوەندی، بـەدەم زایەڵـەی رۆژگـاری زێڕینەوە وێنەی مـەلی کۆچـەری لـە فـەزای روانینـا هەڵـدەفڕین و دەنیشـتنەوە، تیشـکی تەلێکسـی ئاوێنـەی رۆح شـەپۆلی ئـەو رۆژانـەی دەدایـەوە، ئاسمـان و زەوی حـەزی جوتبوونیـان دەجـولا، مـانگ و ئەسـتێرە بـە ژوانـی ئاوارەییـەوە تروسکەی سەرخەویان لە سێبەری یەکترا دەشکاند.

زەریای رۆح لە رەوی پەنهانی ترازانی جەستەدا گەیشتە شـەپۆلی بێسـارانی فەزای بوون و ئاسمانی سـپی کـرد، شـارای تەقینـەوەی چـرۆی رۆحـیش زمـانی بێدەنگی لە هێلکەی زەمەنی نادیاردا بە تێکەڵبوونی جەستە دەشـکاند، دەنگـی بوون لە بێزمانی رۆح بەرجەستە دەبوو، پـۆل پـۆل دەنیشـتنەوە و هەڵـدەفڕین، رۆحی لە ساتی دابڕان و چرکەی یەکگرتنەوەیەوە بە خۆری ئـازادی توابـووەوە، لـە شـەبێخونی رۆح بارانـدا دڵـدارانی نیشـتمان تێکـەڵاودەبوون، ئـەو سـاتەبوو مەسیح پەیمانی یەکگرتنەوەی بە دڵدارانی دابوو، ژوانـی بـوون بـوو بـە زەمـەنی نەبوون هەتا لە ئەڤینی فەزای نادیاردا جوت بن، شـەپۆلی بـا هەناسـەی گڕاوی دەهێناو رۆحـی زەمـەنی تێکـەڵاو دەکـرد، کۆچـی سـور ئاوێتـەی شـەفەقی ئـەو رۆحانە دەبوو، تازە لە هێلکـەدانا هەڵـدەهاتنوو دەچـونە شـیلاوگەوە، فـەزا بـە

شەپۆلی کەڤ رۆحی تـواوەوە پۆشـرابوو، بۆشـایی سـپی سـپی، لـەو شـالأوەوە زمانی گڕوگاڵی ساوای شـیری گرتبـوو، بـەو وینەیـەوە پـەنجـەی رۆحـی دەمـژی، شەپۆلی رۆحی زەمەنی نادیار بـە زمـانی زەرادەشـتەوە زمـانی هەسـارەییان لـە شیلاوگی بوونەوەری نا زەمەنا کردەوە و شالأویان خستە بۆشایی:

– ئێمـە نـەوەی سـەرەتایین، بـە پـەیامی ئـایینی زەرادەشـتەوەبووین بـە خاوەن دابوونەریت، قولـەی ئاگرمـان نیشـانەی شوناسـی هـەمووتانی لـە فـەزایا بەرجەستە کرد، ئاینی ئێمە دەوڵـەتی ساسـانی دامەزرانـد، بۆچـی روخـا؟ کـورد نەیتوانی جارێکی تر خۆی بگرێتەوە.؟!

شەپۆل زەریای مەحشەری رۆحی سازاندبوو، فەزا بە شـانۆی بـوون پۆشـرا، هابیل و قابیل شمشێری کوشتاریان فڕێدا، دەنگێـك لـە کۆتـایی رەوەوە دەقـی بێدەنگی شکاند:

– ئێمە دوربووین لە رۆژهەلأتی ناوەڕاست، خاکمان سەخت و چڕبوو، بـەبێ زانیاری و تێکەلأویی گەلانی تر دواکەوتین، ئەوەی زانیمان عـەقڵی خۆمـان بـوو، کاتێکیش تێکشکاین خۆمان نەگرتەوە.

رۆحی تواوەی ببووە تەلێکسی مێژوو، ئەوە ئەو سـاتەبوو خەرمانـەی ژیـانی لەسەر کۆدەکردەوە، جارێکی تر رۆحی لە زنجیرەی روداوی نەتـەوەیا توایـەوە، دەنگێکی تر فەزای خستە سەر بانگەشە:

– چـونکە دوای ئێمـە عـەقڵی دەریـا کەوتـە کـارو گـەلان سـودیان لێبـینی، ئێمەش دور کەوتینەوە لە ئاوو بەرەو وشـکانی و سـەختی چیا هـاتین، ئەمـەش کارەساتێك بوو بە درێژایی مێژوو کوردی لە داخراندا پێچـایەوە، بناغـە لـە دوای ئەو دەوڵەتە دانەڕێـژرا، ئەمـەش نـەوەی دوای ئێمـەی دور خسـتەوەو جۆگرافیـا کلیل درا، نەوەش رۆژ لەدوای رۆژ بە بێهێزی هاتن.

رۆحی بوونی نەتەوە جولأیەوەو هەموو کەوتنە سەر شەپۆلی زمانی بوون لـە نەبوون، دەنگی تێکەڵ بە بروسکە شەپۆلی وەستاند:

– شـەکانەوەی گـڕی قوڵـە دامرکایـەوە، زەمـەنیش بـۆ چـەندین سـەدە کەڵەکەبوو، نە مەسیحیەت و نە ئیسلام و نە هیچ بیرێکی تر نەبووە فریـادرەس، چونکە ئێمە گوتاری خۆمان نەبوو، هـەموو ئاینێـك بەسـەرمانا زاڵ دەبـوو، بۆیـە بە بێکەسی و دورە پەرێزی لە جۆگرافیای تەنیایدا خنکاین.

شەپۆلی یادەوەری نوێ فەزایان شێواند، بـە گڕوگـاڵی سـیمۆتیکی و وێنـەی نادیار ئاماژەی بێدەنگیان شکاند:

– بـە درێـژایی مێـژوو نەتـەوە شـیرازە پچـڕاوو پـەرتو بڵاوبـوون، رۆحێکـی موگناتیسی گێژی دەدا هەتا رۆحی نەتەوە کۆ بکاتەوە، پشـتاو پشـت دەهـات، لە سـەردەمی جـۆراو جـۆردا سـەردەبڕدرا، چـەندین رۆحـی مەلۆتکـە خرانـە نـاو روبارەوە، یان شەوە دەیفڕانـدن، ئـەوەی کارەسـاتی ئێمـەبوو رۆحـی رۆحیمـان فڕێندراو توناو تونی زەمەن لەم پشت دەچووەوە ئەوی تر.

بروسـکەی رۆح پزیسـکی لـە گـەردونا دەدا، ئەسـتێرەی یـادەوەری دەتەقینەوەو دەنگی زایەڵەی زەمەن لە رۆحی هاوچەرخدا زەنگۆڵەیدا:

– تـۆی بـاوکی رۆحـی لـە زەمـەنی درەنـگ و ناوەختـەدا لـە دایـك بوویـت، چەرچەڤ رۆحت دەکشاو ئاسمانی نیشتمانی دەگرت، نەتـەوەش پـەرش و بـڵاو، لـە دۆژەی خـاکی گـەمارۆ دراودا کـەوتبووە سـەر بانگەشـەی رێکەوتـە مـەرگ، پۆلێك رۆح دەسوتێنران، زمانمان دەبەسترا، هاوار لە گەرودا دەخنکا.

دەنگی رۆح تێکەڵاوبوون، زمانی زەمـەن بـوو بـە کـەڤ خواوەنـدی، بروسـکە فەزای گرتەوە:

– زەمەنی گرانی رۆح هاتوو کوڕ لە دایکو دایە لە کۆرپە، جەستەش لـە رۆح تەریو ببوو، رەوی داینـاسۆر بـە ئاسمانـەوە رۆحـی ئێمـەیان دەپێچـایەوە، هـەتا رۆحمـان بـە موگناتیسـی رۆحتـەوە یەکنەگرێتـەوە، تـۆش بـەرماڵی جۆگرافیـای زەمەنت راخستبوو، رۆژانە چاوت دەبڕیە فـەزای روانینـو بوورجـت دەژمـارد، لـە ئەستێرەی بەختی جیهان ورد دەبوویتەوە، رۆژێك گوتت:

– هیچ لە چارەنووسی ئێمە نییەو تەنیا چارەسەر ئەوەیە پێویستە رۆحمان لە جەستە جیابکەینەوە، بانگەشەی مەرگ بکەین بۆ ئاشتی، کفن مانای ئاشتیە، رۆح لەم جەستەیە جیادەبێتەوە و دەچێتە ئەوی تر، وەرن با رۆحمان بۆ ئەو جەستانە بەخت بکەین، لە دایك نەبوون، با رۆحمان لە جەستەی نەوەی ئایندەدا ئاسودە بێت.

بە کەفی رۆح چیاو دەشتت تواندەوە هەتا نەوە و خاك کۆبکەیتەوە، کۆلارەی رۆحت هەڵدا هەتا بە تەزووی هەور کێش بکەیت، نەهات و بە بوورجی قەدەر گیرساینەوە، شەوێك کفنت پۆشی و چەند بەرماڵێکت راخست و چایچی بارەگات بانگ کرد:

– من ئەمشەو دەچمە خەلوەی مەرگەوەو کەس نەیەت بۆلام.

تا درەنگان لەم بەرماڵەوە دەچویتە سەر ئەوی تر، دوایی نەخشەت راخست و بەو سەرە قەڵەمەی بە چەقۆ تیژت کردبوو، کەوتیتە دیاریکردنی سنور، فرمێسك کاغەزی نەخشەی کوردستانی تەڕ کرد، چاوت پڕبوو لە ئاو، بەشەکەتی ڕۆحی خەفەوە راکشایت و دەستی چەپت هەر لەسەر کاغەزەکە ڕاگرتبوو، خۆت تواندەوەو نیشتمانت قوتدا، کاتێك راچەنیت گزنگ لە تەقینابوو، روت کردە سوچی دیواری پێشەوە، سیواخی قڵشو درزی وردی تێکەوتبوو، سەیری چەپ و راست و سەرو خوارت کرد، بە درز خەت ببوون و لەگەڵ گرنجیو قڵیشی تەژەی ژورەکەدا لە روانینتا تێکەڵاوبوون، چاوت کردەوە، وەك بۆ رۆحی سەدەی بیست و دو قسە بکەیت بە دەنگی کزۆڵەوە زمانت جوڵاند:

– چۆن بتوانین لە فەزا دوریان بخەینەوەو هەوری وڵاتان راکێشین، ؟! ئێمە وشکانیمان دۆژەیەو جۆگرافیا نەتەوەی خنکاندەوە و لەت لەتو پەرتەوازەیە، دەبێت نەوەی ئایندە ئەم تەلیسمە لە ئاسمانەوە تێکبشکێنن، جەنگو ئاشتی ئێمە دەچێتە فەزاو ئاسمانەوە.

ڕۆژانە لە دایکبووی نەتەوەت دەکردە کۆڵ، چیا بە چیا دەتگێڕان، هەتا بۆ ناو کۆبوونەوەی نهێنی دەتبردن، کاتێك سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلت دی گوتت:

– ملیۆنان شیرە خۆرەی رۆحیم لە باوەشدایە.

ئێستاش رۆحی مێژووی نەتەوەبوون بە گەردوونی بێ خانەیی، وەك لە دەرەوەی فەزدا لە نافەزادا نیشتەجێ بووبن، بێ لانەو ژیان رۆحی نەتەوە لەسەر رۆحت نیشتۆتەوە.

شەپۆلی نەوەی تازە هەڵهات و هەناسەیان بە ئامازەی بوون خنکا، پەنجەیان بۆ زەمەنی خوێن بەرزکردەوە:

– ئەو نیشتمانەی، ئاواتت بوو، بە شمشێری هابیل کراوە بە دوو لەتەوە، کاروانی رۆح بەم دیوو ئەو دیویدا دەکەونە خوارەوە، ئێمە هەموو بکوژی یەکین، لە نیشتمانی رۆحدا بۆ کوردستان یەکمان گرتووە.

رۆحێك باوەشی گرتەوە:

– من ئەم قابیلەم کوشت، ئەو هابیلەش منی کوشتەوە، ئێمە نوێنەری زەمەنی سەدەی بیست و یەکین، دوو هەور بەسەر وڵاتا هەڵی کردووەوو تەرزە بارانی خاك دەکەن، زەمەن وەك مووی لێهاتووە هاکا بەریەك کەوتن.

گڕوگاڵێك هەموو دەنگێکی وەستاند:

– ئیستا زەمەن پێویستی بە عاسای موسایە، دایکان ئاسودە بکات.

گڕو گاڵی شەپۆلی ئایندە هێلکەی رۆحیان فڕێدا:

– ئێمە دەچینە شیلاوگی زەمەنی درێژ فەزا دەگرین، بۆ روانینی دوای گۆڕانی رۆحی ئەوان بە ئێمە، ئێمەیش بەوانی دواترەوە جێگەی خۆمان دەگرینەوە، ئێستا ساتی شۆرینەوەی تۆوی رۆحی نەوەی نوێیە لە زەریای رۆحی نەتەوەدا، نیشتمان بە بای شیلاوگی پاك دەکرێتەوەو ساتی نەفخی ئەزەلیە، دایکی کورد بەرماڵی لەسەر ئەو جۆگرافیایە راخستووە، رۆحی تواوەی ئێوە چاوەڕوانی دەکەن، هەموو لە بای نەفخی رۆحی نیشتماندا لە دایك

دەبینــەوە، ئـیتر ئاسـودە بـە، خـۆت و زەریـای رۆحـی تـواوە بـڕۆن بـۆ فـەزای خۆشبەختی.

ئـەو مۆمیابوونـە سروشـتێکی رۆحـی ژەنـەڕاڵ بـوو، رۆژانـە لـە زەریـای ئـەو بیرەوەریانەوە دەیگـرت، لەوساتەشـدا، لەگـەڵ دوا دەنگـا چـاوی تروکانـد، لـەو کەفە دەروونیەوە لە کەڤی شرینقەکەدا مۆمیابووەوە، پزیشـکەکەش شـرینقەکەی بە دەستەوەبوو، نیگای لەسەر کەفە کوشندەکە دەگیرسایەوە، رۆشـنایی بـەری مێژوویان لە تابلۆی ئاوێتەییدا نیشان دەدایەوە، لە ژێـر سـێبەری یـادی بـەهێزدا مات ببوو، شێی بیرەوەری کاروانی مێژووی ئالآی خوێناوی گـەلێك لەسـەر زەوی مردن یاری بکەن، گاڵتەیان بە گیـان دەرچـون دەهـات، لـەو پڕۆڤەیـەوە مردنـی لەیاد دەچو، دەچوە ناو کاروانی بـە هێزیـو مـەرگی دەشـاردەوە، لەگـەڵ گـوڵی گەشاوەی سەر پەنجەرەکەدا تێکـەڵاودەبوون، لقێکـی نـەمربوون بەسـەر ژیانیـا پــەخش دەبوونــەوە، فرمێســکی ناوچاویشــی وێنــەی نــەمری ئــەو گەلــەیان دەنەخشاند!

## (3)

خەرمانــەی تیشــکی ئــاڵۆزی ژوورەکــە بــە ئەســتێرەی گــەڕۆکی گــەردوونی ژەنەڕاڵــەوە دەســووڕایەوە، مۆمیــای خــەوی قــوڵی، ئــەزەلی خۆڕســکی بــوون و نەبوون ببوو، پەلکە زێڕینەی بیرەوەری لــە نیگایــەوە دەکشــاو تەلیســمی تــەمی تاریك وەك ئاوێنە لە فەزای ئاسۆییدا سەدەها وێنەی لە روانینیدا ئاوێتە دەکـرد، زمانی لە بێ زمانیــەوە دەخســتە گۆ، لاوان بــە ســنگی شــەقبووەوە لــە لوتکــەو بنارو دەشتو دەرو کوچەو بازاڕدا ڕەنگیان تیا دەدایەوە.

بەو وێنانەوە ئاسمان ببووە دوکەڵ کێشی ژان و هەناسەی خەفــەو بەســەریدا پەخشــدەبووەوە، دەریــای یــادو چرکەســاتی مێــژوو دەکەوتــە شــەپۆلی هــەتا هــەتایی، کەشــی تیشــکو دەنــگ و ڕەنــگ و ســیماو بــۆنی ژوورەکــەش ببوونــە شێیەکی خۆخواردووی ڕەنگاو ڕەنگی ئاوێنەی بیرەوەری، تیشکو بۆیاخی دیـوار سەمای زەماوەندی هێمنیان دەنواند، وەك بە گاســنی خــەزان گــەڵای تەمــەن لــە لێواری ژیاندا بووەرێنن، بەو جــۆرە ئەلــەمنێۆم و پارچــەی بریقــەدار بــە یەکــەوە زمانی جەستەییان لە بێجەستەییەوە دروست دەکرد.

بــەو روانینــەوە چــاوی بڕیبــووە کــەڤی هەمیشــەیی، لــە دەریــای نامۆییــدا دەخولایەوەو موی جەستەی گرژ ببوون، بە تیشکی نەبینەوە دەروونــی دەکفـاو

بڕستی لێدەبڕا، ماتی گرتبوویەوەو جەستەی ساردو سڕ ببوو، بە جۆرێك زاری بەسترابوو، وەك ئەوەی، هەست و نەستی لەگەڵیدا مۆمیا بووبێت، بەو جۆرەش گەلاَی گومانی دەوەری و چرۆی دەکردەوە، لەگەڵ هەناسەیدا ڕاستی ژیانی سەرتاسەریان دەگوتەوە، سرودو لاوکو گۆرانی و حەیران و بەستەو شیعرو ئاوازی نەتەوەیی لە مێشکیدا دەزرنگایەوە، وەرینی گەلاَی گیانی هەزاران لاو لە دیدەیەوە تێکەڵی تەمی فرمێسکی قەتیسماوی دەبوون، وێنەی بەندیخانەی هەتایی دیاریان دەدا.

ئەو شالاَوە ڕۆشناییان گرتبووەوە، بە تکەی فرمێسك پرسەی دەگێڕان، پێڵوی ببووە دۆژەی ئەشکی خوێناوی و دەرووونی دەکفاند، پەتی دەسرازە لە نیگایدا دەبوون بە سێدارەی هەزاران شێرە خۆرە.

ئەو سوتوانە بە جەرگ و دڵییەوە دەنووسان، زۆر جار پەیوەست دەبووەوە پێیانەوەو بێهۆشی بەسەر وشەکانیدا زاڵ دەبوو:

– ئەوەی بەسەر کورد هاتووە بەسەر هیچ گەلێکی تری دنیادا نەهاتووە، ئاسمان و زەوی و دەریامان نییەو هەر چوار لامان دوژمنمانن، لە کوێوە بانگی چۆلەکەیەك بکەین؟ تەنیا فریاد رەسمان هەر ئاگرە و ئاگر.

بەو وشانەوە کۆتەڵی مردنی هەزارانی دەکرد، دەستی بەسەر سنگیدا دەکێشاو چاوی لەناو ئەشکیدا دەنوقاند.

چەند ڕۆژ لەوەوبەر ئەو تیشك و بروسکەیە گرتیەوە و هێزو بڕستی لێبڕی، لەناو باخچەیەکی پڕ لە گوڵزاردا دانیشتبوو، چاوی بڕیبووە گەلاَی گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و لە هەر ڕەنگێکەوە وێنەیەکی دەدیەوە، گوڵزارو چیمەن خوێن ڕەنگ ببوون، لەپڕێکا هەمووی لە دیدەیدا تۆران، بە ئازارەوە کەوتە ڕوانین و ڕووی کردە گوڵێك و لە ناخەوە گریا، گەلاَو گوڵ و لاسك ببوونە هەزاران ڕۆحی ئەزەلی مەلی کۆچ کردو، هەر گوڵێکی لەجەستەیەکدا دەدیەوەو لە گەڵیدا دەکەوتە قسە، هەزاران ڕۆڵە کوژراو دەستیان بۆ دەگرتەوەو هەناسەیان هەڵدەمژیەوە و

خوێنیان وشك دەكرد، لەپڕێكدا تیشكی ئاوێنەیەكی بەهێز لێیداو بەروانینیدا بڵاودەبووەوە، وەك ئەو ساتانەی بە منداڵی وێنەی نیشتمان بیرو هۆش و هەست و روانین و سەرنجی گرتبووەوە.

لەوساتەشدا، ئەو تەوژمە گرتییەوە، چركەی ژیانی لوشدا.

ئەو شاڵاوە بەرهاتی خەباتی نەپساوەی بارزان بوو، دەیان ساڵ بوو تابلۆی تەلێكس لە دیدەیدا تیشكی دەدایەوە، هەر لەو دڵۆپە شیرانەی سەر ڕوومەتی لە بەندیخانەدا، هەتا لە بێشكەی زەینی ئاوێنەی خوێناوی ڕاستی بارزاندا، كەوتە سەر مەشقی جەنگ و هەڵمەت بردن، روانینی لەسەر حیكایەت و ئەفسانەو ڕوداوەوە دەبوون بە كەڤی بەهێزو دەكشان و دەتوانەوە.

ئەو وێنەیە بۆ یەكەم جار لە تەمەنی شانزە ساڵیدا لە ئاوێنەی زیهنیدا كەوتە تیشكدانەوە، كاتێك بە هێزێكی گەورەوە لە بارزانەوە كەوتە ڕێ، لە گەلاو گوڵی دارستان و خاك و خۆڵی دەڕوانی، لەهەموو چركەیەكدا لەگەڵ خشەی هەنگاویدا پتر خۆی بەهێز دەكرد، دەستی بە قایشی تفەنگەكەیەوە دەگرت هەتا پەیمانی شێخ عەبدولسەلام دوپات بكاتەوە:

– سەركردەی بە ناحەق شەهید كراو، هێزی بارزان نابێت شوێنەواری تۆ ون بكات، پەیمانت دەدەمێ رێبازەكەت بگرم.

بەو ئامانجەوە شاخ و كێوی بەجێدەهێشت، كارەساتی ئەو جەنگانەی سەرە ڕێگای بە گەلای وەریو دەزانی، یەكەم جار، كەوتنە بەر تەقەی هۆزێك ئەو ڕاستییەی سەلماند، كتوپڕ نەخشەی كێشاو پێنج دەستەی جیاكردەوە، بە لای باكورو باشووردا قەد بڕیان كرد، هێزەكەش لەسەر ڕێگاوە دەڕۆیشتن، لەپڕێكدا گەمارۆ دران و ناچار ڕایان كرد.

لەو تەپ و تۆزەوە لە ئاگرێك نزیك كەوتەوە، لەسەر لوتكە شەوقی دەدایەوە، چلۆسكێكی هەلگرتو لەخۆڵە مێشەكەی وەردا، لەو ساتەدا دوو دیلیان هێنایە بەر دەمی و سەیری كردن:

– ئێوە چۆن سەنگەر لە برای خۆتان دەگرن؟! لەبەر ئەوەی سەرۆك هۆز هەڵی خەڵەتاندون، بڕۆن ئازادن.

بەو جۆرە بەسەر ئەو ناوچەیەدا تێدەپەڕین، لە بن دارو سەر لوتکەوە فیشەکیان پێوە دەنرا، لە دەربەندێکدا لە سێ لوتکەوە درانە بەر گوللە.

ژەنەڕاڵ ئەو نەخشەیەی ترسناك هاتە بەرچاو، کتوپڕ شەش دەستەی جیاکردەوەو پێشیان کەوت، لە ماوەیەکی کەمدا بەرزاییو لوتکە چەکداریان پێوە نەما، گەڵای دارو دەوەن ڕادەوەشینو بە هێمنی شنەی باوە چۆڵی سەنگەرەکانیان دەردەخست.

بەو هێزەوە لەگەڵ گەردەلولدا هەنگاوی دەنا، لەهەموو جەنگێکدا فیشەکی دەتەقاند و بەسەر گردوو تەپۆڵکەدا سەردەکەوتوو نیشانەی دەگرتەوە.

کاتێك لە سلێمانی نزیك کەوتنەوە دوو داڵە کەر خۆرە بەسەر یاندا تێپەڕین، کزە بایەکی بەهێزیش کشا، لە دۆڵێکا خڕ ببوونەوەو لە دیمەنی سروشتیان دەڕوانی، پیرێژنێك بەدەم چیلکە کۆکردنەوەوە بە هۆرەی بە سۆز شیوەنی بە دیل گیرانی شێخ مەحمودی دەکرد.

ئەوە هەواڵی کۆتایی جەنگی خستە گوێیەوە، دوای پشویەکی کورت فەرمانی گەڕانەوەی بە هێزەکەیدا، فرمێسك و ئاهی بە دیل گیرانی شێخ مەحمودی بە دەشت و شاخ و کێودا دەڕشت، لەسەر بەرزایی بارزانیشدا بەسەر ئەو گەشتەیدا دەچوەوە.

خشەیەکی بەهێز لە ئۆتۆمبێلێکەوە هات، بە هۆڕینی بەردەوامەوە لەسەر شۆستەکە گیرسایەوەو ئەو بیرە بەهێزەی پچڕاند.

لەوساتەشدا، ئەو وێنەیە گرتییەوە، دوا نیگای لە گوڵەکان گرتەوە، هێزێکی نەبین خوێنی دەجۆشاند، ئەوە خستیە سەر خورپەی کتوپڕی و بەو ئازارەوە گوڵزارەکەی بەجێهێشت، لە تیشکی شرینقەکەیشەوە ئەو دیمەنە لێیدایەوەو مێشکی کەوتە سەر شەپۆل، سەدان بیرەوەری چەخماخەی پێدەدا، کەفەکەی

وەك تەلێكس بە مێـژووی بـوون، دەرزی ژەنـی دەكـرد، شـێر پەنجـە تێكـەڵاوی ئاوێنـــە و بوورکــانی بیرکردنـــەوەی دەبـــوون، لـــە تیشـــكی ئاوێنەییـــدا هـــەموو كارەساتێكی بیردەهێنایەوە.

دەمێـك بـوو لـەو رەگـەوە گومـان دەیگرتـەوە، هـەر لـە جـەنگی سـەرەتایی بارزانەوە ئەو ترسـناكییەی بـینی، جـەنگی نـاوخۆیی و هـۆزو تـیرەی وەك شـێر پەنجە دەبینیەوە، وەك ئەو ساتە نیگـای لەسـەر چـیای بـارزان گیرسـایەوە، بـۆ یەكەمجار ئاشورییەكان هێرشیان هێنایە سەر ناوچەی بارزان.

لــەو كاتـــەدا بەســـەر لوتكـــەوە ســـەركردایەتی جـــەنگی دەكـــردوو هەناســـەی هەڵدەكێشا:

– ئینگلیز فریویدان بـۆ بـرا كـوژی، دەیـەوێت تـۆوی دووبـەرەكی لەناومانـدا بچـێنێت، ئـــەم میللەتـــە بـــۆ ئەوەنـــدە ســـاویلكەیە بـــە تـــەپڵی دوژمنـــان فریـــو دەخوات؟.

ئــەو تــەزووە دوای شــكاندنی ئاشــووریەكان گرتیــەوە، هــەتا جــاری دووەم هەمان چەشن كەوتنەوە بەر شاڵاوی بەرگری بارزان، لەگەڵ ئەوەشدا ئـەو تـۆوە لە دەماریدا هەر ترسناكی دەردەخست، هەتا چارەسەری ئەو ناكۆكیە كرا.

لـەو سـاڵانەدا چـەندین جـار توشـی ئـەو كێشـەیە هـات، بەسـەر دارو بـەردی گەشتی دوورە وڵاتی هەزاران نەشتەری ویـژدانی دەخسـتە دڵییـەوە، جارێـك بـە یەكجاری كەوتە ناو ئەو گێژاوەوە، لە خاكێكدا گیرسـایەوە دەسـتو مەچـەك بـە خوێنی یەكتری سور ببـوون، لـە دو وڵاتـدا بـە لولـەی تفـەنگ ڕچـەی دەشـكاند، یادگاری لەگەڵ ئەندرانێك ئەلبوومێكی ڕازاوەی ژیانی بوو، لەسەر سنوری سـوریا لەسەر كێشەكان گفتوگۆی لەگەڵدا كرد، لەوساتەی لێـی جیـابووەوە ڕسـتەیەكی كردە یادگاری ژیانیان:

– ئەنــدرانێك تــۆ پاشــای ئەرمــەنیت، مــادام تــورك خیانــەتیان لێكردیــت سەربەرزیت و تاوانت لەسـەر شـان نییـە، مێـژوو وەك دەریـا وایـە لێـرە دەبێتـە

چڵکاوو لەو لاوە پاك دەبێتەوە، کەس ناتوانێت چەواشەی بکات.

ئەوە بیرەوەریەکی سەخت بوو لە شارای تەمەنیدا خڕدەبووەوە، وێنەی ئەندرانێکو ژنەکەی بەسەر سامانڵی بیرکردنەوەیدا لە ژێر درەختی چواردە گەڵای جەستەی بارزانەوە لە کۆجیتۆی ژیانیدا تۆمار ببوو، هەمیشە ئەو ڕاستیەیان دەگوتەوە.

ئەو ترسناکییە هەمیشە لە دڵیدابوو، برینی خوێناوی ئەو گێژاوەش گرتییەوەو لەناو ئازاردا دەخولایەوە، شان بە شانی شێر پەنجە جارێکی تر خوێنیان دەمژیەوە، لەو کاتانەدا دەحەوایەوە، جەنگی براکوژی نەدەماو کۆتایی پێدەهات، ئەو ئاواتەشی هەمیشە زڕ دەبوو، هێشووی جەنگی ناوخۆ کۆتایی نەدەهات، بۆ دووەم جاریش ئەو خەزانە بەهێز تر گەڵای شۆڕشی دەوەراند، ئەوەش شەوو ڕۆژی لێکردبووە یەك، لەم سەرەوە دەچووە ئەو سەرو دەگەڕایەوە هەتا ئەو ئاگرە نەهێڵێت، ئەوەش زۆر ترسناك دەهاتە بەرچاو، ڕاستەوخۆ لەناو دڵی پارتییەوە دروستبوو، دوای لابردنی هەمزە عەبدوڵا لە سکرتێری پارتی، ئیبراهیم ئەحمەد جێگەی گرتەوە، بەو هۆیەی هەمزە مارکسیەکی توندڕەو بوو ئەوەش ناڕەزایی زۆری لەسەر بەرز دەکرایەوە، ئەویش دەرچووی کۆلیژی ماف ناسی و نووسەر و ڕوناکبیرێکی ناسراوبوو، جەماوەرێکی زۆریشی لە سلێمانی هەبوو، دوای ئەوەی مەکتەبی سیاسی نوێیش کەوتە کار ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ناکۆکییە پەرەی دەسەند.

ئەو ساڵانەی شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا بارەگای مەکتەبی سیاسیش لە بەغداد گوێزرایەوە، بەوەش دوور کەوتنەوەی لەگەڵ باڵی چەپی مەکتەبی سیاسیدا بۆ دروستبوو، ئەو لە بارزان و ئەوان لە مالومەو ماوەت، ئەوەش بوو بە هۆکاری زەمینە خۆش کردنی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ دژایەتی کردنی، ئەویش بەردەوام لە هەوڵی نەهێشتنی ئەو ناکۆکیە دابو لە ڕێی نامە و گفتوگۆوە، ئەویش بەردەوام و هەوڵی دەدا، هەتا بانگەشەی لابردنیان لە سەرۆکایەتی کردو

پارتیش بوو بە دو بەشەوە، بەوەش ناچاربوو داوای بەستنی کۆنگرەی شەش بکات لە قەڵادزە، بەر لە کۆنگرەیش لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە ئاگادار کرانەوە، باڵی چەپ بەشداریان نەکردوو لە کۆنگرە لابران، حەبیب موحەمەد کەریم بەسکرتێری پارتی هەڵبژێردرا.

دوای ئەوە زەمینە بەرەو کەوتنەوەی جەنگ هات، باڵی چەپیش تەواو لە پارتی دابڕان.

بەر لە دووبەرەکی زۆر جار بە جیاواز نامەی بۆ ئەوو مام جەلال دەنووسی، سۆزو پەیوەندی لەگەڵ مام جەلالدا زۆر بە هێز بوو، ئەوەش هۆکاری ئەوەبوو، دەرچوی کۆلیژی ماف ناسی بەغداد بو، هەمیشە پرس و رای پێدەکردو بەجوتە کۆ دەبوونەوەو دەیگوت: کوڕمە.

زۆر جار دەیکردە نوێنەری کاری گرنگی شۆڕش، جارێك ئەو نوێنەرایەتیەی پێکرد، کاتێك رژێم داوای گفتوگۆی کرد راستەوخۆ دەست نیشانی کرد، دوای ئەوەش مام جەلال هات بۆ سلێمانی، هەر لە دورپیانی شارەوە ژنو منداڵ و گەنجو پیر وەستابوون، هەتا بەردەرکی سەرا چەپڵە رێزانیان بۆ کرد، ئۆتۆمبیل و ئەسپە عەرەبانەو تراکتۆر شاریان خرۆشاندبوو، زۆریش بە سواری پاسکیل و ماتۆڕ ئەم سەراو سەریان دەکرد، کوچەو کۆڵان و شەقامی شار رەش ببوونەوە، کاتێك گەیشتە بەر دەرکی سەراو دابەزی خستیانە سەر شان، بەو جۆرەش کێشیان کرد هەتا بردیانە سەر باڵاخانەیەکی بەرز، بڵند گۆی بە دەستەوە گرتوو پیرۆزبایی لێکردن.

جەماوەر خرۆشا، هوتاف و چەپڵەو هاواریان بەرزبووەوە:

– نوێنەرەکەی بارزانی مام جەلال تاڵەبانی.

هروژمی خەڵکی بەجۆرێك بوو بستە بۆشایی نەمابوو، سەر دیوار و بان و بن پاساریش گیرابوو، ئەویش دەستی بەرز کردبووەوە، لەبەر تیشکی خۆرو سێبەری چیای ئەزمەڕدا وەك ئەستێرە دەدرەوشایەوە، جار جار خۆی

وەردەگێڕا، لەگەڵ زنجیرە شاخی قەرەداغدا ئەڤینی نوێ دەکردوە، دواجار بەدەم هوتافی جەماوەرەوە دەنگی هەڵبڕی:

– لامەرکەزی ناوەرۆکی دیموکراتییە، ئەمەش مانای رزگاری کورد نیەو هەنگاوێکە بەرەو رزگاری.

مام جەلال بەو جۆرە لای خۆشەویست بوو، دوای ئەوە ناکوکی گەورە دروستبوو، هەتا باڵی چەپ جیابوونەوە، دوای ئەوەش بە هێزێکەوە بەرەو ناوچەی سۆران هات، جەنگی گەورە لە ناوچەکاندا بەرپابوو، باڵی چەپیش لە هەمەدانی ئێران گیرسانەوە.

پاش گەڕانەوەیان شادمان بوو، سێ سەد کەس گەڕابوونەوە لە دۆڵە رەقە بە چاودێری عەباس ئاغا نیشتەجێی کردن، نامەی بۆ هێزی پێشمەرگە نووسی:

– نامەوێت هیچ ئەندامێکی پارتی ئەوەی رێز لەپارتی و بارزانی دەگرێت قسەیەك بکات ببێتە مایەی برین کولاندنەوە، هەر کەس سەرپێچی بکات سزای گەورە دەدرێت.

دوای ئەوە بەماوەیەك ئیبراهیم ئەحمەد لەتارانەوە بە فڕۆکە لە بەغداد دابەزی، جگە لە عەلی عەبدوڵا و نوری شاوەیس گەڕانەوە ناو پارتی، ئیتر هەموویان چونە ناو رژێم.

دوای ئەوەش کاتێك دوبەرەکی یەکلابووەوە مەکتەبی سیاسی نزیك کەوتەوە لە بارەگاکەی، رۆژانە لەگەڵ ئەندامانداا دادەنیشت، هەمیشە گفتوگۆی پلانی شۆڕشی لەگەڵدا دەکردنەوە، پەیوەندی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیەوە بە هێزبوو، لە بڕیاری شۆڕشدا پرس و ڕای وەردەگرتن، لە کۆنگرەو کۆبوونەوەکانیشدا بێدەنگ دادەنیشت، گوێی لە ڕاپۆرتی هەموویان دەگرت، پاشان دەکەوتە قسەو رەخنەو پێشنیاز، هەرچی دەزانی بێ دودڵی و دەیخستە رو، جگە لەوانەش لەسەر کێشەی گرنگ بە جیا گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن، بە تایبەتی حەبیب موحەمەد کەریم، یەکێك بوو لەو ئەندامانەی زۆر خۆشەویستبو

لـەلای، لەهـەموو کارەکـانی شۆڕشـا لـە گـەڵیا کۆدەبـووەوە، دوای ئـەویش ئـەو پەیوەندیەی لەگەڵ دکتۆر مەحمودا زۆر بەهێزبوو، تەنانەت خۆی ژنی بـۆ هێنـاو زۆر جێگەی متمانەی بوو، لە زۆر کاری گرنگا دەیکردە نوێنەری خۆی.

دکتۆر مەحمود دەرچووی کۆلیژی پزیشکی بەغداد بوو، ئەو ساڵە سـەختانە تـوانی خزمـەتێکی گـەورە بکـات لـە کردنـەوەی نەخۆشـخانەی ئەشـکەوتەکان، بەوەش توانی جێگەی خۆی بکاتەوە لەناو شۆڕشدا، بـە جۆرێـك ببـووە کەسـێك لەو جەماوەرە، هەتا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

لەوساتەشدا، لە کەڤ شرینقەکەو نمەی بارانی سـەر شوشـەی پەنجەرەکـەوە ئەو وێنانە زنجیرەیان دەبەسـتەوە، لـە گـەرداوی روداوەکانـەوە جـارێکی تـر لـە دایـك دەبـووەوە، وەك ئـەو کاتانـەی ئـەو پەردەیـە بـە ئێسـك و پروسـك و خوێنـاوەوە دوای ئـەو روداوە جـەرگ بڕانـەش مـاوەی شـەش سـاڵ بەرچـاویان گرتەوە، کاتێك ئیمزای ڕێکەوتن نامـەی یـانزەی ئـازاری کـرد هەناسـەی ئۆخـەی هەڵکێشا، لەوساتەدا ئەو وێنەیە بەبەرچاویدا ڕابووردەوە، لەناخی خۆیـەوە وردە کاری کردەوە و قەڵـەمی لەسـەر مێزەکـە دانـا، حـەردان تکـریتی بـە شـێوازێکی شانۆییانەوە نهێنی دڵی کردەوە:

– دەربارەی باڵی چەپی پارتی چارەنووسیان چی دەبێت؟ .

ئەو خەمە سەرەکیە ببووە هەورێکی رەش لەبەرچـاویدا، بۆیـە لەوساتەشـدا، بەبێ وەستان دایکرد:

– ئەوە کێشەی ناوخۆیی خۆمانەو هیچ پەیوەندیەکی بە ئێوەوە نییە.

دوای گەڕانـەوەی مەسـعود بـارزانی لـە سـلێمانی، هاتـە لای و پێشـنیازی بـاڵی چەپی پێگوت، نوێنەریان هاتبووە لای لە بارەگای لقی چواری پارتی، ئـەویش پـاش کۆبوونـەوەی لەگـەڵ مەکتـەبی سیاسـی لێبـووردنی گشـتی دەرکـرد، مـام جـەلالش بڕیاری گەڕانەوەیدا، ئەوە دڵخۆشی کردوو لەو کۆبوونەوەیەدا ئاماژەی پێدا:

– هەڵوێسـتی ئـەوانیش باشـە، داوای لێبووردنیـان کـردووە، لەسـەر

چارەنووسی کورد ناچارین نەخشەی رژێم سەرەو خوار بکەینەوە.

ئەوەی گوتوو چاوی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا گێڕا، هەموو بێدەنگ بوون و پەنجەیان بە رومەتیانەوە گرتبوو، زۆربەی سەرکردەکان پەنجەیان هەڵبڕی:

– دەبێت بدرێنە دادگا، چەند ساڵە لەناو زرێپۆش و فڕۆکەوە کوردستان دەسوتێننو رۆڵەی کورد بەکوشت دەدەن.

ئەندامێك لکی جامانەکەی هەڵپێچایەوە:

– ئەگەر لێان خۆش ببین ئیتر دەکەونەوە رێکخستن و کێشە نانەوە.

عەلی عەبدوڵا دوا وشەی راپۆرتەکەی نووسی:

– تازە ناتوانن هیچ بکەن، ئێمەش لە پێناوی کوردا ناچاری ئاشتین، پارتی خۆی بە خاوەنی کورد دەزانێت پێویستە لێبووردە بێت.

ژەنەڕاڵ بەو قسانەوە توشی تێڕامانێکی قوڵ هاتوو بیرێکی پەرش گرتیەوە، مژێکی کەسکوندی لە سیغارەکەی دایەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەو بیرەوە مەسعودی بانگ کردو بە هێواشی پێی گوت:

–ئەم کارە دەدەمە دەست تۆ نابێت بهێڵیت کەس پەنجەیان بۆ ببات، ئەمە لەسەر ئێمە دەکەوێتەوە چونکە من پەنامداون، مەبەستیشم رون و ئاشکرایە، دەبێت تەواو وریا بیت لە سەلامەتیان.

لەوساتەدا، فەڕەنسۆ هەریری هاتە بەردەمی، راپۆرتێکی بەدەستەوە بوو، بەرلەوەی لێی وەربگرێت تیژ چاوی تێبڕی:

– فەڕەنسۆ دەبێت رێکخستن بەهێز بکەن، لەلایەك لەپلانی رێکەوتنی رژێم، لەلایەك پاراستنی گیانی ئەمانەی من پەنامداون، زۆر وریابن نەك رژێم بیەوێت کارێك بکات، چونکە زۆر مەبەستیانە.

فەڕەنسۆ وشك وەستابوو، هەتاوەکە دەموچاوی ئاڵتونی کردبوو، بەدەم بیرکردنەوەوە لێوی خۆی دەکرۆشت، پاشان بە هێمنییەوە دڵنیای کردەوە:

– سـەرۆك ڕێكخسـتنمان تـەواو بـەهێزە، مـن و كـاك مەسـعود گـۆڕان كـاری زۆرمان لەبەردەستدایە، دڵنیابە ئاگامان لەهەموو شتێكە.

فەڕەنسۆ جێگەی باوەڕ بوو لەلای، لـەو كاتـەی یەكـەم جـار لـە قوتابخانـەی گوندێكـدا بـە مامۆسـتایی بـینی سـەرنجی ڕاكێشـا، ئـەوەش هۆكـەی ئـەوەبوو فەڕەنسۆ مەسیحیەكی زیرەكو ڕۆشنبیرێكی بە تواناو كراوەبوو، ئـەوەش لـە زۆر لایـەنی ئـاینی و سیاسـیەوە سـود بـەخش دەبـوو، ئـەویش ئـەوەی لـە شۆڕشـدا پیادە كرد، توانی تـەواو جێگـەی خـۆی بكاتـەوە، یەكـەم كاریشـی دامەزرانـدنی دەزگای پاراستن بوو، بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانیو جێگری ئەو دامەزرا .

لەوساتەشدا، بەو باوەڕەوە لەبەردەمیدا وەستابوو، ئەویش بـە بیسـتنی ئـەو قسـەیە چـاوی بـەرز كـردەوەو بـەو تەوژمـەوە چـوەوە ژورەكـەی، سـندوقەكەی كـردەوە، دەیـەها نامـەی دەرهینـاو هـەمووی خسـتە زۆپاكـەوە، ئەوسـا كەوتـە بیركردنەوەی قوڵەوە و بەسەر جەستەی خوێناوی شۆڕشدا چووەوە:

– سـورو مـەلایی، مـەلاییو جـەلالی ئەمانـە دەسـتی دوژمـنن، دەلالـەتی دواكەوتویی كۆمەڵن.

بەو بـیرەوە لـە ناخـدا خـۆی خـواردەوە، لـە چـنینی حەسـیری بنمیچـەكەوە نەخشەی فراوانی دیەوە، ڕەشی و شكاوی و پارچەو تەڵزمی مێشكی تێكئالآنـد، بە جۆرێك كەوتە سەر خورپە.

جارێك ئەو خورپەیـە گرتیـەوە، كاتێـك لـە دیوەخـانی خاڵـە ڕەزا دانیشـتبوو ئێزگـەی بەغـداد جـەنگی نـاوخۆی شـیدەكردەوە، بـەو هەواڵـە تـەواو شـڵەژاو هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا:

– ئـەوەتا ڕژێـم ئاواتـە خـوازە كـورد بكـات بـە نێچـیری سیاسـەتی گـڵاوی، دەیەوێت ئێسقانمان خوێناوی بكات.

خاڵە ڕەزا دوا قومی لە پیاڵە چاكەداو دەستی بە ڕانیدا كێشا:

– ئەمڕۆ لەگەڵ شۆفێرێكی عەرەبدا سەركەوتم بۆ كەركوك، بـە جـۆرێكی زۆر

ناخۆش باسی جەلالی و مەلایی دەگێڕایەوە.

بەو روداوە زۆر دڵ گران بوو، رادیۆکەی کز کرد، دانیشتوان بێدەنگ بوون، ئەویش چاوی بڕیبووە ئەو دو کولەکە وشکەی، بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوون، لەبەر گڕی چرا لۆکسەکەدا دەدرەوشانەوە، بەو بیرەوە مایەوە هەتا ئەو ساتەی خەوتیش هەر بیری لەو ترسناکییە دەکردەوە، کاتێکیش هاتە دەر لەسەر پردی ناوەڕاستی ئاوایی پەڕیەوە، وەستاو لە شاخە قوچی ڕوانی، خۆر بە تیژی لە شاخی دابانی دەداو شاخی کوتێلەش سێبەر گرتبوویەوە، بەو جۆرە لە بەرزایی هەردوو بەری ماڵانی روانییەوە، چاوی بە درێژایی ئاوەکەدا گێڕایەوە، بە کەوانەییو خواری لە ناوەڕاستەوە گوندەکەیان کردبوو بە دوو بەشەوە.

بەو دیمەنەوە بەرەو مزگەوت هەنگاوی هەڵهێنایەوە، ژنێك گسکی دەداو شیاکەو تەرس و پیسی پاکدەکردەوە، لەوساتەدا پێشمەرگە دەنگیان بەسەرا بەرزکردەوە، ئەویش شێتی گرتبووی و قسەی دەکرد، بەر لەوەی ئەوان قسەی پێبلێنەوە ئامـاژەی بێدەنگی کرد، ئەوسا بەسەر دارە دوو پەلکەکەدا بۆ حوجرەی فەقێکان سەرکەوت، ئەو بیرە ترسناکەش وەك هێڵی نامۆیی سات بە سات لە مێشکیدا پەرشدەبووەوە.

لەو روانینەشەوە ئەوەی بیر هاتەوە، تەڵزمی حەسیرەکە ببووە مەشخەڵی ئازار، بەو وێنە ترسناکەوە راستبووەوە، سیغارێکی پێچایەوەو مژێکی کەسکوندی لێدا، لە کۆبوونەوەیەکدا ئەوەی رون کردەوە:

– من هەر مستەفام سبەینێ دەمرمو میللەت دەمێنێتەوە، نامەوێت ئەندام و رۆڵەی میللەت ئەو قسانە بکەنەوە، هی دوژمنن، جەلالی و مەلایی ئەمانە مانای چین؟.

ئەو نیشانانە هەتا کۆتایی شۆڕش لەبەرچاویدابوون، مەترسی براکوژی هەمیشە دەیگرتەوە، جارێك هیوای لە کوژانەوەی زڕبوو، ئەوەی لە ناخیدابوو هەڵی رشت:

– داخەکەم بۆ هاوڕێیان فەهدو عەبدولسەلام لە جەنگی بارزاندا بانگەوازی هاوکاریان دەکردین بۆ گەلی عێراق، ئەو گولانەی بە ئێمەوە دەنران ڕۆژانە لە بەغداد ئەوانی دەهەژاند، بە ڕۆژنامەکانیان بە بانگەواز و شیعری جەواهیریەوە سلاویان لە چیای بلند دەکرد، بەلام ئێستا خەلکی تێکدەریان زۆرەو لەبری هاوکاری دەمانکوژن.

لەگەلّ هەموو ئەوانەشدا، لە کۆنگرەکانی پارتیدا دووپاتی مێشك ئاودانی بە تیشکی تیۆری مارکسی لینینی دەکردەوە، ئەو سالانەش لە روسیابوو لە خوێندنەوەو روانین و بەراوردا نەهاتە سەر ئەوەی ببێتە شیوعی، دژیشیان نەدەوەستا، هەمیشە بە رۆلەو رەگی نیشتمانی دەزانین.

جارێك بەو جۆرە دلّی بۆ کردنەوە، دوای ئەوەی عەبدول کەریم کەوتە پەلاماریان، ناچاربوون بدەنە شاخ، مام برایمی سکرتێری حیزبی شیوعی خۆی بوو بە نوێنەرو هات بۆ کوردستان، هەتا گەیشتە بارەگای بارزانی هەر دوو دلّی لای هاوتا پارتیەکەی نیشان دەداو بە گومانەوە هەنگاویان دەنا.

پاش ئەوەی دوو رۆژ بە پێ رۆیشتن ئەوسا بە شاخێکدا هەلگەڕان، بەشەکەتیەوە لەبەر خۆیانەوە بێزاری و هیلاکیان دەردەبڕی، نوێنەری قوتابیانی کەرکوك قاچی بلّقی کردبوو، جارجارە دەوەستاو هاواری دەکرد:

– مام هەژار ئەمەش مەکە بە بەزمی شاعیرە هەرزەکە، وەرە دەستم بگرە.

هەژار دەگەڕایەوە سەری و دەستی رادەکێشاو دەکەوتە پێکەنین، مام برایمیش لەسەر بەردێك دادەنیشت، بەو جۆرە هەموویان ماندو ببوون و چاویان دەبڕیە بەرزایی:

– بارەگای بارزانی لەسەر مانگە.

هەژار سەیری ئاسمانی کرد:

– بارەگای بارزانی هەر رۆژە لە شوێنێکە، کێ دەلێت ئێستا نەچۆتە جێگەیەکی ترو نابێت دو رۆژی تر بەپێ برۆین؟.

کاتێك نزیکبوونەوە، هاوتا پارتیەکەیان دەستی بۆ ئەشکەوتەکە راکێشاو بارەگای بارزانی نیشاندان، ئەویش لەوساتەدا هاتبووە دەر، لەگەڵ عەلی عەبدوڵاو دکتۆر مەحمودو نوری شاوەیس و مەسعود بارزانیدا پیاسەی دەکرد، کاتێك بینینی وەرچەرخایەوەو پێشوازی لێکردن، هەر بەو جۆرەش مام برایمی ماچ کردو چونە ناو ئەشکەوتەکە، ئەوسا لەناو چادرەکەدا دانیشتن، پاش ئەوەی سینیەك چا هات، بە قسەی خۆشەوە خواردیانەوە، دوای ئەوە سفرە راخرا، کولێرەو برنجی سورو پیازی قاشکراو لەسەر خوانەکە دانرا، دوای نان خواردن گفتوگۆ کراو مام برایم پێشنیازی حیزبی شیوعی خستە رو، ئەویش هیچی لە رونەداو داڵدەی دایەوە، لەو سۆزەوە جگەرەی بەسەر دانیشتوانیشدا دابەشکرد:

– ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بەهەموومانە، ببینە باران فرمێسك بسڕین و ببینە کورە یەکتری لە باوەش بگرین.

بەو قسەیەوە جانتاکەی کردەوەو نامەی بۆ مەکتەبی سیاسی و لق و سەرۆك هۆزو عەشیرەتی کوردستان نووسی:

– پێویستە هاوکاری حیزبی شیوعی بکەن، چونکە ئەوان کوردستانماڵی خۆیانە، هەر کەس رێز لە پارتی و بارزانی دەگرێت پێویستە رێزی ئەوانیش بگرێت.

بەو بیرەوە دوا مژی کەسکوندی هەڵمژیەوەو جگەرەکەی کوژاندەوە. بەو جۆرە پشویەکی بە رۆحیداو مێشکی لەو روداوانە دوور کەوتەوە، دوای ئەوەش ناوچەی زۆر گرنگی پێسپاردن، بە جۆرێك هاوکاری دەکردن، لە پارتی جیای نەدەکردنەوە.

بەو شێوەیە هەمیشە شیوعی خۆشدەویست، بە هاوسەنگەری خەباتی دەزانین، بەردەوام بەرپەچی ئەندامانی پارتی دەدایەوە بۆ تۆڵە لێسەندنەوەیان، ئەو رێگەیەی بە خۆشیان نەدەدا، هەتا جارێك عەزیز حاج

پەیوەندی بە حەبیب موحەمەد کەریمەوە کردوو بە جوتە هاتنە لای، پێشنیازی جیابوونەوەی حیزبی شیوعیان خستە بەردەمی، کتوپڕ دەستی بەسەر فەزای دیلماندا بەرز کردەوە:

– من ئەو رێیە لەهەموو کەسێك دەگرم، بیەوێت حیزبی شیوعی کەرت بکات، هەرگیز پارتی ئەو رێگەیە بەکەس نادات.

ئەوانەش ئێسك و مۆخیان گرتبوو، لە خەرمانەی دەستپێکردنەوەی جەنگیشدا تەواو نیگەرانی گرتیەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ توشی هەواڵی جەنگ دەهات، هەتا کەوتەوە ئەو گەرداوەوە، لەگەڵ چەرچەفی کاولکاری کوردستاندا ئەو بەراوردەی دەکرد:

– شیوعی هاوپەیمانی ڕژێمن، ڕوسیاش یارمەتی عێراق دەدات، ئەم سوپاگەیە لە ئەمەریکا خراپترە، بە دەرمانی تیمار دەکرێین و بە گوللەی دەپێکرێین، لە هەردوو حاڵەتیشدا هەر دۆستایەتیان باشترە.

بەو شێوەیە لە یەکێتی سۆڤیەتی دەڕوانی و بە سوپاگەی سۆشیالیستی دەزانین، لە سەرەتای شۆڕشەوە بەردەوام پەیوەندی بە زۆربەی وڵاتانی سۆشیالیزمیەوە هەبوو، لە رێی نامەو نوێنەرەوە بە خرۆتشۆف و ئەتەناسۆن و برجنیڤ و پریماکۆف و کۆسیکن و هەموو کاربەدەستانی کریملن و جیهانەوە، لەساڵانی یەکەمی شۆڕشەوە یارمەتی شۆڕش روسیابوو، هەتا ساڵی حەفتاو دوو، ئەو کاتە ئەمریکا رای گۆڕی و هەتا کۆتایی یارمەتی شۆڕشیدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هەوڵی هاوسەنگی لەگەڵ دەدانو خۆی بە رۆڵەی ئاشتی و یەکسانی دەزانی، جارێك شاعیرێك ئەو پرسیارەی لێکرد، لەگەڵ جوڵاندنی ئەسپی چەپا ئەو گرێیەی کردەوە:

– من زمانی دایکی شۆڕشی گەلانی جیهانو تاشکەندی و زمانی دایك و داگیرکەرانی چوار سنوور بەباشی دەزانمو شارەزای کلتوریانم.

بەو روانینەوە بەو روداوانە توشی ئازاری سەخت دەهات، بە هەواڵی ئێزگەو

ڕۆژنامەوە وێنەی ترسناکی دەدییەوە، لە کۆبوونەوەیەکدا ئەوەی خستەرو:

– بۆ هەر مەبەست و دژایەتییەك بێت، چەندین جارە جەنگی براکوژی لەناو زرێپۆش و فڕۆکەوە یەخەمان دەگرێت، جەنگی ئەمجارە پەیوەندی بە سیاسەتی نێو دەوڵەتی روسیاوە هەیەو ناوخۆیی نییە، لە مۆسکۆ باران ببارێت لێرە چەتر هەڵدەدەن.

نوری شاوەیس راپۆرتەکەی پێچایەوە:

– پارتی هەمیشە لە بەرەی رژێمەوە سەنگەری لێگیراوە، دوایش هەر لێبووردنمان کردووە لەو هەموو رۆڵەیەی بە ناحەق لێمان کوژراوە.

لەو ساڵەشدا هەواڵی کاولبوونی نیشتمان رۆژانە مێشکیان دەگرت، بارینی ئاگرو ئاسن و کووشتنی رەشۆکی. ڕۆژێکیان بە ئازاری دارستانی رۆحەوە ڕاپۆرتی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردەوە:

– فڕۆکەی عێراق پتر لە چوار سەد هاولاتی بێتاوانیان لە منداڵ و ژن و پەکەوتە لە شارۆچکەی قەلادزێ شەهید کردووە، لە هەڵەبجەیش هەمان شێوەو دەیان شارۆچکەی تر بەو چەشنە لە ژێر ئاگردان، ئێمەش مرۆڤین ئایا کەس لە مافی مرۆڤ ناکۆڵێتەوە؟!

دوا نووسینی نامەکە بێزاری باراند:

– با جیهان و مافی مرۆڤو ئافرەتان و لاوان بێنە دەنگ، دەیان ساڵە ئەم نیشتمانە بۆمبا دەیگرێتەوە، کوا مافی مرۆڤ، کوا؟!.

ڕۆژانە دەیان هەواڵی وا ترسناکی دەبیست، ناپاڵم بەسەر هەموو جێگایەکدا فڕێ دەدرایە خوارەوە و فسفۆڕ و بۆمبا دەتەقێنرایەوەو چەندین جار خۆی و پاسەوانی دەکەوتنە ژێر بۆمباران.

ئەو وێنەیە لەبەرچاوی نەدەڕەویەوە، لەناو ئاگرو ئاسنی جەنگ هەڵگیرساندا دەستو پەنجەی ناو گێژەڵوکەی رۆژگاری دەدییەوە، ڕۆژێك تەواو ئازار گرتیەوە، لەو شەپۆلە فیداکاریانەوە ئەو دەستانەی دەدیەوە بە خوێنی لاوان

سور ببوون، لەوساتەدا پیاوێکی ڕیش درێژ بە شڵەژاوییەوە هاتە ژوورەکەی:

– سەرۆك بۆچی ڕوتم دەکەیتەوە؟

– بۆچی ڕوتت دەکەمەوە چی زوڵمێکت لێکراوە بۆم باس بکە.؟

– بارێك توتنم پێبوو لە گومرگی یەکەم سێ دینـار گـومرگ کـرام، لـە دووەم شەقازلەیەکیان لێدام، لە سێیەم گوتیان قاچاغەو هەموویان برد.

ئەو قسەیە کاری کردە سەر ڕۆحی، بە هەناسەیەکی خەفەوە لێی ڕوانی:

– توتنەکەت بایی چەندە.؟

– دوانزە دینار.

پارەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، دەستی ڕاکێشاو ملی وەرچەرخاند:

– وەرە شەقازلەکەش لە بناگوێم بدە با دڵت پاك ببێتەوە.

پیاوەکــە چــوە دەر، ئــەویش بــە دەم هەناســەی گەرمــەوە کەوتــە بــیری ترسناکەوە، لەوساتەدا لـە بـیرەوەری کـارلۆینی ئینگلیزیـدا نوقمبـوو، وەك ئـەو ساتە لەگەڵیا کەوتەوە شەتڕەنجو داشێکی جوڵاند:

– دەوڵەتی تورك و عەرەب هەتا شای ئێرانیش کوردیان لە نەخوێندەواری و کەم سەودایی قەتیس کردووە، تۆ چـۆن دەتوانیـت لـەناو کۆمەڵگایـەکی وادا بـە خۆت بڵێی: من ڕابەرم؟.

بەو پرسـیارەوە لێـوی خـۆی کرۆشـت و داشـێکی جوڵانـد، ئـەویش وەزیـری دەرکرد، ئەویش لێـی ڕوانـی و داشـێکی تـری جوڵانـدەوە، شـەتڕەنجەکە لەبـەر جوڵانـا دەلـەرزی، دوا جـار کـارلۆین وەزیـری بـردە پێشـەوە، ئـەمیش ئەسـپی دەرکردو بە بیری ئەو پرسیارەوە لە ناخی کوردا دەتوایەوە، بەو بیرەوە دواجار ڕێگەی بۆ فیلی چەپیش کردەوە:

– ڕابەرێکم وەك ڕێگەو چیای سـەختی کوردسـتان، چـۆن بـەرزی و نزمـی و سەرەو ژوری و خواری هەیـە، ئـاوا پێویسـتە لـە عـەقڵی کۆمـەڵگا بگـەیت و بـەو چەشنە پێویستە سەرکردایەتی بکرێت.

کارلۆین بەسەر قاڵی یاریەوە هەر بیری دەکردەوە، دواجار مەلیکی لەبەر کشا لابرد:

– بارزانی تۆ بە تەنیا هەر سەرکردەیەك نیت، بەڵکو بیرمەندو فەیلەسوفیشیت.

لەوساتەشدا، ئەوەی بیرهاتەوە، هێزێکی پەرش گرتیەوەو بێدەنگی ژورەکەی گرتبوو، ساتێك لەهەموویانی روانیو لێوی خۆی کرۆشت، ئەوسا سیغارێکی پێچایەوە، لەو کاتەدا فەرەنسۆ هەریری هاتە ژورەوە:

–سەرۆك ئێستا لیژنەیەك پێکدەهێنین، دڵنیابە بەدواداچوونی تەواو دەکەین.

سامی عەبدول ڕەحمان چاویلکەکەی راستکردەوە:

– ئەوە کاری چەند مشە خۆرێکە، پێویستە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

ژەنەڕاڵ بەو بیرەوە مژێکی توندی لە سیغارەکەی دایەوەو کۆڵەپشتی جلەکانی کردەوە:

– ئەمانە دەردی ئەم شۆڕشەن، پێویستە زۆر بە وردی بە دوای هۆکارو ئەنجامیاندا بڕۆین.

نوری شاوەیس هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا:

– شۆڕش بە خوێنی گیانبازان زەریایەکی پێکهێناوە گوناهە ئەم مشەخۆرانە بمێننو ئەو رۆحە پاکانە پیس بکەن.

سامی عەبدولڕەحمان رۆژنامەکەی بەردەمی پێچایەوە:

– شۆڕشی ئێمە زۆر جیاوازە لە شۆڕشی گەلان، ئەوەش هۆکاری دواکەوتویی کۆمەڵە، بیرت دێت ئەو دیاریانەی مام جەلال لە ئافرەتانی جیهانەوە هێنایەوە، بۆچی درا بە ناهیدە خانی هاوسەرت؟ چونکە ئەوکاتە ئافرەتێکی تر نەبوو؟ کەواتە هەروا زوو ناتوانین شۆڕش پاکبکەینەوە، گرنگ ئەوەیە گیانبازی زەریایەکی فراوانە.

لەوساتەشدا، ئـەو دیمەنانـە لـە کـەڤی شـرینقەو فـەزای ژوورەکـەوە دەهاتنـە نیگایەوە، وەك تەون ڕۆشناییان دەتەنی، لە نیگایدا جەستەی بەریەك کـەوتووی خوێناوی دەدیەوە، لە ڕوخساری کۆجیتۆی بوونیدا ڕەنگیـان دەدایـەوە، وێنـەی بوونیـان لـە نەبوونـدا دەشـتەوەو نیشـتمانێکی نوێیـان لـەو دیـو بـیرو زمـان و روانینەوە بەرجەستە دەکردوو لە نیگایـدا پـەرش دەبوونـەوەو پێکدەهاتنـەوە ! لەگـەڵ جەسـتەدا یـاری ڕۆحیـان دەکـردەوە، فەزایـەکی نوێیـان لـە نافـەزادا بەرجەستە دەکرد. لە نیگایەوە دەبوونەوە بە چاوشارکێی لە دایکبوون.

## (4)

بۆنێکی تفت ژوورەکەی گرتبوو، هەموو رەنگ و تام و بۆنێك لـە پرياسـكەی بيرەوەريەوە پێچـرابووەوە، وەك جيهـان لـە وێنەيەكدا توابێتـەوەو لـە ديدەيـدا ئـاوێزەی يـادەوەری پـەخش بكەنـەوە. بـەو جـۆرە روانـينی بـە دوای روداوەوە چنرابوو، لە تيشكی شرينقەكەيشەوە بە شالاوێكی ترسـناك ئاوێتـە دەبوونـەوە، رەنگو وێنەو رووخسارێكی تەلێكسی بە فەزاوە دەنەخشـاند، وەك ئـەو ڕۆژانـەی سەيری ئاوێنەی بريقەداری ژيانی دەكـرد، بـەو بـيرە ئالۆزانـەوە ئاسمـان ببـووە ئاوێنەی ئەو نەخشـانەی لـەو سـاتانەدا دەيكێشـان، ئەوانـە مێشـكيان دەتـەنی، لەوساتەشـدا، ئـەو بـۆن و بەرامەيـەی بەسـەردا پـەخش دەكـردەوە، لـەو بۆنـە تەلێكسـيەدا وەك ئـەو سـاتە توايـەوەو ئـەو تەوژمـە ژاناويـە گرتيـەوە، هێـلْ و نەخشەی سەرتاسەری وەك تەون پێچايانەوە.

رۆژێك بەو ئازارەوە دەرگای ژورەكەی كليلداو چووە سەر مێزەكەی و كەوتـە نەخشە كێشان، دوا سات موچڕكەيەك گرتيەوەو هەناسەيەكی هەڵكێشا، ئەوسا لە شالاوی بيرەوەريدا نوقمبوو، بە لێكدانەوەو گومانی مێژووەوە چرپەی لـە خـۆی بڕيبوو، لەوساتەدا مياوەی دوو پشيلە ئەو بێدەنگيەيان شكاند، قەڵـەمی لەسـەر كاغەزەكە لابردوو ساتێك بە بێدەنگی لە ديوارو گلۆپ و پەردە وردبووەوە، ئەوسا جگەرەيەكی داگيرساندو پاش ئەوەی مژێكی كەسكوندی لێدا دەرگاكەی كردەوە، بەدەم ئازارێكی سەختەوە دانيشتەوە و كەوتە بيری ئايندەوە.

لەوساتەدا تەقەیەك هات، چەند چرپەیەكیش هاتە گوێیەوە، دەنگی هەڵبڕیو سێ كەس هاتنە ژورەوە، كتوپڕ بە رویەكی خۆشەوە هەستا:

– هەژار بەسەر شیعرەكانتا هاتیت، بیرم لێدەكردنەوە.

ئەوەی گوت بە خۆشیەوە دەستی گرت و لەلای چەپیەوە داینیشاند، ئیدریسو مەسعودیش لە بەرامبەریەوە دانیشتن، هەژار یەكراست نیگای بەو هێڵكاریەوە گیرسایەوە، لەسەر مێزەكە كێشرابوو، ساتێك هەموویان بە بێدەنگی لێیان دەڕوانی، ئەویش خۆی چەماندبووەوەو لەو نەخشەیە وردەبووەوە، ئەوە چەند ساڵێك لەوەو بەری بیردەهێنایەوە، كاتێك لە بیرێكی پەرشدا خۆی دەخواردەوەو دەیویست بچێتە لای هەتا ئەو پرسیارەی لێبكات، بەو چەشنە لەسەر تاشە بەردێك ئێشكی گرت، هەتا لە چادرەكەیەوە هاتە دەر، كتوپڕ چوە سەر لاڕێی خوارو، كەوتە پیاسە كردن، لەو كاتەدا خۆی ئامادە كرد، بە دو كتێبی كراوەوە هاتە بەر دەمی و پەنجەی خستە سەر لاپەڕەیەك:

– سەرۆك ئەگەر ببینە دەوڵەت سنوری دەریایمان نییە؟.

ئەو پرسیارە بیری وروژاندو دەستی چەپی بەسەر شانیدا كێشا:

– بیرت لە كوێ بزر كردووە؟ شەرەف نامەت وەرگێڕاوە و ئەوە نازانیت، ئەی تەنگی هورمز.؟

ئەوە چەند ساڵێكی بەسەردا رۆیشتبوو، لەوساتەدا جارێكی تر ئەو كرۆكە گرتیەوە:

– كارەساتی ئێمە نەبوونی سنوری دەریایی بوو، ئەوە پەیوەندی ئێمەی بە جیهانەوە دابڕی؟ .

لەوساتەدا ئەوە بە مێشكی ئەویشدا تێپەڕی و زەردە گرتیەوەو كۆكی، دوا جار دەستی بە دەمییەوە گرت:

– لەبەر نەبوونی دەسەڵات خاكمان دزراوەو هەوڵی لەبیر چوونەوەی زمانی دایك لەو ناوچانەدا دراوە، بۆیە دور كەوتنەوەمان لە دەریا بە درێژایی مێژوو

ئێمەی لە بازرگانی و بازاڕی هاوبەش و پەیوەندی جیهانێتی دابڕیوە لەهەموو رویەکەوە.

هەژار پەنجەی لە دەمیدابوو بیری دەکردەوە، ئیدریس قەڵەمی لەسەر کاغەزەکە بەرز کردەوە:

– ئاوو نەوت ئەمڕۆ زۆربەی جەنگو کێشەی جیهانیان پێکهێناوە، پەیمانی شاو عێراقیش گۆڕینی کەنداوی عەرەبی بوو بە فارسی، دەشێت ئەم ئاڵو گۆڕە ببێتە نەگبەتی تەواو بۆ دوا ڕۆژیان.؟

لەو پرسیارە توشی تولەڕێی زۆر هات، لەوساتەشدا، چاوی گێڕا، بەو روانینەوە هێزی دایە بەر خۆی و خۆی راست کردەوە:

– دەبێت عەرەب واز لە کەنداو بهێنن؟ یان شا بیانداتەوە؟ ئەم کێشەیە زۆر گەورەیە، دەزانن لێرەدا گرنگی شۆڕشی خۆمان دەبینینەوە چەندە بەهێزبوو.

بەو قسەیەوە کۆکی، چاوی گێڕاو پڕ بە سینەی هەناسەی هەڵکێشا، لەوساتەدا هەموویان بێدەنگ بوون، هەژار قەڵەمەکەی دەرهێنا:

– سەرۆك تۆ ئەو پەیمانەت زۆر بە ترسناك دەزانی بۆ خۆیان، چەند جارێك ئەوەت گوتەوە، دڵنیا بن خۆتان بۆ شۆڕش ئامادە بکەن .

بەو پرسیارە ئاڵۆزی گرتیەوە، ساتێك لە خۆی و دەورو بەری ڕاما، ئەوسا ئەو گرێیەی بۆ کردەوە:

– تۆ بیر لەمە بکەرەوە کەنداوی عەرەبی دەگۆڕن بە فارسی، ؟ هیچ کەسێك بۆ نەمانی خۆیشی ئەوە ناکات، تۆ لەسەر خاکت خۆت بە کوشت دەدەیت، ئەو دەیفرۆشێت بە نەمانی تۆ، نەوەی ئەو خاکەیت، تەنیا لەبەر ئەوەی مافت ناداتێ.

مەسعود بارزانی تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو، لەوساتەدا پەنجەی لەسەر نیشانەکەی سەر رومەتی لابرد:

– ئەو کاتەش تۆ ئاماژەت پێدا: کورد دەتوانێت دوای پشویەك بەهێز تر هەستێتەوە، بەڵام ئەم ناکۆکیەی کەنداوی عەرەبی گەورەیەو چارەسەر

ناکرێت.؟!

– ئەو ساتە ئەو کارەساتە زۆر گەورەبوو، دەمزانی لەو کاتەدا چیم پێدەڵێن، نمونەی دوو دایکەکەم هێنایەوە دایکە نا حەقیقیەکە ویستی کۆرپـەی کـورد دوو لەت بکات، بۆیە ئەمزانی بەرگەی ئەو کوشتارە ناگرم، دەمزانی چـی لـە کـوردی بێکـەس دەکـات، کەسـیش باسـی نـەدەکردین، بۆیـە گـوتم: دەتـوانین شـۆڕش بکەینەوە با ئەم ئاگرە بێ ئامانە لادەین، ئەو سەبرە ئەیوبیەم خستە سەرخۆم .

بەو بیرەوە ئازار مێشکی گرتوو پەنجەی لەسەر رومەتی لابرد، پاشان ئاخێکی هەڵکێشا، ئەوانیش پەنجەیان بە لێویانەوە گرتبوو، ساتێك بەو جۆرە مانەوەو لە دیمەنی ئەو فەزایەدا مات ببوون.

ژورەکە کەوتبووە بەری خواروی خانوەکەوە، پەنجەرەیەکی چـوار تـاکی لـە بەشی باشوریەوە هەبوو تەنیا دو گڵۆپی تیا بوو، تابلۆیەك بەلای درێژی دیـواری رۆژهەڵاتیەوە هەڵواسرابوو، سوار چاکێك بەسەر ئەسپێکی رائیدەوە بـوو حـەوت ئەسپی تر بـەناو زریـانوو وەیشـومەدا بەدوایـدا غاریـان دەدا، تاقمێـك قەنەفـەی تیادانرابوو، مێزێك لە ناوەڕاستەوە بە شوشەیەك گوڵ رازابـووەوەو تەلـەفزیۆنێك لە گۆشەی پێشەوەبوو رادیۆیەك و شەترەنجێکی لەپاڵدابوو.

لەوساتەشدا، بێدەنگی باڵی کێشابوو، بە شێوەیەکی خـامۆش دەردەکـەوت، هەژار دیمەنی ناوەوەی خوێندەوە و تاکێکی پەنجەرەکەی کردەوە، چاوی لەسەر تابلۆکە بەرجەستەبوو، ئیـدریس پەنجـەی لەسـەر لێـوی لابـرد، بـەپڕی برژانگـی چاوی بڕیە تابلۆکە، بە بیرێکی قوڵەوە ئەو بێدەنگیەی شکاند:

– من ئەو کاتە ئەوەم بە سەدام گوت، ئێوە بۆ ئەوەی زوڵم لە نەوەی خۆتان بکەن دەچن کەنداوی عەرەبی دەدەن بە بێگانە، ئەمـە بەرپرسـیارێتیەکە کـەس ناتوانێت بیگرێتە ئەستۆ، بیری لێبکەنەوە، ئێستا خەریکە گۆڕان دەستپێدەکات، هەست دەکەیت بەرەو فەزایەکی تر بچێت و ببێتە هۆکارێکی گەورە.

– مـن دڵنیـابووم، کوردسـتان قـەڵای شۆڕشـە، وەك خـۆی هەڵدەسـتێتەوە،

ویستم ئەو ئاگرە جیهانیەی لەسەر لابەم، زۆر جەنگمان شیکردەوە، کەس نەیدەتوانی بەرپرسیاریێتی بگرێتە ئەستۆی، ئەوەتا ئێستاش شۆڕشمان بە دەستەوەیە.

بەو قسەیەوە وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ رەخسا، ئەوانیش لەو بیرەدا نوقمبوون، کاتێکیش چوونەدەر ئەو وێنەیەی هەر لەبەرچاودابوو لێی نەدەبووەوە.

ئەو پرسیارانە ببوونە خۆرەی دەروونی، شەوو رۆژ سەری سوڕمابوو، ئەو ڕازە پەنهانیانە لە دڵیدا دەمایەوە، بیرکردنەوەی لەسەر جەستەی شۆڕش دەبوون بە کرۆکی و ئازاری دەخوارد.

لەوساتەشدا، لە کەڤ شرینقەکەو نمە دڵۆپەی شوشەی سەر پەنجەرەکەوە هەموو ئەو دیمەنانە تەلیسمیان دایەوەو بەو فەزایەوە گیرسایەوە، لەگەڵ خەیاڵی ئەو ساتەدا مۆمیابووەوە، لەوەوە ئەو ڕۆژە ڕەشانەی دەهاتەوە بەرچاو، بەسەر لاپەڕەی شۆڕشەوەبوون، لەوساتە شالاَو بەرەدا ئەوەی دەرخست، لە ئاوێنەی کۆجیتۆیدا سوڕایەوە، ئەو رۆژەی بیرهاتەوە، بەرلەوەی لەگەڵ شادا کۆببێتەوە ئابلۆقەدانی کوردستان مێشکی گرتەوە، کتوپڕ نوێنەری خۆی ناردەوە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی و کۆبوونەوە کرا، نامەی دکتۆر مەحمود خوێندرایەوە، زۆربەی ئەندامان بەو رەشماڵە تەپیبوون، ئەوانی تریش رای خەیاڵیان هەبوو، زۆربەیان دەیانگوت:

– ئەگەر جەنگ بکەین بارزانی لە تاران دەکوژرێت.

ئیدریس بارزانی بە حەژمەتەوە پەنجەی هەڵبڕی:

– با بارزانی نەبێتە هۆکاری شۆڕشی کورد، کێ شۆڕش دەکات با بیکات، با ئەو لە سێدارە بدرێت.

ئەوەی گوت دانیشتەوە، کەس وشەیەکی نەگوت، دوا جار نوێنەریان بەچەند پێشنیازێکەوە ناردەوە بۆ تاران، کاتێك خوێندیەوە دوا بروسکەی بۆ کردنەوە

هەتا هێز کۆبکەنەوە بۆ جەنگی پارتیزانی، کاتێکیش گەڕایەوە هەر سووربوو لەسەر ئەو نەخشەیەو بڕیاری روبەڕوبوونەوەیدا، چەندین بروسکە بۆ ئەمریکا کرا، ئەو کاتە دەرکەوت ئەو پلانە چەندە گەورەیە، ئیسرائیلیش لەوە پاشگەز بۆتەوە، یارمەتی بە هێزی ئاسمانی بخاتە خوارەوە لە دەشتی قەسرێو هێرت، بۆیە ئاماژەی بەڕۆڵی ئیسرائیل و دۆستان کرد، توانای هاوکاری کردنی شۆڕشی کوردیان نیە، بێ هیوایی لە نامەو بروسکەی کێسنجەرو روسیاو عەرەب شیکردەوە، بەو ژانەوە ئەو ڕاستیەی درکاند:

– ئەو پلانەی چەند مانگە هەوڵی بۆ دەدەین لەسەر کورد پیادە کرا، ئەمەریکاو روسیاش بێدەنگن و هیچ دۆستێکمان لەسەر ئەم جیهانەدا نییە، هەتا پارێزگاریمان لێبکات، ئیتر با ئەم جەنگە شیبکەینەوە، بزانین بڕیاری جەنگ بدەین یان بۆ ماوەیەکی کاتی کۆتایی بهێنین بە شۆڕش، من ڕێگە لە کەس ناگرم، بتوانێت لەبری من ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت و جەنگی پارتیزانی بکات، من هاوکاری دەکەم.

بەو قسەیەوە هەناسەی توندبوون، دەستی بە سنگییەوە گرتوو بە حەژمەتەوە برۆی کرژ کرد:

– چەند مانگە نوێنەرمان دەچێتە دەرەوەی وڵات، لەم بارەیەوە قسەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەنوەر سادات و قەزافی و شا حسینو پیاوانی تری عەرەب، ئێمە دو جار لە جەنگی عەرەب ئیسرائیلدا فەرمانی وەستانی جەنگمان بە هێزی پێشمەرگەداوە، جارێك ئامادەیی بەشداریمان دەربڕیوە، چەندین جار نامەم بۆ کیسنجەرو ئەحمەد حەسەن بەکر نارد، کوا پەیمانی مەردانەیان؟ پیاوەتی نەما، کورد بێکەسەو هاوڕێی نییە.

عەلی عەبدوڵا چاویلکەکەی کردەوە چاوی:

– سەرۆك کاتی خۆی ئەم پێشهاتەت دەرخست و گوتت: ئەمڕۆ شا دەمانژێنێت و پاش دەساڵی تر دەمانخنکێنێت.

لـەوەوە وێنـەی ئـەو ڕۆژەو تـۆوی شـێر پەنجـەو فـەرمانی لـە سـێدارەدانی گرتیەوە، هەر ئەو کاریگەریانەش بوو لـە سـەرەتای شۆڕشـی ئەیلولـدا هەمیشـە پێشـنیازی ئەنـدامانی بـۆ دۆسـتایەتی شـا ڕەتـدەکردەوە، هـەتا هەڵگیرسـاندنی جەنگی براکوژی خستیە ناو ئەو گێژاوەوە، لەوەوە بەو بیرو گومانەوە لـە ناخـدا خۆی دەخواردەوە، لەو شالاوەدا نوقمبوو.

لەوساتەشـدا، بـەو بـیرەوە چـاوی هـەڵبڕی و بـە بێـدەنگی مایـەوە، وەك چاوەڕوانی ئاسۆی گۆدۆیی یان کراسی عەلی و عاسای موساو کەشتی نوح بکات، بەو هیوایەوە بیری بێ هیوایی سەربڕی:

– ئەگەر گەلێکی بێ کەسی وەك کورد نەبووایە لە ژێر دەواری براکوژیـدا بـە فرۆکەو زرێپۆش و تۆپەوە، دۆستایەتیمان لەگەڵ رژێمێکی فاسیدی وەك شـاوە نەدەکرد، ئێمە ناچارین دۆستایەتی کۆترو ئـەژدیهاش بکـەین، ئـاخ! نەشـتەر لـە زامی ئەم میللەتە هەر کێم و خوێناوە.

بەو قسەیەوە لەعەلی عەبدوڵای روانی لەبەرامبەریەوە دانیشـتبوو، توێـژاڵکی خەم پێستی سورو سپی روخساری گرتبوو، ئەویش بەو ژانەوە لکی جامانەکـەی هەڵپێچایەوە:

– ئەوان بەردەوام لەسەر کێشەی کورد یـەکبوون، ئێسـتاش هـەموو هـەوڵێك بخەینە کار بزانین کەسێك لەسەرمان هەڵبداتێ، بتوانین درێژە بە خەبات بـدەین، ئەگەر نا ئیتر چارەمان نییە، ئەم چـوار سـوپایەش گاڵتـە نـین ئـەم جەنگـە لـەم پانتاییە بچوکەدا زۆر ترسناکە، کارەساتێکەو بەرپرسیارێتیەکی زۆر گەورەیە.

دکتۆر مەحمود قاپە ئاوەکەی لابرد:

– سەرۆك ئەگەر بڕیاری جەنگ بدەین تۆ تەمەنت حەفتاو دوو ساڵە، توانـای جارانت نییە لە سەنگەردا سەرکردایەتی بکەیت، نەخۆشیش بڕسـتی لێبڕیوویـت، ئـەوەش کارەسـاتێکی تـری ئێمەیـە، جگـە لـەوەش دەبێـت ئـەوە بـزانین ئـەم سوپایانەش دەتوانن هەموو بستێکی کوردستان بگرن، ئەو کاتەش کاول دەبێت،

کێ لە ئێمە دەپرسێتەوە.

ئەندامێکی مەکتەب سیاسی دەستی لەسەرچاوی لابرد:

– ئەم جەنگە جیهانییە بە کوردی بێکەس ناکرێت و بەرپرسیارێتی بەکەس هەڵ ناگیرێت، ئەگەر ئەم پلانە نەبووایە لەم ساڵەدا رژێم شەست هەزار کوژراوو بریندارى هەیە، تەنیا سێ بۆمبی فڕۆکەی ماوە، دو مانگی نەدەبرد دەڕوخا.

بە لێکدانەوەی ئەو قسەیەوە لە رۆشنایی چادرەکەوە ڕویکردە لوتکەی چیاکە، خۆر لەسەر بە فردا ئاپۆڕەی گرتبوو، بەو وێنەیەوە ئەو پێشهاتەی نیشانە کرد:

– کورد ئەمڕۆ بووە بە فتبۆڵی نەوت، ئەم یارییە کەی کۆتایی دێت.؟

ماوەیەك بەو چاوەڕوانییەوە کاتی بردە سەر، لە لارێگەی خوار بارەگاوە پیاسەی دەکرد، سات بە سات مەوجی رادیۆکەی دەگۆڕی لە تورکییەوە بۆ عەرەبی و روسی، فارسی، تاشکەندی، هتد. نە هەواڵێکی بیست و پاسەوانێکیش نەهات بروسکەی بداتێ، بەو هەناسە ئاگراوییەوە بێدەنگی و ژان گرتبوویەوە، دوا جار لە دڵو دەرونەوە بە هەوری گریانێکەوە پریاسکەی نهێنی هەڵڕشت، پەڵەی بەهاری تیا دەتەقییەوە:

– کەس ئاوڕ لە کورد ناداتەوە، نە روسیاو نە ئەمریکا، عێراق نەوتی کردوە بە قوڕگی جیهانداو هەمووی بێدەنگن، ئەوەی ئێمە کردمان بۆ ئەوەی هاریکاری بکرێین کەس نایکات، ساڵی شەست و پێنج مەسعودمان نارد بۆ تاران هەتا پەیوەندی بکات بە باڵوێزی ئەمریکاوە، بەڵام ئەو هەموو دایەلۆگێکیشی لەگەڵمان داخستبوو، دوایی هەوڵمان دایەوە و نوێنەری تایبەتیمان نارد بۆ ئەمریکا هەر هیچ، هەتا ساڵی حەفتاو دوو، ئەوەشی کردیان بەم پلانە لێیان سەندینەوە، جگە لە سەدان هەوڵی تری جیهانی، ئێستاش کەس پارێزگاری لە کورد ناکات.

بە بیرەوە ئازار گرتییەوەو ناچار کەوتە گەڕان، لە ئاوێنەی بووندا باری جوگراف کوردستانی شیدەکردەوە، پەنجەی خەیاڵی خستە سەر چوار سنور:

– به جۆرێك كوردستانیان دابەشكردووە هەتا سەدەیەكی تر لە باری زمان و كلتوورو چینایەتی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە نەتوانێت یەكبگرێتەوە، چوار دەورمان گیراوەو پردمان نیە بۆ ناو جیهان.

ئەوە كرۆكێكی ترسناكبوو لەلای هەمیشە بیری لێدەكردەوە، لە كۆبوونەوەیەكی گشتیدا ئەو قسەیەی ڕونكردەوە:

– شۆڕشی بارزان ڕێگای ئۆتۆمبێلیش نەبوو، لە نێوان هیچ ناوچەیەكیدا، ئێمە جەنگمان دەكرد ناوچەكانی تر دانیشتووبوون، ئەوەش نەبوونی هۆكاری گواستنەوە، پەیوەندی و ڕاگەیاندن، نەبوونی زەمەنی خوێندنەوەو نووسین، پەیوەندیەكانی و نەبوونی زمانی ڕۆشنبیری، هەتا ئێستاش شێرازەی باری چینایەتی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و رامیاری و كلتووری پچڕاوە، تەنیا بەشی باكوری عێراق لە جەنگدایە، نە دەرەوەو نەبەشی باشور بەشدار نین، ئەوەیشی، توانیوێتی تەواوی كوردستانی عێراق بخاتە ناو شۆڕشەوە پێشڕەوایەتی پارتییە.

بەو قسەیەوە لە بیرێكی پەرشدا ماتبوو، لە ڕوانینی سروشت و دەوروبەردا شەپۆلی ئاسۆی نەبینی دەدییەوە، بە شارای خەیاڵی جۆگرافیای تەون دەكرد، بەو وێنەیەوە هەناسەیەكی هەڵكێشا.

بەو بیرەوە لەگەڵ ڕەشبوونەوەی شاخ و كێودا ئێشكی گرت، كۆچی گەرمیان و كوێستانی قازو قولنگی دەخوێندەوە.

لەوساتەشدا، فرمێسك ناوچاوی گرتبوو، لەپڕ موچڕكەیەك گرتییەوەو ئەو خەیاڵەی پچڕاند، بەو بیرە ئاڵۆزەوە دەستی بەناوچاوانیدا هێناو كەوتە پرسیاری دەروونی، بە بێدەنگی پاڵی دایەوە.

لەو كاتەدا، ئیدریس هاتە ژورەوەو پەرداخێك چای بەدەستەوەبوو:

– ئەم چایە زۆر تامی خۆشە، دارچینی و حێلی تێكراوە، باوكە بیخۆرەوە، هیلاكیت پشویەك بدە.

بەو قسەیەوە دانیشتەوە و چاكەی لێوەرگرت، قومێكی لێداو بەوردی ڕەنگو

رووی خوێنــدەوە، بــەجۆرێك، خــەم پێســتە ســپیەکەی گرتبــوو، جەستەیشــی لاواز کردبوو، بەو روانینەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– پشــوو وشــەیەکە تــەنها ماناکــەی دەزانم؟. ئێــوەیش، کــوڕی مــنن هــەر ئــەوە بەشتان دەبێت.

ئــەوەی گــوت بــە دەســتی چــەپی پەرداخەکــەی بــە لێوییــەوە نــاو رووی کــردە بۆیــاخی دیوارەکــە، لــە تــەقین و خــەت خەتبوونییــەوە کەوتــەوە نــاو گــەرداوی خوێناوی، ئەو رۆژانەی بیر دەهاتەوە، هێشوی ئازاری لە گەڕانەکانیـدا بەسـەر شـارو شارۆچکەو گوندەکانـەوە کـۆدەکردەوە، رۆژێـك لـە گەشـتێکی بـۆ ناوچـەی بێتواتـە لەسەرو چاوە، ژانێکی گەورە گرتییەوە، لەناکاو ژنێك بـە گریـەو قریشـکەوە کـاروانی پێشمەرگەکانی وەستاند:

– کێتان مەلا مستەفایە؟.

بەوقسەیە ژان گرتییەوەو کتوپڕ بەدەم هاوارو گریانیەوە چوە پێشەوە:

– منم مەلا مستەفا، وەرە کچەکەم بزانم چی زوڵمێکت لێکراوە؟

ژنەکە بە گریانەوە هاتە پێشەوەو بووخچـەکەی کـردەوەو کراسـە خوێناویەکـەی خۆی دەرهێنا:

– سەرۆك، ئەگەر کوردستان سەرکەوت ئەو کراسە بکەن بە بەیداخی.؟

پێشمەرگە بە چوار دەوریەوە برۆیـان کـرژ کردبـوو، ئـەویش تیـژ بـرۆی تێگرتنـو هەموویان بێـدەنگ بـوون، بـەو رێکەوتـە مەرگـەوە چـرکەیەك بـیری کـردەوە ئەوسـا سەری هەڵبڕی:

– کچم دڵنیابـە هـەقی تـۆ لـەو بەرپرسـە دەسـەنمەوە ویسـتویەتی دەسـتدرێژی ناموس بکاتە سەر تۆی شەرەفمەند، هەقتە دەستت رەشبکەیت و بیهێنیـت بـە نـاو چاومدا، هەتا کەسی وا بەدفەڕ نەکەم بە فەرماندە.

ڕۆژێك لە گەشتێکدا پرسیارێکی سەرسوڕهێنەریان لێکرد:

– سەرۆك کێ فەرماندەی هێزە لەم ناوچەیەدا؟

– ئەی نازانن هەڤاڵ جەماله.؟

– بەڵێ دەزانین، بـەڵام بـراو بـاوك و ژن برایشـی هـەر فەرمانـدەی هێـزن؟ ئێمـە سەرمان لێشێواوە، نازانین پرس بە کامیان بکەین.

بەو قسەیە حەژمەت بەرچاوی گرتەوە، چەرچەڤ ترسناك گرتی، دوای سـاڵێك لـە دور خرانەوەیشـیدا ئـەو پەردەیـە هـەر بەجەسـتەیەوە دەبینرایـەوە، وەك ژەهـر ژیانیـان دەگرتـەوە، توشـی ئازارێـك دەهـات سـێبەری بـە بـیری ترسـناکەوە دەخوێندەوە.

جارێك قاپوتەکەی فڕێدایە سەر زەوی، پەنجەی راکێشا:

– سەروەتی بارزانی ئەوەیە بیبەن بیخەنە پاڵ پـارەی ئـەو ئاژەڵانـەی خـواردنی پێشمەرگەیە، ئێوە فرۆشتوتانن.

ئەوە کرۆکی گـەورەبوو لـەلای، چەرچـەڤ تـاریکی بـە روانینیـەوە دەکێشـا، بـەو بیرەوە هەمیشە لە گەڕانی بـەردەوام و بەسـەر کردنـەوەو نامـەدابوو، جارێـك نامـەی پیرۆزبایی بۆ عەلی عەبدوڵا نووسی:

– هیوام وایە خزمـەت بکـەن هـەر تـەنیا دڵسـۆزییە، دوا رۆژی خۆمـان و نەتـەوە نـەمر دەکـات، پێویسـتە شـەوو رۆژ بخەینـە سـەریەك، ببینـە خزمـەت کـار، نـەك پارێزگار.

عەلی عەبدوڵا گرنگی تەواوی لەلای هەبوو، کەسێکی بیر تیـژو نووسـەرێکی وردی مێـژوو پرۆگرامـی پـارتی بـوو، لـە روداوەکانـدا هەمیشـە چارەسـەری گونجـاوی دەدۆزیەوەو سەرپەرشتی هەموو ئەو کارانەی دەکرد دەبوونە زمان حـاڵێتی پـارتی، هەربۆیە بۆ پارێزگاری سلێمانی دەستنیشانی کرد، دەیویست هەموو کـارێکی نـارەوا بنبڕ بکرێت.

لـەو ساڵانەشـدا، نامـەو ڕاپـۆرت و پێشـنیازی زۆری دەهاتـە بـەردەم، ئامـاژەی ترسناکی دەگرتەوە، جارێك لە کۆبوونەوەیەکدا داخی دڵی خۆی هەڵڕشت:

– تاکـەی بـیر لـەوە ناکەنـەوە بـەبێ میللـەت هـیچ هێزێکمـان تیـا نییـە، مـن

نمونەیـەکم بـۆ نوێنـەرانی رژێـم هێنایـەوەو گـوتم: زۆر سەرسـامی ئەسـکەندەری مەقـدۆنیم جارێـك بـە ناوچـەیەکدا تێدەپـەڕێت دەبینێـت چـەکداری دوژمـن هـەمووی ئافرەتن، سەرکردەی سوپا دەیەوێت هێرشیان بـۆ بکـات ئەسـکەندەر دەڵـێ:نـەخێر سـەرکەوتن بەسـەریاندا هـیچ سـەربەرزیەکی تیـا نییـە، ژێرکـەوتنیش ریسـواییەکە هەموو مێژوو نایسڕێتەوە، بۆیە کوشتن و بڕینی خەڵکی بێ چەك ئازایەتی نییە.

بـەو قسـەیەوە زەردە خەنـە گرتـی، دوا مـژی لـە سـیغارەکەیداو کوژاندییـەوە، ئەوسا پەنجەی هەردوو دەستی تێکەڵاو کردوو هەناسەیەکی هەڵکێشا.

ئـەوە لـە مێشـکیدا مایـەوە، شـەوێك لـە ژورەکەیـدا بـەدەم راکشـانەوە بـیری لێکـردەوە، لـەوەوە دیمـەنێکی ترسـناك گرتیـەوە، وەك ئـەو سـاتە لـە بەردەمیـدا وەستابوون، بەڕێوەبەری دارایی تفی قوت دەدایەوەو بێدەنگ بوو، ئـەویش ورد لێـی روانی و پەنجەی راکێشا:

– بۆچی ئەو پەنجا دینارەت نەداوە بەو هەژارە بۆ یارمەتی ژنهێنان.؟

برژانگـی بـەو قسـەیەوە بـە جۆرێـك تیـژ ببـوون، وەك گـزنگ دەچـەقینە چـاوی بەڕێوەبەرەوە، ئـەویش کـەوتبووە نـاو تاڵـە دەزووی ئالۆسـکاوەوە و بـەو وێنەیـەوە پارێزگاری لە خۆی کرد:

– تەنها سی دینارمان هەیە چی بدەم بە شەکرو چا بۆ میوانی بارەگای تۆ.

– بارەگای بارزانی ئەو ژورە قوڕەیە داییخـە، بـە کـۆڵی خۆمـەوە دەیگێـڕم، مـن هەفتەیەك چا ناخۆم لەبری من پارەکە بدە بەو.

بەو ژانەوە کاغەزی بەردەمی کۆکردەوە، لەشـی سـەر ئـارەق نیشـت، ماوەیـەك بەو جۆرەبوو، لەپڕ بە سەدان وێنەی خەیاڵیەوە ڕاچەنی:

– جانتاو کتێبخانـەو ژێـر سـەرینم پـڕە لـەو پێشـنیازانە، دەزانم شۆڕشـگێڕ ئـەو پێغەمبەرەیـە، لـە بـەردەمی خـوای خۆیـدا بـەپاکی دەوەسـتێت، بـەڵام ئەگـەر تێـر لاببەم برسی جەستەتان دەخۆن.

لەوساتەشدا، ئەوانە وەك خۆرە مێشکیان گرتەوە، دەیـان وێنـەی تـر لـە نیگایـدا

تیشکیان دەدایەوە.

لــە مــاوەی چــوار ســاڵی گفتوگــۆ کردنــدا زۆر لــەو ڕوداوانــەی بــینی، بەپەلــە کۆبوونەوەی بە مەکتەبی سیاسی دەکرد، زۆر جار دکتۆر مەحمودو نوری شاوەیسـو فەڕەنسۆ هەریری دەنـارد بـۆ لێپرسـینەوە، ئەوانـەش تـەواو ئارامیـان لێـدەبڕی، بـە ئەنجامی دوبـەرەکی و براکـوژی دەدیـەوە، ڕۆژێـك ڕقـی هەسـتا لـە کۆبوونەوەیـەکی گشتیدا ئەوەی خستە بەردەم:

– شۆڕشـی مـەهاباد عەشـائیر کوشـتی، ئـەمریکا پشـتی ئێرانـی گـرت لـە دژی ڕوسیاو کورد، ئەویش کوردی بە شیوعی نەزانی، لەبەر بارو بەرژەوەنـدی سیاسـەتی جیهانی پشتی بەردا، کۆماریش هەمووی عەشائیر بوو جەنگی بـۆ نـەکرا، بـا خـەباتی ئێمەش بەفیڕۆ نەڕوات.

ساتێك وەستا، پێشنیازێکی هەڵدایەوە:

– پێویستە لەناو شۆڕشدا بەرگی کۆن فڕێ بـدەین، لـە بـری موڵکایـەتی خۆمـان ببینە موڵکی گەل، من ئەگەر پشتیشم زەوی بێت دەیدەم بە جوتیار.

جارێك ئەوەی بە چـاوی خـۆی بـینی، کاتێـك لـە حـاجی هۆمەرانـەوە بـۆ بارەگـا دەگەڕایەوە، رادیۆکەی بەسەر سنگیەوەبوو گوێی لـە فارسـیەکەی لەنـدەن گرتبـوو، پەلێك پێشمەرگە هاتنـە خـوارو سـوارێکیان لەگەڵـدابوو، ورد سـەیری کـردن، ئەوسـا جامانەکـەی لەسـەرو چـاوی ئاڵانـدو لەجێگـەی خۆیـەوە کروشـکەی کـرد، کاتێـك سوارەکە گەیشتە بەردەمی پیاوێکی ناوەنجی رەش ئەسمەر، دەمانچەو یـەدەکی لـە خۆیدابوو، شاڵی خورمایی لەبەر کردبوو، بەسەر ماینەکەوە لەنجەی دەکرد.

ئەوە نیشانەیەکی ترسناکی خستە مێشکییەوە، ئازارێکی زۆری بۆ بەجێهێشت.

ئەو بیرە هەموو ژیانی گرتبـووەوە، دەیویسـت مـرۆڤ لەهـەموو مافێکدا یەکسـان بن، خوانیشی لەگەڵ کۆمـەڵ هاوبەشـبوو هـەرگیز خـۆی جیانـەدەکردەوە، زۆر جـار بەشی خـۆی دەدا بـە خـەڵك، بـەردەوام بـەو جـۆرە هـەوڵی ئـەو یەکسـانییەی دەدا، جارێك بەدەم بۆنکڕوزو بۆنی گۆشت و هاڵاوی مەنجەڵەوە لـە بارەگاکـەی هاتـە دەر،

چاوی بەملاولادا گێڕاو چێشت لێنەرەکەی بانگ کرد:

– ئـەو گۆشـتە بـە یەکسـانی دابـەش بکـە بەسـەر هـەموو پێشـمەرگەدا، جگـە لەخۆمو کوڕەکەم.

ئەوە دەستکەوتی جەنگێکی گـەورەی پێشـمەرگەبوو، پـتر لـە پێـنج سـەد سـەر ئاژەڵیـان گرتبـوو، ئـاگر لەهـەموو لایەکـەوە کرابـووەوە، پێشـمەرگەش بـە چـاوی قوڵەوە لـە دوکـەڵو گـڕو مەنجـەڵیان دەڕوانـی، ئـەو ڕۆژە ڕەشـە ببـوو بـە جـەژنێکی گەورە بۆیان، ماوەی سێ مانگ بوو گۆشت و چێشـتیان نـەخواردبوو، لەوساتەشـدا، هـەموو گـوێ قوتـەیان دەکـرد، چێشـت لێنەرەکـەش بـەو قسـەیە پەشـۆکابوو، بـە گەستنی لێویەوە لەناخی خۆیەوە دوا:

– نازانم خودا چۆن ئەم کەسەی دروست کردووە؟ هیچی بۆ خۆی ناوێت.

بەو قسەیەوە بیری ئەو نامەیەی هاتەوە، چەند ڕۆژ لەوە و بەر بـۆی نـاردبوو، لـە ژێر ئیمزاکەیەوە نووسیبووی:خزمەتکارتان بارزانی.

بەو بـیرەوە دەسـتی خسـتە سەرسـنگی و واقـی وڕمـا، ورد لێـی دەڕوانـی، وەك سۆپەرمانی گەردوونی ڕەنگی دەدایەوە، بەو وێنـەو بـیرەوە لـەرز گرتیـەوە، ئـەویش سەیری کردوو گەڕایەوە بۆ بارەگاکەی خۆی.

بەو بیرانـەوە داچـڵەکی و سـەری بـەرز کـردەوە، دوا قـومی لـە چـاکەداو لەسـەر مێزەکە داینایەوە، ئینجا هەستاو لە ئاسمـانی ڕوانـی، کەشـەی هـەور بـۆ ڕوداوەکـان دەیانپێچایەوە، لە درزو نەخشی دیوارەکەوە چـیرۆکی شۆڕشـی دەخوێنـدەوە، وەك ڕیپۆرتاژی ڕوداوەکان بکەنەوە لە ساتێکدا دەیان وێنـەیان لـەلا تێکـەڵاو دەکـردەوە، ڕۆژگــاری ڕەشــی خوێنــاوی فــەزای ژورەکــەیان دەگرتــەوە، گۆشــت و ئێســقانی نەتەوەیـەکی دەدیـەوە، لەگـەڵ ئـاگرو ئاسـندا دەجـەنگان، هـەزاران ڕۆح بـۆ ئـازادی دەتوانەوە، لەوەوە گەرداوی گفتوگـۆی ڕێکەوتنامـەی یـانزەی ئـازار گرتییـەوە، ئـەو ساتەی لەگەڵ سەدام لە چادرەکەدا هاتنە دەرو کەوتنە پیاسە.

سەدام ڕەخنـەی لـە پەیوەنـدی ئێـران و ئیسـرائیل گـرت، ئـەو قسـەیە لـە دڵیـدا

کاریگـەر بـوو، بـە ئاماژەیـەکی ترسـناکەوە چـاوی چـەپی هـەڵبڕی و لێـوی خـۆی کرۆشت:

– ئێمە نۆکەری گەلی کوردین و بەس، ئەگەر ببینە نۆکـەری هەرکەسـێك هـەموو کاتێك ئێوە لەوان زیاترتان داوینەتێ.

سـەدام زمـانی بـەدەم سـەرماوە خـاودەبووەوە، ئـەویش هەسـتی بـە لـەرزینی کردبوو، جگەرەیەکی داگیرساندو مژێکی لێدا:

– ئێمە هـیچ رێگەیـەکمان نـەبوو، میللـەتمان لـە ژێـر ئـاگر و ئاسـنی ئێـوەی بـرا گەورەدا دەسوتا، گەلێکی هەژارو برسی بووین، ناچارین دۆسـتایەتی وڵاتـان بکـەین، ئەگەر ئێوە زوڵمان لێنەکەن ئێمە چی کارێکمان بە وڵاتان هەیە، لە رێگـەی ئێـوەوە هەموو کەس دەبینین.

بایەکی بەهێز لە دەربەندەکەوە دەهـاتوو جەسـتەی دەتەزانـد، لوتکـەی شـاخ و کێو سپیاییان لەسـەرمابوو، باڵنـدە کۆچـی گـەرمیان و کوێسـتانیان دەکـرد، سـەدام لەبەر سەرماکەدا هەڵدەلەرزی، بەو وەڵامەش چاوی گرژ کرد.

بایەکە بەهێزتربوو، سەدام بە جۆرێـك دەلـەرزی گیـانی یـەك دەهاتـەوە، ئـەویش سەیری کردوو هەستی بەو سـڕبوونە کـرد، ئـاهی رۆژانـی گرانـی گرتییـەوە، بیرێکـی پەرش پێچایەوەو لەوەوە بۆ سەرەتای پەیوەندی ئیسرائیل چـووەوە و ئـەو سـاتەی بیرهاتەوە، مام جەلال لـە پـاریس پەیوەنـدی لەگـەڵ ئیسـرائیل بەسـت، پـاش ئـەوە نوێنەری پارتی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد، چون بۆ ئیسـرائیل، دوای دو سـاڵ نوێنەریان هاتە کوردستان و گەیشتنە بارەگای بـارزانی، لـەو کاتـەدا دەسـتی دکتـۆر مەحمودی گرت:

– زۆربەی وڵاتانی عەرەب پەیوەندیان لەگەڵیاندا هەیە، تەنیا بۆ پشـتیوانی ئێمـە حەرامەو بۆ عالەم حەڵاڵ، ئەم هاوکاریەی ئەمانیش تەنیا چـەقاندنی سـوپای عێراقـە بە بزمار ، بۆ ئەوەی بەرەو ئیسرائیل نەجوڵێن.

بـەو دیمەنـەوە بێـدەنگ بـوو، کەوتـە بیرکردنـەوەوە، کـاتێکیش لەگـەڵ دێڤیـد

کەمحی کۆبووەوە هەر بیری کردەوەو ئەوەی بۆ رونکردەوە:

– ئێمە پێویستمان بە هاوکاری هەموو دڵسۆزانی دنیا هەیە هەتا پشتیوانیمان لێبکەن، چونکە ئەمڕۆ بەهۆی نەوتەوە کەس لە کورد ناپرسێتەوە، تا ئەو رادەیەش زوڵممان لێکراوە بە مرۆڤ ناومان نابەن.

لەوساتەشدا، بەو بیرە تێکەڵاوەوە بەدەم قسەکانییەوە لە سەدامی روانیەوەو چەندجار ئەم سەراوسەری پێکرد:

– حاجی هۆمەران زۆر ساردە.؟

سەدام بە شێوەیەك لەرز گرتبوویەوە ددانی بە یەکا دەدرا، ئەویش قاپوتەکەی بەری داکەندوو بۆی راگرت، ئەوسا کردییە بەری و قۆپچەکانی بۆ داخست:

– ئەو قاپوتەت پیرۆزت بێت، ئێوە بە قاپوتی بە کریٚ گیراوی نیشانی دەدەن.

سەدام ڕەنگی تێکچوو، لەو شەپۆلاوەدا دەسوڕایەوە، ئەویش تیژ بڕۆو برژانگی تێگرت:

– شا ڕازی نەبوو من ئیمزای ئەم ڕێکەوتن نامەیە بکەم بە شەخسی قسەی لەگەڵ کردم، چەندین نامەو نوێنەری ناردو بەناوی ئەمریکاوە پەیمانی پشتیوانیو هاوکاری دوپات کردەوە، بەڵام کردموو گوتم:ئێمە داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین لە چوار چێوەی عێراقدا، بماندەنێو نەمانەوێت، ئەی چی وەڵامی کوردوو رای جیهانی بدەینەوە؟.

بەو بیرەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو سەرلەنویٚ لە روانینی درزو تەمی دیوارەکەوە وەك ئەو ساتە بە بیرەوەریەکانی یانزەی ئازاردا پەیوەستە بووەوە.

ئەو ڕۆژگارانە لە ئاوێنەی بوونیدا دەسوڕانەوە، لە دواساتیشدا هەمووی لەلای گرمۆڵە بوونەوە، بەبیٚ ئارامییەوە کەوتە گەڕان.

لەوساتەشدا، لە نمەی بارانی شوشەی سەر پەنجەرەکەو کەفی شرینقەکەو دەستی پزیشکەکەوە لەناو تەمی وەرینی گەڵای هەزاران کەلەسەردا نیگای دەگێڕا، ئەو دیمەنانە ژیانیان گرتبوو، لاپەڕەی تەمەنیان هەڵدەدایەوە.

## (5)

نمەی باران شوشـەی پەنجەرەکـەی گرتبـوو، لەگـەڵ کـەڤ شـرینقەکەوە لـە دیدەی ژەنەڕاڵەوە بە رایـەڵی تـەونی شۆڕشـەوە دەچـنرانەوە و دەیـان وێنـەیان لەلا تێکەڵاو دەکرد، رۆژگـاری رەشـی خوێنـاوی فـەزای ژورەکـەیان دەگرتـەوە، چـەندین سـاڵ بـوو بـەو تەوژمـە پـڕ مەترسـیانە دەکەوتـە نـاو دەریـای فراوانـی بیرەوەریەوە، وێنەی تـابلۆی نیشـتەجێ لـە مێشـکیدا دەکەوتنـە سـەر شـەپۆل، بەسەر شاپەڕی گوڵی چیاوە دەگیرسایەوە و لـە ئاوێنـەی کەفاویـدا فۆتـۆیی بـە بەرچاویدا تێدەپەڕین، هەر لەوساتەی ڕچەی ئەو ژیانە تاڵەی شـکاند، لـە نیگـای سروشتو گەڵاو گوڵو گژو گیاوە وێنەی ئاسۆیی دەدیەوە، لەسـاتی بیرکردنـەوەدا دەکەوتە گومانی سەرسوڕهێنەرەوە، سـرودو نەغمـەی خـوێن چـوونی، بـەرگری گۆشـتو رۆحـی نیشـاندەدایەوە، وەك ئـەو سـاتانەی، تـوێخی قاچـی خۆڵـو دارو بەردی لوتکەی شـاخەکانی مـۆر دەکـرد، کاتێـك لـە شـانۆکانی جـەنگی بارزانـدا خۆی دیەوە، جێگە قاچـی بەسـەر خـاك و دارو بـەردەوە دەنەخشـا، کۆجیتـۆی بـوونی لـە جەنگـەڵی ئـەو جەنگـە ترسـناکانەوە دروسـت ببـوو، هەمیشـە لـەناو شەپۆلی ئەو بیرەوەریانەدا دەژیا، وەك ئەو ساتە چەخماخەی جەنگی خوێنـاوی بــە مێشــکدا دەهــات، لــە ســەردەمی ســەرکردایەتی لاوێتیــدا پرۆڤــەی ئــەو سەرکەوتنانەی دەکرد، لەهەموو ساتێکدا بڕیاری مانوو نەمانی تیادا دەدا.

ئەو هێزە جارێك ڕایوەشاند، کاتێك لە گەشتێکی گەورە گەڕایەوە، گۆرانی سەرکەوتن لەسەر لق و چڵ و گوڵ و لوتکەو بنارەوە هەڵدەستا، لە سەماو شمشاڵی شوانو زمانی سروشتی چڕدا ئەوەی دەدیەوە، بەو هێزو ڕۆحەوە گەیشتەوە بارزان، لەپڕ ئەو تەلیسمە شکاو ئەو خۆشییە لە نیگادا توایەوە، سەرلەبەیانی هێزێکی گەورە چوار دەوری گوندی بارزانیان گرت، نامەیەك بۆ شێخ ئەحمەد هات، هەتا خۆیان بە دەستەوە بدەن، شێخ بە پەشۆکاویەوە نامەکەی بە دەستەوە گرتبوو، توشی سەرسامی هاتبوو، ژەنەراڵ کاتێك نامەکەی خوێندەوە، هەستیکرد چی بانگەوازێکی تێدایە، بەو ئاماژەیەوە لە چیای شیرینی ڕوانی، ئەوسا چاوی بەدەوروبەردا گێڕا، حەژمەت گرتیەوەو خرۆشا:

– جەنگ هەتا دوا دڵۆپی خوێن.

ئەو بێزارییە زیاتر گرتیەوە، لەژێر گرمەی فڕۆکە و شەستیر و گوللە باراندا خۆی دەخواردەوە، لەگەڵ سوڕانەوەی فڕۆکەدا چەند نەخشەیەکی کێشا، کۆمەڵێك پێشمەرگەی بەناو شیوەکەدا بەڕێکردوو چەند دەستەیەکی تریشی دانا، لەگەڵ تاریکیدا کتوپڕ دەنگی بەرزکردەوە، لە سێ لاوە هێرش دەستی پێکرد، بەسەر گردوو تەپۆڵکەدا سەردەکەوتن هەتا هەموو بەرزایی ناوچەکەیان گرت، کاتێك گەیشتنە سەر دوا لوتکە فەرمانی کرد، هەتا بە وردی ناو دەوەن و دارو درەخت و بن بەرد بگەڕێن بۆ پاشماوەی لەشکری ڕژێم، زۆر بە وریایی لەهەموو شتێکی دەڕوانی، گوێی بۆ داڕمان و هاژەو کەوتنە خوارەوە ڕاگرتبوو، بە کێشکردنی تفەنگ و دەستی دیل، ناڵەو هاواری برسێتی، بەوانەوە توشی ئازارێکی ڕۆحی گەورە هاتبوو، لە هەناسەیەوە دیاریان دەداو بەناو دەوەن و بەردو دارو خۆڵەوە پەخش دەبوونەوە، بەو جۆرە حەوانەوەی بۆ نەبوو، هەتا هێزی ڕژێم بەسەر ڕوبەری ئەو دیودا بە سێبەری چیای پێرسدا تێکەڵاودەبوون.

ژەنەڕاڵ ئەو جەنگەی بە کارەساتێکی سەخت ژمارد، دوای شکاندنیشیان

حەژمەت گرتبوویەوە، لەبن دارێکدا وەستاو پشوی ئەو شەکەتیەیداو سەیری ئاگری پیرە کەپران و دۆڵی سەڵتەی دەکرد، لەوساتەدا پێشمەرگەیەك هاتە بەردەمی:

– سەیدا سەدو بیست و شەش جەستەم ژماردوە.

بە ئازارێکی رۆحیەوە سەری بەرز کردەوە، بە وێنەی ئەو کوژراوانەوە دڵی گەرم بوو، بە چیلکەیەك زەویەکەی نەخشاند:

– پێنج نەبەردیش شەهیدبوون، بەرقی بەگیش وا لوتی شکا، ئەگەر ئابڕوی هەبێت جارێکی تر هێرش ناکاتەوە سەرمان.

بەو قسەیەوە هەستایە سەرپێ، شنەی با دارو درەختی بەیەکا دەدا، دەنگ و هاوارو خشە و تلۆربوونەوەو بانگەشە تێکەڵاودەبوون، باڵندەو گیاندار و مارو مێرو لە کون خزیبوون، جگە لە دەنگی دور ورتەی هیچ گیانداری نەدەهات، بەو جۆرەش تا سپێدە هەر گەڕاو هێزەکەی بەسەر دەکردەوە، ئەو کاتەش لە نزاکردنی دوای نوێژەکەی بووەوە، جامانەکەی لول کردەوەو لەسەری پێچایەوە، بەو هێزەوە گەڕایەوە ناو گوندی بارزان، منداڵان لە ژێر تیشکی خۆر هەڵهاتندا لە دەوری ئەو ژورە سەمایان دەکردو هەڵدەبەزینەوە، دیلی تیا بوو:

– قایمقامی موسڵو هەشت سەر ڕوتاوە بە دیل گیراون.

لەوساتەشدا، گەیشتە بەر دەرگای ژورەکە، شێخ ئەحمەد ماچی کرد، پەنجەی بۆ ئاسمان درێژ کرد، دوکەڵ لە چەند لایەکەوە بەرزدەبووەوە، بەرزایی دەوری گوند ببوونە پەرژینی، بە ئاراستەی شاخ و کێوەوە بە ئاسماندا دەکشان، بە سێبەری زنجیرە چیای شیرینەوە لەسەر گۆزەی سەر شانی ژنانەوە تیشکیان دەدایەوە، وێنەی کافرۆشی زەویان دەکێشا، بەو شێیەوە بێدەنگی ناوچەکەی گرتبووەوە، حەپەی سەگەل گوندەکەی خستە سەر لەرز.

ئەو سەرکەوتنە بوو بە هێمای قارەمانێتی ناوچەی بارزان، رژێم بە جۆرێك لوتی شکا، لە هیچ جێگەیەکدا نەدەگیرسانەوە، ئەوەش ماوەیەك ناوچەی

بارزانی خستە سەر پشوو، هەتا لە ناکاو هێزیان کۆ کردەوەو دوای چەند مانگێك، کتوپڕ لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردەوە.

لەگەڵ هەواڵی هێرشەکەدا کتوپڕ هەوڵی بەرگری کردنیداو سێ هێزی دامەزراند، لە ڕەواندزو ئاکرێ و عەمادی بەرامبەر هێزی رژێم وەستان، لەو کاتەی تەقە دەستی پێکرد هێزی بارزان وروژان، لەهەموو لایەکەوە بەسەریاندا زاڵبوون.

بەو سەرکەوتنەوە نەخشەی ئەو هێرشەی بە وردی کێشا، سەنگەر بە سەنگەر دەگەڕا، لە ژێر دەنگی فڕۆکەو تۆپ و شەستیردا زیاتر گڕی دەگرت، دەچووە سەر ڕەشاشێك و دەکەوتە تەقە، یان بە تفەنگ نیشانەی دەگرتەوە، بەو جۆرە دەجەنگا، ورەی دەخستە دڵی هێزی بارزانەوە، پاشان لە فراوانی هێرشەکە وردبووەوەو نەخشەیەکی نوێی دانا، دوای ئەو سێ هێزە، هێزێکی ناوەندی لە بازنەیەکی سێگۆشەیی ڕێکخست، لە هێرشێکی ڕووبەڕوودا رژێم لە سێ پانتایی گەورەدا دابڕان، لە دۆڵی کاژی دو سەدو پەنجاو سێ جەستەیان لێبەجێما.

ئەوە دەستکەوتێکی گەورەبوو، ئەو تفەنگانەی ژمارد و هەمووی ناردەوە بۆ بارزان بۆ چەکدار کردنی کۆمەڵێکی زۆر، پاشان چاوی بە تەرمەکاندا گێڕاو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

ئەو ئازارە گرتیەوە، لەسەر تەرمی دوانزە پێشمەرگە فرمێسکی ڕشت و لە ڕوانینیدا یاریان دەکرد، تێکەڵاوی خۆری ئاسمان دەبوونەوە.

لەوساتەشدا، لە کەف شرینقەکەوە ئەو دیمەنانەی دییەوە، لە شەپۆلی فەزای مێژووی بیرەوەریا تۆمار دەبوونەوە، لە گەرداوی بیرو ئەندێشەی سەختیەوە وێنەی شوشەی منداڵی شیری سەرەتای گومانی ژەهراویان دەدایەوەو ئەو ساتانەی، بەناو تونێلی بوورکاندا رادەبوورد، مێژووی لە نادیار دەنووسییەوە، وەك ئەوساتانە دەکەوتەوە ناو شارای وێنەو دیمەنی

خوێناویەوەو جیهانی ڕوانینیان دەخرۆشاند، لەوەوە سوتان و کاولکاری، یاری جەستەو خۆڵ لەلای تێکەڵاودەبوون و لە وێنەی ئەفسانەییدا بۆ مێژووی کوردستان مۆمیادەبووەوە، ڕۆحو جەستە یاری مەرگاویان دەکردەوە، ڕۆح لە جەستەو جەستە لە ڕۆح جیادەبووەوە.

ئەو وێنەیەی لە گرتنەوەی نەهلەو جەنگی سەیداندا دیەوە، لە ئاسمانو زەوییەوە ئاگر دەباری، لەو دۆژەیەوە لەسەر تاشە بەردێکەوە پەنجەی هەڵبڕی:

– برایان ئەوەتا ئێوە دەبینن من بە ئارەزوی خۆم مەرگم هەڵبژاردوە، ئەو کەسەی مەرگ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت با لەگەڵمدا بمێنێتەوە، من بەم ڕێگەیەی خۆمدا هەر دەڕۆم بۆ پێشەوە، پارەو چەك و فیشەکم هەر ئەوەیە دەیبینن، کێ چاوەڕێی هیچم لێناکات بابمێنێتەوە، هەتا خۆمان بکەین بە قوربانی ئازادی کوردو کوردستان.

هەموو بە دەنگی بەرز پەیمانی مەرگیان نوێکردەوە:

– بارزانی تا دوا تنۆکی خوێن لەگەڵتاین، بارزانی بۆ پێشەوە.

ئەو گیانبازیەی لە هێرشی زاخۆشدا دیەوە، سەرکردەی ناوچەکە خەنجەرەکەی دەرهێناو بە حەژمەتەوە لە زەوییەکەی چەقاند:

– دەبێت رژێم بەسەر جەستەی مندا بپەڕێتەوە، بارزانی دڵنیابە زاخۆ بە کەس ناگیرێت.

پێشمەرگە هەموو دوو پەنجەیان بەرزکردەوە:

– بارزانی تا دوا دڵۆپی خوێن.

ئەو هێزەبوو بە ئاگری لولەی تفەنگی پێشمەرگە، دوو مانگ هێزی بەربڵاوی رژێم بە فڕۆکەو تانك و تۆپەوە لەهەموو لایەکەوە هێرشیان کرد، زۆربەی گوندو شارۆچکەی ناوچەکە سوتاو دەروازەو ڕێگاکان داخران، گەمارۆی ئابووری خرایە سەر ناوچەکە، ئاگری جەنگ زەوی و ئاسمانی گرتەوە، هەتا ئەو کاتەی فەرماندەی پێشمەرگە خەنجەرەکەی لە زەوییەکە هەڵکێشایەوە و بروسکەی سەرکەوتنی لێدا:

– هێرشی رژێم توایەوە و یەکەیەکی سەربازی تەفرو تونا کرا، فڕۆکەیەک و چوار زرێپۆش و هەشتا بار هەڵگر سوتانو بە دەیەها چەکی قورس و سوک کەوتنە دەستی پێشمەرگە.

لەوساتەشدا، لە کەفی شرینقەکەوە ئەو تاڵە دەزوانە دەکشان و تەونچنی مێژوو جۆگرافیایان دەکردەوە، لە بروسکەی ناوەختەوە دەگەڕایەوە کوردستان. لە چرکەو ساتەوەختی ئەو رۆژانەدا دەتوایەوە بەسەر پوش و پەلاشو ڕەنگی پەڕیویدا دەگەڕا، دارو بەردو پێدەشتی مۆر دەکردەوە، تەلیسمی ئەفسانەیی ئاسۆیی بەسەر دەواری ڕەش باوی جگەر سوتاواندا دەڕشت, گوێی بە زایەڵەی لایەلایەو شیوەن و ناڵەی دایکانەوە دەزرنگایەوە.

ئەوانە لە دڵیدا ببوونە نەشتەری بوون و نەبوون، دایکان ڕیشەی جگەریان دەردەهێنا، هەر کات چاوی بە ڕۆڵە کوژراوێك بکەوتایە موی ڕاستدەبوونەوە.

جارێك ئەو تەوژمە گرتیەوە و تەواو داچڵەکی، کاتێك ڕەش پۆشێك بە قژی ئاڵۆسکاوەوە هاتە بەردەمی، حەژمەت بەسەر پێستی گرژو مۆنیدا چینی بەستبوو، روخساری ڕەش داگەڕابوو، فرمێسك لەسەر پێڵوی قەتیس ببوونوو دەلەرزی، لەگەڵ گومانێکی کتوپڕیدا وەستاو دەستی خستە سەر سنگی:

– سەرۆکی کورد چوار کوڕم کوژرا.

بە بینینی حەپەساو بەو ژانەوە خوڕپەی ریشەی دایکان دڵی خستە سەر جۆشو خرۆش، بەو وێنە ئاڵۆزەوە ساتێك راما، ئەوسا قەڵەمی دەرهێناو لەسەر کاغەزەکە رایگرت، ئەویش خۆی لە زەوی توند کردوو نەیهێشت پیتێك بنووسیت، کتوپڕ قژی ڕنیەوە:

– هاتووم سەنگەری کوڕەکانم بگرم، ئێمە دایکین سەرۆك، گەورەم، بارزانی.

بەو خۆبەخشیەیەوە موی بەرزبوونەوە، فیشەکدان و دەمانچەی قەدی بۆ کردەوەو تفەنگەکەیشی ڕاکێشاو دەستی بۆ ڕاگرت.

لەوساتەی چووە دەر، خشەی ڕۆیشتنی بە قایش و زنجیرەوە وێنەی سامناکی بەجێهێشت، لەپڕ وێنەی مارگرێتی بیرهاتەوە، بالأی شۆخی و پێستە گەنم ڕەنگیەکەی، خۆڕسکی و قارەمانێتی، لە وێنەی ئەو کچانە دەیدیەوە، لە ڕۆمانی ڕوسیدا خوێندبوویەوە، ئەویشی وەك کەسایەتی نینا دەهاتەوە بەرچاو، لەو کاتەی دەیدی شیعرەکەی بێکەسی بەخوێنیدا دەگێڕا:

– نێرو مێ هەردوو بەجوتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن، دورە دەرچونی لە دیلی مەل بە باڵێ نافڕێ.

بەو شێوەیەش لە مارگرێتی دەڕوانیەوە، هەتا بوو بە ئازارێکی سەخت و لە وێنەیەکی ترسناکدا بینرایەوە، بە قژی ئالۆزکاوو رومەتی ژاکاوو چاوی خوماریەوە، رەنگی شەڕواڵ و مرادخانیەکەی لەگەڵ خۆڵا ئاوێتە ببوون، بە وردە زیخ ئەنجن ئەنجن ببوون، دو گوللە سەر سنگی گرتبوو، خوێن جەستەی پۆشی بوو.

ئەوە زامێکی قوڵ بوو لە دڵ و دەروونیدا، لەوەوە بەسەر کارەساتی شۆڕشدا دەچووەوە، لە گۆنگرەی یەکێتی ئافرەتاندا ئاماژەی پێدا:

– ئالأی ئازادی لە دڵی گەلدایەو نێرو مێ هەڵیدەکەن، پێویستە سەربەستی لە خۆمانەوە بەدەستبێت، ئەوەیش بزانن شۆڕشی ئێمە تایبەتمەندی نەتەوەیەکە پێویستە نەریتی بپارێزرێت، ئەمانە برینی سەختی ئەم شۆڕشەو ئاستی هۆشیاری ئەم گەلەیە.

جارێك بەو بیرەوە چیلکەی لە خۆڵەکە وەرداو وێنەی شۆڕشێکی کێشا لە شێوەی کەشتی نوح، نێرو مێو وردو درشتی تێکرد.

بەو هەراسانییەوە بیری لێدەکردەوە، هەتا وێنەی خوشکە لەیلا لە نیگایدا پرشنگی دەدایەوە، ئەشکەنجەو ئازارو خۆڕاگری دەدیەوە، هەتا دواساتی لە سێدارەدانی خۆیو چوار هەڤاڵەکەی، بە سرودی (ئەی ڕەقیب)ەوە، وەك سەرتۆپی خەبات، لەگەڵ دەیان وێنەی تردا لە شالأوی بیرەوەری تێکۆشانەوە

دەیبینینــەوە، زۆر جـار ئــەو نهێنیانــەی دڵــی بـۆ سـکرتێری یــەکێتی ئافرەتــان دەکردەوە:

– هەوڵ بدەن لە رێی رێکخستنی ئافرەتانەوە بناغەی شۆڕش بـەهێز بکـەن، ئێوە پێشەنگی ئەم شۆڕشەن، لایەلایەو سۆزی ئێوە قەڵغانی پارتیە.

لەو روانینەوە دەزولەی هێزی خۆرسکی دایك جەستەی شیتەڵ دەکردەوە.

بەیانیــەك لەگــەڵ خۆرهەڵاتنــدا لــە چــادرەکەی هاتــە دەر، پــاش ئــەوەی دەموچاوی شت چـووە لای ئاگرەکـەو خـۆی گـەرم کـردەوە، چێشـت لێنەرەکـە گوێنیەکی بۆ راخست و فەرمووی لێکرد:

– سەرۆك لەبەر تۆپ باران ماستمان بۆ نەهاتووە، جگە لە نـان و چـا هیچـی ترمان نییە.

کولێرەیــەکی تــەنوری خســتە بــەردەمی و لەســەر بــەردێك دانیــا، ئەوســا دۆلکەیەك چای بـۆ تێکـرد، لەوسـاتەدا دەنگـی فڕۆکـە هـات، کتـوپڕ چلۆسـکەی داری ئاگراویان بەئاو کوژاندەوە هـەتا دوکـەڵ نـەما، ئەوسـا هەسـتا، سـاتێك لـە ئاسمانی روانی، پاشان بـە هەناسـەی قوڵـەوە دانیشـتەوە، پـاش ئـەوەی نـان و چای خوارد، لەگەڵ دوو پاسەوانا ئەسپیان زیـن کـرد، سـێ سـوارە بـۆ بارەگـای مەکتەبی سیاسی کەوتنە غار.

چادرەکە کەوتبووە بـەر نشـێویەك بـە درەخـت و تاشـە بـەرد شـارابووەوە، چەند کونە تەیارەیەك لەملاولایەوە هەڵەکەنـدرابوون، گـەڵای درەختیـان بەسـەرا درابوو، جێبەکەی بارەگاش بەتەواوی بە گەڵا داپۆشـرابوو، لـە هـەموو لایەکـەوە تاشو بەردەڵانی بوو لارێیەکی هەبوو بۆ بناری شـاخەکەی ئەوبـەر دەچـوو، سـێ سوار بە نەرمە غار کزەی باو شەفەقی خۆریان دەبڕی، لەگەڵ رەنگـی جامانـەی ئـاوەژۆی سـوری سـەریاندا وێنــەی شــەپۆلاویان خسـتبووە نـاو فــەزا، قیـژەو کڕوزانەوەیەکی بەهێزیش بە کزەی باوە لە دۆڵێکا دەهات، کـاری دەکـردە سـەر دەروون.

بـە بیسـتنی ئـەو دەنگـە نامۆیـە حەپەسـا، یەکراسـت بـەرەو رووی لغـاوی ڕاکێشا، کاتێـك گەیشـتە بـەردەمی قریشـکەکە بـەهێز تـر بـوو، ژنێکـی قـەیرەی کورتــەبالا فرمێســك لەســەر ڕەشــی روخســارییەوە بەســەر کوڵمیـدا دەهاتــە خوارەوە، حەژمەت بەسەر پێستی گـرژو مۆنیـدا چینی بەستبوو، عەباکـەی بـە دەستییەوە گرتبوو، هـاواری بـە تـەزوی بایەکـەوە تێکـەڵ دەبـوو، وەك مـوروی ئاودار دەنگی دەدایەوە، ئەویش لغـاوی ئەسـپەکەی تونـد کـردوو لـە بەردەمیـدا وەستا:

– خوشکە چییە بۆچی هاوار دەکەیت.؟

ژنەکــە حەپەســا فرمێســکی قــەتیس ببــوون، بــە وێنــەی کوڕەکەیــەوە قریشکەیەکی کرد، وەك شەوە زەنگ روخساری گۆڕا:

– دەچم بۆ بارەگای بارزانی.

بەو قسەیە چاوی ئاوسا، کەفیش لە دەمی ئەسپەکەی دەردەپەڕی و هـالاوی لێبەرزدەبووەوە، بەو پێیەش دەستی بەرزدەکردەوەو دەجولا، ناچار لغـاوی بـە هێزتر راکێشا، پاشان لکی جامانەکەی لەسەر روخساری لابـرد، ئـەویش تووشـی وێنەی کتوپڕی هـات، کاتێـك لـەناو چـاوی روانـی سـڵەمیەوەو حەپەسـا، لەگـەڵ گومانی جۆراو جۆردا شڵەژا، هالاوی لوتی و ئەسپەکەش بەسـەرو رویـدا دەهـاتو ئەوەندەی تر قژی ئاڵۆسکاو وێنەی مەرگ و ژیانەوەی دەدا:

– سەرۆك کوڕەکەم گیراوە، من بەشیری خۆم پـەروەردەم کـردووە و شـاری نەدیوە، پاراستن بە تۆمەت خەڵکی زۆریان کوشت.

بەو قسەیە بە لەرزینەوە وەسـتا، هێـزی ئـاگرینی لـە رۆحیـدا کاریگـەربوون، ساتێك سەیری کرد بەسـەر زینەکـەوە پەیوەسـتە بـوو، ئـەویش دوو نامـەی لـە فەقیانــەی کراســەکەی دەرهێنــا، بــە لەرزینــەوە دایەدەســتی، لــەو نیگــاو ڕوانینەیـەوە لـە بوورکـانی رۆحیـدا شـەوقی ئاوێنـەی دایکـی دەدیـەوە، بـەو وێنەیەوە ئاماژەی بۆ پاسەوانێکی کرد، لێوی خۆی کرۆشت:

– بچۆ کوڕەکەی لەبەر گوللە باران بۆ ڕزگار بکە، ڕۆحی جەلادەکەی دەربکێشەو بیخەرە جەستەی ئەوەوە.

بەو قسەیەش جیابوونەوە، دوو سوار بەرەو رۆژهەلات و تاقە سوارەو تەلیسمێکی پیادەیش بەرەو خۆرئاوا دایانکێشا، لەگەڵ تیشکی خۆرو زرمەی تەقینەوەی تۆپدا دوور دەکەوتنەوەو دەتوانەوە.

ئەو سێبەرە لەبەرچاویدا نەدەکشایەوە، وێنەی قارەمانێتی ژنانی لە ئاوێنەی ئەفسانەییدا دەدیەوەو بیری لە خۆڕاگریان دەکردەوە.

جارێك بە وێنەیەکی ئەفسانەییەوە خورپەی زەمەنی ناوەختە گرتیەوە و بەو هێزەوە سەیری ئاسمانی کرد، وێنەی ژنێکی هاتەوە بەرچاو وەك ئەو ساتە لەو گەرداوەدا نوقم بووەوە، بە قژی ئالۆزو روخساری شێواوەوە بەدەم هۆرەوە نەخۆشخانەی چیای لەو دۆڵەدا کردبووەوە، برینداری تیمار دەکردو پەڕۆی دادەدڕی، بە پێستەو قامیش برینی دەبەست، گوللە تۆپیش لەم لایەوە دەتەقیەوە.

لەوساتەشدا، بەو شێوەیە بە روانینیەوە نووسایەوەو لێی نەدەبووەوە، ساتێك روانینی لە فەزای ئەو جێگەیەدا بەر جەستە کردەوە، هەر تیشکی دەدایەوە، هەتا مشتێك خۆڵی بەوێنەکەدا کرد:

– دادە ئەجێ تۆ نیشتمانیت، دایکیت.

ئەو وێنانە هەمیشە لەبەرچاویدابوون هەرگیز لە بیری نەدەچوونەوە.

جارێکیان لەسەر ڕاپۆرتێك ئەو ڕازەی درکاند:

– هێزی دایك مەزنە، هەتا تاوان نەگاتە سەر ئێسك بڕیاری کوشتن مەدەن.

سەرۆك دادگا پەڕەیەکی هەڵدایەوە:

– بەڵێ، مەزنە، تەنیا ئەوانەی دوورن لە بەزەیی دایك، سەدان دایکیان بێ ڕۆڵە کردوە.

– بەڵێ، مرۆڤ بەبێ خۆشەویستی دایك و خاك لە ژیان بێبەرییە، ئەوەش

بزانه هەموو کەسێك دایکی هەیە، لە هەموو تاوانێکیا بۆی دەگری.

بەو جۆرە ئەستێرەی هێزی دایك بەسەر ئالآی بوونییەوە خەرمانەی دەکرد، شارای کتوپڕیان لە نیگایدا دەسازاند، بەناوهێنانی دایك سرودی خوێن چڕ دەیگرتەوە.

لەوساتەشدا، لە کەفی شرینقەکەوە ئەوانەی هاتە بەرچاو، لە شەپۆلو کەشێتی واشنتۆنەوە لاپەڕەی شۆڕش بە خەزانی بیرەوەریەوە هەڵدەدرانەوە، پەڕە پەڕە دەهاتنە ناو نیگایەوە، وەك ئەو ساتە دێڕ بە دێڕی دەخوێندنەوە، ئیمزاو مەرەکەبی نووسینەکانیان وەك ئەو کاتانە تازەبوون، بە فۆتۆیی وەك بروسکەی نەفخی ئەزەلی دەهاتنە ناو نیگایەوە، لەوەوە لاپەڕەکانی یانزەی ئازار بە روانینیەوە گیرسانەوە، وەك ئەو ساتەی خرانەوە بەردەمی، لێی روانین و جارێکی تر خوێندیەوە، بڕگە بە بڕگەی لێکدایەوە، ئۆتۆنۆمی و ماف چارەی خۆنووسین، بەڕێوەبردنی ئیدارەی کوردستان، داهات و بوواری سوپاو شارستانی و رۆشنبیری، بەشداری پێنج وەزیری کورد لە حکومەتی عێراقداو خاڵەکانی تری، ئەوسا قەڵەمە زەردەکەی لەبەر چرا لۆکسەکەدا گرت، قولآیی چاوی بڕیەوە کاغەزەکە، لە دانیشتوانی روانییەوەو ئیمزای کرد.

بەو خۆشییەوە چاوی بە دەوروبەردا گێڕایەوە، سەدام قەڵەمەکەی دانا، ئەویش سەیری کرد، کاتێکیش لە بەرزێوە رەوانەی کردن سەیری لوتکەی چیاکانی کرد، ئەوسا لەو هەلیکۆپتەرەی روانییەوە سەدام و ئیدریس و مەسعودی کوڕی تێدابوو، دوا جار دەستی چەپی بەرزکردەوە، بە نەشئەی سەرکەوتنەوە خوا حافیزی لێکردن، هەتا بەرزبووەوە هەر سەیری کردن، هەتا گەیشتنە سەر ئاستی کەرکوك.

یانزەی ئازار رۆژێك بوو لەلای، نەیدەتوانی رای خۆی لەسەری دەربڕێت، بەو وێنەیەوە کۆبوونەوەی بە مەکتەبی سیاسی کرد:

– بۆ یەکەم جارە لە مێژووی نەتەوەی کوردا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری،

بەهۆی بەڵگەنامەیەکی یاسایییەوە دانی بە مافە سیاسیەکانی کوردا نا، ئەو بەڵگەیە هەتا هەتایە دەمێنێتەوە، دەبێت ئیتر هەوڵبدەین بەرەو بەدیهاتنی تەواوی مافەکانمان.

کاتێك ناوی ئەو پێنج وەزیرەی ئیمزا کرد، دەست نیشان کرابوون ببنە نوێنەری کورد لە حکومەتی عێراقیدا، زەردە سەر لێوی گرت:

– ئیتر پێویستە خۆمان بۆ خەباتی شار ئامادە بکەین .

روی کردە سامی عەبدولڕەحمان :

– میللەتێك چاوەڕوانتانە، بزانم چۆن خزمەتی رەش و روتی کورد دەکەن؟.

بەو جۆرەش بەشداری لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا کرد، لەسەرتاسەری عێراقدا بەو بۆنەیەوە دەگێڕدران، ئیدریس و مەسعودی کردە نوێنەر، بۆ ئەوەی بچن بۆ ئەو ئاهەنگانەی لەبەغداد و بەسرەو شارەکانی تر رێکدەخران.

چوارساڵ بەو شێوەیە لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ ئەوەی بە ئاشتی کێشەکان چارەسەر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەعس بەردەوام کێشەی دەنایەوە، سەرەتا لە نەخشەی چوار مەلاوە بە مەبەستی گفتوگۆی ئاینی پەیوەندیان کردوو بە جێبێکی مینرێژ کراوەوە گەیشتنە لای و بلّند گۆکەیان تەقاندەوە، لەوساتەدا چایچیەکەی خۆی کردە شورای، ئەویش ژانێکی گەورەی گرتو بە بینینی خوێناوی جەستەیەوە فرمێسکی هەڵڕشتوو دەرونی وەك بوورکانی لێهات، دەستڕێژیش لەدەرەوە بەرزدەبووەوە، کتوپڕ تفەنگەکەی هەڵگرتو هاتەدەر، دکتۆر مەحمود دەستی گرت:

–ئەو تەقانە شۆفیری جێبەکەیان بوو کوژرا، بەڕەشاش تەقەی دەکرد، بڕوانە بارزانی لایتی جێبەکە رۆکێتی تیابوو، تەنیا خوا تۆی رزگار کرد، چی نەخشەیەك بوو بەعس بەهۆی ئەم مەلایانەوە بۆ تۆیان نایەوە؟.

بەو قسەیەوە جگەرەیەکی داگیرساندو مژی لێدا، دکتۆر مەحمود لێی روانی:

– جگەرەی چی دەخۆیت ؟ ئێستا خوا لە مەرگ رزگاری کردیت.

بەو جۆرەش بەعس هەنگاوی لەناوبردنی شۆڕشیان دەدا، هەتا دواجار بەر لە هەڵگیرساندنەوەی جەنگ ئەو وێنەیەی دیەوە، لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا دوا پێشنیازی خستەروو:

–خودا دەیزانێت من رقم لە جەنگ دەبێتەوە، بەڵام حکومەتی بەعس دەیەوێت واز بهێنین لە کەرکوك، خانەقین، شنگار، زۆر ناوچەی تر، ناچارین ئەگەر لە نێوچەوانمان نووسرابێت هەموومان لەناو بچین لەسەر کەرکوك، با بڕۆین، نامەوێت نەوەی کورد بێن و تف لە گۆڕەکەم بکەن، بڵێن بۆچی کەرکوکت فرۆشت؟.

بەو قسەیەوە لە شاخەکەی روانی، بایەکی تیژ لە پەنجەرەی ژوورەکەوە لە روخساریدا و لە روانینی دارو بەردەوە وێنەیەکی فۆتۆیی بۆ رەخسا، شنەی جەنگ هەڵگیرسانەوەی دەخستە نیگایەوە.

دوای ئەوە کەوتە هەوڵی بەردەوام، چەندین نامەی بۆ ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام نارد، ئەوان بەردەوام بیانویان دەگرت بۆ هەڵگیرساندنەوەی جەنگ، چەندین جار ئیدریسی نارد، هەتا لە دوا گفتوگۆیدا بە توندی وەڵامی سەدامی دایەوە:

– باشتر وایە مل بۆ داوای میللەتەکەتان دابنەوێنن، نەوەك بۆ شای ئێران، کەنداوی عەرەبی بدەنێ بە تواندنەوەی ئێمە، کە نەوەی عێراقین، ئەوسا متمانەی گەلانی عێراقتان لە دەست دەچێت و کوردیش بەهەموو دنیا ناتوێتەوە.

سەدام زۆر سڵی لە ئیدریس دەکردەوە، لەبەر ئەوەی عەرەبی زان و قسەکەرێکی بەتوانابوو، دوای روخانی کۆماری مەهاباد دور خرانەوە بۆ شارەکانی خوارووی عێراق و لەگەڵ مەسعودا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیان بە عەرەبی بوو، جگە لەوەش هەمیشە بە زۆری ئەو پەرتوکانەی دەخوێندەوە تایبەتمەند بوون بە حیکمەتو لە بۆتەی سیاسەتیشدا توابووەوەو قسەزانێکی

بلیمەت بوو، بۆیە سەدام چەند جار لە کاتی گفتوگۆدا پلانی بۆداناو هەوڵی کوشتنیدا، تەنانەت تەقە لەو مارسیدسەی کرا خۆی خەڵاتی کردبوو.

لەو کاتەشدا سەدام بەو قسەیەی کرژبوو، لە دڵی خۆیدا هێشتییەوە، هەردووکیان لە یەکتریان دەڕوانی، ئەویش دوا وتەی بوو، کاتێکیش گەیشتەوە مەکتەبی سیاسی دوا نییەتی رژێمی خستەروو:

– دەسەڵاتدارانی عێراق بە جۆرێك مێشکیان قفلْ بووە بە هیچ کلیلێك ناکرێتەوە، تەنیا وشەی جەنگیان لە دەم دەبێتەوە.

لەوساتەشدا، هەموو ئەوانە بەرچاویان گرتەوە، لە گومانی شرینقەکەو نمەی بارانی شوشەی پەنجەرەی ژوورەکەوە بەسەر گوڵی ژیانەوە دەنیشتەوە، بروسکەو چەخماخەی ترسناك مێشکیان دەتەنی، دەنگی تۆپ و فڕۆکەو جەستەو گیان لە ڕەزی کوشتاردا بەرزدەبووەوە، برژانگی بەسەرچاویەوە کەوانەیاندابوو، ببوونە پەرژینی بیرەوەری، لەگەڵ ڕەنگ و تیشکو کەشی ژورەکەشدا دەنیشتنەوەو راستدەبوونەوە، وەك ئەوەی بۆ جەنگێکی گەورە پرۆڤە بکەن، لەگەڵ نیگای قوڵیدا مات ببوون، بە تیشك و وێنەی نادیارەوە دەبریسکانەوەو بەجەنگ دەهاتن، لەناو ماتەمی فرمێسکی قەتیسی پێڵویدا دەبوون بە کۆتەڵی پرسەی گوڵی سەربازی ون.!!

## (6)

تەمێکی قەتیس وەك شارای جاڵجالۆکەی خەیاڵی بەرچاوی ژەنەڕاڵی گرتبوو، تیشکی ئاوێنەی چیای سەرکەشیان دەدایەوە، هەواو گوڵو گەڵاو دارو گژو گیاو خاکو خۆڵو مرۆڤ لەناو هێزی تەلێکسیدا ڕەنگیان دەدایەوە، دەزولەی مێشکیان تێکەڵاو دەکردەوە، کەڤ رۆحی وێنەی تاڤگەی کەفچڕێن دەتوایەوە، بە کەڤ شرینقەکەیشەوە هێندەی تر ڕەنگی تێزابی گومانیان دەسازاندو گەڵای سروشتیان دەوەراند.

لەوساتەشدا، پزیشکەکە بە نیشانەی ترسناکەوە شرینقەکەی دەکردە ناو سەرنجەوە، کەفەکەی دڵی داخورپاند، چاوی کەوتە ناو قوڵایی ئەفسانەیی، سەرسامیو ڕاڕایی گرتیەوەو گومانی دەیان ساڵی لەوساتەدا گرمۆڵە ببوو، ڕەنگی کوشندەی هەموو ئەو ساتانەی دەدایەوە، ژانو ڕشانەوە، هێڵنج و کۆکە ژیانیان تاڵ کردبوو، لەوەوە گومانی سەرتاسەری لە شرینقەو مردن و ژیان کردبوو.

یەکەم جار لەسەر چەرچەڤ خوێناوی بارزانەوە ئەو ڕێکەوتە مەرگەی بەسەردا کشا، کاتێك بە ناچاری چوو بۆ موسڵ لە بینینی پیاڵەیەك قاوەوە ئەو گومانەی کرد، لەوەوە لە ئاوێنەی نەهامەتی بارزانی دەڕوانیەوە، ئەوەش کارەساتێك بوو یادگاری چرکەی مان و نەمانیان پێکهێنابوو، کاتێك ڕژێم بە فڕۆکەو تۆپ و هێزی سەربازی ناوچەی بارزان و دەوروبەری ئاگردا، سەدان هاواری بەسەردا بەرزبووەوە، لە ڕوانینی بەردوو دارو شاخەوە دڵی دەسووتا، لەو خوێن ڕێژیەوە گڕی شۆڕش و چەرچەڤ ڕزگاری دەدیەوە، یەکەم جار لەسەر منداڵێکی بریندار وەستا، بە نیوە

جامانەیـــەك پڵێتـــەیان بـــۆ دەســـتە قرتاوەكـــەی كردبـــوو، بـــە پەڕۆیـــەكی ســـپی پێچـابوویانەوە، قیــژەو هــاوارو گریــانیش بــەرزدەبووەوە، ئــەوە ڕیشــەی هێنایــە دەرەوە، فرمێسكی بەسەردا ڕشت، دوای ئەوەش دەیـان كەسـی برینـدارو كـوژراوی تری بینیەوە، هێرشی رژێم لەچـەند قوڵێكـەوە شـاڵاوی دەهێنـا، فڕۆكـە بۆمبارانیـان دەكرد، سەنگەریان بە خۆفرۆشان دەبردە پێشـەوە، بـەو پێیـەش لەبـەر كـەرەنتوی پێشمەرگەدا دەكەوتن.

ئــەو هێرشــە چــەند ڕۆژێــك بــەردەوام بــوو، زرمــەی تەقینــەوەی تۆپــوو بۆمبــا ناوچەكەی دەلەرزاند، دوكەڵ لـە هـەموو بسـتە خاكێكـەوە بـەرز دەبـووەوە، لەگـەڵ دوكـەڵی ئـاگری ژێـر سـاجی نـاو ئەشـكەوتەكاندا تێكـەڵاودەبوون. لەسـەر لوتكـەو بەرزاییەوە بۆ ئاسمان دەكشان، ئەوەش ناچاری كردن هەموویان خۆیـان بپێچـنەوەو بۆ سنوری توركیا بكەونە ڕێ.

كـاتێكش بـۆ گفتوگـۆ ئامـادەبوو، ئـەو چەرچـەفە لەبەرچـاویدابوو، تەلیسـمی خوێنـاوی بـە نیگایـدا دەهـات، دوڵـی لـە سـەرەتای هەنگاونانیـدا گرتبوویـەوە، لەوساتەی لە بارزان دەرچوو لێـی ئاشـكرابوو، پیلانێكـە بۆیـان، ویسـتی ئـەو بڕیـارە بگۆڕێتو نەچێت بۆ موسڵ، چەندی كرد توانای ئەوەی نـەبوو قسـەی شـێخ ئەحمـەد بشكێنێت، بۆیە بە ناچـاری هـەنگاوی هەڵهێنایـەوە، كـاتێكیش لەگـەڵ موتەسـەڕیف كۆبووەوە ئەوانەی بیر هاتـەوە، لـە ڕوانـینی روخسـاریدا نهـێنی بـە دیـدەكرد، زیـاتر گومـانی گرمۆڵـە دەبـوو، لەوسـاتەی پیاڵەیـەك قـاوە خرایـە بـەردەمی، لـەرزیو دڵـی گوشرا، بـە دەسـتی چـەپی بـەرزی كـردەوەو سـەیری كـرد، لـە شوشـەكەوە ڕاڕایـی گرتیـەوە، دەزولـەی چـاوی ئاڵۆسـكا، بروسـكەی پیـادا دەهـات، زەنگـی ڕۆژگـاری سەختی ڕابردو مێشكی دەگرتەوە، بارینی ئاگرو ئاسن و قـەتارەی كۆچـی خوێنـاوی هەموو بارزان بۆ توركیا.

ئەو كاروانە وەك ڕیزە تـابووتی نـەمری دەهاتـەوە بەرچـاوی، كرێـوە و سـەرمای سەرشاخ و لاپاڵ و دۆڵ و نشـێوی توشـی حەژمـەت و ئـازاری كوشـندەیان كردبـوو،

زریکـەو هـاوار و سـوتان و کـاولبوون هـەمووی ببوونـە فیلمێکـی زینـد و لەبەرچـاوی لێدەدرانەوە، چەند جار منداڵی گرتـە بـاوەش و کـۆڵی کردنـو دەسـتی پـەك کەوتـەو ڕیش سپی دەگرت، لەسەر سنور ژنێك لە بەردەمیدا کەوتـە هـاوار، کتـوپڕ ڕاپـەڕی و کۆڵی کرد هەتا گەیاندییە ئاگرێك، ئەوسا لە دوورەوە دایناو ئاگرەکەی بۆ خۆشکرد.

لەو شاخەدا توشی چەندەها سەرما بردەڵەی تربوون، بە کردنەوەی دەیـان ئـاگر لەو ترسناکیە ڕزگاریان دەبوو، لەناو خاکی تورکیاشدا بـەو جـۆرە تووشـی سـەرمای زۆر هاتنـەوە، ژەنـەڕاڵ بەناچـاری لـە کـاتی گفتوگـۆدا نامـەی بـۆ سـەرۆك هۆزەکـان نووسی، دەستی یارمەتی گرتەوە، کاتێکش نوێنـەری تورکیـا وەڵامـی دانـەوە لێـوی خۆی کرۆشت و گومانی لەو پەنابەریەیان پەیدا کرد، هێزێکی پێشمەرگەی بـە نهـێنی لەسەر سنور هێشتەوە، ئەوسا بڕیاری ڕۆیشتنیدا، بـە ژێـر بـاڵی سـەرماو تۆفانـدا بـۆ سەربازخانەیەکی ترسناك بەڕێکران.

لەوساتەشدا، ئەوەی بیرهاتـەوە، لەگـەڵ نیگـای موتەسـەڕیف و پیاڵـە قاوەکـەدا ڕەنگی تێکەڵ دەهات، ئەو گومانە بەسەر ئەو سـاتەدا دەنیشـتەوە، لاوێکـی بـارزانی بەپەشۆکاویەوە لەو ترسناکییەدا هاتە بەردەمی:

– سەیدا شێخ ئەحمەدو زۆربەی خێزانی ئاوارە درانەوە بە عێراق.

بەو قسەیە تفی کردە سەرزەوی، لێوی خـۆی کرۆشـت و بـەو ئـازارەوە ڕاپـەڕی، هەرچی خێزان و پیـاوو کەسـی تـری بـارزانی مـابوو کـۆی کردنـەوە، خـۆی و چـەند پێشـمەرگەیەك پارێزگاریـان کردنـوو کەوتنـە ڕێ، لەگـەڵ سـەرماو کێشـەی منـداڵ و خێزانـدا هەڵدەگەڕانـەوە و فیشـەکیان دەتەقانـد، لەچـەند کـەمین و پـەلاماردا بـەو جۆرە ڕزگاریان بوو.

لـە یەکـەم ڕۆژی گەڕانەوەیانـدا ئـەو شـالاۆەیان توشـهات، ژەنـەڕاڵ بـە ناچـاری ئەسـپێکی بـەناوبانگی خـۆی فرۆشـت، هـەتا کرێـی ولاخ و خـواردن بـۆ پـەك کەوتـە بـدات، بـەو جـۆرەش لـە ڕێگـای سـەختدا سـەرما بردەڵـەی دەکـردە کـۆڵ، پـەلی ڕادەکێشان، نانی بۆ منداڵ و ولاخ سوار دەبرد، ڕچـەی بـۆ پیـادە دەشـکاند، کاتێـك

گەیشـتەوە سـەر سـنور تفـەنگی پـاك كـردەوە و فیشـەكدانی پڕكـردەوە، هـەموو پێشمەرگەكانی خڕكردەوە:

– دەوڵەتی تورك بێ پەیمانە، نەك پەنای نەداین خیانەتیشی لێكـردین، ئـەوەش حكومەتی عێراقە، ئێستا تەنیا هێز لە دەستی خۆماندایە، هـەتا خـوا چـارەنووسمان دەگۆڕێت، هەموو ئالآی مان یان نەمان بخەنە ناو مێشكتانەوە.

بەو پەیمانەوە لەگەڵ سەرمای كوشندەدا بەرەو بارزان كەوتنـە ڕێ، لـە ڕووبـەری ئاگرو ئاسنو تۆفاندا هەنگاویان دەنا، بەرەو مەرگ دەچوون و گیان بـازی توانایـەكی ئەفسـانەیی پێبەخشـی بـوون، رۆحیـان خسـتبووە سـەر لـەپی دەسـت، بـەو رۆحەیشـەوە هەرچـی دەهاتـە سـەر ڕێگایـان لەپڕێكـدا تـەفرو تونـا دەبـوو، هـەموو بنكەی ئەو ناوچەیەشیان لە چەكداری رژێم پاككردەوە.

ئەو ترسە چـووە دڵـی ڕژێمـەوە، ناچـار نوێنـەری نـاردە لای، ئـەویش یەكڕاسـت زانی نەخشەیەكە بۆ گرتنی كتوپڕ بەرپەرچی دایەوە:

– چارە تەنیا گەڕانەوەی شێخ ئەحمەدو هاوڕێكانیەتی، ئێوە بە ناپاكی لـە پـاڵ گفتوگۆو لێبووردندا گرتوتانن.

لەوساتەشدا، ئەوەی بیرهاتەوەو بە ناچـاری مردنـی لـەپێ كـرد، لـە كاتێكـدا لـە قـاوەو رەنگـی موتەسەڕیفیشـی دەڕوانـی دەیزانـی، ژەهـری تێكـراوە، بـەڵام دەمـی پێوەناو هەڵیقوڕاند.

موتەسـەریف خەنـدە گرتییـەوە، هـەر ئـەوەبوو شـاڵاوی ترسـناك ڕووی تێكـرد، چەخماخە بە چاویدا دەهات، تفـی دەكـردەوە، لەشـی قـورس دەبـوو، بـە جـەنگ و جوڵەی جەستەیی دەزوولەی مردنی دەپچڕاند.

بەو شـێوەیە كەوتـە گـەرداوی مەرگـەوە، هـەتا چـەند سـەرۆك هـۆزێكی عـەرەب هاتن بە هانایەوەو بردیانە ناو چـادری خۆیـانو لـە مـەرگی ژەهرەكـە رزگاریـان كـرد، لەگەڵ ئەوەشدا دوو هەفتە لەیاری ژیان و مەرگدا بێهۆش بوو.

لە ڕوانینی كوتانەوەی زەویشدا لەناو ئۆتـۆمبیلی سـەربازیدا هـەمان چەشـن گێـژ

ببـوو، دارو درەخـت لەبەرچـاوی دەخولانـەوە، لـە نێـوان گونـدو شـارو شارۆچـکەدا دەکەوتە ئاهەنگسازی مەرگ و ژیانەوە، پیاڵەی ژەهرەکە لەبەرچـاوی دەزرنگایـەوە، تفی دەکـردەوە، هێڵنجـی دەدا، گومـانی لـە هـەواش بـۆ دروسـت ببـوو، بـە خـەیاڵ باوەشی بە گەڵاو درەختی کەژو کێودا دەکـرد، لەگـەڵ بـەردو خۆڵـوو گـژو گیـاو دارا زەماوەندی ڕۆحی دەسازاندو سەنگەری نوێی هەڵدەکەند.

ئەو وێنانە لە بەندیخانەشـدا ڕەنگیـان دەدایـەوە، تـاریکی و ئاسـۆیی لـەو تەوقـە ئاسنەدا تەواو باڵی بەسەردا کێشابوو، کاژی ژەهرەکە بە جەسـتەیەوە دەردەکـەوت، مێشکی دەسوڕایەوەو بێ زەوق و هێزو توانا ببوو.

یەکەمجار لەو تاریکیەدا قاپێك شـۆربایان خسـتە بـەردەم، ئـەوە کـەمێك هۆشـی بەبـەردا کـردەوە، دوای ئـەوە هاتـەوە سـەرخۆی، لـەو تاریکیـەدا لەگـەڵ زۆربـەی سـەرکردەی تـردا یـەکیان گرتـەوە، بـیری شـێخ مـەحمودی کـردەوە، لـە بنمـیچ و دیـوارەوە وێنەکـەی دەدیـەوە، سـێبەری بەندیخانـەی کۆتـایش هێشـووی بەسـەردا دەکردن.

ئەو ماوەیە توشی ئاوێنەی تێشکاوی بووەوە، کاتێکیش لە موسل بەڕێ کرا ئـەو شاڵاوە گرتییەوە، لەناو تاریکی ژوورەکانیشدا لەو گفتوگۆیەدابوو، هـەوری خوێنـاوی لەو تاریکیەدا لەگەڵ هیواو ئاواتیدا بەجەنگ دەهاتن.

ئەو دژایەتییەی مایەوە لە ڕوانینی دەشت و دارخورمـاو شـارو شارۆچـکەی سـەر ڕێگای دەڕوانییەوە، بە کەلەپچـەکەی دەسـتیەوە نیگـای ئازادانـە هەڵدەفڕی، هـەتا لەناو شـاری ناسـریەدا لـە ئوتۆمبێـل دابـەزی، هـەمان تەلیسـم گرتبوویـەوە، لەگـەڵ هـەموو بێزاریەکـدا ڕەگـی ڕزگـاربوون دەیگرتـەوە، بـەو ڕوانینـەوە لـە هـەموو شـتێك ورددەبووەوە، خەوو خواردنو گەڕانی بەو هیوایەوە بەسەر دەبـرد، ڕۆژێـك نەخۆشـی و بروسکەی ژەهر خواردوویی لەشی گرتەوە، ناسیاوێکی لـەو شـارەدا بـردی بـۆ لای پزیشك، ئەویش سەیری کردو شرینقەیەکی بۆ کرد، لەپێشان گومان گرتییـەوەو لێـی دودڵ بـوو، ئـەویش لێـی ڕوانـی، نیگـای بڕیـە ئاسمـان و ئـەو ترسـەی شـکاند، بـەو

ئاماژەیە دڵی پاك كردەوە و نیشانەی ئاسۆیی خستەوە بەرچاوی.

ئەو ڕاستییە لەو شارەدا ڕۆژ بە ڕۆژ پتەو تر دەبوو، ئەو خەڵكانەی دەناسی، ئاسۆیان دەخستە بەرچاوی، لەكاتی گواستنەوەشیدا بۆ ئاڵتون كۆپری و كفری و دواجار بۆ سلێمانی ئەو هیوایەی زیاتر پەرەی دەسەند.

لە كەڤ شرینقەكەیشەوە ئەوانەی بیرهاتەوە، نیگای بە ئاسمانی بیرەوەریەوە تەونچن ببوو، ریشاڵی گومانی ئەو زەمەنە نادیارانە دەیگرتەوە، لەو روانینەوە وێنەی لە نازەمەندا دەدۆزیەوە. وەك ئەو ساتە بە لاپەڕەی بیرەوەریەكانی بە ئاسمانی سلێمانیەوە گیرسایەوە.

ڕۆژێك بەو بیرەوە چاوی هەڵدەفڕی، لە كاتێكدا سەیری ئاسمانی دەكرد كەشتی ئەسكەندەرو لافاوی نوحی دەبینیەوە، لە یەككگرتنەوەی كەشی هەورو تیشكی خۆرەوە وێنەیەكی گەورەی بۆ ڕەخسا، ئاسۆی حەوت ساڵ دەستبەسەری لە تەمەنیدا خەرمانەیدا.

ڕۆژ بە ڕۆژ ڕاستی ئەو شالاوەی لە باس و كێشەو ململانێدا دەدیەوە، دەرفەتێكی گەورەی بۆ كرایەوە، لە پەیوەندی كەسایەتی رامیاری و نیشتمان پەروەرو شاعیرو نووسەران و خەڵكی تر، لە شێخ مەحمود نزیك كەوتەوە، چەند جار بە نهێنی نامەی بۆ نارد، جارێكیش پیرۆزبایی دو ژمارەی ڕۆژنامەی بانگی حەقی لێكرد:

– باوكی گەورەمان جەنابی شێخ مەحمود، جێگەی شەرەفە لەناو ئەشكەوتی داری كەلی دوو ژمارە لەو ڕۆژنامەیەم دەستكەوت، لە ئەشكەوتێكدا دەرتان كردوە، ئەوە ئاسۆیەكی روونی تیایە بۆ كورد.

بەو جۆرەش ئاسۆی فراوانی بۆ كرایەوە، هەر لە مزگەوتی گەورەش هەر دوانزە زانستەكەی ئاییینی تەواو كرد، ڕۆژانە نوقمی خوێندنەوەو بەسەراچونەوەی بیری نوێی كۆمەڵگا دەبوو، لە چركەو ساتە وەختی بیرەوەریدا بەسەر ئاوێنەی بارزاندا دەچوەوە، ڕۆژێك بەو سەوداسەریەوە

خوێنی جۆشا، بۆ ئەو مەبەستە چووە لای شێخ ئەحمەد:

– دەمەوێت بچمەوە بارزان ئیتر کاتی ڕاپەڕینە.

شێخ هەناسەی هەڵکێشا:

– نەکەی چڕی مەسەلەی جەنگ ڕوون نییە.

ئەوە خستییە ناو بیرکردنەوەی قوڵەوە، بەو تەلیسمەوە لە ژوورەکەیدا ڕاکشاو چاوی بڕیە بنمیچەکە.

تەژەو دارو پەردوی رەش داگەڕابوون، ئەم سەر بۆ ئەو سەر خەت خەت ببوو، حەسیری بنمیچەکەی لەهەموو لایەکەوە خۆڵی پیادا دەهاتە خوارەوە، لەوەوە وێنەی روداوی رۆژگاری رەشی بارزان بە بەرچاویدا رادەبوورد، هەتا لەو گەرداوە سەختەدا نوقم بوو، نیگای لەو شەپۆلانەدا گیرسایەوە، دەواری ڕەشی ئەو جەنگەی بیرهاتەوە، بەسەر عەشیرەتی شیروانیدا هەڵدرا، کاتێك کەوتنە بەر زوڵم و زۆرو کوشتن ناچار هێزی کۆکردەوە، بە وێنەی تاڵانی سامانی ئەو گوندانەوە لەپێش هێزەکەیەوە بەسەر دارو بەردا هەنگاوی دەنا، کاتێك گەیشتە بەرەی جەنگ سێ خەتی کێشا، لە گرگاڵ و کولەك و بابلیەوە بە بازنەیەك هەموو هێزەکە لە خەتێکی ڕاستدا یەکیان گرتەوە، برا دۆستی گەمارۆبوون، ئەوسا ئاگر لەسەر هەموو لوتکەی بەرزدا کرایەوە.

ئەو وێنەیە ڕوانینی فراوانتر کرد، ئەو دڵۆپە فرمێسکانە لەبەرچاوی ڕێچکەیان دەبەست، لەسەر تەرمی ژنێك رشتی، لەبەردەمی مزگەوتی بارزاندا خوێن لەشی پۆشی بوو، کاتێك چاوی کرد لەرزی و دانەویەوە سەری:

– ژنی مەرد شەهید کرایت؟، خوێنت تیشکی خۆری ئازادیە.

ئەو ژانە لەهەموو جەنگێکی براکوژیدا دەیگرتەوە، برینیان دەخستە جەرگ و دڵیەوە، لەو کاتەشدا لـــە کۆبوونەوەی سەرۆك هۆزانی ناوچەکە بە توندی پەنجەی خستە سەر:

– ئەمە کارەساتە، ئینگلیز دەیەوێت یەکتریمان پێ ببڕێنێتەوە، برا دۆستیش

بەپارە خیانەتیان لە هەمووومان کرد.

ئەو شالاّوە جارێکی تریش گرتییەوە، دوەم جار برا دۆستی هێرشـێکی فراوانیـان کردەوە، ئەوەی بە نیشانەی ترسناك زانـی، بـەو بـیرەوە لەسـەر لوتکەیـەك سـەیری کرد، ئەوسا بـە وردی نەخشـەی جـەنگی کێشـا، دوای ئـەوە تەقـە دەسـتی پێکـرد، خۆی بە هێزێکەوە لە بەشی باشورەوە کشا، لە چەند کاتژمێرێکدا پشـتی ئـەو هێـزە گیرا، تەنیا دۆڵێك بۆ ڕاکردنـی بـرا دۆسـتیەکان مایـەوە، هەرچـی کەلوپـەلی تالاّنیـان هەبوو هەمووی بەجێما.

ئەوە ڕووداوێکـی ترسـناك بـوو لـەلای، بـەو جـۆرەیش ئـەوەی خسـتە بـەردەمی سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکەو هەوڵیدا هەتا ئەو ناکۆکیەی نەهێشت.

لەوساتەشدا، ئەو گرەیە گرتیەوە، ڕەشـی بنمـیچ و تـەژەو دار ئـەو تەلیسـمەیان بەسەرو ڕویەوە هەڵ کردەوە، لە کەڤ شرینقەکەیشەوە ئەوانەی دەدیـەوە، شـێیەکی خۆخـواردو لەسەرچـاوی نیشـتبوو، تــــەم و ماتــەمی شــەپۆلی ژیــانی لەســەر گرمۆڵـەدەبووەوە، وەکـو دەریـای شـالاّوبەر لافـاوی بـیرەوەری بەسـەردا دەهـات، ڕوانینی نوقمی هـەزاران تیشـکی تـەلیکس ببـوو، لـە دڵۆپـەی فرمێسـکیدا شـەوقیان دەدایەوە، وەك بە فۆتۆی بیرەوەریەوە مۆمیا بووبێت، بەو جـۆرە ڕاڕەوی خوێنـاوی بیر دەهاتەوەو خڕۆکەی لەناو دەماریدا دەخرۆشاند.

زۆر جار لەو ژیانە ئاڵۆزەیدا تووشی ئـەو مۆمیابوونـە دەهـاتو نەشـتەری ویـژدانی جەستەی هەڵدەکۆڵی.

جارێك ئەو دەردەی گرت، لە کاتێکدا هەژارێکی بینی پـاڵی بـە دیـواری مزگـەوتی گـەورەوە دابـووەوە، هـەردو قاچـی ڕاکێشـا بـوو، زامـی دەسـت و قـاچ و ئـەژنۆی مێشـیان لەســەر نیشـتبوو، سـاتێك سـەیری کـرد، ئەوسـا لێـی چـووە پێشـەوەو مێشەکانی لەسەر دەرکرد، ئەویش داچڵەکی و هاواری کرد:

– چیت کرد بۆ جەرگت دەرهێنام.؟ تێرەکانت دەرکرد هەتا برسیەکان بمخۆن؟

ئەو هەڵمە بەجۆرێك گرتییەوە هەرگیز لە بیری نەدەچووەوە، لـەو کاتەشـدا بـەو

ئازارەوە ڕاکشا، لە ڕەشی و دوکەڵی بنمیچەکەوە مۆمیای خەیاڵ ببوو، دەیان دەزولەی بیر دەهاتەوە، بەسەر گەڵای ڕەشی ئەو ڕۆژەدا گیرسایەوە، لە جەنگی ئاکرێدا بینی، ئەوە کارەساتێکی گەورەبوو لەلای، بەو ژانەوە لەبن دارێکدا وەستاو لەو نەخۆشەی دەڕوانی، لە ناکاو هەژارێك هاتە بەردەمی:

– سەیدا ئەو هۆزانە ماڵی منیشیان تاڵان کرد.

ئەو قسەیە وەك نەشتەر گرتییەوە، دوای ئەوەش چەندین جار خەڵکی تری دەدیەوە، ئەو قسەیەیان دەگوتەوە، ئەو بروسکەیە مێشکی دەهەژاند، بەو مەترسییەوە لە گەرداوی بیرکردنەوەدا زەنگی قسەکەی شێخ ئەحمەد لە مێشکی دایەوە:

– ئایا ئێوە ڕازی دەبن خەڵکی ماڵتان تاڵان بکات؟ ئەوە نیشانەیەکی ترسناکە نیشتمان بە تاڵانی ڕزگاری نابێت.

ئەو تەزوە دەماری بینینی گرتەوە، وێنەی ئەو دانیشتنەو هەموو سەرۆك هۆزانی ناوچەکەی خستەوە بەرچاو، لەپڕ لە وێنەی زامی هەژارەکەوە موچرکەیەك بە لەشیدا هات.

لەوساتەشدا، لەو برینەوە ترس و پێشهاتی بۆ دروستبوو، لەگەڵ بیرەوەریدا خەتی تاریکیان دەکێشا، توشی تەنیایی دەهات.

هەر لەوکاتەی پیاڵە قاوەکەی خواردەوە ئەو تەنیاییە روی تێکردبوو، بەردەوام بیری لێدەکردەوە و ئازاری دەچەشت، رۆژێك لەسەر شەقامێکی شار بە تەنیا دەگەڕا، بەو گومانەوە لەگەڵ پروشەی بەفردا کەوتە یاری رۆحی و پەنجەی ڕاکێشا:

– چەند ساڵە تەنیام و بووم بە قەڵغانی ئازاری نەتەوەو لەچاوەڕوانی بەرەو ڕزگاریدام ، زەمینەی ئێمەش لەبار نییە بۆ شۆڕش، چین و نەتەوەو سنورو خاك هەمووی شیرازەی پچڕاوە.

ئەو کرۆکە بەردەوام دەیگرت و رۆژانە بیری لێدەکردەوە، لە ماڵی هاوڕێیەکی

لەگەڵ دوو ئەفسەردا تووشی ئەو کیشمە کێشە هات و ئەو پێشنیازەی خستەڕوو:

– حیزبوو ڕێکخراوی بەهێزمان نییە، شێوازەی چینایەتی پچڕاوە، کارەساتی شۆڕشی بارزان ئەوەبوو تەنیا ئێمە دەجەنگاین و هۆزو ناوچەی تر بەشدار نەبوون، ئەگەر هەموو چین و توێژی کۆمەڵ ڕانەپەڕن ئەوا هەموو سەرهەڵدانێك كپ دەبێتەوە.

خامۆشی ژورەکەی گرتبوو، بۆ چرکەیەك هەموویان پیاڵە چایان بە دەستەوەبوو لە یەکتریان دەڕوانی، دواجار ئەفسەری یەکەم لە بەرامبەریەوە پشتگیری لە قسەکەی کرد:

– نەبوونی ڕێگای ئاسن و دەریا، ئەوانە بەربەستی یەکگرتنەوەی ئێمەن و چوار دەورمان تەلبەندە.

بەو قسەیەوە جگەرەیەکی داگیرساند:

– ئەوەش نەخشەی لەت لەت کردنی کوردستانە، لە کاتێکدا زۆربەی گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکا لە خەباتدان، گەلی ئێمەش ژێر دەستەیەو هیچ ئامادەکاریەکی نییە، لەهەموو کاتێکیشدا شۆڕشی سەرتاسەری پێویستە، ئەوەش بە ڕۆڵی گرنگی ڕاگەیاندن و هۆکاری پەیوەندی ناوخۆیی و جیهانی دەکرێت.

بەو قسەیەوە مژێکی تری لە جگەرەکەی دایەوەو هەناسەی هەڵکێشا، ئەوسا چاوی بەناو ژورەکەدا گێڕا، کتێبخانەو وێنەی سەر دیوار، پاشان سەیری ئەفسەری دووەمی کرد، لە دەستە چەپیەوە دانیشتبوو، تا ئەوساتە بێدەنگ بوو، لەو هەلەدا پشتگیری قسەکەی کردەوە:

– ئێمە لە هەموو رویەکەوە دواکەوتووین، ئەوەتا چەندین حزبی وەك هیواو برایەتی خوێبوون، .هتد دروست دەبن، کەچی هیچ گۆڕانیان بۆ ناکرێت، حزب مانای تیۆری شۆڕشگێڕانەیە ئەوەش نمونەی لینینە، توانی حەوت سەد ملیون کەس رزگار بکات، بە تیۆر بوونیادی کۆمەڵگەی گۆڕی.

ژەنەڕاڵ تا ئەو کاتە بیری دەکردەوە، لەوساتەدا دوا مژی لە جگەرەکەی

دایەوەو دەستی لە ژێر چەناگەی لابرد:

– ئەوان تەنیا دەسەڵاتی خۆیان گۆڕیوە، نەوەك داگیرکەر، بەڵام ئێمە دابەش و داگیرکراوین.

بێدەنگی ساتێك گرتنیەوە، دوای ئەوەی جگەرەیان کوژاندەوە، ئەفسەری یەکەم شانی لەسەر سەرینەکە لابردو خۆی راستکردەوە:

– راستە پێویستە خەبات سنور بکێشێت. هەرگیز سێوو پرتەقاڵ لەسەر سنور دانانرێت، بەڵکو پێویستی بە تێکۆشانە، ئێمە خەباتمان سەختترە لە شۆڕشی گەلانی جیهان.

ئەفسەری دووەم لێوی خۆی کرۆشت:

– من بڕوام بە شۆڕشی سەرتاسەرییەو بە تیۆری شۆڕشگێڕانە، جگە لەوەی کۆمەڵ تەواو هۆشیار بکرێتەوە هیچ چارەیەکی تر نییە.

لەوساتەدا، میاوەی دو پشیلە هەموو دەنگێکیان وەستاند، بە بێدەنگی لە یەکتریان دەڕوانی، ئەفسەری یەکو دوو لێیان دەڕوانی، ئەویش بیری دەکردەوە، ئەفسەری دووەم لەو هەلەدا کرۆکی خۆی کردەوە:

– ئێمە زەمینەمان لەبار نییە لە ڕوی چینایەتی و کۆمەڵایەتییەوە، کام ڕێکخراو خاوەنی بیروباوەڕێکن، لەناو عەقڵی کوردا کار بکات،؟ گرنگ شیکردنەوەی بارودۆخی کوردستانە، منو تۆ بەشداری شۆڕشی شێخ مەحمودمان کرد، پێیان دەگوتین عارەق خۆر و فەڕماسۆن، ئەم کۆمەڵگایە زۆری ماوە شۆڕشی گەورە بکات.

ژەنەڕاڵ بێدەنگ ببوو، گوێی لەو مشتومڕە دەگرت، لە بێدەنگی ئەوەوە ئەفسەری یەکەم شەپۆلی خستە ناو وتوێژەوە:

– ئێمە مەبەستمان کیشەی نەتەوەیی و حیزبی پێشڕەوە، کە ڕەمزە بۆ کورد.

ئەوەی گوت و سەیری هەردووکیانی کرد، لەوساتەدا جگەرەیەکی داگیرساندو هەناسەی هەڵکێشا، ئەفسەری دووەم بەم دیودا وەرچەرخاو خۆی نزیککردەوە:

– ئەوە ڕاستە زەمینەی ئـەو کاتـەش هـەر هـەڵگری ئـەو جوڵانەوەیـەبوو، بـەڵام ئێسـتا بـارودۆخێکی تـرەو باسـی حیزبایـەتی و شـۆڕش و خسـتنە گـەڕی عـەقڵی ڕۆشنبیرییە، با بەپێی قۆناغ بیر بکەینەوە.

ژەنەڕاڵ بـەبیری ئـەو دایەلۆگـەی نێوانیانـەوە بـیری کـردەوە، هـەتا مانـدوبوون، لەوساتەدا خۆی راست کردەوەو لێوی خۆی کرۆشت:

– باری ڕامیاری هیچ کام لەو دەوڵەتانەی سەر سنور ئاسۆ ناخەنـە سـەر ئێمـە، ئەگەر هێزی خۆمان نەبێت. ئەوەش کات و شوێن و زەمـەنی تایبـەتی مـاوە، لەگـەڵ ئەوەشدا نابێت بووەستین و ئەو ئاسۆیە بە خەبات دەکرێتەوە.

ئەفسەری یەکەم دەستی لەسەر چەناگەی لابرد:

– مەبەسـتم ئـەوەبوو، کۆمـەڵ کامـڵ ببێـت، ئـەوە ئامـانجی هەموومانـە، مـادام لەسـەر کێشـەی نەتەوایـەتی یەکدەگرینـەوە مانـای یـەك بڕوامـان هەیـە، بـەوەش دەگەینە یەك.

هەواڵی جەنگی روسیا هەموویانی بێدەنگ کرد، گوێیان بۆ دواین هێرشـی ئـەڵمان گرت.

ئەو بیرەوەرییە هەمیشە وەك ئاوێنە لـەلای شـەوقی دەدایـەوە، هـەر کـات بـیری لێبکردایەتـەوە ڕەنگـو ڕووی هـەردوو ئەفسـەرەکەی دەخسـتەوە بەرچـاو، ئـەو گفتوگۆیـەی لەگەڵـدا دەکردنـەوە، لـەو ماوەیەشـدا چـەندین جـار تووشـی ئـەو وتووێژانەدەبووەوە، ڕۆژێك دوای ئـەوە چـەند ئەفسـەرێکی ئینگلیـز هـاتن بـۆ لای و ڕاستەوخۆ کەوتنە قسە:

– تۆ سەرکردەیەکی زۆر بە توانا ناسراویت لەلای خەڵك، بڕۆ بـۆ هـەولێرو بـارزان و موسڵ شۆڕش بکە، ئێمەی بەریتانیا پەیمانت دەدەینێ دەوڵـەتی کـوردی دروسـت بکەن.

ئەوە خستیە بیرکردنەوەی قوڵەوە، لێوی خۆی گەست و نهێنییەکی بـەدی کـرد، ئەو ڕازەی تەنیا بۆ شێخ ئەحمەد درکاند، ئەویش هەمان بۆچونی هەبوو:

– ئینگلیز سیاسین دەزانن جەنگ بەرە و کۆتایی دەچێت، دەیانـەوێت بمانکـەن بە داش.

دوای ئەوە نەخشەی ڕاکردن و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشـی دادەنـا، ڕۆژێـك لـەبن دارێکی پەل بەرزدا هەمووی هاتەوە بەرچاو، سەیری دارو درەخت و گـژو گیـاو خـاك و خۆڵی دەکـرد، ئـەو دەنـگ و وێنانـەی دەدیـەوە، بەسـەر هـەموو بیرەوەریەکانیـدا چوەوە، کاتێك هاتەوە بۆ ناو شار بـە نهـێنی نامـەی بـۆ شـێخ مـەحمود نـارد، هـەتا بگەڕێتەوە بۆ بارزان، ئەویش بەنامەیەك شێخ لەتیفی راسپارد:

– دەزانم جێگەی مـن و دڵسـۆزانی تـر دەگرێتـەوە، دەبیتـە ئاسـۆ بـۆ نەتـەوەی کورد، ئەگەر لەسەر ئەو لە سێدارەش بدرێیت قەیدی نییە.

بـەو نەخشـەیەوە شـانزە کەسـی لـە پیـاوانی نزیکـی دیـاری کـرد، پرۆسـەی دەرکردنی لەناو شارەوە دەستی پێکرد، هەر لـەو کاتـەی یەکـەم جـار بـە نهـێنی لـە شار دەرچو لەسەر لوتکەی ئەزمەڕ وەستا، چاوی بە شـارەکەدا خشـاند، پاشـان بـە خەمەوە رووی کردە بەری رۆژئاوا، زنجیرە شاخی قەرەداغی خوێندەوە، لـە ئاسـۆی کەرکوکـەوە لێـی روانـی هـەتا کۆتـایی چـەمانەوەی بـەرەو دەربەنـدیخان، ئەوسـا رۆژهەڵاتی بینیەوە، لە ئاسۆی عەربەتەوە تا بـەردەمی خـۆی، پاشـان رویکـردە لای راستو پیرە مەگرونی خستە دڵیەوە، لە بەرزیەوە هەتا بنار، ئەوسـا نیگـای بڕیـە نـاو شارو وەك بووکێکی خواوەندی هاتە ناو روانینیەوە:

– دەشتێکی بەرین لەناو زنجیرە شاخ و چیای بڵنـدا بـە تەلیسـیمی ئەفسانەیی رۆژگار دیلکراو.

بـەو وێنەیـەوە چـنگێك قـوڕی هـەڵگرت و بـەردێکی پـێ سـیواخدا، کتـوپڕ ڕوی وەرگێڕاو بڕیاری خەباتیدا، کاتێك لە دیوەخانی شێخ لەتیفیش دانیشتبوو ئـەو گـڕەو پەیمانە گرتبوویەوە، هەر نانی ئێوارەی خوارد خـوێنی جۆشـا، لەگـەڵ ڕێبەرەکانیـدا کەوتە ڕێ، بە تەزوی بیرو پەیمانی خاکەوە پەیوەسـتە ببـوو، هـەتا گەیشـتە شـاری شنۆش بەو گەرداوانـەوە نقـوم ببـوو، لەگـەڵ شـنەی شـەماڵدا وێنـەی ڕەنگـاوڕەنگی

دەدايەوە.

لەوساتەشدا، لە كەڤ شرينقەكەوە ئـەو وێنانـەی هاتـەوە بەرچـاو، ڕوخسـاری لـە بـوونی قڵـش و ڕەشـی تـەژەو بنميچـەوە دەديـەوە، وەك قـەوزەی نـاو ئـاوی بـەر سێبەری مانگ ڕەنگی دەدايەوە، لـەوەوە شـنەی ئـەو كاتـە گرتيـەوە، بـە گيانبـازی پێشمەرگەوە ڕۆحی بەسەر شاخ و كێودا دەتوايەوەو دەيان كەس لێی كۆبوونەوە:

– بارزانی هەتا دوا دڵۆپی خوێن.

ئەو وێنەيەی سات بە سـات بـەهێزتر دەبـوو، كاتێـك گەيشـتەوە بـارزان هـەزاران كەس ئەو بانگەوازەيان دەكردەوە.

ئـەو تينوێتيـە تەليسـمی گـەورەی بـۆ ڕەخسـاندبوو، دو كاتـژمێر لەوەوبـەر لـە جەنگی شانەدەردا ڕشتبووی، دڵۆپەی ئـازارو خـەمی لێـدەباری، بـەو دەرونەيشـەوە وەك گزنگ لە يەكەم نەخشەی گەمارۆداندا توانيان دەست بەسەر بنكەكەدا بگرن.

پاش ئەو سەركەوتنە ژەنـەڕاڵ لـەژێر درەختێكـدا ئـارامی گـرت، كەوتـە دەريـای بيركردنـەوەوە، ئـەو شـالاّوە وێنـەی ڕاسـتەقينەی ئـەو ڕۆژانـەی بـوو، كاتێـك پێـی خسـتەوە نـاو خـاكی بـارزان، بروسـكەی لـەو دەنگـو ناڵـەو هاوارانـەوە دەديـەوە، بەسەريدا دەهات:

– بارزانی، بارزانی، سەيدا.

ئـەو ڕوخسـارە ماتـەمينی ئـەو سـالانەی لـەلا زينـدو دەكـردەوە، پڕبـوون لـە بـيرەوەری سـەخت، ئـالای ئـەزمونی خۆڕاگريـان لەسـەر هـەڵكردبوو، لـە گيـانی پێشـمەرگەوە پـەيمانی تـا دوا دڵـۆپی خـوێنی دەدا، گـەلای درەختەكـەش ئـەو وێنەيـەيان دەكێشـا، بەشـنەی بـاوە دەشـنانەوە، وێنـەی ئەوانـەيان دەدايـەوە، بـە تفەنگو فيشەكدانی نوێوە دەگەڕان و گيانيان لەسەر لەپی دەستيانبوو.

ئـەوە دوای پـانزە سـاڵ دەربـەدەری بـوو، بـە ڕۆحـی فيداكاريـەوە پـەيمانی لەگەڵياندا دەبەستەوە، گوندو قۆخو تاقە ماڵە گـەڕا، ئەشـكی دەسـڕين و بانگـەوازی بەسەر گـەلاّو درەختـەوە دەكشـا، لـە ئاوێنـەی فراوانـدا ئاسـۆی ڕزگـاری دەديـەوە،

ڕۆژانە دەیان لاو دەهاتنە بەردەمی:

– بارزانی خۆمان فیدا دەکەین.

بەو هێزو هیوایەوە ڕۆژانـە سـەیری نەخشـەی ڕژێمـی دەکـرد، چـەند ڕۆژێـك بـوو هێزەکانی دابەشکردبوو، هەتا تەواوی بارزان و ناوچەکانی تر پاك بکەنەوە.

ئەو ترسـە ڕژێمـی گرتـەوەو کوێرانـە فیشـەکیان دەتەقانـد، ڕۆژێـك بریـنداریێکیان بەسەر پشتی وڵاخێکەوە هێنـا، لەبەردەمیـدا دایـانگرت، کاتێـك سـەیری کـرد چـاوی ئاگری گرت:

– هێز بەرە بەر خۆت با بەچـاوی خـۆت تۆڵـە ببینیتـەوە، پـەیمان بێـت خـوێنی تۆو هەزاران نیشتمان پەروەری تر بە فیڕۆ ناڕوات.

بـەو پەیمانـەوە چـاوی بـە پێشـمەرگەکاندا گێـڕا، هـەر ئـەوەبوو لـە کتوپڕیەکـدا هێرشـیان کـرد، پـاش چـەند کاتـژمێرێك تـەنیا ئەوانـە زینـدوبوون دەسـتیان بـەرز کردبـووەوە، بـەو وێنەیـەوە لەهـەموو دیلـەکانی ڕوانیـو پاشـان لـە دۆڵێکـدا کـۆی کردنەوە:

– ئێمە گەلی عێراق بە بـرا دەزانـین، تـەنیا ڕژێمـی بۆگـەن دوژمـنی هەموومانـە، ئێوەش ئازادن، ئیتر خزمەتی دیکتاتۆر مەکەن.

پـاش ئـەوە چـاوی گێـڕا، هـەتا یـەك یـەك سـەربەرەو خواربـوون، ئەوسـا لـە بـن دارێکـدا دانیشـت، چـیلکەی لەخۆڵەکـە وەردا، پاشـان چـەند نەخشـەیەکی کێشـا، پاشان سێ فەرماندەی بانگ کرد:

– هێزەکانتان بۆ مەزنەو گۆڕەتوو ئامادە بکەن.

بەو بیرەوە نەخشەی جەنگی کێشـا، هێزەکـەی بەچـەند بەشـێکەوە دابەشـکردو خۆیشی لەگەڵ هێزێکی تردا بەسەر هەردوو دێیەکەدا قەد بـڕی کـرد، لەگـەڵ دەسـت پێکردنی جەنگدا پاش نیو کاتژمێر سەدان پارچە چـەك بەسـەر پشـتی وڵاخـەوە بـۆ بارزان دەگوێزرانەوە، لیژنەیەك ناونووسـی دەکـردن، خواردەمـەنیش بەسـەر ماڵانـدا دابەشـکرا، چـەکیش هـەمووی کەوتنـە سەرشـان، ژەنـەڕاڵ لـەدوا کەسـیاندا خۆشـی

گرتییەوە:

– ئەم چەکانە بە خوێن گیراون بە شەرەفەوە پارێزگریان لێبکەن.

دوای ئەوە ڕژێم لە شـارو شارۆچـکەدا مەترسـی گرتیـەوە، نوێنـەری نـارد، پـاش چەند ڕۆژێك بەهەموو مەرجەکان ڕازیبـوون، لەسـەر خاڵـەکانی لامەرکـەزی پـەیمانیان مۆر کرد.

ئەو پەیمانەی بە هەنگاوێکی مەزن دەزانی، لـە گەڕانـەوەی ئاوارەکانیشـەوە ئـەو مژدەیە گرتیەوە، یـەك یـەك ماچـی کـردن، دوای ئـەوە کەوتـە گـەڕان، بـۆ موسـڵ و هــەولێرو کــەرکوك و ئامێــدی، بانگــەوازی یــەکگرتنی هــۆزو لایــەن و شۆڕشــگێڕانی بڵاودەکردەوە.

ئـەو ڕۆژانـە شـنەی بـەختیاریان پەخشـدەکردەوە، کاتێـك چـەند هاوڕێیـەك لـە ئەفسـەران هاتنـە لای، گەشـایەوەو بـە خۆشـییەوە دەسـتی گوشـین و شـەوێك لـە گەڵیانـدا مایـەوە، بڕیـاری لیژنـەی ئـازادی خسـتیە نـاو بیرکردنـەوەی قوڵـەوە، ئـەو شـەوەش زەردە نیشـتبووە سـەر لێـوی، بـە نووسـینی پڕۆگـرام و یاسـای لیژنـەی ئازادی گەشایەوە، شەوێك خەو نەکەوتە چاوی، چرا لۆکسەکەی پـەمپ کـردو کەوتـە نامە نووسین، بۆ حیزبی هیواو شیوعی و لاوان و سەرۆك هـۆزو نیشـتمان پـەروەران، لەگەڵ دوا نامەدا ڕاکشا.

بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵاتندا لە خەو ڕاپـەڕی، دەموچـاوی شـتو لەسـەر سـەکۆیەك دانیشتو کەوتە ڕوانین.

ئـەو شـەپۆلە دو سـاڵ لەبەرچـاویدا مایـەوە، لـەپڕ ئـەو خۆشـیەی تـۆراو چـاوی بەسەر گڕی نەبینـەوە دەگـەڕا، نامـەو هاتوچـۆی خـەڵکی بـۆ نـاو شـارەکان هـەواڵی ئـاگری جـەنگیان لێبـەرزدەبووەوە، هـەتا ڕژێـم کەوتـە جموجـوڵ، ڕۆژێـك حـەوت پێشمەرگە خرانە بەندیخانەوە، ئەوانە مەترسی جەنگ و چەرچەڤ خـوێن و گۆشـت و ئێسقانیان دەخستە ناو نیگایەوە.

لەوساتەشدا، لـە کـەڤ شـرینقەکەوە هـەموو ئەوانـەی دەبینیـەوە، ڕەنـگ و ڕوی

گوڵیش کەپری سێبەریان بۆ دەکردوو خەندەیان دەخستە سەر لێو.

ئـەو خۆشـیە چـەند ڕۆژێـك بـوو لەگـەڵ شۆڕشـی ئێرانـدا کـەوتبووە دڵیـەوە، خەرمانــەی ئەفســانەیی لەبەرچــاویدا دەتوایــەوەو فیلمــی بــیرەوەری ژیــانی لــە شـێرپەنجەوە نیشـاندەدایەوە، لەوکاتەشـدا بروسـکەی پیرۆزبـایی نووسـی ئـەوەی دەرخست:

– ســەرکەوتنی گــەلانی ئێــران دەروازەی ســەرکەوتنی گــەلی کــوردو گــەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

لەوساتەشـدا، ئـەو خۆشـیە گرتبوویـەوە، نیگـای گەڕانـەوەی تێکـەڵاودەبوون، قسـەی پزیشـکەکەش جەسـتەی دەتوانـدەوە، لـە مەرگـەوە بەسـەر ژیانـدا دەگـەڕا، گوڵی نەمری دەدیەوە، لەوەوە شـنەی گـەڵاو گـوڵ وێنـەی نوێیـان بـۆ دەڕەخسـاند، لەگەڵ کەف شرینقەکەدا بە نمەی بارانی شوشـەی پەنجـەرەی ژورەکـە گومانیـان بـۆ دروست دەکـرد، ئـەو کاروانـە لەگـەڵ فرمێسـکیدا تێکـەڵاودەبوون، وێنـەی ئاوێنـەی تاریکو ڕون ئالآی مێژووی خوێناویان دەنووسیەوە، ڕوانین و گومانیـان دەشـاردەوە، لەگەڵ تیشکی خۆردا چاوشارکێی ڕاستەقینەیان دەسازاند. !

## (7)

سـێبەرێکی تـەڵخی تـار کەشـێتی ئاوێتـەیی، دەریـای بیرکردنـەوەی سازاندبوو، تیشکی ڕونـاکی بـیرەوەری لـە ئاوێنـەی بوورکـانی رۆحـی ژەنەڕاڵـدا پەرشـدەبووەوە، بـە ئـاوازی ترسـناکەوە نیگـای هەڵـدەفڕی و تـەم و شـەپۆلی سـامناکی دەخسـتەوە بەرچـاو، لـە تیشـکی شرینقەکەیشـەوە وێنـەی رێکەوتـە مەرگ بە ڕەنگو کەشێتی ئاوێنەیی لەسەر بوورکانی ئەزەلی بوونییەوە شـەوقیان دەدایەوە، لاپەڕەی رۆژانی رەش گەلاّی بەسـەرهاتی بوونیـان لـە داری ڕابـردودا دەوەراند، وێنەی ئەو ساتانەی بروسکەو گومان و ڕاڕایی دەیگرتەوە.

لەوساتەشـدا، شـرینقەکە لـەناو سـەرنجەکەدا کـەڤ کردبـوو، لـە دیـدەی ژەنەڕاڵدا دەکفـا، بـە ڕێبـەری یادەوەریـدا پـەتی زەمـەنی رادەکێشـا، دەبـووە زەنگۆڵـەی رۆژگـاری ڕەش، وێنـەی ئـەو سـاتەی لەبەرچـاودا دەدایـەوە، لـە نەخۆشخانەی مەهاباد لەسەر لێوی پێشـمەرگەیەك بینیـەوە، لەسـەر چـەرپایەك کەف نیشتبووە سەر لێوی، بە سەیری ئاسمانەوە هێڵنجی دەدا، بـەو روانینـەوە بروسکەو چەخماخەی ئەو ساتە گرتییەوە، وێنەی ئەو پێشـمەرگەیەی خسـتەوە بەرچاوی، بە لەرزەوە هاتە ژورەوە و نامەی ئەو هەواڵـەی خسـتە بـەردەمی، لـە روانینیا ئامـاژەیـەکی ترسـناکی بینییـەوە، بـەو پێشـهاتەوە شـڵەژا، لـە کاتێکـدا نامەکەی دەخوێندەوە، خورپە گرتییەوە:

– ئـەم دەردە نەهامەتیـە چـی بـوو؟ تیفوئیـد بـەلاّبوو ڕویکـردە ئـەم هێـزە ئاوارەیە؟

هەتا ئەو ساتە پێشمەرگەکە هەر بەپێوە وەستابوو، سـەرما کـاری کردبـووە

سەر ئێسکیو دەلەرزی، کاتێکیش هاتە پاڵ زۆپاکەوە دەستی بە ئاگرەکەوە گرت، بەردەوام ددانیشی بەیەکدا دەدرا، پێستی ساف دەموچاوی ڕەش داگەڕابوون و گەندەموی سمێڵی ژاکابوون، لە کاتێکدا دەستی گەرم دەکردەوە، چۆقەی ددانی دەهات، چایەکیان خستە بەردەمی و گورج هەڵی قوڕاند:

– دوێنێ بەیانی لە مەهابادەوە هاتم، لە شنۆو زەردەشتەوە بە دەست نەبوونی ئۆتۆمبیلەوە گیرم خوارد.

ژەنەڕاڵ بەو قسەیە بروسکەیەك گرتییەوە:

– ئەمەش فرۆفێڵی ڕوس، هەزاران قوربانیماندا دژی ئینگلیز، کەچی مەترسیمان لێدەکەن، پێشنیازیان کرد لە مەهاباد دانەنیشم.

لەوساتەی پێشمەرگەکە چایەکی تری هەڵقوڕاندو گەرمبووەوە، ئەویش ئەو ڕوداوەی لێپرسیەوە:

– زۆر توشی ئەم تیفوئیدە بوون؟

– پتر لە هەزارو پێنج سەد کەس.

– هەمووی زەوی ڕاخەرو ئاسمان پێخەفیەتی، مرۆڤ لەسەر ماڵی باوکیشی ئازاد نیە، ناتوانێت بە باشی و ئازادی بژی.

لەوساتەشدا، لەسەر نەخۆشەکە ئامادەبوو، سەیری دەکرد، لەگەڵ ئازارێکی گەورەدا ڕووی کردە پزیشکەکە:

– چارەی ئەم نەخۆشە چییە؟

– من بەم نەخۆشییە تایبەتمەند نیم، ئەم دەردە پزیشکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر دەرمانیشمان هەبێت زوو چاك دەبێتەوە.

نەخۆشەکە بە چاوی ئاوەژۆوە سەیری ئاسمانی دەکرد، ئەوە لە مێشکی ژەنەڕاڵدا کاریگەربوو، لە ناخدا خۆی دەخواردەوە، بە قوڵی چاوی دەگێڕا، پاشان نیگای تێبڕیەوەو فرمێسکی بۆ ڕشت:

– تۆ پیاوێکی مەردیت، ئەوەندە باوەڕت بەرزبوو ئاگرو ئاسنی دوژمنان

کاریان تێ نەکردیت، بە هێزو خۆڕاگربە، ئەی پیاوی مەزن، با بە نەخۆشی نەمریت.

پێشمەرگە زمانی شکابوو، بە قوڵی لەوی دەڕوانی، بە هەناسەی خۆشەویستیەوە گریا، ئەوەندە دڵی گەرم ببوو لیك لە دەمی دەهاتە خوارەوە، پاش ساتێك بە نوزەیەکەوە گیانیدا، ئەویش توانای نەما سەیری بکاتەوەو سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە:

– ئەم میللەتە قارەمان و چەوساوەیەو هیچ مافێکی نیە، هەناسەی هەزارانی بۆ بانگی ئازادی دەخنکێت.

ئەو مردنە بە گشتی رویکردبووە ئەو هێزە، رۆژانە ژن و منداڵ و لاوو پیر گیانیان دەدا، ناچار نامەی بۆ شارو شارۆچکەی دەوروبەر نووسی، پزیشك و حەکیمی زۆری هێنانە سەر، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر پەرەی دەسەند، ئەوەش لە مێشکیدا ببووە گەلای درەختی ئازار، رۆژانە سەدان هەناسەی هەڵدەکێشا، رۆژێك لەرزیو رووی کردە ئاسمان:

– خوایە بەزەییت پێماندا بێتەوە، هەموومان ئاوارە و دەربەدەرین، ماڵ و سامانمان هەمووی بە تالانی براوە، لەم دەردە رزگارمان بکە.

ئەوەی گوتو بە دوو دەستە پەلی نەخۆشێکیان لە ئۆتۆمبیلێك داگرت، لەسەر بەردێك دایان ناو ئاگریان بۆ کردەوە، ئەوەش فریای نەکەوت لاربووەوەو مرد.

ئەو مەرگە تەواو کاری کردە سەری و سێ جار لە ئاسمانی روانی، هەر بەو هێزەیشەوە لەسەر گۆڕستانەکە ڕویکردە شنۆ:

– ئێمە هەمیشە چقڵی چاوی دوژمنانی کوردبووین، بۆیە زیاد لەهەموو عالەم ئێمە تووشی ئەم دەردە هاتوین، ئەمەش هەر دەستی دوژمنە لەناوماندا چاندویانە، هەتا بەم نەخۆشییە بمانکوژن.

پاش ئەوەش ئەو گڕەیە هەر بەری نەدا، ڕۆژ بە ڕۆژ نەخۆشی زیاتر

سامناكی دەخستە دڵییەوە، ڕۆژانە لە شنۆوە بە ماڵاندا دەگەڕاو دەچووە نەخۆشخانەی مەهاباد، ئازارو ژانی هەموویانی دەخوێندەوە.

جارێك شەپۆلێكی كوشندە گرتییەوە، لە كاتێكی ناوەختەدا چووە سەر نەخۆشێك، لەوساتەدا پزیشكەكە شرینقەیەكی لێداو یەكڕاست مرد، ئەوەبوو بە گومانێكی ئاڵۆز لای، بە گومانەوە سەیری پزیشكەكەی كردو لێوی خۆی كرۆشت، هەتا نەخۆشێك لە تەنیشتییەوە ئەو تاوانەی لەسەر لابرد:

– سەیدا ئەم نەخۆشە خۆی لە گیانەڵادابوو، ئەم پزیشكە ڕوسییە هەموومانی چاك كردەوە، ئەگەر ئەو نەبووایە هەموومان دەمردین.

لە تیشكی شرینقەكەیشەوە ئەوانەی بیرهاتەوە، كەف و كەشێتی ژوورەكە چەخماخەیان دەخستە مێشكیەوە، ڕەگی گومانی بۆ فەزای ئەو دەردە دەگەڕایەوە، تفتی ژەهراوی شێرپەنجە دەهاتە ناو دەمیەوەو تابلۆی ترسناكی دەخستەوە بەرچاو، لە ئاوێنەی بوونیدا دەیان بروسكە شەوقیان دەدایەوە.

ئەو وێنەیە زۆر جار لەڕوانینیدا كەڤی خوێنی هەڵدەستاند، بەو پەردەیەوە جیهان لەلای دەشێوا، بە لینجایی ئەو ساتەوە دەلچكایەوەو تیشك و ڕوانینی تێكەڵاودەبوونو مەلی سەرنجی بەو فەزایەوە دەنیشتەوە.

جارێك لە ژێر درەختێكدا ئەو پرۆڤەیەی كردەوە، تاڵی ئەو دەردە دەهاتەوە ناو دەمیەوە و هەموو وێنەیەكیان ئاوێتە دەكرد.

هەر لەوساتەی لە ئاوی ئاراز پەڕیەوە تووشی ئەو گەرداوە هات، لە سەربازخانەی رووسدا نیشانەی ترسناك دەهاتە بەرچاویەوە، بە وێنەی ڕێكەوتە مەرگ لە هەڤاڵانی دەڕوانییەوە، لەوساتەدا لەگەڵ ئەفسەرێك سواری جێبی سەربازی بوو، كاتێك ئەفسەرەكە سلفی لێدا تووشی ڕاڕایی ئەو تەنیاییەی بووەوە، هەتا هاوڕێكانی لە چاوی ونبوون، هەر لە ئاوێنەكەوە سەیری دەكردن، پاش ئەوەی ڕێگەیەكی دووریان بڕی بە گومانی زۆرەوە سەیری ئەفسەرەكەی دەكرد، ئەویش بێدەنگ بوو، هەتا نزیكی ئەو شارەبوونەوە، بۆی دیاریكرابوو،

هەر لە دورەوە پەنجەی ڕاکێشا:

– نخجوان ئەرمینیا.

ئەوە نهێنیەکی لەلا والاّ کردەوە، کاتێکیش لە نەخۆشخانەی ئەو شارە شرینقەیەکیان لێدا یەکڕاست گومانی لەسەر ئەو ژەهرە نیشتەوەو شیلەی تیفۆئید بە خوێنیەوە دەلچکایەوە، تا ئەو ساتەی ئەفسەرەکە دەرگای شوقەکەی بۆ کردەوە، ئەو کاتە کەمێك هاتەوە سەر خۆی، پاشان هەستی بە دابڕانی خۆی و هێزەکەی کرد، دوای چەند ڕۆژێك لەگەڵ تەمی نەخۆشی قورسدا ئەو گومانەی بۆ دروستبووەوە.

لەوساتەشدا، لە ژێر ئەو درەختەدا، هەر لەگەڵ ئەو گومانەدا دەجەنگا، رەگی ژەهراوی لە ئاوێنەی رۆژگارەوە رەنگیان دەدایەوە، یەك یەك وێنەی هەڤاڵانی دەخستەوە بەرچاو، بۆ تونێلی مەرگی رۆژانی سەخت پەیمانی لەگەڵ دەبەستنەوە.

پاش چل ڕۆژ لەو دورە پەرێزیە لە سەربازخانەی تایبەتی بەرپیزەی چەپڵەوە ئەو تەمەی شکا، کاتێك هەڤاڵەکانی یەك یەك هاتن بۆ پێشوازی هەموویانی ماچ کرد، لەبەر گریان یەك یەك دەچوونە ئەولاوە، هەتا دوا کەسیان هاتە پێشەوەو باوەشی پیا کردوو گریا:

– شرینقەیان لەهەمووما‌ن داوە، تەنانەت بەرگیشیان گۆڕیوین هەتا تەواو دڵنیابوون لە نەخۆشیمان.

ئەو پەردەیە لەبەرچاویدابوو، ڕۆژانە ئازاری سەخت لە گیانیدا چرۆی دەکردەوە، هەتا لە چاوپێکەوتنێکدا ئەو ڕقەی بەسەر باقرۆڤدا ڕشت:

– لە نخجوانەوە هێنراینە ئازربایجان، منیان جیاکردەوە لە هاوڕێکانم و لە شوش نیشتەجێیان کردم، لەوێش هێنراینەوە بۆ باکۆ، لەم هەموو بارە سەختەدا لە جگەر گۆشەکانمیان دابڕاندوم، ئێرە سەربازخانەی سۆشیالیستیەو ئێمەش گەلی ئازادی خوازین و دژی ئیمپریالیزم خەباتمان

کردوه.

باڤرۆڤ بەو قسەیە گرژبوو، ئازاری قورسی لەناوچەوانیدا دەخوێندەوە، بەو بیرەوە پەنجەی خستە سەر زەنگەکەو سەربازێکی بانگ کرد:

- ژەنەڕاڵ ئیتاکیشۆف بانگ بکە.

ژەنەڕاڵ هاتە ژورەوەو سلاّوی سەربازی کرد، ئەویش فەرمانی پێدا:

- بارزانی ببەرەوە بـــــۆ ناو هێزەکەی، جێگەی تایبەتی بۆ دابین بکەن.

ئـــەو ڕۆژە ئاســـۆیەکی فـــراوان بـــوو بـــۆ هەڵڕشـــتنی ئازارەکـــانی، لەگـــەڵ ئیتاکیشۆف کەوتە گفتوگۆ:

- ئێمـە ڕومـان کردۆتـە سـوپاگەی سۆشیالیسـتی دایکـی شۆڕشـی گـەلانی جیهان، نابێت بەو جۆرە مامەڵەمان لە تەکدا بکەن.

ئیتاکیشۆف گێڕی ئۆتۆمبیلەکەی گۆڕی:

- لەمــەودوا ژیانتــان دەگۆڕێــت، ڕوســیا لەجــەنگی گــەورەدابوو ملیۆنــانی لێکوژراو سەدان شاری سوتا.

ئەو قسەیە لە مێشـکیدا مایـەوە، لەسـەر شـەپۆلی دەریاچـەی ئـۆڕاڵ لەگـەڵ شنەی شـەپۆلی بـای شـاری چـەمپایا ئاوێنـەی بـیرەوەری بـۆ ڕەخسـاو ئـەوەی بیرهاتەوە، بە ئازارەوە ڕویکردە هەردو هاوڕێکەی:

- ولاّتی بێ سەرەوبەرەیە، لە باکۆ هەموو پەیمانێکیاندا، بەلاّم دیسان فێڵـی تریان لێکردینو لە ئۆزبەکستان فڕێیان داین.

یەکێك لە هاوڕێکانی نانەکەی بەردەمی کۆکردەوە:

- تا شەکەند باش بوو، حاڵمان بەرەو باشی دەچوو.

- لەوێ ئـازاد بـووین و خـواردن و خـەومان هـەبوو، فێـری ڕوسـیش بـووین، بەلاّم ڤینۆ گردادۆڤ خائینە، ئەم چارە ڕەشیەمان لەناوچەوانی ئەوەوەیە.

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشـان، دەریاچـەش لـە شـەپۆلدابوو، لەگـەڵ کـەفو توڕەیی ئاوەکەدا ئەویش زیاتر قین دەیگرت، بە وێنـەی سـامناکەوە تفـی کـردە

زەویەکە:

– سواری فرۆکە بووین گوتیان دەچنە مۆسکۆ، هەتا لەم بەندیخانەیەدا دایان بەزاندین.

ئەو داخە لە دڵیدا مایەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ خەرمانەی دو ساڵی ئازاری پێ گرمۆڵە دەکرد، پاش ئەو هەموو ڕۆژە سەختانە جارێکی تر هەموو هاوڕێکانی دیەوە، یەکەم جار باوەشی بە یەکیاندا کرد:

– چەند ساڵە لێك دابڕاوین!.

پیاوەکە گریا:

– دەیان خۆپیشاندانمان کرد هەتا هاتنەوە، تف لەم دەسەڵاتە.

ڕۆژێك هەڤاڵێکی هاتە لای، دڵی پڕبوو لە گریان:

– سەیدا چەند ساڵە مندالو ژنم نەدیوە، باری دەرونیم شێواوە.

بەو ئازارەوە ورد لێی روانی و ساتێك بیری کردەوە، ئەوسا ئەو تەمەی رەواندەوە:

– پیاوی مەرد سەبرت هەبێت دەچینەوە جێگەی خۆمان.

ئەو فرمێسکانە کاریان کردە سەری، لەوساتەدا ڕقی لە ڤینۆ گرادۆڤ و باڤرۆڤ بووەوە، لە دڵەوە بڕیاریدا ئەوە بگەیەنێتە دەسەڵاتی باڵا، .شەوێ قەڵەم و کاغەزی خستە کار، نامەی چڕوپڕی بۆ کریملن نووسی و پاشان چاوی چووە خەو.

ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی کردو ئەو ئاواتەشی زڕبوو، چەندین جاری تر ئەو پێشنیازانەی بەرزکردەوە، دوای زەنگی مردنی ستالین ئەو تەمە لەبەرچاوی ڕەوییەوە، یەکەم جار ڕێگەی درا بچێت بۆ مۆسکۆو چاوی بە خرۆتشۆف کەوت، هەموو ڕازو نیازی دڵی بۆ هەڵڕشت و گفتوگۆی لەسەر کێشەی کوردو کۆماری مەهابادو هەڤاڵانی کرد، دوای ئەوە ژیانیان گۆڕاو خۆشی کەوتە ناویانەوە، بە ئۆتۆمبێلەوە بەسەر هەڤاڵەکانیدا دەگەڕا، لە دانیشگاو پەیمانگادا چاوی پێیان

دەکەوت، ڕۆژانە لەگەڵ چوونی بۆ کۆلێژی ئابووری تامی هەوای خەیاڵی بۆ دەرەخساو لەگەڵ بیرکردنەوەی وانەکانیدا خونچەیان خستبووە دڵیەوە، چاوی بە کارەساتی خوێناویدا دەگێڕا، ڕۆژانە هەموو ڕوداوەکانی دەبینیەوەو رانکوچۆغەی دەکردەوە بەر، بەسەر هێزی پێشمەرگەدا شەوقی دەدایەوە، بەو هێزەوە لە جەنگی عەرەب ـ ئیسرائیلدا بروسکەی بۆ شاسواری عەرەب جەمال عەبدول ناسر نارد:

– خۆم و هێزی جەنگاوەری بارزان دوا دڵۆپی خوێنمان دەڕێژین لەپێناوی گەلی عەرەبی براو سەندنەوەی خاکی داگیر کراوی ژێر دەستی سەهیۆنیزم، بفەرمون ئەو برایەتیەمان وەربگرن بگەینە بەرەی جەنگ.

لەوساتەشدا، لە تیشکی شرینقەکەو کەشێتی ژوورەکەوە ئەوانەی دیەوە، بروسکە مێشکی دەگرتەوە، هەروەك ئەو کاتانەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلاوێژ گوێی زرنگاندەوە، پزیشکەکەش شرینقەکەی ئامادە کردو قۆڵی هەڵکرد، بەو تەزووەوە خورپە گرتییەوە، وێنەی خەیاڵی کەوتنە سەر شەپۆل، بەرگی ژەنەراڵیەکەی دەدیەوە، وەك ئەو ساتەی، لەبەری کردو چووە ناو لەشکری کۆمارەوە.

ئەو رۆژە بیرەوەری گەورەی ژیانی بوو، بۆ یەکەم جار ناوی بە ژەنەراڵ بڵاو کرایەوەو ئالای کوردستان لە ژوور سەریەوە دەدرەوشایەوە، لەوساتەدا، لەهەموو لایەکەوە پیرۆزبایی لێکرا، پێشەواو سەرکردەو ئەندامانی حیزبی دیموکرات ئەملاو لایان ماچ کردو چەپڵە ڕێزان بەرزبووەوە.

بەو ئاواتەوە چووەوە ناو لەشکری بارزان، ئەفسەرانی لیژنەی ئازادی کۆکردەوە، ناوی ئەفسەرانی کارامەی خستە بەردەمی پێشەوا، لەجەنگی بارزاندا دەوری باڵایان دیبوو، پەیمانی مان و نەمانیشی بۆ دوپات کردەوە:

– هەموو کەسی بارزانی تا دوا دڵۆپی خوێنی پارێزگاری لە کۆمار دەکات.

لەوساتەدا نووسەرەکە لیستەکەی کردەوە، ناوەکانی نووسی و پێشەوا

ئیمزای کرد.

دوای ئـەو بڕیـارە کەوتـە جولـّەو هێـزی بـارزانی کـۆکردەوە، چـەند تیپێکـی سەربازی دامەزرانـد، هـەر تیپـەی بـۆ پارێزگـاری شـارێك نـارد، ڕۆژی هـەڵکردنی ئاڵای کۆمار چەند تیپێك بەشداری مەشقی سەربازی ئاڵا هەڵکردن بوون.

ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو هیوایەی چرۆی دەکرد، شـنەی ئـەو ئاڵایـە دەگەشـایەوەو لـە ڕوانینیدا یـاری ڕاسـتەقینەیان دەکـرد، بـەو هیوایەشـەوە مەشـقی سـەربازیانەی دەکرد، هەتا کرۆکی جەنگ هاتە بەر گوێی و باری گشتی وڵات توشـی گومانیـان کرد، ڕوانینی لەسەر کـار بەدەسـتان بـۆ دروسـتبوو، ڕۆژێـك دوو ژەنـەڕاڵ لـەلای دانیشتبوونو لەگەڵیاندا کەوتە گفتوگۆ، یەکەمیان سەبیلی بە لێویەوە نا:

– جەنگی جیهانی بەرەو کۆتایی دەچێت، ئێمەش ڕزگار دەبین و یاسای نێو دەوڵەتی کارێکمان بۆ دەکەن.

ئەوەی گوت و دوکەڵی بەرز کردەوەو لە ژورەکەی ڕوانی.

ژەنەڕاڵی دووەم لێوی خۆی کرۆشت:

– ئەوسا مەترسی زیاترە، هەر ڕووس بگەڕێتەوە تەواو.

– ڕوسمان لەپشتەو پەیمانیان بەپێشەوا داوە.

ئەوە کاری کردە سەر ژەنەڕاڵی دووەم، دەستی بە ڕیشیدا هێناو پەنجەی لە موەکانیدا نقوم کرد:

– ڕوس کافرەو پشتی پیٚ نابەسرێت، پیشەوەریش ئازربایینجانی داگیر کرد.

– ڕوس تەواو، بووە بە برامان.

– ئەوەتا سەدان پلانمان بۆ دادەنێن، دەبێت بچـینە ژێـر ڕکێفـی باقروڤـەوە ئەگینا هیچ ئاگات لێینیە.

ئەو قسەیە کاری کردە سەر ژەنەڕاڵی یەکەم و مشکیەکەی بەرز کردەوە:

– باواش بێت، گرنگ نییە، دوایی دیاری دەدات.

ئەو کێشـەیە ژەنـەڕاڵی شـپرزە کـردو مەترسـی خسـتە بەرچـاوی و لێـوی خـۆی

کرۆشتو زەنگ لەمێشکیدا کەوتە لێدان.

ڕۆژی دوایی توشی دو نووسەری کۆمار هات و لەسەر شەقامی گشتی شار دەستیان گوشی:

– بارزانی جێگەی ئومێدیت پارێزگاری لەم کۆمارە ساوایە بکە، هەمووی سەرۆك هۆزو شێخی ڕیش پانە.

ئەو قسەیەی بەهەموو سەربازی بارزانی گوتەوە و ئەوانیش دەنگی ئازایەتیان بەرزبووەوە، دوای ئەوە کەوتە بیرکردنەوەوە، بیری ئەو شێرە بەفرینەیەی کەوتەوە، لە گۆڕەپانی شاردا دروستکرابوو، منالآن بە دەوریەوە هەڵدەبەزینەوەو تۆپەڵە بەفریان دەگرتە یەك.

لەوساتەشدا، ئەوەی دیەوەو سەیری ئاسمانی کرد، یەکڕاست بۆ کۆمار کشا، لەگەڵ هەموو ژەنەڕاڵ و بەرپرسانی کۆمار کەوتە گفتوگۆ.

ڕۆژی دوایی لە بارەگای سەربازی هەواڵی جەنگیان بۆ هێنا، بێ ئارام بوو، کاتێك بروسکەی سەرکەوتنی خوێندەوە نامەکەی لەسەر مێزەکە داناو بەو هەواڵە هاتەوە سەر خۆی:

– لە بەرەی عەقید عبدالكريم هەشتا سەرباز کوژراوە، سەدو بیستیش دیلە.

بەو بەختیارییەوە لە ژورەکەی چووە دەرەوەو یەکسەر چوو بۆ لای پێشەوا، هەردوکیان لە بارەگا هاتنە دەرو بە یەکەوە سواری جێبی سەربازی بوون، جەماوەرو پێشمەرگەش لە سەربان و شەقام و کۆڵانەوە سەیریان دەکردن، لەو کاتەی شۆفێرەکان سلفیان لێدا چەپڵەو هوتاف بەرزبووەوە، ئەوانیش دەستیان بەرز کردەوەو هەناسەیان هەڵدەمژینەوە، بەو گیانەوە بەرەو بەرەی جەنگ ڕۆیشتن، کاتێك گەیشتنە جێ، سەرباز لە سەنگەرو سەر جادەوە هەستانە سەر پێ، هەموو بە پەنجەی شایەتی مەرگیان مۆر دەکرد، ئەوانیش ماچیان کردن و مەدالیای ئازایەتیان لە یەخەیاندا، پێشەوا چواردە هەزار تومانی بەخشیشی ئازایەتی پێبەخشین هەتا بەسەریاندا دابەشی بکەن.

ئـەو ڕۆژە سـەمای ئـازارو خـەمی ئـەو ماوەیـەی وەری، بـە بینـینی دیلـەکان بانگـەوازی بـەرگری بڵاودەکـردەوەو قسـەی لەگـەڵ سـەرۆك هـۆزو فەرمانـدەو جەنگاوەراندا کرد، هەموویان سەریان دەلەقاند.

پـاش ئـەوە چـووەوە ژورەکـەی خـۆی، نەخشـەی ئێرانـی کـردەوە و کەوتـە بیرکردنەوەوە، دواسات جێگـەی بـەرگری هێـزی سـەربازی کۆمـاری دیـاریکرد، دوای ئەوەش ڕۆژانە بەسەر ئەو نەخشەیەدا دەچوەوە.

دوای دوو هەفتە بروسکەیەکی تـری گەیشـتە دەسـت، لەسـەر نەخشـە پەنجـەی خستە سەر ناوچەی ملە قەرەنی و هێرشەکەی نیشانە کرد:

– هەر بژین ڕۆڵەی کورد دەیان زرێپۆشیان سـوتاندوە، جەسـتەی سـەرباز لـەناو سەنگەردا نقومبوون.

ڕۆژی دوایی چوو بۆ بەرەی جەنگ، ئەو زرێپۆشـانەی بـینی، سـوتابوون، ڕەمـزی سەرکەوتن بەرچاوی گرتەوەو دەستی خستە سەر شانی فەرماندەی جەنگ:

– محمد ئەمین تۆ هەمیشە هەر قارەمانێکی ئەفسانەیی بوویت.

دوای ئەو جەنگانە هێرشی رژێم بۆ چەند مانگێك کۆتایی هـات، ئـەویش ئاگـاداری سـەربازانی دەکـرد، ڕۆژانـەش لەگـەڵ نەخشـە کێشـانی پـارتێکی پێشـڕەو لـە کێشەدابوو، هەتا هەمزە عەبـدوڵا بـە نوێنەرایـەتی کوردسـتانی خـوارو گەیشـتە لای، ئەو کاتە بە یەکجاری ئەو بڕیارەیدا، هـەوری ئـازاری بیرکردنـەوەی بـە خـوڕ دایکـرد، سـاتێك بـە بێـدەنگی لێـی روانـی، ئەوسـا لەسـەر کاغـەزێکی گـەورە نەخشـەی کوردستانی کێشایەوە، دوو جار ناوی پارتی نووسییەوەو ئـەوی کـرد بـە نوێنـەر بـۆ کوردستانی خوارو ناردییەوە.

بـەو گڕەیـەوە چـرکەو ڕۆژو شـەو لەسـەرقاڵیدا بـیری دەکـردەوە، ڕۆژێـك لەگـەڵ ئەفسەرێکدا ئەو گفتوگۆیەی دەکرد، ڕۆشنبیرێك هاتە بەردەمی:

– بارزانی، پێشەوا لە تارانە دەبێت لەخۆی و ڕوسیا دوو دڵ بێت؟

– ئەوە پێشەوا دەیزانێت هەڵبەتە ئەو ئەو کێشەیەی لێکداوەتەوە.

لەوساتەدا نوقمی بیرکردنەوەی فۆتۆیی بوو، وێنەی ئـەو دو لاوەی بـیر هاتـەوە، ئەو ئێوارەیە دەستیان لە دەستی یەکتر ترازاند:

– پێشەوا لە تارانە تۆش بچۆ.

– مادام ڕیش پانو شێخو ئاغابوون بە تاجی سەر سەری کۆمار.

کاتێك چاویان بە ژەنەڕاڵ کەوت شلەژان، ئـەویش لـەژێر بانیژەکـەوە بـە دارێکـی دو پەلکدا بۆ ماڵەکە سەرکەوت.

ماوەیەك ئەو غەمە گرتییەوە و ئەو قسانە لە مێشکیدا مایـەوە، لەگـەڵ بیسـتنی جـەنگی ئازربایـنجـان ئـەو نیشـانەیە مێشـکی پێچـا، یەکسـەر چـوو بـۆ میانـدوابوو هێزێکـی نـارد بـۆ شـاری تـەبرێز، لـە نیـوەی شـەودا گەڕانـەوە، خـەمی ڕوخانـدنی ئازربایجان ژانی خستە دڵییەوەو پەنجەی خستە ناو دەمی:

– تازە کار لەکار ترازاو پاش روخاندنی ئازەربایـنجان ئـیتر بـە نـەقیزەش جـەنگ ناکەن.

لەگەڵ بڵاوبوونـەوەی ڕاکردنـی پیشـوەریا گرژبـوو، ئامـاژەی روخانـدنی کۆمـاری مەهابادیش گرتیەوە و یەکڕاست چوو بۆ لای پێشەوا:

– پێشەوا دەمەوێت بڕیار بدەین، با بەرگری بکەین.

پێشەوا لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، هەناسەی قوڵی هەڵدەکێشا:

– مـن بێکەسـم و دەمـەوێت میللـەت خـوێن نەڕێـژێت، سـەیفی بـرامم نـاردووە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەت بکات و ئەویش پەیمانی لێبووردنی داوە.

ئـەو قسـەیە کـاری کـردە سـەری و هەناسـەی ئـازاری هەڵمـژی و بـە گیـانێکی خەفەوە وەڵامی دایەوە:

– نەکەی پێشەوا! تۆ باوکی کوردیت و هەرگیز بێکەس نیت، ئێمەی بـارزانی تـا دوا دڵۆپـی خوێنمان پارێزگاریت لێدەکەین. خۆت بەدەستەوە مەدە با لە شـار بچـینە دەرو بجەنگین.

پێشەوا دەستی بە گیرفانیدا کردو ئاڵای کوردستانی دەرکرد:

– بێکەسی من دەردێکە خۆت دەزانیت چیە؟ ئەوە لەشکری کۆمارو ئەوەش پەیمانی دۆستان، هیوام بە تۆیەو سەرکردەیەکی مەزنیت ئەم ئەمانەتیەی کوردستان بپارێزە.

پێشەوا گریا، ئەویش فرمێسك بەرچاوی گرتەوە و بەو دەروونە گەرمەوە لە ژوورەکە هاتە دەر.

خەڵکی لە هەموو لاوە سەیریان دەکرد، چەرچەفی تازیە باری خەم هەموو کەسێکی گرتبووەوە، منداڵان دەگریان و ژنان دەکڕوزانەوە.

ئەو دیمەنانە کاریگەربوون لەلای، چاوی گریانی بەسەر خاك و سروشت و جەماوەردا گێڕا، کتوپڕ ئەفسەرانی کۆکردەوەو بە پەلە لە شار چوونە دەر، بە ژێر باڵی سەرمای زستاندا بەرەو گوندو چیا هەنگاویان دەنا.

بەو جۆرەش ئازارێکی گەورە گرتییەوە، سەیری دەکردن و فرمێسکی دەباراند، دواجار لەسەر چەقی ڕێگەکە وەستا، هەتا دوا کەسیان ڕۆیشت، ئەو کاتە ئاوڕی دایەوە:

– ئێمە بارزانین هەرگیز نەمان زانیوە مردن چییە؟، ئەگەر لەبەر قسەی پێشەوا نەبووایە ئەوە دوا کەسمان خۆمان بەخت دەکرد.

بەو قسەیەوە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری بیرهاتەوە، گریا، وەك ئەو ساتە لە گۆڕەپانی چوار چرای ڕوانییەوە، نەخۆشی کوشندە ڕوحی گرت و بە ئازاری زۆرەوە ڕووی وەرگێڕا.

ڤڕەی ئۆتۆمبیلی سەربازی دەهاتنە بەر گوێ، لەگەڵ تەمومژی تاریکی ئاسمان و هەوای ساردا تێکەڵاودەبوون و دیدەیان دەپۆشی.

لەوساتەشدا، لە تیشك و ڕەنگی شرینقەو کەشێتی ژوورەکەوە ئەو وێنانەی لەلا زیندودەبووەوە، هەر وەك واشنتۆن توابێتەوە، شنەی خۆخواردی وێنەی ئەزەلی بوونی سەرتاسەری دەیگرت، بەسەر گەلای چیای سەرکەشەوە دەنیشتەوەو وێنەی ئازارو خوێناوی دەبینیەوە.

# (8)

فەزای ژوورەکە بە ئەفسانەی زەمەن، ئاوێتەی شەپۆلی نەبین ببوو، رەنگو دەنگو شێوە و رووخسار لە نیگای ژەنەڕاڵدا لە بوورکانی رۆحدا دەتوانەوە و بە فەزادا دەکشان، ملێونان رۆح لە جەستە جیادەبوونەوەو سەرلەنوێ تۆو چەن دەبوونەوە، بە هەزاران مورووی ئاودارەوە بە گوێیدا دەهاتنەوە، وەك ئەو دەنگانەی لەژێر زەمینی خەفەی بارزانەوە گوێیان دەزرنگاندەوە، لە فەزاوە تێکەڵاودەبوونو تارای خوێناویان دەپۆشییەوە، بە لێدانی زەنگۆڵەی مەرگەوە بایەقوشی کوشتار دەیخوێند، بانگەشەی جەنگ ئاسمانی ناوچەکەی گرتەوە، بەو چەرچەفەوە کۆبوونەوەی بە ئەفسەران کرد، بە بیرێکی قوڵەوە لەسەر بەردێك وەستاو دوا نیگای لە دەورو بەری گرت، دەستی بە ملی ئەسپەکەیدا هێناو خۆی هەڵدایە سەر زینەکەی، ساتێك لە سروشت وردبووەوەو لوتکەو بناری خوێندەوە، ئەوسا لغاوی ڕاکێشاو بە تاقە سوارەیی بۆ سەر لوتکەکە کشا، دەستی ئەسپەکەی لەسەر هەورازەوە لەژێر سێبەری بەرزایی شاخ و کێودا پەلیان لێدەبووەوە، بە تیشکی خۆرو لاپاڵێشەوە وێنەیەکی تریان دەکێشا، وەك ئەوەی بۆ سەر کاکێشان سەربکەوێت.

کاتێك گەیشتە سەر لوتکە، ئەسپەکەی بە لقە دارێکەوە بەستەوە و چووە سەر بەردێك، بە دوربین کەوتە ڕوانین و نوختە بە نوختە لوتکەو بنارو دۆڵ و ڕێگای بینیەوە، ئەوسا سێ خەتی کێشاو چەند بازنەیەکی دروست کرد، دوا جار چیلکەی لەخۆڵەکە چەقاند، ئینجا هەستاو سواری ئەسپەکەی بووەوە.

کاتێك گەیشتەوە بارەگا کتوپڕ لەگەڵ ئەفسەراندا کۆبووەوەو نەخشەی سەنگەر گرتنی بۆ کێشان:

– سێ هێزی سەرەکی لەو سێ ناوچەیەدا دادەمەزرێت، هێزی چوارەم سێبەری هەموو سەنگەرێکتانە.

دواجار دەستی مستەفا خۆشناوی گوشی:

– ئەمە جەنگی مان و نەمانە، دەبێت کارێك بکەین پاشگەزبوونەوەی لامەرکەزیان لێبکەین بە دۆزەخ، سێ جێگەی ستراتیژی بە دەستمانەوەیە، چیاو باوەڕی بەرزی شۆڕش پشتیوانمانن.

چەند ڕۆژێك دوای ئەوە کتوپڕ پشووی ئەو ئازادیە وەری، دوو ساڵ بوو ناوچەکەی گرتبووەوە، لە سێ قۆڵەوە هێرش کرا، هێزی ئاسمانی و زەمینیش بەشداربوون، دەیان ناپاڵم بەسەر بارزان و ناوچەکەدا تەقیەوە، تۆپ بەڕیز لەسەر سەنگەر دەکەوتەوە، بەسەر دارو بەردەوە دەکفا، هێزی سەربازیش کەوتنە هێرش، خاك و خۆڵ وەك تنۆکەی باران گوللەی دەگرتەوە.

ئەو هێرشە نیشانەی ترسناکی خستە بەرچاویەوە، یەکسەر چووە بەرەی جەنگو بە دووربین سەیری ناوچەکەی کردو نەخشەیەکی سێ گۆشەیی کێشاو لە مێشکی خۆیدا هێشتییەوە، دوای ئەوە بازنەی هێرشی رژێمی گرت و لەسەر دوا سەنگەریان دانیشت، هەتا دەنگی گوللە کپ بوو، پاش ئەوە زەردەی سەرکەوتن گرتییەوە.

لەوساتەدا پێشمەرگەیەك هاتە بەردەمی و دو تفەنگی بە شانەوەبوو، بانگی کرد:

– وەرە سەعید ئەو تفەنگە چاکەت چۆن دەست کەوت.؟

سەعید شاگەشکە بوو:

– سەیدا چوار سەدو هەشتا جەستەم بژارد تفەنگێکی وایان پێ نەبوو، هەشتا دیلەکەشم پشکنی تا ئەوەم دیەوە، ئەمەش هی شانی ئەفسەرێك بوو.

بەو قسەیە مات بوو، ساتێك بیری كردەوە و خورپەو بێئارامی گرتیەوە:

– ئەو كوشتارەم پێ خۆش نییە، ئێمە تەماع ناكەینە سەر گیانی كەس، بەڵام ناچارین پارێزگاری لە شەرەفی خۆمان بكەین.

بەو ژانەوە هەنگاوی هەڵهێنایەوەو چووە نشێویەوە، تەرمی پێنج پێشمەرگە لەسەر تاشەبەردێك ڕاكێشرابوون، ولاخیش لە لەوەڕێكدا بەسترابوونەوەو حیلەیان دەهات، ئەویش خەنجەری دەركێشاو چەند چڵە دارێكی بڕیەوە، لەسەر تەرمەكان ڕیزی كردن و لە تەوژمێكی ئازاراویدا مات بوو.

لەو كاتەی گۆڕەكانیشیان هەڵكەندو دایانپۆشینەوە، بەو تەوژمەوە دڵۆپەی فرمێسك بەرچاوی گرتبوو.

ئەو دڵۆپەیە هەمیشە بەسەر پێڵویەوە دەبینرایەوە، لەدوا ساتیشدا لەگەڵ خۆڵو تەمی تاری ئاسمان ئەو وێنەیەی بۆ ڕەخسا، ئەو زامەی كەوتەوە سەر دڵ لەسەر دوا تەرمیان بینییەوە، فیلمی بیرەوەری ئەو تەرمە زامێكی سەختی دەهێنایەوە بەرچاو، وێنەی ئەو ساتانەی دەدیەوە، وەك كۆتری سرك دەهاتە روانینییەوە.

ئەوە لە جەنگی سەرەتایی بارزاندابوو، حەمە لەناوچەكەدا بە شێت ناسرابوو ، نهێنی دڵیشی ئاشكرابوو، لەوساتەی مەلی عەشقی هەڵدەفڕی، ستاری لێدەبڕا، چاوی وەك هەوا دەكشاو شێتی دەیگرتەوەو دەكەوتە هاواری دەرونی، چەند ڕۆژێك دوای ئەوە یەكەم كەس بوو لەو هێزە جیاكرایەوەو لەناو دێبەری خوار ئاواییدا ڕیز كران، شێخ ئەحمەد دەستی بەرز كردەوە:

– دەچن بۆ توركیا دەبێت قارەمانی بنوێنن، ئەرمەن تەنگانەیانەو هانایان بۆ بارزان هێناوە، كارێكە ئەركی سەر شانمانە لە كوشتار ڕزگاریان دەكەن.

شێخ ئەحمەد لە دوای شێخ عەبدولسەلامی بارزانییەوە ببووە سەرۆك و گەورەی عەشیرەتی بارزان، هەر فەرمانێكی بكردایە دەبووایە جێبەجێ

بکرایە، کەسێك نەیدەتوانی قسەی بشکێنێت.

ئـەو قسـانەش لـە مێشـکی حەمـەدابوو، وەك کـۆتری سـرك پـێش هێزەکـە کەوت، لە جەنگەکانیشدا ڕوبەڕووی مەرگدەبووەوە، لە دڵەوە گۆرانی دەگوت.

ئەو گڕەیە بە جۆرێك گرتییـەوە ئەنـدرانێکش هەسـتی پێکـرد، پـێش ئـەوەی لە یەکدی جیاببنەوە ئەوەی پێدرکاند:

– حەمە دەگەیتە ئاوات، چـونکە بـارزانی خۆشـی دەوێـت، ئـەمجارە شـایت بۆ دەکات.

ئەوە حەمەی توشی خۆشی کردوو بەو هێزەیـەوە هـەنگاوی دەنـا، کـاتێکش گەیشتەوە بارزان مانگی تەواو نەکرد شایی کرد.

ئەوە پتر لە بیست و سێ سـاڵ بـوو ببوونـە ژنـو مێـرد، خۆشەویسـتی ئـەوو مریـەم بەسـەر زمـانی خەڵکیـەوەبوون، لـەو ساڵەشـدا مریـەم بـە بـۆمبی فڕۆکـە کوژرا، تاقە کوڕەکەشیان پێش سێ ساڵ بـە نەخۆشـی گیانیـداو مـرد، حەمـەش دەستی لە ژیان بەرداو لە جەنگدا گوللەی دەگرتەوە، هەتا دواجار دڵی گرت.

لەوساتەشـدا، ئـەو خوێنـاوە لـە گیـانی دڵدارانـەوە و لـە ڕۆشـناییدا زینـدو دەبوونـەوە، لەگـەڵ گێـژی تـەپوتۆزی سـەر گۆڕەکـەدا چـاوی هەڵـدەفڕی، ئـەو ئازارەی تەنیا بەو خوێنەوە نەوەستاو چاوی بـە دەیـان تـەرمی تـردا گێڕایـەوە، فڕۆکەش ئاگر بارانی ناوچەکەی دەکـرد، هـاژەو داڕمـین و کەوتنـە خـوارەوە لـە سروشتو گیاندارو مرۆڤ و دارو درەخت و گەڵای وەریوی بێ نـەواوە لەسـەر دڵـی دەگیرسایەوە، بەو وێنانەوە فرمێسکی دەڕشت.

جارێك ئەو دەروونەی بەسەر تەرمێکدا باراند:

– تـۆ منـداڵیت، تۆڵـەت لـەلای خـواو لـە دڵـی ئێمەدایـە، ئـاڵای ئـازادی لـە خوێنی بێتاوانیتەوە دەشەکێتەوە.

بێ ئارامی گرتییەوەو بەسەر بوورکانی ناخیـدا حەژمـەتی بارانـد، ڕوخسـاری جەنگو خـاك و خوێنـاوی دەهاتـەوە بەرچـاوی، دەنگـی فڕۆکـەو زرمـەی تـۆپ و

شەستێر لە دڵیدا کاریگەر ببوون.

لەوساتەدا وێنەی ئەو فڕۆکەیەی هاتەوە بەرچاو، پێشمەرگەیەك بە تفەنگ خستییە خوارەوەو سوتا، بەو وێنەیەوە دەنگی هەڵبڕی:

– بڕواو خۆڕاگری لە فڕۆکەو تۆپ و شەستێر ئاگرو ئاسن بەهێز ترە، سڵ مەکەن، بڕۆن پارێزگاری ئەم نیشتمانە بکەن.

بەو قسەیەوە کەف ژەهراوی سەر خاك و بەردو دار لە نیگایدا دەتوایەوەو هەڵدەکفا.

لە کەف شرینقەکەیشەوە هەموو ئەوانەی دیەوە، ئاوێنەی هەست و نەستی شەوقی دەدایەوە و لە کەف ئەفسانەییەوە دەتوانەوە، لە کەف خواوەندیەوە نیگای ئاوێنەیی تیشکیان دەدایەوە، لە ئاوێنەی بووندا بوورکانی خەفەی دەتەقیەوە، ئەو چرکەیەی لێبوو بەهەموو تەمەنی لاپەڕەی مێژووی خوێناوی، وەك ئەو ساتە ئەو ڕۆژە ڕەشانەی دەهاتەوە بەرچاو، ئاگر شەستەی بەسەر سەنگەر و ناوچەی بارزاندا دەکرد.

لەو جەنگە خوێناویەدا مانگێك زەوی ئاگری دەگرت، چەندین فڕۆکە کەوتنە خوارەوە، بە دوربین سەیری دەکردن و لە سەنگەری پێشەوەدا نیشانەی دەگرتەوە، بەو روانینەوە گەلای مەرگی لەهەموو لایەکەوە دەدیەوە، دەنگی فڕۆکەو تەقینەوەی تۆپ و بۆمبا، گوڵو گەڵاو باخیان دەژاکاند.

ڕۆژێك بەو وێنە خوێناویانەوە دەماری بەرزبوونەوە، لەناو لالە زارێکدا دانیشت، لە گوڵی ژاکاوەوە هەناسەی هەڵدەکێشا، پاشان قەڵەمی دەرکردو کەوتە نامە نووسین، رۆژگاری رەشی بارزانی بۆ هەموو ناوچە و سەرۆك هۆزو لایەن و حیزبوو ڕێکخراوو کەسایەتیەکان تۆمار کرد:

– لەپێناوی بەرگری لە کوردستان، ئاگرو ئاسن باران پەڵەی تەمەنمانە، با هەموو ببینە یەك، کێ دڵسۆزە با هاوکاریمان بکات؟ بە رۆح و ماڵ و جەستە.

پاش نووسینی دەیەها نامە هەڵسایە سەر پێ:

– میللـــەتێکی شـــیرازە پچـــڕاوو بێکەســـو هـــاوڕێین، ڕۆژی ڕاپـــەڕینی سەرتاسـەرییە، دەبـوو ئێسـتا هـەموو عێـراق پێکـەوە دژی ئـەم ڕژێمـە بۆگەنـە ڕابپەڕینایە.

هەمیشـە سـوتانی شـاخ و کێـوو دەشـت و دارسـتان و جەنگـەڵ و باخچـەو ڕەزو کێڵگە، بە وێنەی منـداڵ و پـیرو لاوو ژنـەوە دەبـوون بـە سـرودی ئـاگراوی مێشـکی و بـیری لێدەکردنـەوە، زریکـەی منـداڵ لـە چـارۆکەی سـەر پشـتەوە شەپۆلیان دەدا، بەو وێنەیەوە چۆقەی مەرگ دەیگرتەوە.

لەو کاتەشـدا گریـەی منـداڵێك بروسـکەی خسـتە دڵیـەوە، چڵم دەم و لـوتی داپۆشـی بـوو، لەسـەر تاشـە بـەردێك دەكڕوزایـەوە، کاتێـك بـینی دانەویـەوەو ماچی کرد، پاشـان لـەناو ئەشـکەوتەکەی ڕوانـی، بـە هـاوارو ناڵـەو گریـەوە بـێ ئارامی گرتیەوە، بەو ئاماژایەوە بە ئازارەوە بەرەو خواربووەوە.

ئـەو تەوژمـە لـە ناڵـەو هـاواری خەڵکـەوە تـەواو گرتیـەوە و لەگـەڵ کڵپـەی جەنگیشـدا ڕۆژ بـە ڕۆژ پـەرەیان دەسـەند، هـەتا ئـاگر بـاران ناوچـەی بـارزان و دەورو پشـتی بـە تـەواوی سـوتاند، هـەمووی بـە ناچـاری کەوتنـە سـەر کـۆچ، دەیـــان ئەســـپ و مـــاین و کـــەرو ولاخ بـــە بـــارەوە بـــە هـــەورازو نشـــێویدا سەردەکەوتن.

ساتێك لە بنارەوە تـا لوتکـە سـەیری کۆچـی کـردو لەسـەر بـەردێك وەسـتا، دەستی ڕاگرت، تا هەمووی سـەرکەوتن، ئەوسـا نەخشـەی گەڕانـەوەی بنکـە بـە بنکـەی کێشـا، دوا هێـزی لەسـەر لوتکـەی شـاخەکە هێشـتەوە، لـەوێوە لـە دو سـنوری دەڕوانـی و لـە ئـاڵای کۆمـاری مـەهابادەوە کوردسـتانی خـواروی دەدیەوە.

لەوساتەشـدا، لـە تیشـکی شـرینقەکەوە کەوتـەوە نـاو کـەڤ ئـەو شۆڕشـە خوێناوییەوە، وەك ئەو ڕۆژانەی سەرکردایەتی هێـزی پێشـمەرگەی دەکـرد، ئـەو

دەنگانە گوێیان دەخرۆشاندەوە.

چەند چرکەیەك بوو، ئەو تەوژمە پێچابوویەوە، هەر لەوساتەی پزیشکەکە لە پشکنین بووەوە، ئەو هێزە گرتییەوە، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بە جەستەیدا وەك تیزاب تواندیەوە و خستیە گەرداوی ئەفسانەیی و گومان و هەست و نەستی تێکەڵاوبوون، خورپەیەکی دەزولەیی گرتییەوە، دیمەنی شۆڕش هەموو روانینی پۆشییەوە، بروسکەو دەنگ و هاوار لە مێشکیدا دەتەقینەوە، لە روانینێکی فۆتۆییەوە وەك جاران لە کەشێکی نادیاری تێکەڵە زەمەنا، رۆحی بۆ ئەو دیوارانە دەگەڕایەوە، لە قوڕو بەرد دروست کرابوون و بە دارو حەسیرو خۆڵ داپۆشرابوون، لەوەوە، وەك ئەو ساتانە لەو بۆتەیەدا دەتوایەوە.

ئەو خورپەیە زۆر جار لەسەرەتای ئەو شۆڕشەوە گرتبوویەوە، خاڵ و بڕیاری ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنووسین زۆر لەلای گرنگ بوون، بە قوڵی کێشمە کێشمی لەسەر دەکردن و ببوونە خۆرەی جەستەی، ئەگەر بستێك لەخاکی کوردستان بقرتایە خورپە و لەرزی سەرتاسەری دەیگرتەوە.

جارێك ئەو موچڕکەیە دڵ و رۆح و مێشکی گرت، کاتێك نوێنەری میری قەڵەمی بە مێزەکەدا کێشا:

– کێ ئیسپاتی دەکات کەرکوك کوردستانە؟

ئەو قسەیە بەتەواوی کاری کردە سەری و حەژمەت گرتیەوە، بەو رقەوە بەبێوەستان پەنجەی بەرز کردەوە:

– کەرکوك نەك کوردستانە، بەڵکو دڵی کوردە، ئێوە داگیرتان کردووە، هەر کات دەسەڵاتم بوو لەچاوتان دەری دێنم، ئەگەر نا، با هەر بە داگیر کراوی بمێنێتەوە هەتا رۆڵەی کورد دەرفەتیان دەبێت و رزگاری دەکەن.

هەمیشە بە کێشەی کەرکوك دەکەوتە گەرداوی ژانی مەرگاویەوە، دوای بریندار بوونیشی لە گفتوگۆی چوار ساڵیدا بەو زامەوە چووە ناو کۆبوونەوەی

مەکتەبی سیاسی و بەو دلۆپانە نەخشەی کەرکوکی کێشایەوە:

– جەنگ لەسەر من هەڵناگیرسێت، جارێ سالێکو چەند مانگێك بەسەر گفتوگۆدا ڕۆیشتوە، تەنیا کاتێك دەکەوینە ئەوەی ناچاری جەنگ دەبین لەسەر کەرکوك.

دوکەڵ و گڕی نەوت هەمیشە لەبەرچاویدابوو، هەر کاتێك بیری لێبکردایەتەوە مێشکی دەکەوتە سەر ئازاری مەرگ و ئێسقانی دەسوتاند، بەردەوام حەزی بە گفتوگۆبوو لەسەری، لە هەموو باس و هەواڵێکی ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزی راستەوخۆ لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا کۆدەبووەوە، بە قوڵی قسەی لەگەڵدا دەکردن، جارێك تەواو جەستەی کەوتە سەرخرۆش، کاتێك نووسەرانی کەرکوك هاتنە لایو چەپکێك گوڵیان خستە سەر لبادەکەی، خۆشی گرتیەوەو بە خەیاڵی نەبینەوە گوڵ و کەرکوکی خستە دڵییەوە، لە ناخی خۆیدا دوا، دواجار ئەو پەیمانەی دوپات کردەوە:

– پەنجەم کرد بە چاوی نوێنەرانی رژێمداو پێمگوتن: کەرکوك لە باکورو باشووریەوە تا ئەو دیوی چیای حەمرین بە زمان و بەرگ و شارستانی و ئایین و رەفتار کورد نیشنە، ئاسمانیشی وێنەی ئالای کوردستانە، داگیر کراوە، جگە لە سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی ئێوە کامەیە نا کوردستانی بوونی کەرکوك؟ .

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، یەکێك لە نووسەران قەڵەمی لەسەر کاغەزەکەی لابرد:

– دەیانەوێت سیمای بسڕنەوە، بەلام کەرکوك خۆی زمانی کوردە، هەردەم هاواری کوردایەتی دەکات.

بەو ژانەوە مژی لە سیغارەکەی داو دوکەڵی بەرز کردەوە:

– ئەوەم بە رۆژنامەنووسانیش گوت، کەرکوك کوردستانە، ئێمە تەنیا داوای مافی خۆمان دەکەین لەسەر چی سەنگ و سوکی بکەین؟ دڵنیا بن،

ئەگەر وەك حەزرەتی موسا بیخەنە سندوقەوە هەر هاوار دەکاتو دەڵێ: کوردستانم.

بەو قسەیەوە کۆکی و سیغارەکەی لە قوتویەکدا کوژاندەوە، ئەوانیش هەستانو لێیانڕوانیەوە، دواجار ئیدریس دەستیانی گوشیو زەرفێکی دایە دەستیان، سڵاەمینەوە و وەریان نەگرت، مەسعود هاتە پێشەوەو زەردەخەنەیەکی کرد:

– دیاری بارزانی پیرۆزە وەری بگرن.

کاتێك چونە دەر هەستاو تێر چەپکە گوڵەکەی مژی و ئاوازی سیحری بۆ دروستبوو، بەو جۆرەو بە بۆنی خۆشەوە، کەوتە بیرو شیکردنەوەی مێژووەوە، بەو بیرەوە پاڵی دایەوەو لە سیواخی دیوارەکەی روانی، قڵش و درزی ورد وێنەی جوگرافییان لەبەرچاوی دەکێشا، بەو روانینەوە قەڵەمە زەردەکەی بەدەستەوە گرت، کەوتەوە خەتهێنان بەسەر راپۆرتێکی رۆژنامەی خەباتدا.

ئەوانە ئەو تەوژمانەبوون، لە ژیانیدا هەبوون، لە شەوقی ئەو گوڵانەوە، بەرامەی یادەوەری ئاهەنگ سازی گەڵای زەمەنیان لە نیگایدا دەکرد.

لەوساتەشدا، لە کەف شرینقەکەوە ئاوێتە ببوون، لەگەڵ بروسکەو پیرۆزبایی گەلانی ئێران وەك زەنگ مێشکی دەگرتەوە، ئەوە دوا خونچەو گوڵی گەشاوەی بوو، چاوی لەناو فرۆکەی گەڕانەوەدا هەڵدەفڕی، سەدان هەزار لاوو کچ و نیشتمان پەروەر لە ڕوانینیدا بوون.

چەندین ڕۆژبوو، ئەو نەخشەیە گرتبوویەوە، دڵداران باوەشیان بۆ دەگرتەوە، نەورۆزی ئەو ساڵەی بە ئاهەنگی سەرفرازی دەزانی، وەك کۆتری سرك لە زیندانی ڕەشەوە دەهاتنەوە بەرچاوی و بانگەوازیان دەکرد.

بەو هێزەوە زمان و مادەی بەو ڕەمزە دەزانی، ئەڤینی بە نیشتمان و گەل و ژیانەوە بەرجەستە دەکرد، هەمیشە دەزولەیی لەسەر چڵ و گەڵاو خونچەو

گۆپکەوە دەیدینـەوە، شـیلەی خۆشەویسـتیان لێـدەتکا، بـەو جـۆرەش دڵـداران لە کۆڕی خەباتدا لەسەر سنگی ئازادی ئەو ڕاستیانەیان دەگوتەوە.

ئەو ئاهەنگە بە شـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر لـە ڕوانینیـدا یاریـان دەکـرد، لـە ئاوێنەی شۆڕشدا دەبوون بەجوانترین تابلۆی نەمری لـەلای، لـە دەرەوەی بـیری پارتیشـدا ئـەو ڕوانینـەی هـەبوو، ڕۆژێـك لەسـەر جەسـتەی پێشـمەرگەیەك دڵـی پڕبوو:

– شۆڕش بەو بڕوایەوە سەردەکەوێت، لـەو ئاهـەنگ سـازییە رۆحیـەی لـەناو پارتیـدا هەیـە، کاژیکـە و لـە سـەنگەری خـەباتی نەتـەوەدا شـەهیدبووە، زۆر فەرمانـدەمان هەیـە کـاژیکن، وەك گـەڵای نیشـتمان سـنگیان خسـتۆتە بـەر بـا، ئەمەیە ڕەمزی خەبات، نەك برا کوژی.

ئـەو وێنانـە کاریـان کردبـووە سـەری، ئـەو گڕەیـە هەمیشـە دەیگرتـەوەو پـەرەیان دەسـەندو وەك گـوڵ جەسـتەی دەخرۆشـاند، جارێـك سـەودای عەشقێکی بـەهێزی بـە کـوژاوەیی بینیـەوە، بـە لەرزینـەوە پەنجـەی درێـژ کـردو وێنەی خەیاڵی بۆ ڕەخسا، لـەوەوە ئـازاری زۆر گرتیـەوەو وەك جـاران وێنەکـەی خسـتەوە بەرچـاوی، بـە تەمـەنی هـەژدە سـاڵانەیەوە لـە ئەفسـونی هـەردوو چـاویەوە دەزوی دوو عەشـقی مـەزن دیاریـان دەداو مـەرگ لـە چـاوی دەخوێنرایەوە.

کاتێك بە برینداری لە نەخۆشخانەی حـاجی هۆمـەران بـینی، خـەم دایگـرت، تەقەڵی نەشتەرگەری دوو وشەی لەسەر سنگی لەت کرد:

– ئاخ کوردستان و شنۆ.

لەوساتەدا قسەکەی غاندی بیر هاتەوە:

– جوانی لە دڵی دڵدارەکان، حەقیش لە بازوی کرێکاران و رەنجدەران.

هەمیشـە لـە کۆبوونـەوەی یـەکێتی ئافرەتانـدا ئـەو راسـتیانەی دوپـات دەکـردەوە، هـەزاران دڵـدار بـەو بێلانـەیی و هێـزەوە سەوداسـەری مـەرگیان

دەکردو لە دڵیدا هیلانەیان دەکردەوە.

یەکـەمجار ئـەو هێـزە لـە تەمـەنی مێـرد منداڵیـەوە گرتیـەوە، لـە گەشـتێکی گەورەدا، کاتێـك شـێخ ئەحمـەد بـە شـێخ عەبـدول ڕەحمـانی شـرناخی ناسـاند، کتوپڕ خۆی گۆڕی و ڕانکو جۆغەی کردە بەری و پشـتێنی تونـدو تـۆڵی بەسـت، کـڵاوو جامانــەی پێچـایەوەو فیشــەکدانی لــە خۆیـداو تفـەنگی کـردە شــان و تورەکەی بەرگ و کەلو پەلی گەڕانی هەڵگرت، بەسـەر ڕێگـاو لاپـاڵ و قـەدپاڵ و لوتکـەو بنـاردا هـەنگاوی دەنـا، چـاوی دەبڕیـە سروشـت و چـرکە بـە چـرکە بـە ڕۆچـونی قـوڵایی جیهانـدا سـام و ترسـی دەشـکا، ئـەو هێـزە خۆڕسـك هـەر لـە منداڵیەوە لـە جەسـتەیدا دروسـت ببـوو، بـە لاسـایی ڕاسـتی مەرگـەوە پەنجـەی بەپەلـە پیتکـەدا دەنـاو پرۆڤـەی سـەرکردایەتی کردنـی دەکـرد، بـەو هیوایـەوە چەندین نیشانەی وردو خاش کرد، فیشـەکی بـە مـەل و کـۆترو مراویـەوە دەنـا، چـەند جارێـك مـەل و کەروێشـکی گلانـدو بـە چـەقۆ سـەری دەبـڕین، لەسـەر ئاگرێکی خۆش دەیان برژاند.

چەند ساڵێك بوو گرانی کۆتـایی هـاتبوو، زەوی بـە سـەوزاییو ئـاوو چـریکەی مەل ڕۆشن ببوو، کاتێك لـە گونـدێك نزیـك بوونـەوە، شـەکەتی خۆیـو هاوڕێکـەی گرتبـــووەوە، تـــەواو برســـی و تـــین و ببـــوون، لەســـەر ئەســـتێڵێك دەســـتو دەموچاویان شتو ئاویان خواردەوە، لاوێـك لەسـەر گردێکـەوە هاتـە خـوارەوە و بۆ ماڵی خۆیان فەرموی لێکردن، لەگەڵ هەنگاونانیدا لەگەڵیدا دوا:

– ئێمە بۆ لای شـێخ سـەعید هـاتوین دەمانـەوێت گفتوگۆی لەگەڵدا بکـەین سەبارەت بە شۆڕشی دەرسیم.

– منیش پێشمەرگەی ئەومو ئێستا زامدارم، ماوەیـەك مۆڵـەت دراوم و پـاش پشوو دەگەڕێمەوە بۆ بارەگا.

بـەدەم ئــەو قسـانەوە گەیشـتنە ماڵەکـەیان، دایکـی هـات بـە دەمیانـەوەو جامێك دۆی بەدەسـتەوەبوو، بـەخێرهاتنی کـردن و دۆکـەی خسـتە بـەردەمیان،

ئەویش هاوڕێکەی خۆی پێناساندن:

– شێخ عەبدول رەحمانی شرناخی.

لاوەکە سەیری کرد:

– ناوبانگتم بیستوە.

بەو قسەیەوە چووە دەر، پاش ماوەیەك سینیەکی گەورەی هێنایە ژوور، تاوەیەك هێلکەو رۆن و قاپێك ماست و سەلکێك پەنیرو بەستەیەك نانی لەسەربوو، ئەوەی داناو چووە دەر، ئەویش لەو تەوژمەدا نوقم بوو، کاتێکش خودا حافیزی کرد هەر لە گەرداوی ئەو دایك و کوڕە دابوو، لە کاتی دیدەنی شێخ سەعیدو سەرکردەکاندا هەمان تەزو لەبەرچاویدابوو، لە گەڕانەوەشدا بەو یاریە ڕۆحییەوە کەف چڕینی خوێنی لەگەڵ سروشتدا دەسازاند.

کاتێکیش گەیشتنەوە ناو گوند چاوی بۆ گێڕاو نەیدیەوە، بەو بیرەوە هەواڵی پرسی، ڕیش سپیەك ئەو داخەی هەڵڕشت:

– لەگەڵ دلدارەکەی گرتیان و بە گوللە کوشتیان، مستەفا تاقانە شۆخی ئەم ناوچەیەبوو، هەموومان ئاخمان بەتەمەن و سالاری دەخوارد.

ئەوانە داخێکی گەورەبوون لەلای، هەر لە سەرەتای مێرد منداڵیەوە دەزولەی عیشقی بە هێزی لەبن نەهات و دەزانی، عیشقی تاقە کیژێکیشی نەکرد، خەون و ڕوانینی ببووە پەرچەمی تێکۆشان، هەر لەو ساتانەی چاوی کرایەوەو کەوتە سەرکردایەتی کردن، خۆشەویستی کوردستان جێگەی هەموو ئەڤینێکی بۆ گرتەوە، ئافرەتانی بە خوشك و دایکی خۆی لە قەڵەم دەدا، یەکەم ژنیشی دلداری نەبوو، بەویستی کەسوکاری پێشکەشی کرا، چونکە بیرو پەیمانی بڕوایەکی پتەوبوو بە کوردایەتیو بە ئیسلام، هەمیشە ئەو باوەڕەی دوپات دەکردەوە، ئەوەش لە ژیانیدا ئاسایی بوون، لەهەموو ساڵانی دەست بەسەری و ئاوارەییدا ژنی لەگەڵدا نەبوو، چاوی لەهەموو جوانییەکیش دەنوقاند، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی عاشقانی لەهەموو شتێك بە پتەوتر دەزانی،

له ئاوێنەی بوونیدا ڕەنگیان دەدایەوە و مانای شۆڕشیان زیندو دەکردەوە، هەمیشەش کەڤ ئەو مردنە لەبەرچاوی زیندوو دەبووەوە، لەو کاتانەی بیری لێدەکردەوە دەکەوتە ژان.

لەوەوە وێنەی ئەو سەربازەی بیر دەهاتەوە، لە جەنگی سەرەتای بارزاندا لە ژێر تاشە بەردێکدا بینیەوە، وێنەیەکی بە سنگیەوە گرتبوو، ئەوە کاری کردە سەر دەروونی و دانەویەوە بۆی هەتا بیخوێنێتەوە، بەو روانینەوە وێنەکەی هەڵگرت، کچێکی شۆخی چاو ڕەشی قژ زەرد، پێست گەنم ڕەنگیەکی ئاڵتونی باڵا بەرز لەپشتی وێنەکە نووسیبووی:

– پەپولەی هیوام، موحەمەد، بە هیوای مەرگی جەنگ و قڕی دیکتاتۆرو ژیانی خەڵك، موحەمەد هیوام گەڕانەوەتە و بەیەك گەیشتنەوەمان.

لەوساتەشدا، ئەو ئازارانە لە کەڤ شرینقەکەوە سەری هەڵدا، توشی شاڵاوی سەرتاسەری دەهات، خەتی ئاسۆیی بەسەر جەستەیەوە دەکشاو پەخشدەبووەوە و نیگاو ڕوانینی دەپۆشییەوە، وەك ئەو وێنە زێڕ نەخشانەی گوڵ و سرودیان لەخوێنیەوە دەکفاند، لە کۆجیتۆی بوونا بەو هێزەوە شاڵاویان دەبردو لە دڵی دڵدارانـدا مۆمیادەبووەوە، وەك گیای نەمری لە ئاوێنەی شەفەق بەخشی نیگایەوە دەبوون بە بروسکەو چەخماخەو گڕی شۆڕشیان هەڵدەگیرساندەوە، دارودرەخت و جەنگەڵ دەسوتان، مەلی هیوای دڵداران دەبوونە سەربازی ون، لە فەزایا دەنیشتەوە و لە نیگایەوە گزنگی هەتاوێکی نوێیان دەتەقاندەوە. ! !

## (9)

دڵۆپــه فرمێســکی قه‌تیســی ســه‌ر پێڵــوی مۆمیــای فیلمــی چــرکه‌ی ترســناکی ڕوانــینی ژه‌نــه‌ڕاڵیان گرتبــوو، تیشــکی بــیره‌وه‌ری به‌ســه‌ریه‌وه ئــاوه‌ژۆده‌بووه‌وه ئه‌فســانه‌ی خۆڕســکیان ده‌رده‌خســت، لــه فۆتــۆی سروشــته‌وه مۆمیــای زه‌مــه‌نی ئاوێنــه‌یی ده‌بــوو، بــه‌و دیمه‌نانــه‌وه شــێی رابــردوی له‌ســه‌ر گرمۆڵــه ده‌بــووه‌وه، ڕوانــینی ببــووه زه‌خره‌فــه‌و له‌هــه‌ر پزیسـکێکه‌وه کاره‌سـاتێکی ده‌دیـه‌وه، سـه‌دان وێنـه تێکـه‌ڵاوده‌بوون، وه‌ك ئاوێنــه‌ی ترســناك ده‌یخســته‌وه نــاو بێشــکه‌ی بوونــه‌وه، لــه کــه‌ڤ شرینقه‌که‌یشـه‌وه ئـه‌و یـاده چـه‌خماخه‌ی دایـه‌وه، له‌بـه‌ر تیشـکی ئـاوه‌ژۆدا له‌سه‌ر چـرپاکه جه‌سـته‌ی بـه شـێوه‌ی ئه‌فسـانه‌یی درێـژ ببـوو، وه‌ك رۆحـی توابێتــه‌وه بــه‌و جــۆره نیشــانه‌ی ئاســۆیی بــالآی بــه‌رزی ده‌رده‌خســت، روخساری گه‌نم ڕه‌نگی ئاڵتونی به سێبه‌ری تاریکی که‌شی هـه‌واو ژوره‌کـه‌وه گه‌شتری ده‌نواند، دیده‌ی ژیکه‌ڵه‌و وردو ڕه‌ش له‌ناو ئابلۆقه‌ی برژانگـو بـرۆی پڕیـدا وه‌ك دو ئه‌سـتێره‌ی نـاو ئـاو دیاریـان ده‌دا، نیشـانه‌ی سـه‌ر ڕومـه‌تی ته‌مــه‌نی حــه‌فتاو شــه‌ش ســاڵه‌یان ده‌نه‌خشــاند، ددانیشــی دوو به‌ســته‌ی ده‌سته‌به‌ربوون، نینۆکی سپیو تاریك و ئه‌ستور، په‌نجه‌یشی نه‌رم، لـه نـوکی پێیه‌وه تـا تـه‌وقی سـه‌ری بـه‌هێزو پتـه‌و ده‌رده‌کـه‌وت، ڕه‌نگاڵـه‌ی نه‌خۆشـی

بەسەر پێست و خوێنیەوە لەگەڵ زەردەخەنەیدا دیاریان دەدا، پێستی ئەستورو موی سەرو ڕیش و سەر سنگی تاریك و ماش و برنجی بوون، تاڵ تاڵە موی ڕەش لە جەستەیدا مابووەوە، بە کەلەی سەریشیەوە پتەوو گرژ دیاریان دەدا، هەمیشەش قژی کورتبوو، هەموو رۆژێکیش ڕیشی دەتاشی، هەر دەسونەتەکەی پێغەمبەرانیشی پیادە دەکرد، لەو جێگایانەی ئاودەست خانەی لێنەبووایە لە دەرەوەی ئاوەدانی دەچووە نشێوی و نەدیویەوەو بەردە تاراتی بەکار دەهێنا، بەردەوامیش حەزی لە خۆشتن بوو، لە جەنگ و گەڕان و گەشت و سەفەریشیدا هەمیشە تورەکەیەکی پێ بوو، دەستێك جل و لفکەو سابوون و تەراشی تیابوو، تفەنگ و فیشەك دانیشی بە کۆڵی خۆیەوەبوو.

بەو جۆرەش لەو سروشتە خۆڕسکەوە ببووە جەستەیەکی ئەفسانەیی، خۆشەویستی نیشتمانی لەپاك و خاوێنی رۆح و جەستەوە دەدیەوە، بە بینینی پیسیو چڵکنی لەشی دادەهێزرا.

جارێك لە بارەگای خۆی نەخۆشی برستی لێبڕی، دوو هەفتە خۆی نەشت، ئێزگەی عێراقیش هەواڵی مەرگیان بڵاوکردەوە، بەو پلانەوە راچەنی و هێزی دایەوە بەر خۆی، لە ئاوێنەی روانی، لەپڕ بروسکە و سێبەرێکی تەڵخ گرتییەوە، وەك ئەو ساتە درەختەکە بە شنەی شەماڵەوە دەشنایەوە، پێشمەرگەیەك لەبەر خۆرەکەدا بە شانە سەری دادەهێنا، ئەسپێ بەڕیز دەکەوتنە خوار، کراسەکەشی داکەندبوو بە نینۆك گەرای ناو تەقەڵەکانی ڕنە دەکرد.

ئەو دیمەنە تەواو کاریگەربوون لەلای، لە کۆبوونەوەیەکدا لەو هێڵە ترسناکەی کۆڵییەوە:

– شۆڕش تەنیا تەقە کردن نییە، هەڵپەڕکێ و گۆرانی و قسەی خۆش و خوێندنەوەو نان خواردن و خۆشتن و جل شتن و لەش سوکییە، هەموو

ئەمانە بە شێکن لە ئەرکی شۆڕش.

بەو بیرەوە ئاوێنەکەی داناو هێزی دایە بەرخۆی، ئەو پارچە شیعرەی شاعیر(شێرکۆ بێکەس) لە مێشکیدا زرنگایەوە رۆژانە لە ئێزگەی دەنگی کوردستانەوە لێدەدرایەوە:

– (فیشەکی لولەی تفەنگەکانمانی، بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی).

بەو بیرانەوە ورە و هێزی خستە بەر خۆی و چووە ناو ژوری خۆشتنەوەو نەخۆشی لەبیری خۆی بردەوە، کاتێك خۆی شت و هاتە دەر یەکراست وتارێکی خۆڕاگری و خەباتی لە ئێزگە بڵاوکردەوە.

بەو جۆرەش بایەخی بە خۆشتن دەدا، هەمیشە عەتری بە جلەکانیەوە دەکرد هەتا ئەسپێ نەچێتە ناویانەوە، رۆژانە بەتانی لەبەر هەتاوا هەڵدەخست، هەموو رۆژیکیش چەند جارێك بە سابوون دەمو چاوی دەشت، پاشان وشکی دەکردەوەو لە ئاوێنەی دەڕوانی، تا ئەو کاتەش روخساری لەگەڵ جەستەیا رێك و پتەو دەردەکەوت، پشتیشی نەچەمابووەوە، چونکە ژیانی پڕبوو لە گەڕان، مەلەوانێکی کارامەش بوو، هەر لە منداڵییەوە لە زێیەکەی خوار بارزانەوە فێری مەلە ببوو، دەچووە بنی گۆم و ئەمسەرو ئەوسەری چۆم و زێی دەکرد، دەچووە جێگەی ترسناکەوە، هەڵزنانیشی بە شاخ و کێوو بەردو دار، شەوو ڕۆژو هەفتەو مانگ و ساڵ لە گەشتو گەڕاندا هێزێکی کاریگەریان پێ بەخشی بوو، جگە لەوەش سوار چاکێکی کارامەبوو، زۆرجار غار غارێنی بە ئەسپی بەناوبانگ دەکرد، لغاوی توند بە دەستەوە دەگرت و بێترس جڵەوی بەردەدا، بە تولە ڕێگاو لاپاڵ و بناردا دەکشا، چەندین کاتژمێر لەسەر زین نەدەهاتە خوارەوە، کەف لە دەمی ئەسپیەوە دەردەپەڕی، هەر بۆیەش هەمیشە بۆ پشو ئارەزووی لە سەیرانو گەڕان و سواری ئەسپ دەبوو، زۆر جار لە تاوی

ئازاری دەچوو بۆ شاخ و کێو، بە زۆریش دەچووە کوێستانی مێرگە میر، چادری تیا هەڵدەداو لەناو ئازارەکانیدا دەحەوایەوە، یان بە لاپاڵ و پێدەشتا دەگەڕاو دوای چەند رۆژێك پشوو دەگەڕایەوە بارەگاکەی، لەسەر نەخشەو راپۆرت و روداوی شۆڕش دەکەوتەوە کار.

جارێك بۆ پشوو چووە لای حەشارگەیەك و بە قوڵی چاوی تێبڕی، لەپڕ مێرو بە دەست و پەنجەو قاچیدا هەڵگەڕان، کتوپڕ هەستایە سەر پێو چاوی بڕیە شارەکەیان، مێرو بە جۆرێك لەناویدا وروژابوون وەك بانگەشەی کۆتاییان پێبێت، ساتێك سەیری کردن موچڕکە گرتییەوە:

– سەیر بکەن بزانن ماف چییە، زوڵم مانای چییە؟ ئێمە وەك ئەو شارە مێروەین، دوژمن بێ بەزەیی دەمانفلیقێنێتەوە، ئەو حەشارگەیە هی چی مرۆڤێکە لەناو شاری ئەم مێروانەدا دەبنە شایەد حاڵ.

بەو جۆرە ئەو پرۆڤانە جەستەیان پتەو کردبوو، وەك گوێزی دەنواند، تەنیا لە کاتی پیریدا شێر پەنجە بڕستی لێبڕیبوو، کۆکەی توش دەهات، لەشی ساردو سڕ دەبوو، لە سالآنی دواییدا کاریگەری تەواوی خستبووە سەری، شەوو رۆژ بەو ژانەوە دەتلایەوە، ئازار لە قاچی چەپیەوە دەستی پێکرد، هاوسەرەکەی بە ئیدریس و مەسعودی کوڕی راگەیاند، توشی نەخۆشییەکی کوشندە هاتووە، ئازاری سەخت لە پشت و سنگیدا هەیەو ناهێڵێت شەو خەو بچێتە چاویەوە، دوای ئەوە بەیاوەری دکتۆر مەحمود چوو بۆ تارانو پشکنینی ناجێیی بۆ کرا، ئەوەش گومانێکی راستەقینەی بۆ دروست کرد، توشی نەخۆشیەکی گەورەیان کرد بێت و تۆوی شێر پەنجەیان لە لەشیدا چاندبێت، هەر ئەوەش بوو دوایی پتر پەرەی سەند، سەرکردەکان چەندە هەوڵیان لەگەڵدا رازی نەبوو بچێتەوە لای پزیشکی ئێرانی، پزیشکی تایبەتی دەهاتە سەری و چارەسەری کاتی بۆ دەکرد، ئەویش تەنیا حەبوو شرینقە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سات بەسات خراپتر

دەبوو، هەتا دوای نسکۆ بیر لە بردنەوەی کرا بۆ هەندەران، ئێرانیش بەوە رازای نەبوو، هەتا لە ئەیلولی 1975 بە هاوکاری ساواکو سی ئای ئەی تەنیا بۆ ئەمریکا رێگەی درا، لە نەخۆشخانەی مایۆکلینیک لەشاری رۆچشتەر لە مینیسۆتا دەرکەوت، توشی هەلاوسانی سی بووە، ئیدریس بارزانی بەوردی لەگەڵی دەگەڕا، لە شاری لۆس ئەنجلۆسەوە بۆ نەخۆشخانەکان دەیگێڕا، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی تەواو تێکچوبوو، بەڵام هەمیشە خۆڕاگربوو، کاتێك مەسعودی کوڕی هات بۆ دیدەنی، تا لە گەرماوەکە هاتەدەر لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا گریان، بەڵام ئەو بە بەهێزی وەڵامی دایەوە:

– کوڕم دەبێت باوەڕت بەوە هەبێت مەرگ بۆ هەموو کۆمەڵی ئادەمیزادە وەنەبێت تەنیا بۆ پیر بێت، ئەگەر قەزاو قەدەر بڕیارێکیدا بەری لێناگیرێت و دوا ناخرێت.

دوای ئەوە بەماوەیەك لە کالیفۆڕنیاوە بۆ نەخۆشخانەی مایۆ چوەوە، هەفتەیەك پشکنینی بۆ کرایەوە، ئەوسا چووەوە بۆ نەخۆشخانەی مایۆکلینیك و زۆر بایەخیان پێدا، دڵنیایان کردەوە، پشکنینەکانیان سەرکەوتوبووە، ئەوسا هەوڵیدا بچێتە ئەوروپا هەتا بتوانێت قسە بۆ جیهان بکات، بەڵام رێگەیان لێگرت، لە کۆتایی ئەو ساڵەدا گەڕایەوە بۆ ئێران.

دوای ماوەیەك تەندروستی تێکچوەوە، دیسان رێگەی لێگیرایەوە بچێتە دەرەوەی ئێران، هەتا هەوڵی گەورەی بۆ دراو دکتور ماکفرسنیش داوای بەرزکردەوە، ئەوسا رێگەی درایەوەو لەگەڵ مەسعود بارزانیدا گەڕایەوە بۆ نەخۆشخانەی مایۆ لە ئەمریکا، دوای پشکنینەکان دڵنیایان کردەوە، بەرەو باشی دەچێت، بۆیە مەسعود بە هاتنی ئیدریس بەجێیهێشت.

لەوساتەشدا، لە ئاوێنەی ئەفسانەییەوە شێوەی هەموو زەمەنی بوونی دەدایەوە، چەند ساتێك بوو لەسەر ئەو چرپایە لەو گەرداوەدا نوقم ببوو، بە خەیاڵ خستبوویە ناو نیگایەوە، لەوەوە بیرەوەری بەسەریدا زاڵ ببوو، هیواو ئاوات و خەو بینینی هەمووی بە بەرچاویدا دەهاتن.

چەند ڕۆژ بوو هەوای گەڕانەوە لەسەری دابوو، شۆڕشی ئێران وەك گەڵای بەر نەسیمی ئەو بەهارە دەهاتە بەرچاوی، گوڵی ژاکاوی دەدیەوە، چەند ساڵ بوو ئەوە ئاواتی بوو، دوای ڕوخاندنی شۆڕش چەند مانگێکی نەبرد کەوتە نەخشەی هەڵگیرساندنەوەوە، لەو ساڵەشدا لە راگەیاندن و قسەو گفتوگۆی خەڵکییەوە گوێڕایەڵی هەموو دەنگو باسێك بوو، ڕۆژێك چوە مۆزەخانەی گشتیەوەو لاوێك هاتە بەردەمی و ڕۆژ باشی لێکردو بێدەنگ بوو، هەتا ئەو پەردەی بێدەنگی شکاند:

– لێرە دەخوێنیت؟

– دوا ساڵمە لە کۆلیژی ئابووری.

– ئابووری ژێرخانە ئێوە بخوێنن، دوای ڕزگاربوون دەدۆزرێتەوە، کوردستان چی ماددەی خاوی تێدایە، لە ئاڵتون و برۆنزو مس و گۆگردو نەوت و کەرەستەی تر.

بەو بیرەوە ئاهێکی هەڵکێشاو مات بوو، ئەو ڕۆژانەی بیر هاتەوە، لە مۆسکۆ لەسەر ئابووری دەیخوێند، بەو بیرەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو چەند جارێکیش کۆکی و فرمێسك چاوی گرتەوە، ئەویش گریاو ئازاری خوێندەوەو بە دڵی پڕەوە بەجێیهێشت.

لەوساتەشدا، لە کەفی شرینقەکەوە وێنەکان تێکەڵاودەبوون، وەك ئاوێنەی ترسناك دەیخستەوە ناو بێشکەی بوونەوە، بەوەوە خورپەی سەرتاسەری دەیگرتەوە، پەتی سێدارەی دەهاتەوە بەرچاوو بە گەردنییەوە دەنووسایەوە، وەك ئەو ساتەی، هاوڕێکەی بە چاوی

فرمێسکاویەوە لێی هاتە پێشەوەو هەمان خورپە گرتییەوە:
– لــە پازگــای ئەفســەران پێیــان گــوتم فــەرمانی لــە ســێدارەدانتان دەرچووە.
ئەوە هەر لە سەرەتای هاتنیـەوە بـۆ تـاران لـە فرۆفێڵـی ئـەو ڕژێمـەوە، ئـەو گومانـە گرتبوویـەوە، چـەندین جـار ویسـتی نەچـێت بـۆ تـاران، شـێخ ئەحمــەد زۆری لێکــردو نــاردی، لــەو کاتەشــدا لــە نەخۆشــخانەی پازگــای ئەفســەران چــەند رۆژێــك ئــازار گرتبوویــەوە، هــاتبوو هــەتا چارەســەرێك بکرێـت، لــەو کاتــەدا پزیشــکەکە شــرینقەی لــە ئەفســەرێك دەدا، لــەوەوە گومانێك گرتییەوە، بیری لەو فەرمانی لە سێدارەدانە کردەوە، وێنـەی ئـەو کاتەی دیەوە، ڕەزمارا بە توڕەییەوە سەیری دەکرد:
– بۆ کڕنوشت بۆ نەبردووم؟
ئەوە لە رۆحیدا کاریگەربوو، هێزی یاخی بوون گرتیەوە:
– من تەنیا کڕنوش بۆ خودای خۆم دەبەم.
لەو کاتەشـدا ئـەو ئـازارەی زینـدوبووەوە، کتـوپڕ پاشـگەزبووەوەو وازی لە چارەسەر هێناو حەژمەت گرتییەوە:
– ئێمە لە سێدارە ناترسین، خوا هەرچی لـەناو چـاوانمان نووسـی بێـت، دێتە دی.
لەوساتەشــدا، ئــەو خورپەیــە لێیدایــەوە، بــەرەو بارەگــای قونســوڵی بەریتانیا چو:
– ئێمــە نوێنــەری گــەلێکی بێکــەس و چەوســاوەین، ئاشــکرایە کــەس پارێزگاریمان لێناکات، داوام ئەوەیـە لـە ڕەوشـتی نێـو دەوڵـەتیا بڕیـاری لـە ســێدارەدانمان قەدەغەیــە، ئێــوەی بــەریتانیا وەك کێشــەی مرۆڤایــەتی پارێزگاریمان بکەن.
ئەوەش ئەو کێشەیەی لەسەر سوك نەکردن، هـەتا شـای ئێـران نوێنـەری

نارده لای شێخ ئەحمەد، داوای کرد هەموویان چەك دابنـێن بـۆ ئـەوەی ئـەو نەکوژن، شێخ بەو قسەیە توڕەبوو، دەنگی بەسەردا هەڵبڕی:

– هەموو کەسێك لەم هۆزەدا مەلا مستەفایەکە، ئێمە بـەوە چـاو ترسـێن نابین، بەڵکو ڕق دەمانگرێت، هەتا دوا دڵۆپی خوێن دەجەنگین.

ئەوە کاری کردە سـەر دەوڵـەتی ئێـران، بـۆ ڕۆژی دوایـی لەگـەڵ عەقیـد غەفاری هێنرایـەوە، لەیەکـەم سـاتی پێشـوازی کردنیشـیدا لەگـەڵ ژەنـەڕاڵ هۆمایۆنی چونە لای شێخ ئەحمەد، ئەویش گفتوگۆی لەگـەڵ کـردن، هـەموو داوای شای ڕەت کردەوە:

– تـەنیا چارەسـەر لەگـەڵتان تواندنـەوەی بـەفرە، دوای ئـەوە ئێـران بەجێ دەهێڵین.

پاش ئەوەی بەبێ ئەنجام جیابوونەوە، ئـەوە نەخشـەی تـری بـۆ ڕژێمـی ئێـران دروسـت کـردو کەوتنـە گفتوگـۆ لەگـەڵ سـەرۆك هـۆزی ناوچـەکەدا، لەگەڵ قەرەنی ئاغا یەککەوتن، دو ڕۆژ دوای ئاگری نـەورۆز لـە دوو لوتکـەی شاخدا جەنگیان لەگەڵدا کردن، دەنگـی گوللـە شـاخ و دەشـتی پـڕ کردبـوو، ئەوە یەکەم جاری جەنگی دەستەو یەخـەی هۆزەکـان و هێـزی بـارزان بـوو، بــەوەش خیانــەتی ئــەو ســەرۆك هۆزانــە پێچــایەوە، لــە ســەیر کردنــی پێشـمەرگەوە داوای تۆڵـەی دەکـردەوە، هـەر ئـەو روانینـەیش بـوو سـەر لوتکەو لاپاڵ و بناریان گرت.

دوای ئەوە هەر سەنگەربوو چۆڵ دەکرا، هـەر چـەك بـوو دەکەوتـە سـەر زەوی، ئیتر هیچ سەرۆك هۆزێکی تر خۆی لێنەدان.

ئـەو جەنگـە بـە یـەکجاری دڵگرانـی کـرد، لـە کـاتی ناشـتنی تـەرمی پێشمەرگەیەك دڵی پڕبوو:

– ئەگەر ئەم میللەتە سەر لێشێواو نەبووایە توشـی کارەسـات نـەدەهات ئاڵای کۆمار هەڵبکات و تێك بشکێت، ئاخ ڕۆڵە تـۆ شـەهیدیت خـوێنی تـۆش

له ناچەوانی ڕژێمە خوێن مژەکانی جیهاندایە.

بەو قسەیەوە سەری بەرز کردەوە چاوی بەدەورو بەردا گێڕا، ئەوسا چووە ژێر درەختێکەوەو وەستا، ساتێك بێدەنگبوو پاشان کەوتنە ڕۆیشتن، لە بەشی خواروی ئەو گوندەوە لە ماڵێکەوە پێشوازیان لێکرا، لەوساتەی دانیشتن پیاوێك بە هەناسە بڕکێوە هاتە لای، نامەیەکی دایە دەست.

پاش خوێندنەوەی نامەکە سێ فەرمانەدەی بانگ کرد، نەخشەی بۆ کێشان:

– ئێران هێرش دەکاتە سەرمان، پێویستە هەموو لوتکەو بەرزایی گرنگی نەغەدەو سەر ڕێگاکان بگرین.

بە قەڵەم سێ نەخشەی نیشان دان، لوتکەو تەپۆڵکەی دیاری کرد، لەو ساتدا سفرە ڕاخرا، پاش دەست شتن چونە سەر خوانەکە.

ئەو ڕۆژە کارەساتی سەخت ڕوی کردە ئەو هێزە، نەخۆشیو سەرماو کۆچ و گواستنەوەی ژنو منداڵ و سەرگەردانی، بە ناچاری ژەنەڕاڵ داوای لەچەند سەرۆك هۆزێك کرد هەتا بە هانایانەوە بچن، ئێسترو ئەسپ و کەرو ماین ڕیزیان بەست، گریان و هاوار و قیژەش بەرزدەبووەوە، گوێچکەی ببوو بە موروی ئاوداری دەنگی گلانو وڕك و لەرزو گریە، لەبەر شاڵاوی سەرمای زۆر لەسەر ڕێگدا ئاگریان دەکردەوە، ئەوانەی خۆیان گەرم دەکردەوە تەواو دەبوون هی تر دەهاتنە جێگایان.

دوای ئەوە پێشهاتی جەنگ لەگەڵ هێزی سەرمادا گرتنییەوە، لە سێ قۆڵەوە هێرشیان بۆ کرا، فڕۆکە دەستی کرد بە بۆمباران، زرێپۆشیش کەوتنە دەست ڕێژو تۆپ تەقاندن، ئاگر بەسەر سەنگەردا دەباری، لاپاڵ و بن بەردو دارو ڕوتەنی دادەبێژران.

ژەنەڕاڵ بە دووربین سەیری بەرەی جەنگی دەکرد، دوایی دەیکردەوە

ملـی و گوللـەی دەتەقانـدەوە، فڕۆکـەیش یـەك بـەدوای یەکـدا ناپالْمیـان دەخستە خوار.

لـەپڕ فڕۆکەیـەك کەوتـە خـوارەوەو سـوتا. لەوسـاتەدا ژەنـەڕاڵ دەسـتی بەرز کردەوە، پێشمەرگە هێرشـیان کـرد، دوان دو قومبەلـەیان فڕێدایـە نـاو زرێپۆشـێکی تـرەوەو سـوتا، ئەوسـا هـەڵیان کوتایـە سـەر یـەکێکی تـر، دو سەرباز سەریان بەرز کردەوەو یەکسـەر پێکـران، ئـەوە هێـزی گـەورەی پـێ بەخشین، هەموو زرێپۆشەکان کەوتنە بەر ئەو هەڵمەتە.

ژەنـەڕاڵ لـە بـن دارێکـدا دیقـەتی ئـەو سـەرکەوتنەیدا، هێـزی گـەورەی خستە دڵیەوەو خۆشی گرتییەوە.

لـەوەوە ئازایـەتی جـەنگی گۆجـاڕی بیرهاتـەوە، لـەو جەنگەشـدا پـێش ئەوەی رژێم هێرش بکات لە چۆڵ کردنی گوندەکەوە ئەو زەنگە گرتییەوە:

– سەرۆك هۆزی جەلالی بۆ ئەوە گوندی چۆڵ کردوە هـەتا رژێـم بێنێتـە سەرمان، بە هێمنی نان بخۆن و دەست لە کەلوپەلی ترەوە نـەدەن، ڕەنگـە توشی جەنگ ببین.؟

ئەوەی گوت بە کتوپڕی چـوار دەوری گوندەکـە گـیرا، فڕۆکـە بۆمبـارانی دەکـردن، چـەند پێشـمەرگەیەکی لەگەڵـدابوو، خۆیـان فیـدایی کـردو چـوونە سـەر زرێپۆشـەکان، لـە سـاتێکدا سـیان بـەڕیزی یەکـەوە سـوتان، سـوپای رژێمیان کردەوە بە مۆڵگەی خۆیدا.

لـە کاتێکـدا ئـەو وێنەیـە بەلایـدا ڕابـوورد ئـەو قارەمانێتیـەی دیـەوە و زەردە سەر لێوی گرتەوە، سرودی مەزن هەموو جەستەی پێچایەوە.

ئەو خۆشـییە لـە جـەنگێکی تریشـدا خرۆشـاندیەوەو بـە دوربـین سـەیری دەکرد، سەرباز لەهەموو ڕێگەی گرنگـی مەرگـەوە هەڵمـەتیان بـرد، لوتکـەو بنارو تەپۆڵکەو بەرزاییان گرت، کاتێـك ئـەو هێرشـەی بـینی بـیری لـە پلانـی نـوێ کـردەوە، لەوسـاتەدا لـە سـەنگەرێکدا سـەیری ئاسمـانی دەکـرد، دوو

فڕۆکــە هــاتن و کەوتنــە بــەر دەســترێژ، لــە دورەوە ناپاڵمیــان فڕێدایــە خوارەوەو گەڕانەوە.

ئـەوە قورسـایی هێرشـەکەی نیشـانداو نەخشـەی نـوێی کێشـایەوە، سـێ تیپی بچوکی بۆ هێرش دیاریکرد، خـەتی لای ڕاسـتی بـۆ کێشـان، سـیانیش لەلای باشـورەوە، ئاگـاداری لوتکـەو بەرزایشـی کـرد فیشـەك نەتـەقێنن، لـە کاتـژمێری سـفردا دایـان کێشـا، سـەربازەکان وایـانزانی شـکان، بـە هـەلیان زانی و یەکسەر هێرشـیان کـرد، ژەنـەڕاڵ لەوسـاتەدا هێزەکـەی دەنگـدا، لـە کتوپڕیەکدا سەنگەریان گرتەوە، ئەو هێزە هەمووی گـەمارۆ دران، فڕۆکـەش خەتی تریانداو سەربازی خۆیان بۆمباران کرد.

لەوسـاتەدا فـەرمانی هێرشـیدا بـە پێشـمەرگەو بـە ژێـر شـاڵاوی گوللـە باراندا چووە پێشـەوە، گوللەیـەك لەشـانی درا، کتـوپڕ جامانەکـەی داگـرت، نیـوەی سـوتاندو لەسـەر برینەکـەی دانـاو بـەوی تـر بەسـتی و کەوتــەوە جەنگ.

دەمەو ئێـوارە ئـاگر لەسـەر لوتکـەی بـــەری زەر بـەرزبووەوە، سـوپای ڕژێــم وەك دڕکـــەزی بــەر گــەردەلولی لێهــات، زینــدو لەســـەر جەســـتەی کوژراوەوە دەستـــیان بەرز دەکردەوە.

ئەو جەنگـە مۆسـیقای بەجەسـتەیدا هێنـا، لـەو کاتەشـدا هـەمان چەشـن توشــی ئـاوازی ســەرکەوتن هــات، لــە کاتێکـدا بـرینی برینـدارێکی بەسـت هەســتایە ســەر پــێ، چـاوی بــە هێــزی پێشــمەرگەدا گێڕایــەوە، ئەوســا بەچیلکەیەك چـەند خـەتێکی لەسـەر بەفرەکـە کێشـا، پاشـان کۆبوونـەوەی لەگەڵ فەرماندەی هێزەکاندا کرد.

دوای ئەوە بە هەورازدا سەردەکەوت، پەلی پەککەوتـەی دەگـرت، هێـزی دەخستە دڵیانو باری ڕاستدەکردنەوە، چەند کەسێك لەسەر وڵاخـەوە گلانـو کتوپڕ بە هاواریانەوە چو، هەتا گەیشتنە ئـەو گوندانـەی بـەری ژورو توشـی

کارەساتی سەرمای زۆربوون، ئەو کاتـەش دەنگی لـە سـێدارەدانی پێشـەوا بلاْوبووەوە.

ئەو هەواڵە کاری کردە سەر رۆحـی و گرژبـوو، لـە دەفتـەری یادەوەریـدا چرکەو کاتی نووسییەوە، ئەو شەوە دو جار گـوێی لـە ڕادیـۆ گرتـەوە، دڵـی پڕبوو، ئەوەندەی فرمێسك باراند تەواو کۆشی تەڕبوو.

چـەند ڕۆژ لـە ژێـر ئـەو هێرشـە ئاسمانیـەدا ئـەو جەسـتەیەی دیـەوەو فرمێسکی بۆ ڕشت، کاتێك دەچووە سەر برینداریك ئەو وێنەیـەی دەهاتـەوە بەرچـاو، لـەناو هـاوارو فرمێسـکو قیـژەو ناڵینـەوە دەنگـی تـری بـێ کەسـی دەهاتــە گوێیــەوە، ئــاگر بەســەریاندا دەبــاری، نەخۆشــی و برســێتی و سەرماش کاریان کردە سـەریان، هـەموو سـاتێك لـە دەنگـی ڕادیـۆو هـەواڵی خەڵکەوە تەلبەندی سنوری دەبیسترا، بەو هەواڵانـەوە توشـی نەخشـەی تـر دەهات.

ماوەیەك بـە تـەنیا بـیری کـردەوە، ئەوسـا چـوو بـۆ لای شـێخ ئەحمـەد، ئەویش گریا:

– من خـۆم دەکـەم بـە قوربـانی، بـا ئـەم خێزانانـە لـەناو نەچـن، تـۆش خـۆت و هێزەکـەت تـا دوا دڵـۆپی خوێنتـان لەسـەر هـەموو بـەردێك خـوێنی قارەمانێتی بنەخشێنن.

ئەو قسەیە لە مێشـکیدا کاریگـەربوو، کـاتێکش لەسـەر دەریاچـەی گـادر لێیــان جیــابووەوە ســەیری کــردن، هــەتا دوا کەســیان لەســەر پردەکــە پەڕیـەوە، ئەوسـا ڕوی وەرگێـڕاو چـوار ئەفسـەرەکەی بـانگ کـردو لـە ژێـر دارێکدا ناخی خۆی بۆ کردنەوە :

– ئێمە بووینەتە داری بـەر گـەردەلول، خـودا دەیزانێـت چـارەنووسمان چـیە؟دەمەوێت ئێـوە بـەهیلاك نەچـن و دوای ئێمـە بمێـنن، بگەڕێنـەوەو پەیوەندی بە هەمزە عەبدوڵاوە بکەن، لەسەر هەموو بەردێك یاریتـان لەگـەڵ

مەرگ تۆماربووە، ئێوە گوڵی رزگاری کوردو کوردستانن.

بەو قسەیە هەر چواریان دڵیان پڕبوو، لەتاو گریان بێدەنگ بوون و بە هەنسکەوە وەستان، سێبەری شاخ و کێو دەواری نهێنی مێژوویان دەنەخشاند، چوار جەستەو رۆح زمانی پێکهاتەییان لە فرمێسکیاندا تۆمار ببوو، ئەویش ماچی کردن و دەستی ڕاکێشاو هێزی بارزان بەڕیز هەنگاویان دەنا، لە دۆڵێکدا خڕی کردنەوەو وتارێکی کردە مەدالیای ئەو پێشهاتە:

– براکانم چارەنووسمان ونە، ڕەق دەبینەوە یان لە برسان دەمرین، یان گوللەی دوژمن دەمانکوژێت؟، کێ ناتوانێت با بگەڕێتەوە، ئەم گەشتە ترسناکە، دەبێتە یەکێك لە داستانە گەورەکانی جیهان، پێویستە سەد ئەوەندەی تر خۆتان بە هێز بکەن تا ببنە ئەو پاڵەوانە.

قسەکەی تەواو نەکرد سەدان دەنگ بەرزبووەوە:

– بابمرین بۆ ڕزگاری کورد هەرگیز لە تۆ جیانابینەوە.

هەموویان بە دەنگی بەرزەوە ئەوەیان گوتەوە، ئەویش لەسەر قسەکەی بەردەوامبوو:

– فیشەك تەنیا ئەوەیە بە قەدتانەوەیە، بەڵکو هێزو بڕوا بەخۆمانو پەروەردگار لە هێزی سوپای دوژمن مەزن تر بێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنین.

ئەوەی گوتو هێزی دابەشکرد، پێنج سەدو شەست پێشمەرگەی لەپێنج تیپدا دامەزراند، دوا جار دەستی بەرز کردەوە، لەبەرایی هێزەکەی و لە سێبەری هەر چوار ئەفسەرکەی ڕوانییەوە، هەتا دور کەوتنەوە، لەگەڵ تەوژمی سەرماکەدا کەڤی ئاڵتونی دەهاتە بەرچاویەوە.

لەو کاتەشدا ئەو کەفە لە شرینقەکەوە گرتییەوە، بە جۆرێك پێچایەوە وەك ئەو گەرداوەی لەوساتەدا بەدەم برسێتی و حەزی پارویەك نانەوە گرتییەوە، لەدوا سێبەری ڕیزی پێشمەرگەدا بەئازارەوە ڕوی وەرگێڕا.

یەکەم چرکەی گەشتێکی مێژوویی لە ژێر هەوری تاڵەوە دەستی پێکرد، بە کزەبای بە هێزەوە بەڕیز دەڕۆیشتن، نیو کاتژمێر لەسەر بەفر ڕچەی نوێیان شکاند، هەتا لە چڕی و دارستانێکدا وەستان، لە چەند لایەکەوە ئاگریان کردەوە، گڕو دوکەڵ بەرزبووەوە، لە چوار شیوو سەرەڕیو لاڕی دا خۆیان دابەش کرد، ئەوە نەخشەیەك بوو بۆ ئەوەی هێزەکەی پشوو بدات و لە هێرشی لە ناکاو بپارێزرێن بە هیلاکی و ئاوی جۆگەو گۆلاویشەوە هەموو جەستەی تەڕ ببوو، چاوی بڕیە دێکەی خوارو، لەوساتەدا دو پیاو سەرکەوتن و پێشمەرگە بە دەمیانەوە چون و ئەوانیش گریان:

– وەرن گوندی خواکەرەو لە خزمەتاندایە.

ئەوەیان گوت لە چوار لاوە کەوتنە سەر ڕێ، لەناو پێشوازی خەڵکدا ئاهەنگی گەورەیان لێدەردەکەوت، ئاگریش لەسەر گردو دۆڵ و لاپاڵەوە گڕو دوکەڵیان لێبەرزدەبووەوە.

ئەو پێشوازیە یادێکی پیرۆزبوو لەلای، کاتێك گەیشتنە ناوچەی هەرکیو بنەجیش ئەوەی بیرهاتەوە، هەمان چەشن ژنو منداڵ و پیاوو لاو باوەشیان بۆ دەگرتنەوە، زۆپایان بۆ گەرم دەکردن، بە چاوی ئەسرینا وییەوە لێیان دەڕوانین، بەو سەرسامییەوە وەستا، هەتا پێشمەرگە هەموویان لە ماڵاندا دامەزران، لەوساتەدا لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا مایەوە، ژنێك لەسەر بانیژەوە هاواری کرد:

– سەرۆك وەرە ماڵی ئێمە، من ئەجێی حەکیمم، با برینەکەت بۆ دەرمان بکەم.

بەو قسەیەوە هەنگاوی هەڵهێنایەوە، بە دارێکی دوو پەلکدا سەرکەوت، ئەویش بە قسەی خۆش هات بە پیریانەوە، ئەوانیش چونە ژوورەوە، لەو کاتەی دانیشتن داوو دەرمانی هێنا، برینەکەی بۆ تیمار کرد، پاشان سینیەك خواردنی هێنا، کاتێك داینا گەڕایە دواوە، گریاو دەستی بەسەر سنگیدا کێشا:

– بیستم لە گوندی ئاراگوش نوێنەری حکومەت لەو دەرەبەگانە هاتۆنەتە لاتان، حکومەت گلاّوە وریابە سەرۆك، لەوەتەی لەسەر ڕێی نازداری داخی دەرچون دوعا دەکەم بێنە ئێرە.

بەو قسانەوە ئارامی نەما، بەدەم گویّ گرتنەوە هێلکەکەی قوت داو کەوچکێك ماستی بەسەرا کرد:

– ئێمە لە ئێوە زیاتر کەسی ترمان نییە.

لەوساتەدا بانیژەکە لەرزی، لاوێك بە دارەکەدا بە پەلە سەرکەوت، ژنەکەش ئاوڕی دایەوە:

– وەرە عەلی ئەوە بارزانی یە.

عەلی هاتە ژورەوەو چووە لای مقەڵیە پشکۆکەو دەستی بە پیاڵە شتن کرد، ئەویش درێژەی بە قسەکەیدا:

– هیچ شك نابەم ئەو کوڕەو تفەنگێك نەبێت، هەردووکیان بۆ تۆو ئەم خاکە.

بەو قسەیەوە بروسکەی قیژەی ژنێك گرتییەوە، سیانزە ڕۆژ لەوەوبەر لەوبەر پردەکەوە قژی خۆی ڕنیەوەو روی تێکرد:

– چی بکەم سەیدا موحەمەدێکی ترم نییە بینێرمە لات هەتا بەخوێنی خۆی پارێزگاری لەتۆو کوردستان بکات.

لەوساتەشدا، لە توانای ئەوەوە ئەوەی بیرهاتەوە، لەو وێنەیەوە لە سیواخی ژوورەکەی روانین، هەمووی قلّیشی بردبوو، درزی گەورە کەوتبووە هەموو لایەکی، بنمیچ و تەژەو داریش تەواو بە دوکەڵی زۆپا رەش ببوون، چەند پریاسکەیەك بە بنمیچەکەوە بوون، دیمەنی دو کولەکەی وشك گرتییەوە، بە دیوارەکەوە بە قایشی ساچمە زەنێکەوە هەڵواسرابوون.

ئەو دیمەنەی لەگەڵ سەرماو جەنگی ئەو هێزەدا بەراورد کرد، کاتێکش

لـه گونـد دەرچـوون لـه ژێـر بۆمبـارانی چـوارده فڕۆکـەدا ئـەو وێنەیـەی لا زیندوبووەوە، له کاتێکدا ئەوەی دیەوە فەرمانی مانو نەمانیدا.

ئـەو هێزەبـوو سـوپای ڕژێمیـان تـەفرو تونـا کـرد، کـاتێکش تـەرمی دوو پێشـمەرگەیان ناشـت ئـەو وێنەیـە هـەر لەبەرچـاویدابوو، بـەو بـیرەوە لـه گۆڕستان هاتـه خـوار، داده ئـەجێی بینییـەوە بـه هـۆرەوە برینـداری تیمـار دەکـرد، بـه پلێتـەو پێسـتەو پـەڕۆو قـامیش بـرینی دەبەسـتن، بـەو جـۆره چوارده برینداری تیمار کرد، ماوەیەك سەیری کرد ئەوسا سـەری مـاچ کـردو دەستی خسته سەر سنگی:

– دایکه ئەجێ، دڵسۆزی وەك تۆ لـەم نیشـتمانەدا هـەبێت مەحاڵـه هـەر سەردەکەوین.

ئەو جەنگه ڕۆژێك لەو ناوچەیه هێشـتنیەوە، ئەوسـا بـەرەو گونـدی پێـدا بەسـەر بـەفردا ڕێگـەیان بـڕی، زۆربـەی چـیا ڕەش ببوونـەوە، گونـدو مـاڵی سەر ڕێگا دەهاتنـه پێشـەوە، دەسـته نـان و پـەنیرو تـوتن و سـیغاریان بـۆ دەهێنان، هەتا گەیشتنه گوندی زینیاو ئاسنگرا بـەو جـۆره بـەڕێیان کـردن، لـەوێش لـه گرمـەو شـەمدینان بڵاوبوونـەوە، لەناوچـەی چـڕی و دارسـتان و جەنگەڵ و بێشه، فڕۆکەیش هەر بەسەریانەوە دەگەڕان.

ژەنەڕاڵ ئەوەی به نیشانەی گەڕانی سوپای ڕژێم دانـا بـۆ دۆزینـەوەیان، هـــەتا هێرشـــیان بـــۆ بکـــەن، بۆیـــه فەرمانیـــدا کـــەس خـــۆی دەرنـــەخات، دوربینەکەی بەچاویەوە گرت و کەوتـه روانـینی شـاخ و کێـوو دارو درەخـت، پێشمەرگەش لـه ژێـر گـەڵای درەختـەوە خۆیـان حەشـاردا، فڕۆکـەش چـەند سـوڕێکیان داو ڕۆشـتن، ئـەوانیش بـه چـیای پـیرۆزدا هەڵگـەڕان، هێـزی سەربازی ڕژێم له ترسی خۆیان هەر له دوورەوە تەقەیان لێکردن، گولله بـه ئاسمانـەوە دەکوژایـەوە، هـەتا خۆیـان کـردەوە بـه ئێرانـدا، بـەناو گونـدی مێرمێدا بڵاوبوونەوە.

ئەو چەند ڕۆژە کارەساتی سەخت ڕووی تێکردن، بۆیە ژەنەڕاڵ پێش هێزەکەی کەوتبوو بە دووربین، ڕێگەو لوتکەکەی پاس دەکرد، نەخشەی نوێی دادەنا، هەتا لە کەمینی سەر ڕێگا ڕزگاریان بوو.

ئەوە هەر لە سەرەتاوە هەستی بەو فێڵە کردبوو، دو تیپی چل کەسی دانا بە لاپاڵدا دەڕۆیشتن، بەو جۆرە لە گوندی هەرکی و شکاك و دبزی و گۆزە ڕەش و پرس خواران و وادی قتور دەرچوون، پارتیزانانە بەلای ئەو گوندانەدا دەڕۆیشتن، خەڵکی لەسەر ڕێگاوە دەگریان و سنگیان بۆ دەکردنەوە.

ئەو ئاوازانە لە مێشکی هەموویاندابوو، کاتێکش گەیشتنە ناو عەشیرەتی عروس هەمان ئاواز خوێنی دەجۆشاندن، نان و خواردن بە دەستی منداڵ و ژن و پیاوەوە رادەگیرا، هەزاران فرمێسك ڕچەی ڕێگەی بۆ دەشکاندن.

ئەوە بیرەوەری سەختبوو لەلای، لە بن درەختێکدا دەفتەری یادەوەری دەرهێناو ئەو قارەمانێتیەی تۆمار کرد:

– لە شکاکەوە هەتا گەلەتیو والندی و کەلە سورو پەلە رەش و عەمباری خەلك سەمای مردنیان لەگەڵدا کردین، گەلێکی لەخۆبردو قارەمانمان هەیە.

ئەوەی گوتوو پیاوێکی ڕیش ماش و برنجی کورتە باڵا هاتە بەردەمی و دەستی خستبووە سەر سنگی.

ساتێك بێدەنگبوو، ورتەی لە دەم دەرنەهات، وەك بیەوێت بە بێدەنگی گیانی فیدا بکات، هەستی بەو گیانە پاکەی کردو ئەو شەرمەی شکاند:

– فەرمو چی فەرمانێکت هەیە؟

پیاوەکە دەستی بەرزکردەوە:

– گەورەم چ یارمەتیەکتان پێویستە، من شارەزای ئەم ناوچەیەم.

– تۆپیاوێکی دڵسۆزیت، شارەزایمان بکە هەتا سنوری ڕوسیا.
– ئاسانە خوێنم هی ئێوەیە.

ئەوە بیری نەخشەی نوێی خستە مێشکییەوە، چیلکەیەکی شکاندو لە بەردەمی خۆیدا دوو خەتی کێشا، ناوی گوندی ئەو ناوچەیەی نیشانە کرد، ئەویش کتوپڕ لێی گۆڕی:

– بارزانی من تەواو شارەزام پێویستە بچینە ناو تورکیاوە، لە گوندی کلیسو گەندو واغو داتش چرونەوە ئەوسا دەگەینە ماکۆ، ئەوسا ئاوی ئاراز.

بەو قسەیەوە پێکەنین گرتی و دەستی بەسەر شانیدا کێشا:

– ناوت چی یە؟
– مەحمود.

پیاوەکە کەوتە پێش، تفەنگی برنەوی کردبووە شانی، وەك ئاسك ڕێگەی دەبڕی، هەتا گەیشتنە ماکۆ، ئەوسا پەنجەی ڕاکێشا:

– ئێرە ترسناکە، ئەو سێ بەرزاییە بگرن تا نان دەخۆین.

کاتێك پێشمەرگە سەرکەوتن ئاسمان شڵەقا، زەوی جموجۆڵی تێکەوت، فڕۆکە بۆمبیان فڕێ دەدایە خوارو زرێپۆشیش هێرشیان دەهێنا.

ئەو تێکەڵاویەی بە نەخشەیەکی گەورە دانا، بۆیە کاتێك سەیری کرد نەخشەی هێرشی رژێمی دانا، کتوپڕ چوار خەتی کێشا، پێشمەرگە هەر چوار نیشانەی ئەو پلانە نوێیەیان گرت، خۆشی بە هێزێکی ترەوە بەرەو خوار هێرشی کرد، لەپڕ زرێپۆشێك سوتا، کتوپڕ دوو پێشمەرگە بە تفەنگ چوونە سەر زرێپۆشێکی ترو گرتیان، بە دۆشکەکەی کەوتنە دەست ڕێژ لە فڕۆکەو ناچاریان کردن بەرزبوونەوە.

سێ شەوو ڕۆژ بەو جۆرە لەو ڕوبەڕوبوونەوەیەدا مانەوە، دوا ڕۆژ پێش گزنگ نەخشەیەکی نوێی دانا، دوو تیپی لە بەشی باکورو باشوور بەڕێ

کـرد، دوو تیپـیش لـەناو جەرگـەی جەنگـدا هێرشـیان کـرد، دەمـەو عەسـر هەموو یـەکیان گرتـەوە، سـوپای ڕژێمـیش دابڕاوبـوون، لـە پانتاییەکدا دوو سـەدو حـەفتاو یـەك سـەرباز تفـەنگیان فڕێـدا، بەسـەر تـەرمی سـەدەها دا هەنگاویان دەنا.

ئـەو جەنگـە قورسـاییەکی گـەورەی خسـتە سـەریان، بـەو هیلاکییـەوە جارێکی تر توشی جەنگێکی خوێنـاوی بوونـەوەو بـەر لـە تەقـە ئـەو کرۆکـە دیاریـدا، لــە روانــینی سروشــتو دەوروبــەرەوە ئــەو هەســتەی وەرگــرت، ئامۆژگــاری پێشــمەرگەی کــرد، کــاتێکیش لــە دیوەخــانی عومــەر ئاغــا دانیشتبوون، لە ئاکاری دودڵ بوو، هەر ئەوەبوو بە گەیشتنی پیاوەکـەی بـۆ بنکەی سەربازی چوار دەوریان گیرا، فڕۆکە کەوتە بۆمباران.

لەگەڵ بیستنی دەنگی فڕۆکەدا گرنگی ئەو هێرشـەی زانـی، بۆیـە کتـوپڕ نەخشەی نوێی دانایەوە، لە کاتژمێرێکدا لـە دوو تیپـی تێکـەڵاوی ئێرانیـدا، لەگەڵ کەوتنە خـوارەوەی یـەك فڕۆکـەدا پێـنج زرێپـۆش کەوتنـە بـەر ئـاگر، دەیان ئەسپیش بە پشتی ڕوتی دەیان حیلاند، لەوساتەدا فەرمانیدا:

– ئەو ئەسپانە بگرن برینداریان پێ دەگوێزینەوە.

ئـەوەی گوتـوو چـووە سـەر تـەرمی چـوار پێشـمەرگە، لـە کتوپڕیەکـدا لەسـەر دو ولاخ دایـان بەسـتن، هـەتا لـەو گونـدە دەرچـوون لەسـەر گردێـك گۆڕیــان بــۆ هەڵکەنــدن، دوای ئــەوەی دوو فرمێســکی ڕشــت، نیشــانەی ڕۆیشتنی بۆ هێزەکەی گرتەوە، لـەناو ماتـەمی ئـەو شـەهیدانەدا مـات ببـوو، هــەتا نزیـك مەخفـەری سـراجلو بوونـەوە، پیـاوێکی کـرد بـە نوێنـەر هـەتا گفتوگـۆی پـەنا بـەریان بـۆ ڕوسـیا بکـات، پـاش ئـەوە گیرفـانی هەڵتەکانـد، هەمووی خستە سەر یـەکو ژمـاردی بیسـت دینـاربوو، خسـتیە کاغەزێکـەوە، پاشان لەپەڕۆیەکییەوە پێچاو مەحمودی ماچ کرد:

– ئەوە سەروەتی هێزی بارزانە، ئێمە دەچینە روسیاو چـی لـەم پارەیـە

بکەین، ؟ ئەوەش ئالآیەکی کوردستانە، ئەو تفەنگەش یادگاری منە بۆ تۆ.

دوای ئـەوە چـووە سـەر ئاوەکـە، ورد لـە شـەپۆلەکانی روانـی و سـاتێك رامـا، ئەوسـا ئەوانـەی جیـاکردەوە، مەلـەوانی کارامـەبوون، بـە وردی نەخشەی پەڕینەوەی کێشا، سەر بەرزایی و دەوروبەر بە پاسەوان گیران و دەستیان بە پەڕینەوە کرد.

دو ڕۆژ بە دوربـین لـە هـەموو خشـەو دەنگێکـی روانـی، هـەتا هـەموویان چـونە ئەوبـەر ئاوەکـەوە، جوڵـەی دوا کەسـیانی خوێنـدەوە، ئەوسـا جـل و فیشەکدانی خستە تورەکەکەیەوەو خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە.

لەوساتەشدا، ئـەو تەوژمانـە بەرچـاویان گرتـەوە، لـە کـەف شـرینقەکەوە ئەو شەپۆلەی دیەوە، بە کەشـێتی ژورەکەشـەوە ڕیپۆرتـاژدەبووەوە، کـەف لە نیگایدا دەچڕا، بە وێنـەی شـێرپەنجەوە لـە مێـرد منداڵیـەوە هـەتا پـیری نیگایـان دەپۆشـیەوە، گومـانی ژەهـری کوشـندە لـە دەماریـدا دەزولـەی دەکـردەوە، چـاوی کـەوتبووە نـاو شـەپۆلی سـامناکەوەو بـەرەو نـەمری دەکشـا، بـە نمـەی بـارانی شوشـەی پەنجـەرەی ژوورەکـەوە، وەك تاڵـە دەزووی خـەیاڵی بـە روانینیـەوە نووسـابوون و هـەمووی لـەلای زینـدو دەبوونەوە، لە رۆحی نەتەوەدا دەتوایەوەو رۆژانـە بـە هـەزاران لەبەرچـاویدا یاری مەرگو ژیانیان دەکرد، خاکێك لەبەر ئـاگری دۆژەدا دەسـوتاو مێـژووی ئەو شۆڕشەش وەك گەڵای درەخت فۆتۆیی دەهاتنەوە پێش چاوی.

ئـەو گەردەلولـە رۆژانـە دەیگرتـەوە، جارێـك بـەو جـۆرە سـینەی بـە بوورکـانی دەروونـی سـوتاندو لـە وەڵامـی رۆژنامەنووسـیکی ئەمریکیـدا ماتبوو، کوپە قاوەکەی لە لێـوی لابـردو ئـەو هەناسـەیەی هەڵمژیـەوە، بـەو بڕوا بەهێزەوە لە زەریای خەباتا کەوتە بیرێکی قوڵەوە:

– لەبەر ئەوەی شۆڕش سەرنەکەوت بۆیە بـیرەوەری خـۆم نانووسمـەوە، ئەوە پێویستە بیهێڵمەوە بۆ زمانی رەسەن.

بـەو قسـەیەوە پەنجـەی بـە رومەتییـەوە گـرت، بـەو وشـانە حەژمـەت گرتیەوەو دوا نیگای گرتە رۆژنامەنووسەکەو کەوتە بیری قوڵـەوە، دواسـاتی کارەساتی شۆڕشی هاتەوە پێش چاو، وەك ئـەو سـاتە لـە تیشـکی ئاسـۆیی سەرکەلەوە تێکەڵاودەبوونەوە، کاتێك رۆژنامەنووسیك ئەو بیرەی وروژاند:

– هۆی کەوتنی شۆڕش چی بوو؟

– هـیچ هاوڕێیـەکمان لەجیهانـدا نیـەو بـاری سیاسـی جیهـانیش ئـەمڕۆ ئەوەیە شۆڕش واز بهێنێت، بە شێوەیەکی کاتی وازمان هێنا.

– مانای لەبیری تۆدا مانای شۆڕش هەیە؟

– هـەر شۆڕشـێك، داوای مـافی نەتەوەیـەك بکـات لـە رووی سیاسـیەوە ناکەوێت، ئەمڕۆ یان سبەینێ هەر دەبێت هەستێتەوەو ئەو مافـە بـە دەسـت بهێنێت.

بەر لەوەی ماڵ ئاوایی بکات پەنجەی هەڵبڕی و بە هەواوە خەتی کێشا:

– سەدان تەن لە مافی مرۆڤ بە بەرمیلێك نەوت دەفرۆشرێت.

ئـەو وێنـە ئـاڵۆزە لەبەرچـاویدابوو هەمیشـە مێشـکیان تـەنی بـوو، لـە توانەوەی گزنگەوە رۆژانە مەشخەڵێکی نوێ دەیگرتەوە، هـەر بـەو رۆحـەوە دوا ئاسۆی کوردی بۆ رۆژنامەنووسێك دەرخست:

– هەیکـەل لـە ئـەهراما بینووسـە، نـەك میسـر بـە دنیـا بڵـێ: کـاری مـن تەواو، بەڵام کورد بە کەس نافەوتێت، دیسان رێبەرانی تر لە داوێـنی دایکـی نیشتماندا سەر هەڵدەداتەوە.

پەنجـەی لــە لێــوی لابــردو هەناســەیەکی قــوڵی هەڵکێشــاو مــژێکی کەسکوندی لە جگەرەکەیدا:

– مـن دەمتـوانی لەسـەر جـەنگ کـردن بـەردەوام بم، بـەڵام بـۆ ئـەوەی خوێن نەڕژێتو ئەو جەنگە نیـوە جیهانیـە لەسـەر کورد لابچێت، وامـان پـێ باشبوو بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی بە بزوتنەوەکە بهێنین، بـەهۆی پـیری و

نەخۆشیەوە دەوری من کۆتـایی هـات، بـەڵام هـەرگیز ناکرێـت کۆتاییـەك بـۆ کورد دابنرێت.

بەو بیرەوە دوا قومی لە قاوەکە داو کەوتە بیری قوڵەوە.

چەند چرکەبوو لەو پرۆڤەیەدا شەپۆلی بـیرەوەری لەگـەڵ تیشـکی خـۆرو تـەمی شـاراوەی واشـنتۆندا تێکـەڵاودەبوون، لـە گـەردونی تـواوەوە لەسـەر گوڵی شاخ و کێودا دەنیشتەوە، پرۆڤـەی هـەزاران ڕۆحـی شـاراوەیان لەسـەر گـۆڕو بێشـکە دەکـردەوە، بـرۆی بـۆ ئاسـۆ بـەرزدەکردەوە، بلـیتی فڕۆکەکـە لەبەرچـاویدابوو، پرسـگەو پلیکانـەی سـەرکەوتنی دەدیـەوە، بـە ئاسمانەوە لە لوتکەی بڵندی دەڕوانییەوە.

تیشکی چرکەی مۆڵبووی بە پرسـیاری نـەزانراو دەتەنـدرا، تـەزووی ئـەو ساتە دەیگرتەوە، پەساپۆرتەکەی تەنیا بە ئەمەریکا مۆر کـرا، لـەوەوە ئـەو گەشتەی بە ژەهـراو سـیواخ درا، لـەناو فڕۆکەکەشـدا هـەمان وێنـەو شـەپۆل پێچـایەوە، لەگــەڵ ئــەو گومانەیـدا ئاوێتــە دەبوونــەوە، لــە ســەیرکردنی زەویـەوە ئـەو سـاڵانەی بیردەهاتـەوە، فڕۆکـە هێمـای مـردن و ئـاگر بـارانی گوندو شارو شارۆچکەبوو.

جارێـك لـە نیشـتنەوەی هـەلی کۆپتەرێکـەوە ئـەو وێنەیـە گرتیـەوەو بـە حەژمەتەوە کەوچکەکەی لەسەر قاپەکە داناو پاروەکەی قوتدا:

– بچن بە تایەر یەحیا بڵـێن، سـەرۆك کۆمـار خـۆی ئامـادەی گفتوگۆکـە ببێت.

بـەو قسـەیەوە هەسـتایە سـەرپێ و ڕووی وەرگێـڕا، چـاوی بڕیـە سـورە چنارەکەی چوارتا، ئەویش پەروانەکانی جوڵاندەوە.

لەوساتەشدا، پزیشکەکە بە نیشانەی نـامۆوە شـرینقەکەی لێـداو ڕەنگـی گـۆڕا، تفـتی هاتـە نـاو دەمیـەوەو وەك هێـزی تەلەسـکۆباوی هـەموو وێنـەی بوونی تێکەڵاو کرد، لـەناو هـەزارەها وێنـەدا مۆمیـا ببـوو، بـە شـەپۆلی ئـەو

تەمەوە سڕ ببوو، وەك درۆزەی خوێنو گۆشتی بکەن، لە توانەوەی ئەو وێنانەوە لەگەڵ مۆسیقای شۆڕشدا ئاهەنگی ڕۆحیان دەسازاند، گوڵ و کەشێتی و تیشك و بیرەوەری تێکەڵاودەبوون، وێنەی تابووت و گۆڕی ئەو هەواڵە ترسناکانەیان دەکێشا، رۆژانە دەهاتنە گوێیەوە، ماوەیەك لەوەوبەر بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتێك ئەو ئازارە تێکەڵاوە گرتییەوە:

– گوندەکان دەگەڕێنەوە، ئەم تەوقەش تێکدەشکێت، ئێمە نەوەی ئیسماعیل و قابیلین دەبێت سەبری ئەیوبتان هەبێت، دوژمنان ئاگریان خستۆتە سەر ئێسکمانو ئەنجامیشمان هەر سەرکەوتنە.

بە خەیاڵ رۆحی خۆی تواندەوەو بووەوە بە لاوی چواردە ساڵان، سامی عەبدول ڕەحمان بە قوڵی سەیری دەکرد، ئەو ساتەی بیرهاتەوە، لە بارەگای کۆماری بوولگارستان ئەتەناسۆن لە وەڵامی پرسیارەکەی عەلی عەبدوڵادا پەنجەی بەرز کردەوە:

– ئەگەر هەڤاڵی راستەقینەی لایەنگری جیهانی سۆشیالیزمی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت، تەنیا مستەفا بارزانیە.

بەو وێنەیەوە لەپڕ بیری گرمۆڵە کرد:

– بەڵکو خوا بگاتە فریای ملوێنان هەناسەی بێ تاوان، کراسی عەلیت بۆ بنێرێتو چاك ببیتەوە.

سامی هەر لەو کاتەی کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کرد، گەیشتە شاخ و چەکی هەڵگرت، سەرکردەیەکی وریاو بە توانابوو، چەندین دەورەی کادیری و ئەندازیاری جەنگی بۆ پێشمەرگە کردەوە، لە دامەزراندنی دەزگای پاراستنیشدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، لە پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانیشدا تەواو کارامەبوو، تا ئەو ساتەش خۆی بە قوتابی و گیان لەسەر دەستەی ئەو دەزانی، لەوساتەشدا، بەو هیوایەوە لێی روانییەوە، ئەویش بێدەنگبوو بیری پەرش دەیگرتەوە، بە وێنەی هەواڵی

جەنگ و کاول کاری و سێدارەو کوشتن و بەندیخانەوە پرۆڤەی خەیاڵی دەکردەوە، هاواری ڕۆژانە لە مێشکیدا بەرزدەبووەوە:

– ئای، کوژرام، کوردستان.

– منداڵم کوژرا.

– مێردم لە سێدارە درا.

– کورەکەمیان بە تێزاب سوتاند.

ئەو هاوارانە مێشکیان گرتبووەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەیان دەسەند، بزەی شادیو کاتی نان و پشووی لێگۆڕابوو، ڕۆژانە یەك دوو جار چەند پارویەکی دەخستە ناو دەمییەوە، دەکەوتە بیرکردنەوەو ڕۆژنامە خوێندنەوە، پاش ماوەیەك تەزوی نەخۆشی دەیگرتەوە، پاشان رادەکشایەوەو لە ڕوانیندا نوقمدەبووەوە، لە ئاوێنەی بوونیەوە گوڵ بە گوڵی دەژمارد، دەچوەوە ناو سەنگەرو بروسکەی گۆشەگیری لە نیگایەوە دەسڕایەوەو لە توانەوەی ڕۆحەوە مێژووی نوێیان بەرجەستە دەکردەوە.

ئەو توانەوەیە زۆر جار دەیگرتەوە، هەر لەوساتەی دوو کوڕی چونە بەرەی رژێمەوە ڕۆحی تواندەوە، هێزی نەتەوە روانینی پۆشیەوە:

– من سزای چاوی خۆیشم دەدەم، ئەگەر لە بیروباوەڕی کوردایەتی لابدات. ئەرکی کوڕی من خزمەت کاری رەشوروتی کوردستانە، نەك یارمەتییەك بۆ شۆڕش بێت بچێت کەلوپەلی لێبکرێت بۆ ماڵی خۆی.

بەو هێزەوە لە خۆی و بارەگای روانییەوە، وێنەی هێزی پێشمەرگە ئەو بۆشاییەیان بۆ پڕکردەوە، لاوانی نیشتمان ڕوانینیان پۆشی بوو، سەدان نەوەی گرتە باوەش، فرمێسکی هەزارانی سڕی و لەبۆتەی شۆڕشدا توایەوە.

لەوساتەشدا، تۆڕی وێنەی بوون لە فیلمێکی چرکەیی تێکەڵە زەمەندا هاتنەوە بەرچاوی، نەوەو کوڕو سی ژنەکەی دیەوە، لەگەڵ وێنەی

نەتـــەوەدا تێکەڵاودەبوونـــەوە، شـــرینقەکەش لەجەســـتەیدا دەیتەنیـــەوە، مێشکی کەوتبووە سەر شێی خۆخواردو، رەنگ و دەنـگ و هـاوارو بانگەشـە کەوتە سەر شەپۆل، دەتەقینەوەو هەست و نەسـتی تێکـەڵاودەبوون، چـاوی نـوقمی شـــەپۆلی دەریـای شـۆڕش ببـوو، لەســـەر گـوڵزارو کەشێتیشـــەوە تیشـکی ئاسـۆیی دەکشـا، ئاوێنـــەی کۆجیتـۆی لـــەناو هـــەزاران شـــەوقدا ڕەنگیـان دەدایـەوە، تیشـك و گـڕو هـەتاو روانینیـان دەگرتـەوە، ڕوحـی خەفەی لـەناو بوورکـانی نەبینـدا پزیسـکیان لێـدەبووەوە، لەگـەڵ نیشـانەی گومانی لێزەریشدا دەتوایەوە، مۆمیای نەمری دەبوو، تیشکی خـۆریش لـە ژێـر پەڵـەی هـەورەوە بـاڵی دەکێشـا، واشـنتۆن لـە تـارای هـەڵمی چـڕو پڕدابوو، لە زەوییەوە بۆ ئاسمـان بـەرزدەبووەوە، لەگـەڵ شـاڵاوی دیدەیـدا بەنمە بارانی سەر شوشەی پەنجەرەکـەوە یاریـان دەکـرد، وێنـەی سـەرەتاو کۆتـایی، وێنـەو دیمـەنی فـەزای زەمـەنی (بـا) نمـەی بـارانی شوشـەی سـەر پەنجەرەی ژوورەکەی گرتبوو.......!!

2010/7/12

# ئاوێنەی بووركانی ژەنەڕاڵ

نووسینی  سەلاح جەلال

بەرگی دووەم...... چاپی دووەم

## (1)

ڕەنگاڵەی وێنەی شاراوەی ناو(با)، بە نمەی باران و وێنەی کەفی شرینقەو سێبەری پەڵە هەوری شاراوەوە شوشەی پەنجەرەی ژورەکەیان گرتبوو، بە تیشکو روناکی بەهێزەوە بەسەر ئاسمانی ئەمریکادا، ئاوێتەی فلمێکی مێژوویيان لە پشت روداوی زەمەنەوە دادەهێنا. دیمەن و وێنەی ئاوێتەیی بە هاژە و گرمە و دەنگ و نوزەو هاوارو ناڵەو کڕوزانەوە و گریان و چرپەو سرپە و خشپە و جوڵەو بزوتنەوەوە، بە تام و چێژو بۆنو هەناسەو گڕو دوکەڵ و کەف و قرچەو سۆو ژان و عارەق و ئەشك و پیت و وشەو رستەوە، لە هەوری تێکەڵاوی گەردونەوە دیمەنی مۆمیایی لە ئاوێنەی بوونەوە دەدایەوەو لە فەزای ژوورەکەیشدا، لە روانینی ژەنەڕاڵدا، دەبوون بە گڕکانی نیشتیمانێکی خۆڕسك، بە تونێلی بوون و نەبوونەوە زەمەنی لە نازەمەنی مەرگەساتدا دەنووسیەوە، یۆتۆبیای وێنەی ئاوێنەی شکاوی منداڵی دەخستەوە بێشکەی بوونەوە، بە بریسکەی نەبین و تریشقەی ناکاتەی تیشکی گەردوونەوە لە زەمەنی روداودا شێوەی یاریگایەکیان لە سیبریادا دەدایەوە، تۆپێکی سپی دەهاتوو دەچوو، لە سەهۆڵبەندانی هێڵی بیرکردنەوەدا دەخولایەوە، لە ئۆقیانووسی بەستەلۆکەوە جۆگرافیای ئەندێشەیی دەبڕی، سەرنجەکەیش لەرۆشناییدا دەکفایەوەو پڕدەبووەوە لە ئاوی شرینقە، وەك کەفی زەریای بێئامان، شەپۆلی بەبیرەوەری ئەزەلیدا دەهێناو لە گێژەلۆکەی وێنەی بیرو روانینەوە دەشۆرانەوە. سەرلەنوێ لە کاتژمێری ئاسۆییدا چاپدەبوونەوە، بە

دەستی پزیشکەکەیشەوە وێنەیەکی ئەفسانەیی گرتبوو، لەبەر تیشکی تێکەڵاوی خۆرسکیو سروشتیدا تۆڕی هێڵ و نیشانە و ئاماژەی ئاسۆییان لە زیهنیدا هەڵدەکەند و دەبوونە کەڤ رۆحی هەوری بیرەوەری، بە تۆڕی گومان و پرسیاری گەردوونی سەرسورهێنەرەوە سەرنجیان لە تۆفان و گەردەلولی زەمەنی روداودا بەرجەستە دەکرد. پڕدەبووەوە و سەرلەنوێ کەڤ دەکردەوە، پزیشکەکە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەبەر ئەو تیشکە ئاوێتەییەدا بە دەستییەوە گرتبووی، لێوی بە گرژی کردبووەوە، بە تیشکی چاوە شین و پێستە سورەکەیەوە وەك گێڕانەوەی رۆمانێك لە هێڵکاری رەنگدا شێوەی دەدایەوە، کەفەکەیش وەك بریسکەی ناڵی شەوەزەنگو تەڵزمی ئاگری خەڵوزو گڕی نەبینی دڵداران هەڵدەکفا، روانینیان بە کڵافەی هەزار رەنگەو تامو چێژی بوونەوە پۆشی بوو، بەو تارایەیشەوە ژوورەکەیان بە رەنگاڵەی ئەزەلی گرتبووەوە، هەر رەنگە شێوە و تامو بۆنێکی دەدا، شیری گەڵاو گوڵ و درەخت و دەریاو ئاوو خاك و خۆڵ و مەرگ و شیلاوگ و ژیانەوە و هەناسەو گڕو بۆسۆو پوش و پەڵاش و بارانەی سەر خۆڵ و خوێنی بەستویان دەدایەوە، وێنەی توانەوەی جیهانیان لە تابلۆیەکدا دەنواند. گەلێك بە رۆح و خوێن و جەستە نیشتیمانەکەیان دەدوریەوە.

لەوساتەشدا، بەو شێوەیە هەموو رەنگ و بۆن و شێوەو دیاردەیەك لە نیگایدا وەك هاواری ئەو نەتەوەیە لە گێژەنگی جەنگو کوشتاردا وێنەیان دەکێشایەوە.

شێوەی کۆچ و خشەو هاژەو هەنگاوی پێشمەرگەی لەبەرچاویدا دەنەخشاند. دەزووی خوێن و زنجیرەی شۆڕشی دەدییەوە، ماف و جۆگرافیای بە رۆح وێنا دەکردەوە، لەوساتانەدا مووی جەستەی کرژ دەبوون، چاوی هەڵدەئاوسان، جارێك لەگەڵ رۆژنامەنووسیك بەو شێوەیەی لێهات، دەستی چەپی گرمۆڵە کردوو پەنجەی بەرز کردەوە، بەجۆرێك برۆو برژانگی کرژبوون:

– میستەر دیشنەر ئێمە ناچاربووین دە ساڵ جەنگ بکەین و بەهەموو قوربانییەك ڕازی ببین، هەتا بتوانین دەوڵەت ناچار بکەین ئەم ڕێك کەوتننامەیە مۆر

بکات، لەبەر ئەوە ناتوانین چاو پۆشی بکەین لەو بەڵێنانەی پاشگەز ببێتەوە، لە یانزەی ئازاردا پەیمانیدا جێبەجێیان بکات و بۆ خۆی ئاشتی پێکرێ، ئەو خاڵانەی ڕژێم بۆ کوردی تەرخان کردبوو، بە خێرو بەزەیی دەزانی، بۆیە هەڵگیرساندنەوەی جەنگ هەزار جار چاکتربوو لەوەی، رازی ببین دەوڵەت هیواو ئاواتی گەلەکەمان زیندە بەچاڵ بکات.

بەو قسەیەوە فیشەکدانەکەی توند کردەوە:

– گەلی کورد سواڵ ناکات، داوای مافی خۆی دەکات و بە خوێنیش ئەو مافەی بە دەستهێناوە. تا دوا دڵۆپ و هەناسەیش دەجەنگینو داوای مافی خۆمان دەکەین.

ئەو وێنەیە، لە نازەمەنی زەمەنەوە زمانی لە نازمانیدا چاپدەکردەوە، وەك ئەو ڕۆژانەی دەنگ و بروسکەو ناڵە و زرمە و تەقینەوەو دارمان و هەرەس و کەوتنە خوارەوە و گلان و تێکچڕژان و خشپەو وژەو هاژە تێکەڵاودەبوون، وەك لە تونێلێکا بتەقنەوە بەو جۆرە لە فەزایا نیشتیمانی ئاوێتەییان پێکدەهێناو بە ڕەنگی سوری ڕۆژگارەوە دەبوون بە تارای ڕۆژانەیی نیشتیمان، گەڵاو گوڵ و لاسك و کۆلارەی ڕۆحی تەواوەی ناو فەزا تێکەڵاودەبوون، وەك ئێزگەی دەروونی ڕۆژانە ساتی خوێناویان پەخش دەکردەوە، دڵیان دەخستە سەر خورپە و چاوی دەکەوتە سەر هەڵفڕین.

ئەو دەنگ و ئاوازو وێنەو شێوانە لەهەموو ساتێکدا لەبەرچاویدا ڕەنگیان دەدایەوە، گوێی بە بانگەشەی ترسناك دەتەزی، فسفۆرو گڕی دۆژەی ناوەختەی داگیر کەرانی لە راپۆرت و ڕۆژنامەو ئێزگەو وێنەی خەیاڵیەوە دەدیەوە. دەیویست بە ڕۆحی دەزو چنی نەخشەی کوردستان بکات، سەرنجی لەسەر جۆگرافیایەکی پارچە کراوبوو، لە پرۆڤە راستیەکانی ڕۆژانەیدا هەمیشە تێکەڵاوی ڕۆحی دەکرد، لەبەر ئەوەیش مەرگی بە باشتر دەزانی لە قرتاندنی بستیك لە خاکی کوردستان، ئەوەی بۆ هەموو لایەك ڕوندەکردەوە، لەو ساتانەدا جەستەی مۆمیا دەبوو، هەست و نەستی تێکەڵاودەبوون، بە زیندەخەوی هەوری بیرکردنەوەوە ئیسك و گۆشتی

یەکدەهاتەوە، گەڵای وشە لە درەختی بیرکردنەوەیەوە دەباری.

لەوساتەیشـدا دیـدەی وێنــەی ئەڵماســی نـاو زەریـا هــەزاران وێنــەی تێکــەڵاو تیشــکیان تیایـدا دەدایــەوەو لــە روانینیـدا دەشــۆرانەوە، لــەو تێکەڵــە زەمــەن و رووداوانــەوە جۆگرافیایــان پێکدەهێنایــەوە، بــەو تیشــکە جــۆراو جۆرانــەوە لەگــەڵ وشەکانیدا پەنجەی درێژ دەکردو شێوەی بیرکردنەوەی پێدەردەخست، جارێك بـەو شێوەیە بازنەی گیانفیـدایی کـردەوە، نوێنـەرانی یـەکێتی قوتابیـانی لـەدیلمان دڵنیـا کردەوە:

– هەموو دەزانن کەرکوك شـارو دڵـی کوردسـتانە، بـە بـڕواوە دەیڵـێم و دەسـت بەرداری بستێك لە خاکی کوردستان نابم، نازانن لە ئالاسکالا چی روویـدا، ڕوسـیا بـە نرخێکی هــەرزان بـە ئـەمریکای فرۆشـت. تـا ئێسـتاش دانیشـتوانەکەی نـەفرەت بـۆ قەیسـەر دەنێـرن. لـە ئێسـتاو ئاینـدەدا ڕازی نـابم بـە سازشـکردن، هــەرگیز تــاوانی نەفرەتی مێژوویی ناخەمە پاڵ خۆم.

رۆژانە ئەو تارایە لەبەرچاوی دەبـووە نـەوبووکی خـاك و خـۆڵ، بـە دڵۆپـەوە بـن بەردو گەڵاو تاش و ئاوو هەوای لـە خوێنـاو هەڵدەکێشـا، شـەوو رۆژ لـە روانینیـدا بـە پۆپەشمینی زەمەنەوە ئاوێتەی یەکرەنگی دەبوون، زەمەنیش بە بـۆڵێڵی سەرچـۆپی رەنگی سورەوە لەسەر رەوتی مـەرگ چـرکەی دەگـرت، کـاتو فـەزاو جێگـەو مێـژوو روخسارو زەمەن و جەسـتەو شـوناس بـە خـوێن موتوربـە دەبـوون، لـە تەقینـەوەی گزنگەوە، ئاڵای کاروانی کاکێشانی نازەمـەنیان بەرجەسـتە دەکـرد، لـە دڵ و رۆحـی کۆچەریەوە زمانیان چاپدەکردەوە.

وێنـەی ئـەو رۆژانـەیان دەکێشـایەوە، زنجـیرەی شۆڕشـیان دەبەسـتەوە. لـەناو ئاهــەنگی گیانبازانــدا ســەمای مردنــی دەکــرد، بــە ئــاوازو هــۆرەی خەباتیانــەوە دەشنایەوە، هەرکاتێك چاویشی دەخستە سەریەك لـە گلێنەیـدا دەمانـەوە و شـەوانە خەوی پێوە دەبینین، ئەوانـەش وایـان لێکردبـوو، بیانخاتـە نـاو دڵیـەوە، بـە تـەزوی جۆگرافیای کوردوستانیشەوە رۆحیان بۆ زەمەنی مەرگەساتێك دەخستە سـەر کـۆچ،

هەتا چرای ئازادی بە خوێن و عارەقی فیداکاران دابگیرسێت.

ئەو تەوژمە ئاسۆ بەخشانە وەك ئەو ساتانە دەهاتنەوە سەر سەکۆی ئازادی، چرای خوێنیان لە مانگی گەڕیدەی جەستەوە دادەگیرساند، بە رۆح نەخشەی سەرکەوتنیان دەکێشا.

ئەو بیروباوەڕەیش تێکەڵاوی رۆح و خوێنی ببوو، لە هەموو ساتێکدا وەك ئاوێنە بە ژیانیەوە تیشکیان دەدایەوە، سرودی دەروونی رێبووارانی رێگای سور دەبوونە زەنگۆڵەی هەتایی، بەرگری نەتەوەی کورد لە ئەڵماسی گەردوونیدا بە خوێن خۆراگریان دەنەخشاندەوە، بەو ئاوازە هەتاییانەوە، لە رۆحەوە مۆسیقای نەتەوەیی لێدەدرا، بە وێنەی ئەزەلیەوە ئەو فیداکاریەی دەنووسیەوە :

– ئەو ئازایەتی و نەبەردییەی ڕۆڵەی گەلی کورد نیشانیاندا، دژی زۆرداری، لەناو گەل و خاکێکی تردا ئەو جۆرە بەرگریە ڕوینەداوە جگە لە گەلی کوردستان.

بەو هێزو گیانەیشەوە وەکو کورەی هەنگ شۆڕشگێڕانی دەگرتە ئامێز. هەمیشە لە رۆشناییدا ریزیان دەبەستەوە، شارای سەرنج و بیرو روانینی لەسەر نەخشەی کوردستان بوو، روخساری بە رەنگ و دەزویەوە دەپۆشرا، لەوساتانەدا هێزی دەخستە سەر زەویەکە، روانینی پەرشدەبووەوە، نیگاو بیرو هۆش و هەست و نەستی وەك پەلکە زێڕینە بەرجەستە دەبوون، بە هەوری بیرو بوورکانی خەفەی دەرونەوە مۆمیادەبووەوە.

ئەو مۆمیابوونە وەك یاقوت لە دەروونیدا رەنگی دەدایەوە، رۆژانە بە بینینی مەرگەساتەوە دەیگرتەوە، مێشکی دەبوو بە شەپۆلی کەفی بیرەوەری، وەك فۆتۆ سەدان وێنە تیایدا تیشکیان دەدایەوە.

جارێك بەو جۆرە مۆمیابوو، لە قڵشو سیواخی دیواری ژوورەکەیەوە دەزوچنی نەخشەی کوردستانی دەکردەوە، لەسەر گەوهەرێکی ئاویدا دەنەخشا، هێڵ و سنور بە تێزابی رۆحەوە یەکیان دەگرتەوە، بە بای ئەزەلییەوە تابلۆی ئێوارە خوانی مەسیحیان دەکێشا.

له كەشێتی ئەو جیهانــەوە رەنــگ و شــێوە و دیمــەنی ژوورەکــەی دەخوێنــدەوە، لەپڕ لە دەرگاکە درا، موچڕکەیەك گرتییەوە، فەرەنسۆ هەریری هاتە ژورەوە:

– شەش کەس لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی ئێران هاتوون بۆ دیدەنیت.

بــە بیســتنی ئــەو هەواڵــەوە دوا قــومی لــەو پیاڵــە چــایەدا بــە دەســتییەوەبوو، دانیایەوەو دەستی هەڵبڕی:

– ئای چەندە تینوی بینینیانم ؟

کاتێك هاتنە ژورەوە تەواو گەشایەوە، بە خۆشــییەوە لەگەڵیانــدا دانیشــت، پــاش ئەوەی گوێی لە داخوازیەکانیان گرت، باری سیاسی کوردستانی بۆ شیکردنەوە:

– لەگەڵ دەوڵەتی عێراق رێکدەکەوین، هــەوڵی تەواویشــم داوە هــەتا گێروگــرفتی ناوخۆ نەهێڵم، دەمەوێت ئێوەش یــەك بگــرن و لەگــەڵ هــەر کــوردێکیش دۆســتایەتی دەکەن بڕواتان پێدەکەین. داواتان لێدەکەم پشتیوانی لە دکتۆر قــاسملو بکــەن. ئــەو کەسێکی لێزان و شارەزایە، هیوادارم بتوانیت سەرپەرشــتی حیزبــی دیموکراتمــان بــە باشــی بکــات، هــەموو پشــتیوانیەکتان دەکــەین، هــەتا خــوا دەرگــای رزگــاری بــۆ نەتەوەی کورد دەکاتەوە.

ئەو بیروباوەڕە وەك ئەڵماسێکی گەردوونی لــە ناخیــدا شــارابووەوە و لــە چــاویدا پریشکی هەمە رەنگەی دەدایەوە، لــە روانــینی گــەڵاو خــاك و تنۆکــەو بــاو ئــاگرەوە، کەشــی ئاســۆیی بــە زەریــای بوونــدا وێنــا دەکــرد. لــە بروســکەی دەروون و دەنگــی ئێزگەو وشەو پیت و هاوار و هەناسەیشەوە، وەك مۆسیقا بە گوێیدا دەهاتنەوە.

جارێك ئەو ئاوازە بە مارشی ئێزگەی بەغدادەوە گرتی، تووشی ژانێکــی کوشــندە هات، بەدەم رێگاوە لەگەڵ فەرماندەیەکدا ئەو کێشەیەی شیدەکردەوە.

دو فڕۆکە بە تیژی هاتن و بە ئاسمانــەوە خولیــان خــوارد، پێشــمەرگە بــە شــیوو لاپاڵەوە سەردەکەوتن بۆ بــەرزایی. لــەناو درەخــت و بــن بــەردا خۆیــان حەشــاردەدا، دەنگ و جوڵە لەناوچەکەدا خنکابوو، هەتا ئەوان چەند خولێکیان داو گەڕانەوە.

لەوساتەشدا، لە دەنگی فڕۆکەو ژەهری ئەو هەواڵەوە بێــزاری گرتبوویــەوە، بــەو

هەستەوە رادوێکەی کوژاندەوەو پەنجەی بەرزکردەوە، ئەوەندە بە تاسوقەوە زمانی جولاند، رووخساری وەك مانگی چواردە بەدەم کەوتنە خوارەوەی وشەکانیەوە شەوقی دەدایەوە:

– ئەم ئاوێتەیی بیروباوەڕەی لەناو پارتیدا هەییە لە مێژوودا بێوێنەیە، ئێوە کاژیکن، پێشمەرگەی گیانبازی پارتین.

ئەوەی گوت کەمیك وەستا، سەیری ئاسمان و زەوی کرد، وێنەیەکی لەلا دروستبوو، بەو روانینەوە لەویشی روانیەوە، روخساری وەك خونچە کرایەوەو درێژەی بە قسەکەی دایەوە:

– ئێوە چینێکی رۆشنبیرن، چ بڕوایەکی گەوهەریتان هەیە؟ بە بەرگو گڕو عیشقی ناوچاوانتانەوە هەمووتان دەناسمەوە.

بەو قسەیەوە تەزووی خۆشی گرتییەوە، فەزا بە وێنەی جۆراو جۆرەوە دەتەندرا، زەوی بە نیشانەی گیانبازیەوە تۆوی دەکرد.

چەند رۆژێك لەوەوبەر ئەو تەزوە پێچایەوە، لەگوندێکدا ئەو نیشانەیەی هاتە بەرچاو، لەبن بانیژەیەکدا دوو کەسی بینی، لە دورەوە لێیان وردبووەوە، قەڵەم و دەفتەرو پەرتوکیان بە دەستەوەبوو، مشتومڕیان دەکرد، بەو روانینەوە پرسیاری کرد:

– ئەو دوانە شاعیرن؟

– بەڵێ ئەحمەد هەردی و جەلالی سام ئاغان، شاعیرو کاژیکن.

بەو بیرەوە شەو لەگەڵیاندا دانیشت، دوا نهێنی دڵی بۆ کردنەوە:

– من بە نهێنی هەوڵ دەدەم و ئێوەیش بە ئاشکرا، هەتا لەسەرکەوتنی یەکجارەکیدا یەکدەگرینەوە بە پشتی خودا، مەترسن و هەموو پشتیوانییەکتان لێدەکەم، کوردستانی گەورە خەونی هەموومانە.

لەوساتەشدا، لە روانینی ئەوەوە، بیرێکی ئاسۆیی گرتییەوە، ئەویش بەو شێوەیە لەبەردەمیدا وەستابوو، وەك گیانی بۆ بەخشین ناردبێت، بە کڵاوو جامانەو

پۆشـاك و تـاقم و مـەخزەن و تفـەنگ و پەرتوكەكـەی دەسـتیەوە، لەبـەر تیشـكی خۆرەكەدا وەك داربەڕو سێبەری تاشە بەردێكی داپۆشی بوو.

بەو هێزو باوەڕەیشەوە پەرتوكەكەی پێشكەش كرد، كاتێـك لێیـوەرگرت، بـەدەم هەنگاوەوە پشتی بەرگەكەی خوێندەوە:

— بـە بـاوك و سـەرۆكی نەتـەوەی كـورد مسـتەفا بـارزانی پێشكەشـە. دیـاری پێشمەرگەی پارتی و بارزانی، فەتاح موحەمەد ئەمین ئاغا.

ئـەو تاڵـە دەزوانـە بـە روانینیـەوە پەرشـدەبوونەوە، وەك ئـەو سـاتانەی رۆح لەجەستە جیادەبووەوە، زەوی بە تنۆكەی تۆوی یەكـەم مرۆڤـەوە تینـو دەبـوو. بـە كەوتنە خوارەوەی ئەستێرەوە ئاسمان رەنگاڵەی زمان و پیتو وشەی دەدایـەوە، بـە تارایـەكی نەبینـەوە بێشـكەی بوونیـان دەشـاردەوە. بـە كـەوتنی لقوپۆپـوو گـوڵ و وێنەی تواوەی بیریەوە، بە ژانو غەم شورای پۆلاینی دروست دەكرد. ئـەو وێنەیـەش لە وشەكانیدا رەنگی خاك و نیشتمانیان دەدایەوە:

— بەڕێز بـاڤرۆڤ تكـات لێدەكـەم، پشـتمان بگـرە و یارمـەتیمان بـدە، زوڵمێكـی بێسنور لە گەلی كورد كراوە، هیوامان هاتۆتە سـەر گـەلانی سـۆڤیەت، پێویسـتیمان بە سوپاو زانستە، بـەناوی گـەلی كـوردەوە داواتـان لێدەكـەم، هیـوادارم بیگەیەننـە سەركردایەتی بەرزی سۆڤیەتی لە مۆسكۆ.

رەنگی شرینقەكەیش دیمەنی نهێنی مێژووی ئەو رۆژانەی تیـادا دەخوێندرایـەوە، دەسڕایەوەو هەڵدەكفایەوە، شیشەی بـەتاڵی سـەرنجەكە وەك ئەفسـانەی سروشـتی روانـینی گرتبـوو، لەگـەڵ گلێنەیـدا ئاوێتـەی یـەكڕەنگی دەبـوون، تێكەڵـەی رەنگـی روانینی لە شوشـەكەدا بەرجەسـتەدەبووەوە، تـەمی چـینێكی سـورباوی دەدایـەوە، وەك ئەو رۆژەی ئەو چینە سورە تەواوی كوردستانی دەگرتەوە، جگـە لـە شـەپۆل و دوكەڵ هیچ شتێكی تر لە ئاسماندا نەدەبینرا، خاك و خـۆڵ بـە زنجـیری زرێپۆشـەوە سـور ببـوون، هێـرش و كوشـتار لەهـەموو بەرەیـەكی جەنگـەوە دەسـتی پێكـرد، تەقینـەوەی دەنگـی فڕۆكـە تێكـەڵاوی زرمـەی تـۆپ و شەسـتیرو دۆشـكاو تفـەنگ

دەبوو، باڵندە چرپەو جریوەیان خنکابوو، بروسکەی جەنگ لە هەموو بەرەیەکەوە دەهات، بە چڕیش روبەری بارەگای مەکتەبی سیاسیان دەگرتەوە. ئێزگەی دەنگی کوردستان بەو هەواڵەوە مۆسیقای سەرکەوتنی بە گوێی دەشت و شاخ و دەورووبەردا دەدا:

– جەماوەری گەلی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی قارەمان، سوپای بەعسی فاشی بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتۆتە بۆردومانی گوندو ئاوەدانی و ئاگرو ئاسن بەسەر هاوڵاتیانی رەش و روتدا دەبارێنێت. پاش بۆردومانێکی چڕو پڕ سوپا بە هێزێکی بیست هەزار کەسییەوە دەستیان بە هێرش کرد، چەند رۆژێکە بەردەوامە، لەو بەربڵاویەشدا بەهۆی دەستی چەپەڵی جاش و خۆفرۆشانەوە چیای هەندرێنیان بە زیانێکی زۆرەوە گرت، لەبەرەی چیای زۆزکیشەوە دەستیان بە پێشڕەوی کردەوە. هێزی پێشمەرگەی قارەمان، بە نەخشەی پاتیزانانەو ورەی پۆڵایینەوە بەرگری دەکەن توانیویانە زیاتر لە دوو هەزار جەنگاوەری سوپا تەفرو تونا بکەن، هێزی سەربازی رژێمی بۆگەن لە بەردەم بەرگری پێشمەرگەدا بە جۆرێك شپرزەو ورە ڕوخاوبوون، شنگیان لەبەر بڕاوە، توانای سەنگەر گرتنیان نەماوە و وزە و توانایان بەو گوللە تۆپ و ناپاڵمە ژەهراویانەوە ماوەتەوە، وەك دلۆپە دێنە خوارەوەو زەویان بە خوێناو تێکەڵاو کردووە، رۆڵەی کورد سەنگەر بە سەنگەر دوایان کەوتون، کوردستانیان لێکردونەتە گۆڕستان، رۆژیان لێکردونەتە شەوەزەنگ، بڕۆن بۆ پێشەوە گەلی کورد لەگەڵتاندایە، ئەی گیانفیدایانی کوردو کوردستان، بڕۆن بۆ پێشەوە، دایکی شەهیدان چاوەڕوانی ئێوەیە.. بڕۆن.

ژەنەڕاڵ بەو ئاوازانەوە لە بارگاکەی هاتە دەر، دوربینەکەی بە چاویەوە گرتوو لە دۆڵ و لاپاڵ و روبەرو لوتکەی دەروانی، ئەوسا بەرەو بارەگای هێزی ناوچەکە رۆیشت، لەناو ئەشکەوتێکی چیاکەدا روەو خۆرهەڵات لەنگەری گرتبوو، هێزی پێشمەرگە لەملاولایەوە سەنگەریان لێدابوو، کاتێك گەیشتە لایان بەبینینی سەدان پێشمەرگە ئەو کەفە ئازاراوییەی توایەوە. ئەوەش خولیاو ئاواتی بوو، هەمیشە بە

بینینیان بزە دەیگرتەوەو هەوری سەرکەوتن بەرچاویان دەپۆشی.

لەوساتەشــدا، ســەمای گیانبازییــان دەکــردو بــە ئــاوازی نامــەی مــەرگی روخســاریانەوە دەجولآنــەوە، چــاویان دەبڕیــە ئاسمــان و زەوی هــەتا نامــەی شەهیدبوون وەربگرن، هەموو ساتێك ئەو وێنەیە لە رۆح و دەرونیانـەوە دەردەهـات، وێنــەی بروســکەی دلـّداری چــاوەڕێی چــزوی گوللەیــەك بــوون جــەرگ و دلّیــان بتوێنێتــەوە، وەك فریشــتەی رێــی کاکێشــانی مــەرگ تورەکــەی بچــوکی تــوتن و شەکریان بە فیشەکدانیانەوە گرێدابوو، ژنانی گوندنشـین لـە قوماشـی حـەریر بۆیـان دروست دەکردن، جگە لەوەش دوربین و مەتارەی ئـاوو دەسـتە سـڕی نانیـان پێـوە گرێدابوو.

بەو روانینەوە لە فەرماندەی هێزی روانی، بێجوڵەو دەنگ لێـوی خسـتبووە سـەر لێویو گیانی خۆبەخشی لە چرچی ناوچەوانیدا دەخوێندرایەوە. بـەو رسـتە نەبینـەوە تەواو چاوی تێبڕی و پەنجەی هەڵبڕی:

– پشـدەری ئـاڵتونی بـەرگری، چـاك دەزانیـت ئـەم هێرشـە بـەربڵاوەی تـەواوی کوردستانی گرتۆتەوە چ نەخشـەیەکی گـڵاوی نـاوخۆیی و جیهانیـە؟ ئـەوەی رێگـای سەرکەوتنە جوڵەی شێرانی بێشەیە.

بەو قسەیەوە لەسەر ئـەو پارچـە لبـادە دانیشـت، لـە ئەشـکەوتەکەدا راخرابـوو، پشدەریش لەبەردەمیدا چیچکەی کرد. پێشمەرگەیەك دۆلکەیەك چای بۆ دانـا، پـاش ئەوەی خواردیەوە لاپەڕەیەکی سپی لە گیرفانی دەرهێنا، نەخشـەی هێـرش و خـاڵی رژێمی کێشاو چۆنیەتی پلانی ئەو جەنگەی بەوردی بۆ رونکـردەوە، ئـەویش بێچـرکە بە دیاریەوە دانیشتبوو، لەوکاتەدا تۆپێك لەسەر ئەشکەوتەکە تەقییـەوە ئـەو بـیرەی پچڕاند، دوای ئەوە لە دەوروبەری روانـی، لـە بـەرگ و چـەك و جوڵـەی پێشـمەرگەی وردەبـووەوە، هێزێکـی خۆڕسـك گرتییـەوە، وزەی پێشـمەرگەی دەدیـەوە، بیرێـك گرتیــەوە ســاتێك هەســت و نەســت و رۆح و دڵــی پێــوە توانــدەوە، بــە وشــە کەوتووەکانی مێشکییەوە ئەو وێنەیەی بۆ دەرخست :

– بڕوانە بیروباوەڕ چەندە مەزنە، پێشمەرگە گیانیان لەسەر دەستیانە، ژیان و سامانیان خستۆتە لاوەو گیانیان فیدا دەکەن.

فڕۆکەیەك بەئاسمانەوە دەنگی تەقاندەوە، لەهەموو لایەکەوە کەوتە بەر دەستڕێژی دۆشکاو رەشاش، پاش ئەوەی دەنگی دور کەوتەوە، پەنجەی بەرزکردەوەو درێژەی بەقسەکەی دایەوە:

– جارێك نوێنەری رژێم هاتن و سێ هەزار دینار دیاری عەبدول سەلام عارفیان پێشکەش کردم، بە بەرچاوی خۆیانەوە بەسەر فەرماندەکاندا دابەشم کرد، هەتا بیدەن بە پێشمەرگە، بەو شێوەیەیش پەنجەم کرد بە چاویانداو پێمگوتن: هەوڵم داوە پێشمەرگە لە سامان دور بخەمەوە، چونکە هیچ شتێك ئەوەندە زیان بەخش نییە بۆ پێشمەرگەو شۆڕش.

بەو قسەیەوە رویکردە لوتکەو بەرزایی ئەوبەرو قسەکەی تەواو کرد:

– دەمەوێت بەو بڕوایەوە هێرشێکی ئەفسانەیی بکەن، نەخشەی جۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕن.

ئەویش دوا جار هەناسەی هەڵمژیەوەو پەیمانی مەرگ یان سەرکەوتنی پێدا.

بەو شێوەیەش عەبدوڵا پشدەری کەوتە خۆ ئامادەکردنی تەواو، لە شەوی دوانزەی ئایاردا فەرماندەیی هێرشێکی کرد، لە بنجو بناوانەوە ڕەوتی جەنگەکەی گۆڕیو ڕاستەخۆ کاری کردە سەر ئاکامی هێرشەکان، چەند پەلێکی لە پێشمەرگەی شارەزا بەرێکرد، هەتا شەو خۆیان بە نێوان هێزی سوپادا بکەن، لە سەنگەری نادیاری ئەفسانەیی شاخ و کێوو دەشتدا خۆیان بشارنەوە. بەو جۆرەیش هێزی سەربازی پێیان نەزانین و چاوەڕوانی فەرماندەییان دەکرد، پشدەریش ئەو نهێنییەی لەگەڵ فەرماندەکاندا شیکردەوە:

– نەخشەکە بە جۆرێکە، لەپاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواییدا بەر لە خۆرنشین

دژە هێرشـیان بـۆ بکـەین، ئـەویش بـە چـەند کاتـژمێرێك بکرێـت، بـۆ ئـەوەی هێزەکانی سوپای عێراق بخەینە ناو جەنگی شەوەکیەوە، هـیچ شـارەزاییەکیان لێـی نییـە، بەمـەیش هێـزی پێشـمەرگە لـە جـەنگی فرۆکـە رزگـار دەکـەین، بـە بوولێڵی ئێوارەو شەوان کاریگەییان نامێنێت.

بەو شێوەیەیش شەش تۆپی بیست و پێنج ملیمـی هێنـا، بـۆ یەکـەمجاریش تـۆڕێکی پەیوەنـدی بێتـەل پەیوەنـدیان بـە دەسـتەی تۆپەکانـەوە دەکـرد بـۆ ئاراستە کردنی هەر شەش تۆپەکـە، لـە کاتـژمێری سفریشـدا جـەنگ ئەفسـانەی شۆڕشـی نووسـیەوە، چـیا بـاڵای پێشـمەرگەی دەپێـوا، دەشـتو دەر نازناویـان دەنووسیەوە، ئێزگەی کوردستان بە سـەرکەوتنی پێشـمەرگەوە شـیرە خـۆرەی ژێر دەکردەوە:

– جـــەماوەری گـــەلی کوردســـتان، رۆڵـــە ســـتەمدیدەکانی کـــورد، وەرن پێشمەرگە ببینن، سەیری ئەو ئەفسانە نوێیە بکەن، لەسەر بـەردو شـیوو دۆڵ و لوتکەدا دایدەهێنن، گیان بازان بە دەسـتی بـەتاڵ و مشـتی ئاگرینـەوە زرێپـۆش دەسوتێنن و گەڵا قرانی سوپا دەکەن، کاتژمێر چواری ئێوارە هێـزی پێشـمەرگە هێرشـیان دەسـتپێکردو هاوکـات بـە پشـتیوانی تـۆپ بـارانێکی چـڕ ، بـە ورەی بـەرزەوە، زۆر بـە خەسـتی بارەگـای یەکـەی چـواری شـاخاوی بنـاری چـیای هەنـدرێنیان تۆپبـاران کـرد، لەگـەڵ تاریکیشـدا هێرشـی بـەربڵاو لەهـەموو بەرەکانەوە دەسـتی پێکـرد، دوای ئـەوە هێـزی سـوپا کەوتنـە پاشەکشـە، ئـەو شـوێنانەی گرتبوویـان کەوتنـەوە ژێـر دەسـەڵاتی هێـزی پێشـمەرگەو دوای ئـەوەیش پـەلاماری هێـزی پەرتـەوازەی سـوپایاندا، هـەتا شـەش سـەد مـەتری بارەگای سەربازخانەی رەواندز ڕاویاننان.

سەربازێك بە برینداری لەبن تاشە بەردێکدا خـۆی حەشـاردابوو، بـەهاوارەوە چـەکی فڕێـداو دەسـتی هـەڵبڕی، بەرگـە زەیتونیەکـەی بـەخوێن سـور ببـوو، گوللەیەك لە دەستی چەپی درابوو، هاواری دەکرد، دەکڕوزایەوە:

– توخوا مەمکوژن، ژن و منداڵم هەیە.

چەند پێشمەرگەیەك گەیشتنە لای، کتوپڕ جامانەیەکیان بۆ دڕاند، نیوەیان سوتاندو خستیانە سەر برینەکەی، بەوەی تریش برینەکەیان بۆ بەست، ئەوکاتە خوێنەکەی گیرسایەوە، دوای ئەوە نانیان لە دەستە سرپێکدا بۆ هێنا، گرێیەکەیان کردەوە و خستیانە بەردەمی، مەتارەیەك ئاویشیان بۆ هێنا، پاش ئەوەی نان و ئاوی خوارد و پشویدا، کاتێك هاتەوە سەرخۆی، باسی ئەو جەنگەی گێڕایەوە:

– لەگەڵ تۆپ باراندا بارەگای یەکەکەمان بە تەواوەتی داڕوخاو وێرانبوو، یەکەکانی سوپایش لە بارەگای فەرماندەیی دابڕان، چەندین پۆلی پێشمەرگەیش دزەیان کردبووە نێو هێڵەکانمانەوەو بێپسانەوە بەر دەستڕێژیان داین، ئیتر سەرمان لێشێواو هەر سەربازبوو دەکەت و لە خوێناودا دەتلایەوە، پێنج یەکەمان هەمووی تەفرو تونابوون.

ژەنەڕاڵ بە دوربینەکەی سەیری دەکرد، لە تەپ و تۆزو گڕو بروسکەوە جەستەو رۆحی پێشمەرگەی بە فەزاوە دەبینیەوە، وەك باڵدار دەفڕین و لوتکەو بنکەیان دەگرتەوەو ئاڵای کوردستانیان لەسەر هەڵدەکردن.

کەڤی شرینقەکەیش بە دەستی پزیشکەکەوە وەك رەنگی فەزای ئەو ساتەوەختە رەنگی دەدایەوە، پڕدەبووەوەو بەتاڵدەبووەوە، شوشەکە رەنگی هەزار رەنگەی گرتبوو، لەگەڵ هەر روانینیکدا دیمەنێکی خوێناوی نیشاندەدایەوە، وێنەی ژەهرو شیری کارگی مەرگ و رەگی تاڵاوی هەزار مەرگەیان دەدایەوە.

ئەو رەگە شیر پەنجەییەبوو، رۆژانە لە چارەنووسی کورد و شۆڕشەکەیەوە چزەیان لە جەستەی هەڵدەستاند، لەناو فەزاو بۆن و رەنگی ژورەکەدا وەك ئەو چزوەیان دەنواندەوە، ببووە دوپشکێکی ئەفسانەیی و کەوتبووە ناو نەستی نەتەوەوە، لەوساتەشدا، ئەو چزوە جەستەی دەگرتەوە.

ئـەو ژەهــرە هەمیشــە لــە چارەنووســی شــۆڕش و گەلەکەیــەوە بەســەر پێستەکەیەوە دەنووسانەوە، جارێك ئـەو وێنەیـەی لـە زیهنیـدا كێشـاو بـە وشـە كەوتوەكانی بیریەوە بۆ رۆژنامەنووسـیكی ئـەڵمانی گێڕایـەوە، بـەدەم پرسـیاری دوا رۆژی شۆڕشـەوە رویتێكـرد، نیگـای كەوتـە هـەڵفڕین، برژانگـی تیـژ ببـوون بەهەموو جوڵەیەكیانەوە ئامـاژەی جـەنگی گـەردەلولیان تیـادا دەخوێندرایـەوە، ئەویش ئەوەی لە روخسـاریەوە خوێنـدەوە و بـەو بـیرەوە نـاخی دەخـواردەوە.
بەو روانینەیشەوە ئەو دیاریەی خستە بەردەمی، بە تایبەتی بۆی هێنابوو:
– ئەوە دیاریەكی بچوكە، تەلسكۆبێكی ئاسمانی مۆدێلی كۆمپانیای زایسـی ئەڵمانیە.
بە تاسوقەوە لێی وەرگرتوو تەواو گەشـایەوە، ماوەیـەك بـە قـوڵی لـە چیاو بەرزی و دۆڵی حاجی هۆمـەرانی روانـی، لـە هـەور و فـەزاو ئاسمـان و بـەرزایی و نزمایی وردبووەوەو بزوتنەوەی پێدەكرد، ئـەویش نیگـای تێـبڕی بـوو، دەیزانـی زۆر حەزی لە بابەتی گەردوون ناسییە، بەو حەزەیشەوە دوا جار سەری هـەڵبڕی و گرێی دڵی بۆ كردەوە :
– ناچار بووم بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە بگـەڕێم، دەربـارەی مـەودای دیـتن و توانای گەورە كردنەوەی تیشكۆو لایەنەكانی تری تـەلسكۆبەكە دەیكەن.
بەو پرسیارە سەری سوڕماو كەوتـە بیرێكـی قوڵـەوە، لـەو حـەزو خولیایـەی سەركردەی شۆڕشێك بە گەردوون ناسی سەرسام مابوو، ئەوە دەیـان پرسـیاری لـــەلا گرمۆڵـــە كـــردوو لـــە نـــاخی خۆیـــەوە شـــاردییەوە، بـــە شـــێوەیەكی سەرسوڕهێنەریش لێی دەڕوانی، چاوی ئەفسونێكیان سەر نیشتبوو، وەكـو ئـەو تیشكە بریسكەدارانەی بـوون تارمـایی بێشـەیان رونـاك دەكـردەوە و بـەردەوام خورپـەیان دەخسـتە دڵـی زەویـەوە، دەبـوون بـە بانگەشـەی هێـزی خەففـەی بروسكەیی لە شەوانی ئەنگوستە چاودا، بەو شێوەیەش پەنجەی گرمۆڵە ببـوون، وەك بەو روانینەوە گەشـتی مـەرگ بـە تولـە رێكـانی نەبوونـدا بكـەن، جەسـتەی

وێنـەی کەشـتیەکی دەدایـەوە نەتەوەیـەك بخاتـە دڵییـەوە، وەك چـیا قـەڵغانی نیشتیمانی باوە مردان بکات، هەناسەیشی بەو دەنگە خەفەیەوە پـەخش دەبـوو لـە بـڕوای پتـەوی مـان یانەمانـەوە ئـاڵای نەتـەوەی بـەرزدەکردەوە، بـەرگ و پۆشاکیشی ئاماژەی بێزمانیان دەدایەوە:

– ئەی شێر پشت بـە چـنگ و بـازوی خـۆت ببەسـتە، بـە تـەنیا چـاوەڕوانی ڕەحمەتی پیاو چاکان بێ سودە.

ئەوە ساڵێك بـەر لـە نسـکۆبوو بـەو شـەپۆلو تەوژمـە پـڕ لـە گومانانـەوە لـە حـاجی هۆمـەران هێڵـی بـۆ دوا ڕۆژ دەکێشـا، بـەو دیمەنـە ترسـناك و گومانـە قوڵەیشیەوە دەستی چەپی گرمۆڵە کردو پەنجەی شـایەتی بـە لێویـەوە گـرت و برۆی بەرزکردەوە:

– کارەکە هەمووی لە مۆتەکەیەك یان خەونێکی نـاخۆش دەچـێت، بێگومـان زۆر ناخۆشـە خـۆت ببینیـت لـە جێگـەدا بکـەویت و هـیچ ئـامرازێکی بـەرگریت لەبەردەستدا نەبێت و توانای جوڵـندنت نـەبێت، هەسـتیش بکـەیت دوپشـکێکی کوشندە خۆی بەنێو جلەکانتدا بکاتو بەسەر قاچـتدا سـەربکەوێت و بگاتـە سـەر سنگت، سوریش بزانیـت پێـوەت دەداتـو دەتکوژێـت، ئـەو دەمـە چ مەفـەڕێکت نامێنێت تەنیا ئەوە نەبێت چاو بنوقێنیت و چاوەڕوانی مەرگ بکەیت.....

کەمێك وەستا بەدەم بیرێکی پەرشـەوە چـاوی بـە تەختـەی شـەتڕەنجەکەدا گێڕا، سەربازو وەزیرو مەلیك و ئەسپ و فیل و قەڵای بەسـەر کـردەوە، هێزێکـی ئەفسوناوی گرتی و درێژەی بەقسەکەی دایەوە:

– ئەوسـا لەپڕێکـدا وەکـو ئـەوەی خـوا فریـات بکـەویت و نەیـەوێت بمریـت، دوپشـکەکە لەسـەر سـنگت لابچـێت و دور بکەوێتـەوە لێـت، ئـەو کاتـە هـەموو گومانێکـت دەڕەوێتـەوە، هەسـت بـە هێزێکـی نهـێنی دەکـەیت، نازانیـت سەرچـاوەکەی لەکوێوەیـە، شـاراوەیەو بـەناو گیـان و جەسـتەتدا دێـت، هەڵدەستیتو دەست بـۆ نزیـك تـرین بـەرد دەبـەیت، هـەڵی دەگریـت و بەهـەموو

هێزو تواناتەوە بە دوپشکەکەیدا دەدەیتو دەیکوژیت.

ئەم پێشبینی و ئاماژەیەی بۆ نسکۆی ئاینده لەلا ڕوون بوو، ئـەویش سـەری سوڕمابوو.

لەوساتەشدا، ئەو گومانانـەی پـەرەی سـەند، هەسـتی کـرد تـەواو پێشـبینی روداوی ئاینـدە دەکـات ، لەوکاتەیشـدا لێـی دەڕوانـی خـەریکی ڕێکخسـتنەوەو دانانی داشەکانی شەترەنجەکەبوو، ئەوانە پرسـیاریان لـەلای فـراوانتر کـرد، بـەو بیرانەوەو لەگەڵ جولاندنی سەربازێکدا درێژەی بە پرسیارەکانی دایەوە:

– ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت بە ئاشتی بگەنە ئۆتۆنۆمی؟

بەو پرسیارە برژانگی ئـاوەژوبوون، بـە بیرێکـی پەرشـەوە لەگـەڵ جولانـدنی سەربازێکدا هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو بە زەردەخەنەیەکی وردەوە وەڵامـی دایەوە:

– پێموانییــە بــە ئاشــتی بگەینــە ئۆتۆنــۆمی، لەبــەر هۆیــەکی زۆر ســادە، دەوڵـەتی عێراقـی لـە خەونیشـدا بـیر لـەوە ناکاتــەوە ئۆتۆنـۆمی ڕاسـتەقینەمان بداتێ، ناچار دەبێت گفتوگۆمـان لەگەڵدا بکـات، مەبەسـتی ئەوەیـە لـەم ناوچـە تەسکەدا گەمارۆمان بدات، ئێستا بە زەبری چەك بەرگری لێدەکەین.

بەو قسەیەوە بیرێك بە مێشکیدا هات، زانی سەرەداوی پرسـیارەکەی چـییە، بەو بیرەوە پەنجەی هەڵبڕی:

– وەڵامی ڕیچارد ئەندریگیشم دایەوە، ئێمـە هـەرگیز لەگـەڵ عـەرەب جـەنگ ناکەین، ئەوان برای ئێمەن و چەندین سەدەیە بەیەکەوە دەژین، ئێمـە دەتـوانین لەگەڵ ئەواندا بژین، بەڵام عەبدولکەریم قاسم نەك تەنیا هەر ئێمە، بەڵکو هـەموو لایەکی چەوساندۆتەوە.

بەو قسەیەوە بە نیوە نیگایەك لەم لاو لای خۆی ڕوانی، ئیدریس و مەسـعودو شـەفیق قـەزاز لـە بەرامبەریـەوە دانیشـتبوون، نیگـای بـە هەموویانـدا گێـڕاو بـە رویەکی خۆشەوە وەزیری دەرکردو درێژەی بە قسەکەی دایەوە:

– ئەم ناوچـەیەیش بەشـێکی بچـوکی کوردسـتانە، لەبەرئـەوەی خانـەقین و کەرکوکو دەوروبەری موسڵیش دەگرێتەوە، دەسـت لـەو ناوچـانەیش هـەڵناگرین هەرچـییەك ڕوبـدات، لەبـەر ئـەوەی بەرپرسـیارین بەرانبـەر بـەو کوردانـەی لـەو ناوچانەدا دەژین، وەك لەبەردەم مێژووی گەلەکەماندا هەست بە بەرپرسـیاریەتی دەکەین.

ئەو شارا روداوانە ڕۆژانە وەك تەون روانینیان گرتبوو، لە دانیشتن و ڕۆیشـتن و خەوو خواردن و گەڕاندا بـە تـەوژمێکی زریاناویـەوە بـیری لێدەکردنـەوە، وەك بەری درەخت بە لق و چڵی روانینییەوە نووسابوون.

چەند ڕۆژێك لەوەو بەر ئـەو پرۆڤەیـەی کـرد، لەسـەر کورسـیەك دانیشـتبوو، بـارانی ژەهـراوی خـاکو خـۆڵی نیشـتیمانەکەی دەدییـەوە. لـە تۆفـانی ئـەو گەردەلولەوە بـۆ چـەترێك دەگـەڕا، جگـە لـە نائومێـدی و بێکەسـی پەناگایـەکی نەدەدییەوە.

لەوساتەشدا، ئەو گڕەیەی لەو تیشـکە تێکـەڵاوەوە لـە کەشـێتی ژوورەکـەوە دەدییەوە، شەستە بارانی ستەم گـڕی شۆڕشـیان دامرکانـدەوە. ئـەوەش ببـووە ژانێکـی ئـەزەلی و لـە دەروونیـدا گـڕی دەگرتـەوە، بـەو نامۆییەیشـەوە رووی کردبووە ڕۆژهەڵات و بیری ڕۆژانی کۆتایی شۆڕشی دەکـردەوە، بـە حەژمەتـەوە پەنجەی گرمۆڵە دەکرد، لە کۆبوونـەوەو چاوپێکەوتنیشـدا، وەك ڕەگـی داربـەڕو پـەل و پـۆی نەبـەردی نەتەوەیـەکی بـە زەوییـەوە دەڕوانـدەوە. لـە وەڵامـی هەیکەلیشدا بەو شـێوەیە شـورای پـۆلاییینی کـوردی بـە هەڵگێڕانـەوەی برۆیـەوە نەخشاند:

– تەنانـەت ئەگـەر سنورەکانیشـیان دابخسـتایە، هـەر دەمتـوانی درێـژە بـە جەنگ و خەبات بدەم، بەلاَم بە باشـترم زانـی لـەوە زیـاتر نەبمـە هـۆی ڕژانـدنی خـوێنی خـەڵکی عێـراق، خـۆم بـە دەسـتەوە نـەداوە، وام بـەباش زانـی بـە شێوەیەکی کاتی کۆتایی بە بزوتنەوەکە بهێنم.

بەو وشانەوە شیکردنەوەیەکی کتوپڕی کردوو پەنجەی لەسەر لێوی لابرد، توشی بیرکردنەوەیەکی قوڵ هات، وەك نەشتەر بە جەستەیدا دەهات، چاوی بریسکەی ئەوکاتەیان دەدایەوە، کاتێك شا داوای بینینی کرد، بۆ ئەوەی لەبارەی بارودۆخەکە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، ئەویشی دواخست بۆ یانزەی ئازار.

ئەو دوا خستنە گومانێکی گەورەی بۆ دروست کرد، لەو کاتەدا بروسکەکەی بە دەستەوەبوو، گوێی لە فارسیەکەی ئەڵمانیا دەگرت، بە رقەوە رادوێکەی کز کرد:

– ئەوەیش تۆڵە کردنەوەیەکە لە شۆڕش، وەك بیەوێت یادی بەیاننامە مێژووییەکەی یانزەی ئازار بکاتەوە، بەبێ پرس و رەزامەندی ئەو مۆرم کرد.

بەو بیرەوە قەڵەمەکەی دەرهێنا کەوتە بروسکە نووسین بۆ لق و بنکەو دۆست و کەسایەتی ناسراوی لە هەندەران.

بەو شێوەیەیش چاوەڕوانی کرد هەتا لەکاتی خۆیدا گەیشتە لای و ئەو پەیمان شکاندنەی خستەوە بەرچاوی:

– بەداخەوە، دەستمان خستە ناو دەستی ئێوە و چاوەڕێی ئەوەبووین دەستمان نەقرتێنن.

شا پلانی ئەو ناپاکیەی تێکەڵی دڵسۆزی خۆی کرد:

– نزیکیو خزمایەتی لە نێوان هەردو گەلەکەماندا هەیە، من بەو پێیەی بینایی چاوی هەموو ئاریانم، هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆم وەگەڕدەخەم بۆ پاراستنی گەلەکەم و گەلەکەت.

لەوساتەدا ژورەکە لە رەنگ و تیشك و بۆن و تام و هەناسەی خەففەوە، رەنگاڵەی بە وشەی تواوەو وێنەی ناو باوە دەکردەوە، کەوتنە خوارەوەی گەڵاو گوڵی لە روانینی شاوە دەبینیەوەو بەو بێهیواییەوە بەپەلە گەڕایەوە بۆ حاجی هۆمەران.

لـەو کاتەیشـدا بـەو بـیرەوە لـە هەیکـەلی روانییـەوە و بـە هەناسـەیەکی کەسکوندەوە درێژەی بە قسەکانی دایەوەو ئەو گرێیەی بۆ کردەوە:

– شۆڕشـی کـورد لـە بـواری سـەربازیدا تێکنەشـکا، سـەرەڕای ئـەوەی پێشمەرگە لە هەموو بووارەکاندا  بالآدەستبوون، هێزەکـانی عێـراق بـە درێـژایی یـەك سـاڵی جـەنگ، بـە زیـانێکی گیـانی زۆرەوە، دەیـان کیلۆمـەترێکی کـەم پێشـڕەوییان کـرد، بـەڵکو لـە بـەرەی سیاسـەتدا بڕیـاری سـەرکوت کـردن و لـە نێوبردنی شۆڕشەکەمان درا.

هەیکەل جانتاکەی پێچایەوە و هەستا، ئەویش پایپەکەی پـڕ کـرد لـە تـوتن، بەچەرخەکەی دایگیرساند و مژێکی کەسکوندی لێدا.

واشنتۆن لە شەپۆلی وێنەی رسکاوی بیرەوەری کۆچـی ناکاتـەی روانینیـەوە پێچرابووەوە، لە نمـەی بـارانی سـەر شوشـەی پەنجـەرەو ئاوێتـەبوونی زەمـەنی ئەفسانەیی نەتەوەی کوردەوە بە زەمەنی سروشـتی ئـەمریکاوە بووکـە بارانـەی زەمەنی ئاویان لە سەرەتاو کۆتایی بووندا دەکـرد، لـە دیدەیـدا بـۆ بـوونێکی تـر سەرلەنوێ زیندودەبوونەوە، بە فـەزای ژوورو کەشـی نەخۆشخانەیشـەوە وێنـەی ئاوێتـەیی نازەمـەنیان لەوسـاتەوەختەدا بەرجەسـتە دەکـردەوە، لـە شوشـەی شرینقەکەوە کەفێك پەلکە زێرینەی مێژووییان لـە خومخانـەی هـەموو رەنگێکـدا بەرجەستەی رەنگێکـی ئاوێتـە بـەبیرو روانینـەوە دەکـردەوە، کـەفێك روشـنایی دەشـاردەوەو تیشـکی دەخسـتە سـەرتاریکی، هێـزی بیسـتنی دەخسـتە سـەر بینینو بینین بـە بیسـتن، پزیشـکەکەیش بـە شـێوەیەك بـە دەسـتییەوە گرتبـوو شـــەوقێکی ئـــاڵتونی لـــەناو گـــەردەلولی بـــیرو خـــەیاڵ و وێنـــەی سروشـــتیدا دەردەخســت، لــە نیگایــدا دەبوونــە یاریگــای نازەمــەنی کۆچــی ئــەو باڵنــدە ئەزەلیانەی لە زنجیرەیـەکی تـردا لـە دایکدەبوونـەوە، وێنـەی کـاروانی گڕوگـاڵی شۆڕشـی کوردیـان بـە رێـی کاکێشـانی رۆحـەوە لـە زەوی جەسـتەی تـواوەدا چاپدەکردەوە.

## (2)

شـەپۆلێکی نـەبین بـە تـەوژمی چـڕی ئاوێتـەیی فـەزاوە، ئاوێتـەی روانـین و روخساری هەمە چەشنەی گومان و دودڵـی و ڕاڕایـی و بـیرو خـەیاڵ و ڕۆچـون و سەرسامی و وردبوونەوەی ناوەختەیی چرکەساتی تەلەسکۆبی گرمۆڵـەیی زمـەن دەبـوو، وەکـو میلـی کاتـژمێر لەسـەر بـرژانگ و بـرۆو تیشـك و روانـین و بـیری ژەنەڕاڵەوە بە پێشبڕکێی تـەونی زەمـەنی ناکاتـەوە دەبـوون بـە تـۆپێکی سـپی رەنگاڵەیی ناو ئۆقیانووسی بەستەلۆك، بەوێنەی ئاوێتەیی هەمە چەشنەی تـام و بۆنو شێوەو روانین و پیت و وشەو دەنگ و رستەو زمانەوە لە فەزای ژورەکـەدا، لەسەر رووبەری چرپایەکە پەخشدەبوونەوە، تۆڕی پرسـیاری سەرسـوڕهێنەریان دەسازاند، وەك بریسکەی لێکخشاندنی دو تاشە بەرد لە شەوی ئەنگوستە چـاوو کشانی ئەسـتێرە بـە بروسـکەی ناوەختـەوە لـە پریاسـکەی نەبوونـەوە دیاریـان دەدا، وێنەی ئەزەلیان لە تاریکخانەی شۆرینەوەدا نیشان دەدایەوە، بە خێرایـی تەلەسـکۆبەوە رادەبـووردن و لـە خومخانـەی نەبوونـدا بـە کەوتنـە خـوارەوەی رۆحی بوونەوە لە دیدەیدا دەشۆرانەوە.

وێنـــەی ئـــەو ســـاتانەیان دەدایـــەوە، مەرگەســـاتی ناوەختـــە هـــەر ســـاتە جێگەیـەکیان دەگـرت و نیشـتیمانیان کردبـووە دۆزەخ، بـەو شـێوەیەیش لـە

ئۆکتۆبەری هەزارو نۆ سەدو حەفتاو چوار جەنگ هەڵگیرسایەوە، سـەرەتا چـیای زۆزکیان داگیر کرد، لە ڕۆژی حـەوتی سێشـدا هێـرش بـۆ سـەر بـەرەی باشـوری سلێمانی دەستی پێکرد، دوایی ڕویانکردە بەرەی ناوەڕاست لـە قـۆڵی ڕەوانـدز، یەکەیەکی پیادەو چەند یەکەیەکی چیایی هێرشـیان بـۆ لوتکـەی سـەرتیز کـرد، هەوڵیاندا لەوێوە بەرەو چەند خاڵێکی دیاریکراو پێشڕەوی بکەن، بەرگری هێـزی پێشـمەرگە وەك پـۆڵا توشـی زیـانی گـەورەی کردنـەوە، ریـزی زرێپۆشـیش بـە ڕێگەی هاملتۆنـدا بـەرەو ئـەو ناوچـە شـاخاوییە سەرکەشـە کەوتنـە پێشـڕەوی، بارەگای سەرەکی ژەنەڕاڵ بارزانی لێبوو، پاش ئەوەی چەند کیلۆمـەترێك چـونە پێشەوە هێزی پێشمەرگە گیانبازانە روبەڕوویان بوونەوە، بەبێ چـەکی قـورس و کۆمەکی ئێران، توانیان پێشڕەوییەکەیان ڕابگرن و ئەوەیان بەدیهێنا، چـاودێران بە مەحاڵیان دەزانی.

بەردەوامیش هێزی ئاسمـانی بنکـەی هێـزی پێشـمەرگەو بارەگـای ژەنـەڕاڵ بارزانیان لەناوپردان و مەکتەبی سیاسیو سەربازی لـە چـوار ڕیـانی نزیـك گەلاڵـە بۆمباران دەکرد.

ژەنەڕاڵ ئەو شێوازە دڕندەییەی ڕژێمی بۆ هەموو لایەك روون کردەوە:

– دوای ئەوەی سوپای ڕژێم لە ئەفسانەی بیروبـاوەڕی پێشـمەرگەو کـەش و سروشتی کوردستاندا دەتوێنـەوە، کوێرانـە بـە فڕۆکـە شـارو گونـدو ئـاوەدانی و هاولاتیـان بۆمبـاران دەکـەن، شـاری قـەلادزێیان بـە فڕۆکـە سـوتاندو دەیـەها بێتاوانیـان شـەهید کـرد، دوای مـانگێکیش لـە شـاری هەڵەبجـەدا چـل و سـێ هاولاتیان شەهید کردو دەیەها گوندو ئاوەدانی تریان سوتاند. هیچ ڕژێمێك ئەوە لەگەڵ هاولاتیانی خۆیدا ناکات، ئەوەیش هۆکارەکەی ئەوەیە کورد بێکەسە.

لەوکاتەیشدا مەکتەبی عەسکەری نەخشەیەکی دژە هێرشی ئاسمانیـان دانـا، تـۆڕێکی بـەرگری فڕۆکـە شـکێنیان لـە دەوروبـەری نـاوپردان و قەسـری و نزیـك حـاجی ئۆمـەران دامەزرانـد، بـە شـێوەیەك فڕۆکـە دەکەوتنـە نـاو ئەفسـانەی

بەرگریەکی سادەوە.

ژەنەڕاڵ لەو کاتەدا هێزی پێشمەرگەی هاندەدا، هەوڵیدا ئەفسانە بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕییەوە دابهێنن، ئەوەیشی بۆ هێزی پێشمەرگە شیکردەوە:

– لە شێوازی بەرگری کردندا گۆرانکاریمان کردوو ڕومان لە جەنگی پارتیزانی کرد، تێکۆشانمان ڕێکەوت نییە، زادەی پلان و بیرکردنەوەمانە. هەموومان دەگەڕێینەوە بۆ ڕەسەنی مرۆڤایەتی، بۆ کاردانەوەو هەڵوێست زۆر ڕێگا هەیە، با کوردیش بجولێتەوە بەو شێوەیەی دوژمن بەرامبەری دەیکات، دوژمنی بێبەزەیی زۆرمان هەیەو لە شوێنیکی داخراوداین، دوور نییە ئەگەر بلێم هیچ هاوڕێیەکمان لە جیهاندا نییە.

بەو قسەیەوە لەگەڵ چەپڵە ڕێزانی ئاوێتە بە هێزی باوە دەنگی بەرزکردەوە:

– بەرگری لە خۆمان و خاکمان دەکەین، تەنها داوای مافی ژیان دەکەین، پێدەچێت ئێستا جیهان لە بارێکدا بێت کەس ئامادە نەبێت لە پێناوی سەربەستیو دادپەروەریدا خەبات بکات، جگە لە گەلی کورد نەبێت.

لەو وێنەیەوە فیلمی شۆڕش بە بەرچاویدا دەهاتەوە، وەك ئەو ساتانە، شەپۆلی ڕۆحو جەستە بە دەریای سورەوە دەهاتنو لەگەڵ بای ناوەختەدا خاکی سورباویان تەون دەکرد، لەگەڵ گەواڵەی پەڵە هەوریشدا روانینیان دەگرتەوە، وەك دیمەنی ئەو شەست و حەوت ژن و منداڵ و پیرو لاوانەی ناو ئەشکەوتێکی ئاوایی داینی ناوچەی شێخان وێنەیان دەدایەوە، بەوێنەی سوتان و کاولبوونیماڵەکانیانەوە ئەو ئەشکەوتەیان کرد بە پەناگا، هەتا خۆیان لە بۆمبای فڕۆکەو تۆپی قورس بپارێزن، دوای ئەوەی سوپا بەردو داریان سوتاند، سەرکەوتن و چوار دەوریان گرتن، بە کردنەوەی ئاگرێکی زۆرو تێکەڵاو بە بۆمبی دوکەڵ و غاز خنکاندیانن. لەو کاتەدا هێزی پێشمەرگە لە

پێشـرەویدابوون و بـە گـەڵا قرانـی سـوپاوە بنکـەو سـەربازخانەیان دەگـرت، سوپاش دوکەڵ و گازی کوشندەو گڕو بۆسۆو فسفۆڕیان بە تۆپ و فڕۆکەوە بڵاو دەکردەوە، ڕۆژانە سـاواو ژن و منـداڵ و لاوو خـاکو جەسـتەیان لـەئاگرو ئاسـندا دەتواندەوە.

وێنەی ئەو ڕەشە کوژییە خستییە بارێکی دەروونـی ئـاڵۆزەوە، بـە بینینیـان سـەیری ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای کـرد، زنجـیرەی مەرگەسـاتی مێـژووی نەتـەوەی کـــوردی تیـــادا دەدییـــەوە، بـــە کـــەناری دۆژە و بەســـتەڵکی ڕۆژگـــارەوە تێکەڵاودەبوونەوە.

بەو بیرەوە پەیامنێرو سیاسەتمەدارو کەسـایەتی زۆری نـاردە جێگەکـەو بـە نامـەو پەیوەندییـەوە ئـەو هـاوارەی بـۆ هـەموو لایـەك بـەرز کـردەوە، لەگـەڵ ئەوەشدا جموجۆڵی لەناو پێشمەرگە و جـەماوەردا زیـاتر کـردو مـژدەی بـەهێزی شۆڕشی بە گوێی وردو درشتدا دەدا:

– هەموو ئەم کارە دڕندەییەی ڕژێم بەرامبـەر بـە جـەماوەر دەیکـات، مانـای بـەهێزیو بـاوەڕی راسـتەقینەی گـەلی کـوردو شۆڕشـە، بـەم قوربانییـە زۆرەوە ئومێدی ئایندەیەکی گەش چاوەڕانمانە.

هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە ئەو پێشـبینییەی دەکـرد، نەخشـەی دوا ڕۆژی لـەو فیداکارییـەوە دەکێشـا، بـە خـوێن دەنەخشـا، ئەوەیشـی خسـتە بەردەمی جیهان و لە چەندین دیداردا وێنەی تاوانی ڕژێمی دەخستە بەرچـاویان، بۆ ئەوەی رای جیهانیش بەلای کێشەی کوردا رابکێشـێت، لەوکاتـەدا لـەو تونـدو تیژیە زۆرانەوە نامەیـەکی بـە مـەحمود عوسمانـدا بـۆ جونسـۆن نـارد، داوای لـە دەسـەڵاتدارێتی ئەمـەریکا کـرد، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بـە شـداری بکەن، ئەوەیش ئازارێکی کوشندەبوو لـەلای، لەوساتەشـدا، بـە سەرسـوڕمانەوە نامەکەی دەنووسی، دەیزانی کـورد بێکەسـە، ئـەزمونی چـەندین سـاڵەی لەگـەڵ ئەمـەریکاو یـەکێتی سـۆڤیەتدا هـەبوو، کاتێـك وشـەکانی دەنووسـی بـیری لـە

هـەردووكیان كـردەوە، ئـەو هاوكێشـەیەی دەهاتـەوە بەرچـاو، لەگـەڵ ئـادامیز شیمدتدا كردی، وەك ئەو ساتە ئەو رستانە تێكەڵاودەبوونەوە:

– ئـەم ناوچـە سـتراتیژیەیە دەكەوێتـە بـەردەم هێزەكـانی سـۆڤییەت، لـە قـەوقازەوە بـەرەو رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، ئەگـەر جـەنگێك ڕوبـدات ئەوكاتـە پێوستیتان بە ئێمە دەبێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی باشترین هێـزی سـەربازین لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەتـوانین سـودی زۆر بـە وڵاتـە یـەكگرتوەكانی ئـەمریكا بگەیـەنین، لەگـەڵ ئەوەیشـدا ئاشـكرایە شـیوعی لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی سۆڤییەتدا هەنگاو دەنێت.

بەو قسەیەوە دەستی بە ناوچاوانیدا هێنـا، سـیغارەكەی داگیرسـاندو مـژێكی لێـدا، ئـەویش تووشـی ئـازارێكی كوشـندە هـاتبوو، سـاتێك بـوو بـە چـاوە شـینەكانییەوە دەیڕوانیـە پێچـانەوەی سـیغارەكەی و دوایـیش لـە دوكـەڵ و دار جگەرەكەی دەڕوانی، بەو روانینەوە پاساوی بێدەسەڵاتی خۆی بۆ هێنایەوە:

– هەندێك لەو كارەسات و نەهامەتیانەی، بەسەر گەلەكەتدا هاتوون بۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە جیهانی دەرەوە شتێكی كەم دەربارەی ئێوە دەزانێت، گـەورەترین خاڵی لاوازیش پێوەی گـیرۆدەن ئەوەیـە، ڕای گشـتی جیهـانی لەوانەیـە نـەزانێت كـورد كێیـە ؟ بـە تایبـەتی لەویلایەتـە یـەكگرتوەكان، ئـەوان شـتێك لـە بـارەی كێشەكانی ئێوەو دۆزی نیشتیمانیتانەوە نازانن.

بەو وەڵامـەوە زەردەخەنـە گرتـی و كتـوپڕ بـەلای ئـاپۆی وەرگێڕیـدا سـەری وەرگێڕا:

– سـەرەڕای ئـەوەیش ئەمەریكیـەكان بـەردەوامن لەسـەر بانگەشـە كـردن، یارمـەتی لـە ڕوسـیا وەردەگـرین. ئـەوانیش دەڵـێن، یارمـەتی لـە وییلایەتـە یـەكگرتوەكان وەردەگـرین، جـا چـۆنم رازی دەكـەیت، دادپـەروەری لـە نێـوان گەلاندا هەیە.؟

بەو بیرەوە نامەكەی تەواو كـرد، دوای ئـەوەیش داوای لـە شـای ئێـران كـرد

بڕی یارمەتی زیاتر بکات، بۆ یەکەم جاریش یەکەیەکی ئێرانی هاتنە ناو کوردستانەوەو بەشداری کۆمەڵێك جەنگیان کرد، لە ناوەڕاستی مانگی سێبتامبەردا تەلەفزیۆنی عێراق، چەند دیلێکی سەربازی ئێرانی نیشاندا، ئەمەش دەوڵەتی عێراقی لە ڕادەی بەربلاوی یارمەتی ئێران بۆ کوردستان دڵنیا کردەوە، ناچاربوون هەوڵی ئەوەیاندا ئێران رازی بکەن، چیتر یارمەتی شۆڕشی کورد نەدات.

لەوساتەشدا، شرینقەکە کەف چڕانی رۆحیان دەکردەوەو پارچە پارچە دەهاتنەوە بەرچاوی، نەخشەی کوردستان ببووە پێستی جەستەی و لیێ جیانەدەبووەوە، لەوساتەشدا، رەنگی هەموو ئەو چرکەو کاتانەیان دەدایەوە، رۆژانە کوردستانی گەورەی دەخستە ناو رۆح و روانین و هۆش و هەست و نەستییەوە، وەك فۆتۆنات دەکشاو بە ئاوریشمەوە جۆگرافیایەکی نوێی دروست دەکرد. لەوەوە وێنەی ئەو ساتەوەختانەی دەدییەوە جەستەی دەکەوتە سەر موچرکە، بەو هەولانەوە هێزی پێشمەرگەی هاندەدا گیانفیدایی بکەن، بۆ ئەوەی پلانی دەوڵەتان پوچەڵ بکەنەوە، بەردەوامیش نامەی پیرۆزبایی بۆ سەرکەوتنیان دەنووسی، مۆسیقای سەرکەوتن دەیگرتەوە، ئەو زەنگانە لێیان دەدایەوە، بەرەی جەنگ دەبووە دایکی ئەفسانە، زنجیرەی ئەو سەرکەوتنانەیش چلەی تۆفانی سیبریابوون و بەدوای یەکدا دەهاتن، ئەوانەیش کارێکیان کردبوو دەمانچەو کاتژمێرو کەلوپەلی خۆی ببەخشێت بە قارەمانان، جارێك لە یەکێك لەو سەرکەوتنە گەورانەدا گەشایەوە، کاتێك لە ریزی پێشەودا سەرکردایەتی بەرەکانی جەنگی دەکرد، چیا لەژێر زرمەی تەقینەوەی بۆمبادا سێبەری رەشی بۆ دەشتایی دەکرد، درەخت روخساری جەستەی سوری بەوەرینی گەڵاوە بەراورد دەکرد، ئەو جەنگەیش رەوتی شۆڕشی گۆڕی، بەو سەرکەوتنەوە خۆشییەك گرتییەوە، دەستی دەگرتەوەو بەدڵ و گیانییەوە پێشمەرگەی لە باوەش دەگرت، دەمانچەکەی قەدی بەخشییە پێشمەرگەیەك،

تفەنگ و فیشەکدانی دەدانیٚ، پلـەی شایسـتەبووانی بـەرزدەکردەوە، جـەنگیش ئەوەنـدە بـەربڵاوو قـورس ببـوو برینـدار بـە دوای یەکدا دەهـاتن و دەمانـەوە، نەخۆشخانەی شۆڕشیش لـەناو شـیوێکی بـەرزی دیمـەن جـوان و باشـدا حەشـار درابوو، بۆ تۆپ باران و بۆردومانی ئاسمانی پەناگایەکی بـەهێزبوو، زۆر نزیکبـوو لە تراژیدیاوە، پزیشك و برین پێچێکی لێنـەبوو خـاوەنی بڕوانامـە بـن، ئـەوەیش دکتۆر مەحمود بوونیاتی نابوو، رێو شـوێن و کـاری پزیشـکی تیـا ئـەنجام دەدا، چـەند کەسێکیشـی فێـری فریاکـەوتن و بـرین پێچـی کردبـوو، ئـامێرو دەزگـای پزیشـکیش کـەمبوون، برینـدارەکان لەسـەر ڕایـەخ لـە نزیکـی شـاخێکەوە لـەژێر سـێبەری لقـی درەختەکانـدا درێـژ کرابـوون، کانیـاوێکی زولاڵـی ڕێـژەنی لێبـوو ئاوەکەی بە درێژایی بن شاخەکەوە دەڕۆیشت، هەواکەی بە ساردی دەهاتـە بـەر هەست.

ئــەو رووبەرەیشــی، ببــووە سەرچــاوەی هێرشــی خوێنــاوی، بــە تایبــەتی ناوچەی گەلی سپی بـوو، پێشـمەرگە بـە شـەو لـە قـەدپاڵی دەربەندەکـە لـەنێو بەردەکاندا خۆیان دەشاردەوە، تاریك و ڕوونی بەیانی کاتێك کـاروانی سـەربازی دەهاتنە نـاوەوە پـەلاماریان دەدان، جارێـك بـەو جـۆرە دەربەندەکـە پڕبـوو لـە ســوپا، پێشــمەرگە لــە حەشــارگەکانیان دەرپــەڕین، گــا بــەردی گــەورەیان بەردایەوەو سـەرەتاو کۆتـایی دەربەندەکـەیان پـڕ کـردەوە، لـە پانتاییـەکی زۆر نزیکەوە بە خەستی ئاگر بارانیان کردن.

ئــەو ســەرکەوتنانە کارێکیــان کــرد، چــیا وەك شــەوەزەنگ دەردەکــەوتوو دەشتایی ببووە سەراب، پاش ئەوەی پتر لە بیست هێرشی تر هەتا کۆتایی ئـەو ساڵە لەناوبران. ئەوەیشی، دەنگدانەوەی گەورەی خستەوە یەکەیەك بە تـەواوی تـەفرو تونـابوون، پێشـمەرگەیەك نامـەی ئـەو سـەرکەوتنەی بـۆ هێنـا، کاتێـك وەریگرت بە خۆشییەوە خوێندییەوە:

– یەکەیــەکی شــەش ســەد ســەربازی بــەرەو موســڵ بەرێکــەوت، بــەنێو

دەربەنـدی گـەلی سـپیدا زاخـۆی بـە جێهێشـت، لەهـەموو لایەکـەوە بـەوردی بۆسەمان بۆنانەوەو خستماننە ناو گێژاوێکەوە، کەس رزگاری نەبوو، فەرمانـدەو پتر لە سەدو پەنجا ئەفسەرو سەرباز کوژران و چوار سەدو حەفتاو حـەوتیش بـە دیـل گـیران، دە تـۆپی هـاوەن و هـەموو کەلوپـەل و چـەك و تەقەمـەنیان بـە دەستکەوت گیران، سی و شەش زرێپۆشیش ئاگریان تێبەردرا.

بـەو سـەرکەوتنەوە هێـزی پێشـمەرگەی خسـتە ئامادەباشـییەوەو نەخشـەی رێگرتنی بۆ سـوپا دانـا. بـەو شـێوەیەیش لـە دوانـزەی ئایـاردا یەکەیـەك بـەرەو باکور جولاّ، پێشمەرگە شیوەکەیان لە ئاودا نوقم کـرد، پاشـان گـەمارۆیان دان، پاش نۆزدە ڕۆژ بە ناچاری هەموویان خۆیان بە دەستەوەدا.

دوای ئــەوە گەشــتێکی بــە زنجــیرەی بــەرەی جەنگــدا کــرد، پاشمــاوەی جەنگێکی پچڕ پچڕ درێژەی هەبوو، لە گوندێکی شاخاوی لەسەر ڕێگـای زاخـۆوە هەتا باتوفە، بیست و یەك ڕۆژ درێژەی کێشا، چەندین زرێپـۆش ببوونـە خـەڵوز، کۆمەڵە بەردێك بە خوێن رەنگ ببوون، قەوانی گوللە تۆپ ڕاست و چـەپ لەسـەر سەنگەردا کەوتبوون.

ماوەی نێوان بێرسڤی و باتوفە دە کیلۆمەتر دەبوو، سوپا دوا جـار گەیشـتە باتوفــە لــە پشــتەوە ڕێگــای گەڕانــەوەیان لێــبڕین، ناچــاربوون هیلیکۆبتــەر بـەکاربهێنن، بیسـتویەك ڕۆژ بـەو گەمارۆیـەوە مانـەوە هـەتا داوای هێـزی فریـا کەوتنیان کرد.

بــەو شــێوەیەیش هێــزی پێشــمەرگە لــە ســەرکەوتندا بــەردەوامبوون، ئەفســانەیان لــەناو ئەفســانەی سروشــتیدا دەخولّقانــد، دەبوونــە جێگــەی سەرسـوڕمان، بـەو بـاوەڕەوە کتـوپڕ گـەمارۆی قـەڵای راياتيانـدا، هەسـتان بـە هەڵکەنـدنی تونێلێـك هــەتا گەیشــتە ژێـر خــانووی ســەربازخانەکە، ئەوکاتــە ئاگاداریان کردنەوە، بالاّخانەکە دەتەقێنرێتەوە.

لەوکاتەدا کتوپڕ فەرمانی دەرکرد پەلـە لـەگرتنی نەکـەن، بـۆ ئـەوەی ژیـانی

منــدالّ و ئــافرەت لــە مەترســیدا نــەبێت، کوشــتنی دیــل و ســوکایەتی و ئازاردانیانیشی قەدەغە کرد.

لەو کاتەدا بەوردی ئاگاداری ئەو گەمارۆدانە بوو، پێشمەرگەیش بە ناچاری چاوەڕوانیان کرد، هەتا پاش سی و شەش ڕۆژ سوپا ئاڵای سپیان بەرز کردەوە، پاشان رژێم هەوڵیدا بە ڕێگای دابەزاندنی پاراشوت بە زەخیرەو تەقەمەنی بەهانایانەوە بچێت، نەیانتوانی و بە ناچاری خۆیان بە دەستەوەدا.

هێرشــو بــەرگری پێشــمەرگە شــورای پۆڵایینیــان دامەزرانــدبوو، ســوپا لەسەنگەردا نوقم ببوون، تەنانەت بیانیان بۆ نەدەپارێزرا، لەو کاتەدا پێشمەرگە توانیان دوو ئەندازیاری بەریتانی بفڕێنن، دیریك دانکورس و فرانك گوسلنگ، چەند هەفتەیەك مانەوە، ژەنەڕاڵ گفتوگۆی لەگەڵدا کردن، پاش ئەوەی لە کێشەی کوردو شۆڕش گەیشتن، ئەو کاتە وەك دیاریەکی تایبەتی بۆ بەریتانیا ئازادی کردن.

لەوساتەشدا، ئەو تەوژمانەی لە ئاسمانی واشنتۆنەوە بینییەوە، لەگەڵ دوکەڵی پایپەکەیدا پەرشدەبوونەوە، بە کەشێتی ژوورەکەیشەوە جارێکی تر تێکەڵەی رەنگ و روانین و روخسارو بۆنو تام و چێژ دەبوونەوە، بە تاڵە دەزووی رووداوەوە بەرجەستەی دەکردنەوە، بە روانینیەوە دەنووسانەوەو بروسکەی ئەو رۆژە سەختانەیان نیشاندەدایەوە، بەهەوری خوێنینەوە وشەو پیتیان مانای ستەمی داگیرکاری و چەوساندنەوەی نەتەوەی کوردیان هەڵدەگرت.

ئــەو بروســکانەیش هەرکاتــە بــە شــێوە و رەنگاڵەیەکــەوە دەهــاتن، لــە بیرەوەریشدا تێکەڵاوی ئەو تونێلە خەفانە دەبوونەوە، بەگڕی دەروون و پزیسکی ئەفسانەیی رۆح و کەف خوێنو سوێرایی عارەقی کرێکارو ئاگری بیروباوەڕەوە هەڵکەندرابوون، بە زنجیرەیەك زەمەن و دەریایەك خوێن و چیایەك ماندوبوونەوە راکێشرابوون، وەك ئەو رەنگانە شێوەیان دەدایەوە، لە

بنی زەریادا بریسکە دەدەن، بە تیشکی عیشقی ئەزەلییەوە بۆنی زەمـەنیان لـە نازەمـەنو پشـتی رووداوەوە هـەڵگرتبوو، بـەو کەرنەڤاڵـە یاقوتیانـەوە بۆنێکیـان دەدایـەوە، لـە مسـکو عەنبـەری عەتارییـەوە لـە گەنجینـەی زەمەنـدا بـۆ گیـای نەمری وشککرابوونەوە، دەبوونەوە بەو وشـانەی چارەنووسـی مرۆڤیـان لەسـەر دەنووسرایەوە، شنەو شەماڵ و باو فەزاو هەناسە بۆنی خوێنیان بڵاودەکردەوە.

جارێك ئەو بۆنە لە وردە واڵە فرۆشـێکەوە گرتیـەوە، کاتێـك لـەناو جەرگـەی گوندێکدا باری لە ئێسترەکەی دادەگرتوو لەسەر گوێنیەك دایدەنان، سـندوقێکی شینیشی کردبـووەوە، دەرزی و بـەکرەو گـوارەو مسـتیلەو شـتی وردەی جـۆراو جۆری تیادا رازاندبووەوە، بۆنێك لە عەترە جۆراو جۆرەکانی و قوماش و لەچـکو هەوری و دەستە سرو چاو شەکرو لوقم و نوقلۆ شیرینیەکانی تریـەوە تێکـەڵاوی بـۆنی ئـەو دار تـووە دەبـوون، لەژێریـدا شـتەکانی بـڵاو کردبـووەوە، ژن و پیـاو لەدەوری ئاڵابوون و هەریەکە شتێکی دەکڕی، لەوکاتەدا فڕۆکـەی جـەنگی هـاتن و گوندەکـەیان بۆمبـاران کـرد، راسـت و چـەپ خانویـان دابیـژا، لەسـەر لوتکـەو بەرزاییـەوە چـەند دۆشـکایەك تەقـەیان لێکـردن، ئـەو کاتـە رۆیشـتن، لـەدوای خۆیانـــەوە گـــۆمی خوێنیـــان بـــە جێهێشـــت، دەســـت و قـــاچ لەســـەر خـــۆڵ هەڵدەبەزینەوە، وردە واڵەکە بە جەستەو خوێن داپۆشرا.

بەو مەرگەساتەوە رویکردە ئاسمان، ساتێك بـە بێـدەنگی پاڕایـەوە، ئەوسـا هێزی دایە بـەرخۆی و کتـوپڕ گەیشـتە بـن تووەکـە، دو ژن و کیژۆڵەیـەك و لاوێـك بەسەر وردە واڵەکەدا گیانیان دەرچوبوو، دەستو قاچ و سەرو سـنگیان تێکـەڵاو ببـوو، بـۆنێکی تێکەڵـە لـە مەرگەسـاتی بـوون دەهـات و هـەموو بـۆنێکی تریـان دەخنکانـد. لـەو کاتەیشـدا لەگـەڵ خـەڵك و هەڤاڵەکانیـدا کەوتنـە کۆکردنـەوەی جەســـتەی خوێنـــاوی، هـــەموو جامانـــەیان بەلوتیانـــەوە بەســـتبوو، توانـــای هەناسەدانیان نەمابوو، بەو شێوەیەیش بریندارایان دەخستە تراکتۆرێکەوە هـەتا بیانبات بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش.

ئەو بۆنە لە زۆربەی ئاماژەو هێماو رەنگ و تام و شێوازەوە دەهات، لە گوڵو خۆڵو بەردو درەختەوە، نیشتمانێك بۆنی خوێنی لە واتاو دەستەواژەدا لەخۆی دەگرت، لەوساتەیشدا بۆنێك لە گژوگیاو درەخت و ئاوی تاڤگەو کەشوهەواوە دەهاتە ناو بۆنی تازەیی چادرێکەوە، تازە هەڵدرابوو، ئەو کاتەی بەعسییەکان پاش تێکشکاندنیان چەند سەرکردەیەکیان نارد بۆ شاخ و چیاو داوای گفتوگۆیان کرد، پاش وتوێژێکی زۆرو هاتوچۆی چەندین جارە، ئەو بۆنە تێکەڵاوانە بەو عەترە بۆنخۆشانەی بەرگی سەربازی ئەوانەوە دەبوونەوە بە بۆنێکی خۆڕسك گومان لەبوون بکەن، حەردان تکریت و عەبدولخالق سامەڕایی و تاریق عەزیزو دوو کەسایەتی سەربەخۆ، عەزیز شەریف و فوئاد عارف، هاتنە ناوپردان، بەر لە گەیشتنیشیان فەرمانی کرد چادرێك لە جێگەیکی گونجاو هەڵبدرێت، بەو جۆرەیش لەسەر دوڕیانێکی بەربا وێنەی ماڵێکی هیندی لقی درەخت بەشی سەرەوەی داپۆشی بوو، لەلای راست و چەپیشەوە بەسەر دوو دۆڵدا دەیڕوانی، بۆنێکی تێکەڵە بەهەموو شێوازێکەوە گومانیان دروست دەکرد، لە وشەکانیاندا جیادەبوونەوەو وەك دەریای خوێ تێکەڵاودەبوون، بەو شێوەیەیش کاتێك دانیشتن، هات بۆ لایان و لەسەر کورسیەك دانیشت، حەردان تکریتیش وەك سەرۆکی نوێنەران لە بەرامبەرییەوە نیازی خۆی دەربڕی:

– ئێمە هاتووین بۆ گفتوگۆ لەبارەی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە عێراقدا.

بەو قسەیەوە پەرداخێك ئاوی خواردەوە، ئەویش ورد لێی روانی، پاش ئەوەی قەڵەمەکەی لە گیرفانی دەرهێنا لەسەر پارچە کاغەزێك لەسەر مێزەکە داینا، لە دڵی خۆیەوە ئەو دۆخەی شیکردەوە:

– قوتابییەکانی نازم گوزار تەورە خوێناویەکانیان هێناوە، هەتا بە ئێمەی بفرۆشنەوە.

بەو ژانەوە لێوی خۆی گەست و رازی خۆی بۆ دەربڕین:

– بەرژەوەندی گەلانی عێراق ئەرکی هەموو لایەکە، نەك بچوك پابەند بکرێت پێوەی و گەورە سودی لێببینێت بۆ پلیشاندنەوەی، وەك ئەوەی ئێوە لەگەڵ کوردا دەیکەن. ئێمە گەلێکین هەمیشە پابەندین بەهەموو بەڵێنێکمانەوە.

لەو کاتەدا چەند پێشمەرگەیەك بەسینیەوە بەدوای یەکدا هاتنە ژورەوەو لەسەر مێزەکان بە بڵاوی دایاننان، قاپە چێشتی برنج و شلەو گۆشتیان لەسەربوو، کاتێك دەستیان بە نان خواردن کرد، بەردەوام گفتوگۆو مشتومڕیان دەکرد.

لەو کاتەی لە خوانەکە چونە پێشەوە، رادوێکەی خستە سەر مۆسکۆ، گوێی لەهەواڵی جیهان دەگرت، دوای ئەوەی گوێی لەسەر دێڕ گرت، رادوێکەی کز کردو پاروەکەی ناو دەمی قوتدا، بەدەم نانخواردنەوە کەوتە روانینی دیمەنی کۆبوونەوەکە، کۆمەڵێك پرسیارو وەڵام دەهاتنە مێشکییەوە، بەو روانینەیشەوە بیری لەو گفتوگۆیە دەکردەوە و لەوساتەدا هەردو دەستی بە یەکاداو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، لێوی خۆی گەست و لەناخەوە خۆی خواردەوە.

بەو داخەوە نەخشەی کوردستانی خستەوە بەرچاوی، هەموو جارێك رژێم جۆگرافیایان دەقرتاند، ئەوەیش نەشتەرێك بوو بە دڵ و جەرگیدا دەهات، ئەو بیروباوەڕەیشی ببووە خولیای، لە زۆربەی هێماو ئاماژەوە ئەو جۆگرافیایەی دەدییەوە، لەگوڵ و چیمەن و گەڵاو دەنگ و ئاوازەوە، زۆر جار یادی ئەو جوتە کەوەی دەکردەوە، بەر لە چوونی بۆ ڕوسیا پێی بوو، لە کاتی جەنگدا بە قەفەزەوە دایدەنان، هەتا دەیانخوێند، ئەوکاتەیش کەوی تر ڕووی تێدەکردن و داویان بۆ دادەنان و دەیانگرتن، بۆ نەخۆش و برینداریان دەبرژاندن، لەبەر ئەوەیش پێیوابوو کەو ڕەمزی شومی و خۆخۆری نییەو بە هۆشمەندو هاودەردی دەزانین، لەو ئاوارەییشدا هەر یادی دەکردنەوە:

– وا ئێستاش گوێم لە قاسپەی ئەم کەوانە دەبێت، لاموایە لەسەر چیایەکی کوردستانم، لە سەنگەرێکی خەباتدا دانیشتوم و دەنگی کوردەواریم بە گوێدا

دەگات، هەر بەوەش دڵم ڕوندەبێتەوە. لەسەر هەر بستێکی شاخی کوردستاندا بخوێنن کەوی بەشەکەی تر لە دەوریان دەئاڵێت.

لەوساتەیشدا بەو بیرەوە خۆی گرمۆڵە کردو بە تیژی نیگای تێبڕین، دوای ئەوەی لە نانخواردن بوونەوە دەستی سڕی و بڕیاریدا گفتوگۆی ئاشتی بکات، لیژنەیەکی هەڵبژاردو ناردنی بۆ بەغداد، لەو کاتەدا سەدام حسێنیش بۆ دیدارێکی درێژ خایەن هات بۆ کوردستان، هەردولا پابەندبوون ڕێکەوتنێکی درێژخایەن پێکبهێنن، دەقەکەیشی وشە بەوشە دەخرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، جاروبار بۆ ماوەی دو ڕۆژ بە یەك خاڵ و پێکهاتەی ڕستەو زاراوەیەك دەدوان، دوای سێ مانگ وتوێژی چڕ هەردووکیان لە قوتابخانەیەکی بچوکی ناوپردان ڕێکەوتنامەی یانزەی ئازاریان ئیمزا کرد، سەرۆك کۆماری عێراقیش ڕایگەیاندو بوونی نەتەوەی کوردی بە یاسایی ناساند، لە ڕۆژنامەکانیشدا بە گشتی بلاو کرایەوە.

لە کەڤی شرینقەکەیشەوە ئەو چینە خوێناویانە لە نیگایان دەداو لە برژانگیەوە دڵۆپەیان دەکردەوە، پزیشکەکەیش هەنگاوی بە هەواوە راگرتبوو، سەرنجەکە بە دەستییەوە بریسکەی دەدایەوە، لە دیدەیدا پڕدەبووەوە و گومانی لە لێدانی شرینقەکە دەکردەوە، بریسکەیەك جەستەی دەگرتەوە، شرینقەکەی لێنەدرابێت، چاویشی تەزووی ژانێکی دەزولەییان گرتبوو، وەکو لینجایی جاڵجاڵۆکە تەونچنی نەتەوەی کوردیان لە جۆگرافیایەکی قەتیسەوە دەکردەوە، بەرەو هەسارەی بوون و نەبوون هەڵدەکشان، بە ئاوازی سەرسوڕهێنەرەوە دەنگی قریشکەو ناڵەو شیوەن و هاوارو نوزەو خەفەو وێنەی فلیقانەوەی گۆشت و ئێسقانەوە، لە تیشکی مانگ و ڕۆژەوە ڕەنگیان دەدایەوەو شەوو ڕۆژیان تێکەلاو دەکرد. وەك ئەو ساتەی لەگەڵ ڕۆژنامە نووسیك ئەو بەراوردەی لەسەر کاری نابەرابەری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دەکرد، کاتێك لەگەڵ پەلێك لەپێشمەرگە لەبەرەی جەنگ گەڕایەوە، لە دوورەوە سەیری

کـردوو ناسـیەوە، پارچـەیەکی بچـوکی لـە کۆڵـە پشـتەکەی دەرهێنـاو ورد لێـی روانی، زۆر بە ئاسانی پیتە ڕوسییەکانی سەری دەخوێندرانەوە:

– ئـەوە قـەباغی مـەخزەنی ڕەشاشـی سـیو شەشـەمین فڕۆکـەی سـوتاوی روسییە، لە نزیك پردێکی سەر چۆمی باڵەك کەوتۆتـە خـوارەوە، پێشـمەرگەیەك بڕیویەتییەوەو بۆی هێناوم، لەو کاتەدا وەرگێڕەکەی بە شۆخیەوە پێیگوتم:

– گویتنەر دیشنەر لەگەڵ خۆتـدا بیبـەرەوە بـۆ بـۆن ، لـەوێ بیـدەرەوە بـە باڵوێزخانـەی سـۆڤیەتی، هـەتا بینێرنـەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی فڕۆکەکـەی لێـوە هاتووە.

لەوسـاتەدا لـە وشـە روسـییەکان وردبـووەوە. لـە ئـەنجامی ئـەو بەڵگانەیشەوەبوو، هەمیشە هەوڵی بەردەوامی دەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمـەریکادا پێکبێت، ئەوەش کۆمەڵێك هۆکاری هەبوو، لەسەرو هەموویانەوە رۆڵی سـۆڤیەت بوو لەگـەڵ عێراقـدا، هـەموو گوللـەی برینێـك بـوون، بەڵگـەی هـەموو مـۆرێکیش سوربوون، هەر لەو کاتەیشەوە، گەڕایەوە بۆ عێراق زۆرینـەی خـەڵك بـە دۆسـتی سۆڤیەتیان دەزانـی، تەنانـەت رۆژنامەنووسـی بیـانیش چـاوپێکەوتنیان لەگەڵـدا کرد، زۆریـان راسـتەوخۆ ئەوگرێیـەیان دەکـردەوە، بـە زۆریـش ئـادامز شـیمدت، دوای گەڕانەوەی لە بەغداد هاتە لای، بـەو پرسـیارانەوە گێـژی دەخـوارد، هـەتا بۆی روون ببێتەوە تا چەندە باوەڕی کۆمۆنیستی کاری تێکردوە:

– بیستومە بیروباوەڕت کۆمۆنیستیە.

بـەو پرسـیارەوە کتـوپڕ لـە جێـی خۆیـدا راسـتبووەوەو مـوی جەسـتەی کرژبوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەبڕوا بەخۆبوونەوە دەستی درێژ کرد :

– بەڵگەم پیشان بدە !.

بەو وەڵامەوە شـیمدت شـڵەژاو مێشـکی بـەتاڵبووەوە، لەگـەڵ ئەوەیشـدا بـە دوای شتێکی تردا گەڕا، ویستی بە پرسیارێکی تر بەئەنقەست بیوروژێنێت:

– ناکرێت دوازدە ساڵ میوانی روسیا بوویێت و نەبووبوویتە کۆمۆنیست؟.

– ئەوە بۆ ئـەوەی ملـی خـۆم لـە پـەتی سێدارە ڕزگـار بکـەم، کاتێـك بـۆی دەرکەوت، گاڵتە دەکات، گرژبوونەکەی نەما، بە هێمنی ئەو تەمەی ڕەواندەوە:

– ئێمە موسڵمانین ، موسڵمانی ڕاستەقینە ناکرێت ببێتە کۆمۆنیست.

ئـەوەی گـوت کـەمێك وەسـتا، پـەرداخێك ئـاوی خـواردەوەو بـەدوای پرسیارەکەیدا ڕۆیشتەوە:

– ئەگەر ڕوس پێیان وابێت سودمەند دەبن لەگەڕانەوەی ڕۆڵـەی کـورد بـۆ نیشتیمانی خۆیان، ئەوە خەیاڵە.

شـیمدت دەیویسـت ئـەو راسـتییە بدۆزێتـەوە، بـەو مەبەستەیشـەوە لەناخـدا خۆی دەخـواردەوە، هـەتا کاتێـك هاتـە چیاکانی کوردسـتانیش ئـەوەی لـە بـیر مابوو، جارێکی تر سەرە داوی بیرەکەی گۆڕی و ئەو پرسیارەی لێکردەوە:

– ئایـا لـەو باوەڕەدایـت، قورئـان بنەمایـەکی تـەواو لـە یاسـاو شـەرع بـۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخ دابین بکات؟

– دەکرێـت قورئـان بکرێتـە بنـەمای دەسـتووری دەوڵـەت، ئێسـتایش لـە جەنگداین کاتی ئەوە نییە گرنگی بەم جۆرە کاروبارانە بدرێت.

بەو بیرو ڕوانینەوە وشە ڕوسیەکانی تەواو خوێندەوەو بـەو وێنانـەوە لەگـەڵ بیرێکی پەرشدا ماتبوو. ڕەنگەکان لەبەر ڕۆشناییدا دەگۆڕان، شێوەی کـەڤی ئـەو ساتەوەختەیان دەدایەوە، یەکەمجار لە دەریاچـەی ئۆڕاڵـدا بینییـەوەو وەك ئـەو ساتە لە دیدەیدا هەڵکفایەوە، دوای ئەوەی بـە پێشـنیازی سۆڤیەت رازی نـەبوو بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەتی تاراوگە، لە زستانی سـاڵی داهـاتودا گرتیـان و دوریـان خسـتەوە بـۆ تاشـکەندو پاشـان مۆسـکۆو دوایـی هێنـدە دوریـان خسـتەوە، دۆزینەوەی ئەستەم بوو، دواتر بە فەرمانی بەرپرسانی سۆڤیەت دوور خرایـەوەو نێردرایە شارۆچکەی چەمپای قەراغ گۆلاوی ئۆراڵ، لەوە بەدواوە ژیـانی خـۆی و هێزەکەی تەواو خراپبوو، خەم و ژان گرتبوویەوە، ڕۆژێـك دەسـتی بـە گیرفانیـدا کـرد پارەیـەکی تـەواو کـەمی پێمـابوو، سـەیری ئاسمـانی کـرد، بیرێکـی پـەرش

گرتیەوە، بە ناچاری پرسیاری کاری کرد، بۆ رۆژی دوایی کەوتە کاری سەبەتە چنین، رۆژانە بژێوی ژیانی پێدابین دەکرد، دوای ئەوەیش سەرنجیدا هەتا فێری دەستکێش چنین بوو، هاورێکانی دەیانبرد بۆ بازار دەیانفرۆشتن و پارەکەیان بۆ دەهێنایەوە، لەو کاتەیشدا ڕۆژنامەی نیۆرك تایمزی ئەمەریکی، ترسێکی گەورەی خستە دڵی زۆر لە دەوڵەتانەوەو لە توێژینەوەی ژمارەیەکیدا هەواڵێکی لەسەر بلاّو کردەوە:

– ژەنەراڵ بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت پلەی ژەنەراڵی دراوەتێ، ئێستا فەرماندەی لەشکرێکە لەسەر سنوری ئێران و سۆڤیەتدا.

پاش مردنی ستالین و دادگایی کردنی باڤرۆڤ، چاوی بە خرۆتشۆف و مالینکۆف و مێرتۆلۆف کەوتو پەردەی لەسەر راستیەکان لادا:

– یەکیەتی سۆڤیەتم بە دۆستی کورد زانیوە بۆیە داوای پەنابەریم لێکردوە، لەبەر ئەوەیش داواتان لێدەکەم ڕێگە بە لاوانی کورد بدرێت، بچنە قوتابخانە تایبەتییەکانی حزب.

بەمەش لە ئەکادیمیای زمانەکان وەرگیرا، توێژینەوەی زمانی ڕوسی و ئابووریو جۆگرافیاو زانستەکان بوو، مۆڵەتی نیشتەجی بوونیشی بۆ خۆی و گروپێکی بچوك لە کادیرەکانی لە مۆسکۆدا وەرگرت، هەتا لە قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکاندا فێری زمانی ڕوسی و زانستی سیاسی و مارکسیزیمی بکرێن.

بەمەش ئاسۆیەکی فراوانی دیەوە، لەبەرجەستەبوونی حەزو ئاواتی بۆ رۆشنبیر کردنی رۆڵەی نەتەوە.

بەو بیرەوە مەخزەنەکەی بە ئازارێکی کوشندەوە دایەوە دەست دیشنەر، ئەویش هەستی بە ژانە خۆکردەکەی کرد، لە ناخی خۆیدا هێشتییەوەو بیری لەو شەپۆلە خوێناویانە دەکردەوە، روانینیان پڕکردبوو لە وێنەی مەرگەسات، لە خەرمانەی ئەو سەردانەیدا بە دوای ئەو بەڵگەنامە روسیانەدا دەگەڕا، دە ساڵ

لەوەو بەر ئەو راستیانەی بینیەوە، کتوپڕ بـالاّ دەسـتی سـوپای عێـراق گەشـەی کـرد، بـە تایبـەتی لـە جـەنگی زاخـۆدا، لـە یـەك کاتـدا چـوار فـەوجی پیـادە دابەزێنرایە ناو سەربازخانەیەکی گـەمارۆدراوەوە، دو فـەوجیش لـە یەکـەی دەی زرێپۆش، لە جۆری تی شەست و دو تی پەنجاو پێنجی پێشـکەوتوی سـۆڤیەتی، لە دهۆکەو هەتا زاخۆ لەگەڵ هێـزی پێشـمەرگەدا کەوتنـە جـەنگێکی قورسـەوە، هێزی پێشمەرگە پاش بەرەڤانییەکی کەم پاشە کشەیان کـرد، ئەمـەش جێگـەی سەرسوڕمانی گەورەبوو، لەو بارەیەوە لە ئیدریس بارزانی پرسی:

– بۆچـی لـەو جەنگـەدا پاشــە کشــەتان کـرد، عێـراق ویسـتی خـۆی لـە کردەیـەکی سـوپاییدا تـاقی بکاتـەوە، بـۆ ئـەوەی گـەمارۆی سـەربازگای زاخـۆ بشکێنێتو سنووری نێوان عێراقو تورکیا بکاتەوە؟.

ئیـدریس بـارزانی خـۆی سـەرکردایەتی ئـەو جەنگـەی دەکـردو پـاش ئـەوەی لەگـەڵ سـەرکردەی سـەربازیدا توانـای سـوپای عێـراق و هێـزی پێشـمەرگەیان بــەراورد کــرد، بڕیــاری کشــانەوەیاندا، هــەتا چارســەرێك دەدۆزنــەوە بــۆ بەرەنگاربوونەوە بە نەخشەو چەکی دژە زرێپۆش، لەو کاتەیشدا ناچاربوو پلانی جەنگو کشانەوە ئاشکرا بکات.

– ئەم بڕیاری پاشەکشەیە هەم جێی داخ بوو، هەم دروسـتیش بـوو، چـونکە ناوچــەکە بــە کــەڵکی جــەنگ نــەدەهات و چــەکی قورســو چــەکی زرێپــۆش شکێنیشمان نەبوو.

بەو قسەیەوە پەنجەی بەرز کردەوەو نەخشەی جەنگەکەی رونکردەوە:

– ئێمە هەسـت دەکـەین هێزەکـانی عێـراق، پلانـی تـازە بـەکاردەهێنن، لـە شـوێنو سـەنگەری زۆر هەڵبـژاردەوە بـە پشـتیوانی بـالاّ دەسـتییەکی ئاشـکرای مادیو مرۆییەوە هێرش دەهێنن. پێموایە، ئەم پلانە هی ئەڵمان بووەو سـۆڤیەت لەکاتی دووەم جەنگی جیهانیـدا لـەوانیان وەرگرتـووە، ئـەویش بریتییـە لـەوەی یـەك بـە دوو لەگـەڵ هێـزی دوژمنـدا بکرێـت، نـەك سـوکە جـەنگ و پێـك دادان،

هـەروەها پراکتیکـی گشـتی نەخشـەکە جـۆرە زیرەکییـەکی تێدایـە، پێشـتر لـە عێراقییەکانمان نـەبینی بـوو، هاوئاهـەنگی تـەواو لـە نێـوان چـەکە جیاوازەکانـدا هەیە، بەکارهێنانی تەواوی هێزی زرێپـۆش و تۆپخانـەو فرۆکـەی جـەنگیو هێـزی پیادەی بە هەلیکۆپتەر گویزراوە، بڕوامـان وایـە پسـپۆڕانی سـۆڤیەتی لـە پشـت ئەم پلانە تازەیەی جەنگی سوپای عێراقیەوەن.

دیشـنەر بـەو روانینـەوە خسـتیەوە کۆڵـە پشـتەکەیەوەو هـەڵیگرت، ئـەویش بـەدەم بـیری قوڵـەوە مـاتبوو، زەمـەنی لێگـۆڕا بـوو، وەك ئـەوەی گـەردەلول بیماڵێت.

ئەو تۆڕە بیرەوەرییە لـە شـریتەکانی مێشـکییەوە بـە ئاسمـانی واشـنتۆنەوە چـاپدەبوونەوە، شـرینقەکەیش کەفەکـەی کـاڵ و تۆخـدەبووەوە، روداوو سـاتەوەخت و زەمـەنیش هەڵکشـان و داکشـانیان دەکـرد، کـەف شـرینقەکەیش ئاوەژودەبووەوە، رەنگەکەی دەشێوا، دەگۆڕدرا، کـاڵو تۆخـدەبووەوە، بـەتاڵو پڕدەبووەوە، بە جوڵەی پزیشکەکەوە وەك گەردەلولی شەوەزەنگی بیابـان بـە بریسکەی چەخماخە دەردەکەوت!

## (3)

شێیەکی خەفە بـە گرمۆڵـەیی تیشـك و روانـین و روخسـارو دیمـەن و وێنـەی رسکاوی سروشتیو خۆڕسکییەوە، گڕی بوورکانی بوون و سـوتوی رۆح و دەزوی گـڕی نـەبین و پشـکۆی هەناسـەی خەفـەوە، بـە بـۆنی قوتـوی عـەتاری چـاخ، پریاسکەی گولاویو هەناسەی تـواوەی نـاو بـاو تـەمی هەمیشـەییەوە، تێکـەڵاوی زینـــدە خـــەو دەبوونـــەوە، لەوەنـــەوزی منداڵیـــەوە لـــە ئاســـۆی راچـــەنینیدا دەنوێنرانەوە، وێنەی شۆراوە روانینی ژەنـەڕاڵیان دەگرتـەوە، وەك ئـەو سـاتەی لەسـەر کورسـیەك لـە باخچـەیەکی واشـنتۆندا لـەو بیرانـەدا سـەرگەرم ببـوو، پایپەکەی پڕکردەوە لە توتن، مژێکی توندی لێدا، ئەو رۆژنامەیەی بە دەسـتەوە گـرت، خوێندنـەوەی پـەرتوکی گەشـتێك بـۆ نـاو پیـاوە ئازاکـانی کـوردی پێگەیشتبوو:

( ئادامیز شیمدت بەوە دەست پێـدەکات : نوێنـەرێکی ژەنـەڕاڵ بـارزانی لـە بـەیروت دۆزیمیـەوە، تەلـەفۆنی بـۆ کـردم، کاتێـك زەنگـی تەلەفۆنەکـە لێیـدا، دەنگێك پێداگری کرد:

– میستەر دانا ئادمیز شمیـدت، نامەیـەکم لـە ژەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانییـەوە پێیە، دەمەوێت بتبینم.

ئەو قسەیە سەرسامی کردم و پرسیم:

– تۆ کێیت؟

– لە بارەگای مستەفا بارزانییەوە هاتووم.

ئەمەش بۆ من نامۆ نەبوو، لە دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت لە بەغداد بینیم، لە یەکەمین چاوپێکەتندا گرێی دڵی رۆژنامەنووسیم بۆ کردەوەو یەکتریمان ناسی، ئەمەیش سەرەتای دۆستایەتییەکی گەرممان بوو، بۆیە لەوساتەدا کتوپڕ بڕیارمدا، لە ئوتێلێك کاتی بینینمان دیاریکرد، ئەوەیشی بۆم گران بوو ئەوەبوو، درێژی باڵام دەگاتە دو مەترو سێ ئینج، چاوم شینو ڕیشو سمێڵم دەتاشم و بە ئاسانی دەناسرێمەوە ئەمریکیم، لەبەر ئەوە زۆر بە نهێنی چووم و بینیم، هەر نامەکەم خوێندەوە، بڕیارمدا، بە شێوەیەکی نهێنی نامەیەکم بۆ ڕۆژنامەی نیۆرك تایمز نارد، ئاماژەم بەوە کرد، کەس لە رۆژنامەنووسان سڵ لەوە ناکاتەوە بەم پێشنیارە رازی نەبێت، ئەی بۆچی من نەیکەم؟ جیرستانزنگ ڕەزامەندی دەربڕی، ژمارەیەك پەیامنێر بە تایبەتی جیمسوایلد پەیامنێری گۆڤاری تایم بە بیرۆکەکە رازیبوون، ئەندریگ نووسینی ڕەخنە گرتنی تەلەفزیۆنی بە هاوکاری لەگەڵ فیرا رازی ببوو، بۆ ئەوەی سەربەخۆ کار بکات، بەم شێوەیەش هاتمە چیاکانی کوردستان، کاتێك بینیم سەرم سوڕما، بە بیرەوەریەکی سەختەوە رومتێکرد:

– ژەنەڕاڵ بارزانی.

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، ئاوڕی بۆ لای ئاپۆی وەرگێڕدایەوەو بەگاڵتەو راستیەوە باوەڕی خۆی بۆ دوبارە کردمەوە:

– ژەنەڕاڵ نیم و ناوم مستەفایە، بە ڕۆژنامەکەت بڵێ، هێندەی نینۆکێکی قرتاو گرنگی بە نازناو نادەم، تەنیا تاکێکم لە گەلی کورد، ئامانجم ئەوەیە ئەم گەلە بگاتە ژیانێکی سەقامگیرو ئارام، لەوەشدا خوا پشتیوانمانە.

هەستێکی سارد دایگرتم، لەوەی ئەو مەودا دورەم لە پێناوی ئەو چاو

پێکەوتنــەدا بڕیــوە، ئــەویش بــە شــادمانییەکی ئاشــکراوە وەریگــرت، چــەند چرکەیەك دوای ئەوە، ئەو ساردیەی شکاند:

– ئێمە گەلی ئایندەین، بەسەرۆك كۆمارەكـەت بڵـێ ، عەبـدول كـەریم قاسـم لەناو دەبەینو توانای ئەوەمان دەبێت بەردی بناغەی دەوڵەتێکی هێمن و جـێگیر لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا دابنێین، ئەگەر ئەمریکا دەستی یارمەتیمان بۆ درێـژ بكـات و بایەخ بە بەرژەوەندی تورکیاو ئێران نەدات، لەبەر ئەوەی ئەوان بەهیچ جۆرێـك پێانخۆش نییە کەس یارمـەتیمان بـدات، ئەوكاتـەیش ناچـار دەبـین بـە یارمـەتی كۆمۆنیست رازی ببین.

لەو بـاوەڕو پێشـبینییەیەوە سـەرم سـوڕما، دوای ئـەوە وردە وردە گـەرم و گوڕی کەوتەوە گیانمانەوە، تا دەمی نانی نیوەڕۆ قسەمان کرد، پاشان سینیەك هاتو لە نێوان هەردوکماندا داندرا، برنج و پارچە گۆشتی لەسەربوو، بەدەم قسـە کردنیشەوە چەندین جار پریاسکەی نهێنی خـۆی بـۆ ئاشـتی کـردەوە، تەنانـەت بانگەشەی رۆیشتنی کرد:

– ئامـادەم عێـراق بـەجێبهێڵم و بچـمە ئـەو جێگایـەی عەبدولکـەریم قاسـم دیاریدەکات، بە مەرجێك داخوازی گەلی کـورد جێبـەجێ بکـات، بـۆ ئـەوەی ئـەو دڵنیا بێت لەوەی، من هیچ شتێکم بۆ خۆم ناوێت نە پێشەوایەتی و نـە ڕكابـەریو نە جیابوونەوەی کوردستان.

بەو قسەیەوە پەنجەی هەڵبڕی و نهێنی ئەو پەردەیەی لادا:

– بە خۆنازینی عەبدول کەریم قاسم سنوری نەبوو، ڕۆژێکیان هەر بۆ گاڵتـەو گەپ پێمگوت بە تەلیسکۆب تەماشای مانگم کردوە، وێنەی تۆم لەناویـدا دیـوە، ئەم قسەیەی بە تەواوەتی و بە راستی وەرگرتبوو.

رۆژێکی تر بـۆ یەکـەمجار دوو بـە دوو لەگەڵیـدا دانیشـتم تـەواو ڕوخـۆش و دەم بە پێکەنین بوو، جگە لە ئاپۆی وەرگێڕی کەسی تری لانـەبوو، لـەو کاتـەدا دەرفــەتم بــۆ رێکــەوت ئــەو پرســیارەم لێکــردەوە دەمێــك بــوو پــەنگم پێــوە

دەخواردەوە، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە شەو تێپەڕی دووبارە لە باخچەی هیراندا وتوێژمان دەست پێکردەوە، ژەنەڕاڵ بارزانی ورە بەرزو دڵخۆش دەهاتە بەرچاو، لە هەموو جێگایەك ئالأی سەرکەتن بەرزدەبووەوە، لەناوچەی ڕەواندز هێزێکی دە هەزار سەربازی گەمارۆ درابوون، لە جێگەکانی تریشدا بروسکەی سەرکەوتنی پێشمەرگە لێدەدرا، بەو ئاوازانەوە بە گاڵتەوە یەکێك لە کامێراکانی هەڵگرتوو ڕوی زومەکەی کردە جاك ساور:

– دەبێت بە قەدەر ئەوەی وێنەت گرتووم، وێنەت بگرمەوە.

لەگەڵ چرکەی کامێراکەدا رووی تێکردم:

– خۆت بە سەرکردەی ئەم سوپایە دابنێ، هەرچیەکت پێخۆشبێت ئەوە بکە، بە هەر لایەکدا حەزت کرد بچۆ، تەنیا لەو ڕووەوە نەبێت، هەتا مۆڵەتت نەدەم بەجێمان مەهێڵە.

پرسیارم لێکرد ئۆتۆنۆمی بەلای تۆوە چی دەگەیەنێت ؟

– پاش شۆڕش لە بەغداد، ماوەیەکی دیاریکراوم بۆ ئاگر بەست دانا، لەبەر ئەوەی ئەوان جەلال تاڵەبانیان نارد بۆ قاهیرەو جەزائیر، ماوەی ئاگر بەستمان درێژکردەوە، ئەگەر هەتا یەکی ئازار ئۆتۆنۆمی ڕانەگەیەندرا، دووبارە جەنگ دەست پێدەکەینەوە، لەوانەیشە سەربەخۆیی ڕابگەیەنین، لە هەموو جێگەیەکی جیهاندا سیستەمێك لەو جۆرە هەیە، پێی دەوترێت ئۆتۆنۆمی، مانای گەل لە سایەیدا بە ئارامی دەژی.

ئەو وەڵامە دەرفەتێکی بۆ کردمەوە، کتوپڕ بەدوای ئەو تاڵە دەزوەدا رۆیشتم:

– ئایا ئەوە مانای وایە کورد هێزی چەکداری خۆی هەبێت ؟

– ئەگەر ئەوان مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوار چێوەی یەکێتی عیراقدا بەڕەوا نەزانن، ئەوا دەجەنگین و ناچاریشمان دەکەن سەربەخۆیی خۆمان ڕابگەیەنین !

شوڤیل لەوساتەدا قەڵەمەکەی لەسەر کاغەزەکە لابرد:

– لە بەغداد لەگەڵ میشل عەفلەق فەیلەسوف و بیرمەندی بەعس، گفتوگۆمان کرد، بەڕونی پێی گوتم:

( ئەگەر یەکێتی گەلانی عەرەبی هاتە دی، ئەوا داننان بە ئۆتۆنۆمی کوردیدا ئاسانتر دەبێت).

بەو قسەیە پەنجەی شایەتی بەرز کردەوەو بە توندی وەڵامی دایەوە:

– عەفلەق مافی ئەوەی نییە بڕیاری ئەمە بدات، تەنیا دەوڵەتی عیراقی ئەو مافەی هەیە، گوێیش لە ڕاوبۆچونی ئەو ناگرم، ئەگەر دەوڵەتی عیراق ڕازی نەبوو جەنگ دەکەینەوە، کێشەی کورد هیچ پەیوەندیەکی بەسەر مەسەلەی یەکگرتنی عەرەبییەوە نییە.

لەو کاتەدا دەرفەتێکم بۆ کرایەوە لێم پرسی:

– ئایا پێشبینی دەکەیت جەنگی کوردی بە ئاراستەیەك وەربسوڕێت، ببێتە جەنگی دژ بە گەلی عەرەبی؟

بەگەرم و گوڕییەوە وەڵامیدایەوە :

– من دژی عەرەب نیم، تەنیا داوای مافی گەلی خۆم دەکەم، داوای زەویم لەوان نەکردووە.

بەو قسەیەوە سیغارێکی پێچایەوە، پاش ئەوەی دوکەڵ سیمای گرتەوە پەنجەی هەردوو دەستی تێکەڵاو کردوو نمونەیەکی هێنایەوە:

– دو ڕاوچی کەمین بۆ بزنە کێوییەك دادەنێن، یەکێکیان لەسەر چیاکەوەیە لەناو بۆسەی خۆیەوە تفەنگێکی لێدەدات و بە خەستی بریندار دەکات، ڕاوچی دووەم لە شوێنێکی نزیکدایە، بە هەڵەداوان دەگاتە سەر بزنەکە و دەیگرێت و دەڵێت هی منە.

شاوڤیل لێی پرسی: ئایا داوات لە ڕێکخراوی خاچی سوری نێو دەوڵەتی کردووە بێنە کوردستان؟

- داوام کـردووه بـەڵام نـەهاتوون، تـەنیا ئەوەنـدەمان بیسـت، هەنـدێکیان هاتوون بۆ بەغداد و دەوڵەت ڕێگەی پێنەداون هەتا پەیوەندیمان پێوە بکەن.

لەوساتەدا پێشمەرگەیەك هاتە ژوورەوە بروسکەیەکی خستە بەردەمی، بەدەم خوێندنەوەیەوە، درێژەی بەقسەکەی دایەوە:

- باوەڕم بەوە نییـە ئەگـەر بەڕاسـتی بیانویسـتایە زۆر ڕێگـای تـر هەیـە بـۆ هاتنیان، دڵنیام بە ئەنقەست پەنایان بردە بەر ئەو ڕێگایە هەتا نەیەن.

ئەوەی گوت لە پێشمەرگەکەی ڕووانی، ئاماژەی چاوەڕوانی بـە پەنجـەی بـۆ کێشا، ئەویش تێگەیشت و چووە دەرەوە.

شاوڤیل هەتا ئەوکاتە ئارامی گرت، لە ناخی پرسیارەکەیدا گنگێڵی دەدا، بەو ئامادەییەوە لێی پرسیەوە :

- ئایا نامەیەکی تایبەتت هەیە ئاراستەی هەموو جیهانی بکەیت؟

وەڵامیدایەوە :

- بانگەوازی هەموو مرۆڤێك دەکەم دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن، پێشتر لە دوا دیدارماندا بە مستەر شمیدتم ڕاگەیاندووە، داوای یارمەتی لەهەموو وڵاتێك دەکەم، بەبی جیاوازی، تەنانەت داوای یارمەتی لە لوگسمبوورگ و هەموو مرۆڤێك دەکەم، باوەڕیان بە دادپەروەری هەیە).

ئۆتۆمبێلێك تیژ تێپەڕی و ئەو بیرەی پچڕاند، مژێکی کەسکوندی لەپایپەکەی دایەوەو لە کەشی واشنتۆندا نوقم بوو.

لەوساتەشـدا، تـەڵخی شیشـەی شـرینقەکە تێکـەڵاوی ڕەنگـی جـۆراو جـۆری گـەردون دەبـوو، لـە کەشـی ئەفسـانەیی ژوورەکـەدا، دیـدەیان خسـتبووە سـەر شـەپۆلی زەریایـەکی هـێمن، لـە پـەتی دەسـرازەوە بەسـەر چـرکەدانی زەمەنـدا ڕەنگاڵـەیان دەکـرد. وێنـەی ڕووداوی خوێناویـان لـە تـابلۆی سـریالیدا نیشـان دەدایەوە، لە ڕەنگـی خـوێنێکی مـەیو دەچـوو، پاشمـاوەی شیشـەی حـەکیمان بووبێت، بۆنی ئەو کولەکە وشکەی بـە بنمیچـی ژورەکـەدا هەڵواسـرابوو، لەگـەڵ

بۆنی شێی تەڕەو دارو گڵ و سیواخدا، وەك ئەو ساتە دەبوون بە تەلسکۆبی روانینو لە دیدەیدا هەموو رەنگێگیان لە سورایدا دەشاردەوە، وێنەی تۆفان و زریانێکی گەردوونی گوێی بەدەنگو ئاوازی جۆراوجۆر ئاخندرابوو، وەك ئەو کاتەی هەوری خوێنین بەری ئاسمانی گرتبوو، زەوی رەنگی وشکبوونەوەی دەدایەوە.

بەو مەرگەساتەوە وەك ئێشکگر گوێی لە هەواڵی گرنگی جیهان دەگرت، لە فارسی ئەڵمانیاو بەریتانیاوە هەتا تورکی ئەنقەرەو رووسیەکەی مۆسکۆو دوا جار خستیە سەر قاهیرە، هەواڵی گەیشتنی تاڵەبانی بیست، دووەم ڕۆژی جەژن بە سواری فڕۆکە گەیشتۆتە بەیروت، لەوێوە لەگەڵ شەوکەت عەقراوی پێکەوە بە فڕۆکە چونەتە قاهیرە، بە گەیشتنیشیان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاندوە:

– گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا ساردە، نەپچڕاوە، بەڵکو دوا خراوە، چونکە مەسەلەی یەکێتیی عەرەب بۆ دەوڵەتی عێراقی پێویستترو گرنگ ترە، ئێمەیش دەمانەوێت لە نزیکەوە چاودێری ئەم گفتوگۆیە بکەین و ئەم شوێنە بزانین، وەك نەتەوەی ناعەرەب لەنێو ماڵی عەرەبی هاوبەشدا بۆمان داندراوە.

ئەوە توشی ئازارێکی قورسی کرد، بەڵێنی نوێنەرانی عێراقی لابوو بەقسەی منداڵانە، کاتێك پاش سی ڕۆژ لە هەوڵدانی بێوچانیان بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی کێشەی کورد، نوێنەرانیان محەمەد بابا عەلی، فوئاد عارف، تاهیر یەحیاو عەلی حەیدەر، هاتنە کوردستان.

بەر لەوە نوێنەریان نارد بۆ ئەوەی کۆبوونەوە لە سنووری رژێمدا بکرێت، بەڵام ئەو پێدا گری کردوو ئاماژەی بە ناوچەی ئازاد کراو کرد، بەو شێوەیەیش لە گوندی کانی ماران لە ژوورێکدا کۆبوونەوە، پاش ئەوەی گوێی لێگرتن دوا داوای شۆڕشی خستە بەردەمیان:

– داوای دەسەڵاتێکی خۆجێیی دەکەین بۆ کوردستان، خۆیشم بەشداری تێدا ناکەم، حەز ناکەم سەرۆکی کۆنگرە بم، بۆ ئەم مەبەستەیش جەلال تاڵەبانی بە

جێگری خۆم دادەنێم.

ئەویش ڕاپـۆرتێکی پێشـکەش کـردو داواکـانی روونکـردەوە، ئۆتۆنۆمیـەکی ڕاسـتەقینەبوو، دوای ئـەوەیش بـەردەوام گـوێی لەهـەواڵ دەگرتـوو بروسـکەی دەخوێندەوە.لە هەموویانەوە گومان و دودڵی دەیگرتەوە، لەوساتەشدا، تووشی بیرکردنەوەیەکی قوڵهات، بەبێ بەڵێنی رژێمەوە لە ناخەوە غەمی دەخـوارد، بـەو داخەوە لەو کاتەشدا جارێکی تر ئەو نامەیەی خوێندەوە، جـەلال تاڵـەبانی بـۆی ناردبوو:

– بە گەیشتنم. تایەر یەحیاو فوئاد عارف هاتن بۆلام. گوتیان دەوڵەتی عێراق رەزامەنـدەو سـبەینێ مـافی ئۆتۆنـۆمی ڕادەگەیـەنین، ڕۆژی دواتـریش سـەردانی ئەنجومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕشمان کرد سەرۆك خەوتبوو، ئاگـادارم کردنەوە دەگەڕێمەوە، فوئاد عارف و تایەر یەحیا دڵتەنگیان  دەربڕی:

– ئەگەر بێتو کورد بەو جۆرە بگەڕێنەوە، ئەوە ئاماژە بـە ئاکـامێکی خـراپ دەکات.

لێم پرسینەوە: ئایا بەڕاست گفتوگۆ لـە ئـارادا هەیـە، ئێمـە نامانـەوێت مـافی خۆمان لە ڕێگەی وتوێژو لەپشتی دەرگای داخراوەوە بـە دەسـت بهێـنین، بگـرە خەباتی بۆ دەکەینو سەرکەوتن ئامانجمانە.

بە خوێندنەوەی ئەو نامەیەوە ئازارێکی زۆری چەشت، نامەکـەی خسـتە نـاو جانتاکەیەوە و شەتڕەنجەکەی هێنایە پێشەوە، داشەکانی داناو کەوتە روانینیان، دوای ئەوە رادوێکەی گۆڕی لەو ئێزگەیەوە بۆ ئەوی تر، هەواڵێکی دڵخۆشکەرەی نەبیست، هەتا ئەو کاتەی تاڵەبانی گەڕایـەوە، مانـدو هـیلاك، جلوبـەرگی چـڵکنو سەرو ریش هات و، باوەشی پیا کردوو ئەملاولای ماچ کرد:

– کـوڕە شـیرینەکەم، بـەرێی قاچـاغدا گەڕایتـەوە. زانـیم رژێمـی بـەعس بـۆ ماوەیـەك جـەنگمان پێڕادەگـرن، هـەتا سـوپا رێکدەخەنـەوە، ئـەوە پیشـەی هەموویان بووە.

تاڵەبانی هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە ئازارەوە زمانی کردەوە هەتا چیرۆکی ئەو گەشتەی بگێڕێتەوە:

– لە کۆشکی کۆماری تورەییم بەسەریاندا باراندو گوتم، دەوڵەت ئارەزوو ناکات ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکات. تایەر یەحیا قورئانێکی هەڵگرتوو سوێندی پێخوارد: دەوڵەت هیچ نیازێکی خراپی دەربارەی کورد نییە، خوایە دەپاڕێمەوە ئەگەر درۆ بکەم کوێرم بکە! لە یەکەم ڕۆژی ئایاریشدا ئەحمەد حسن بەکر لەگەڵماندا کۆبووەوە، پرسیارم لێکرد کەی دەست دەکەنەوە بە هەڵگیرساندنەوەی جەنگ؟، ئەویش قورئانی بۆ سەر سەری بەرزکردەوەو گوتی: سوێند بەو قورئانە نیازی خراپم بەرامبەر بە ئێوە لە دڵدا نییە، داخوازییەکانتان نێردراون بۆ قاهیرەو دیمەشق. بە ڕقەوە سوێندم بۆ خواردەوە: سوێند بەو قورئانە تۆ نیازی خراپت بەرامبەر بە ئێمە نییە، بەلام هەموو سەرکردایەتی بەعس لە مەسەلەی ئێمەدا نیازیان خراپە.

لەوساتەشدا، شرینقەکە بە شێوەیەك لە روانینیدا کەف دەکردەوە وەك ئەوەی مێژوو لە بێزمانییەوە بخاتە زمان، وەك رۆژگارە رەشەکان روداوی نەتەوەیەك بنووسیتەوە، پێست و خوێن و گۆشتیان بۆ سەربەستی رابخەن، ئەو رۆژانەی بەخوێنی فیداکاران ئالای ماف و سەربەرزی هەڵ دەکرا، رەوتی زنجیرەی ئاسنین بە تەلیسمی ئەفسانەیی رۆح و جەستە دەپسانو لەژێر هەورەوە تیشکی هەتاوێك دەردەکەوت، وەك ئەو تیشکەی لەسەر کۆنگرەی هەشتەمی پارتیدا هەڵکرا، پشتگیریەکی لە ڕادەبەدەری ناوخۆیی و دەرەکی هەبوو، کێشەی جەنگی ناوخۆییش کۆتایی پێهاتبوو، پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان باڵێکبوون لەپارتی جیاببوونەوە، پاش ئەوەی بۆ ماوەی شەش ساڵ جەنگی ناوخۆ لە نێوانیاندا روویدا، بەو رێکەوتننامەیەوە گەڕانەوە، جەلال تالەبانی لەوتارێکدا داوای لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی کرد بچنەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، سەرۆك کۆماری عێراقیش لە خوێندنەوەی رێککەوتن نامەی یانزەی ئازاردا، ئەو

بەرەیەی لەگەڵدا هەڵوەشاندنەوە، چەندین ساڵ بوو لەگەڵیاندا بەستبووی.

ئەوە یەکێك بوو لە رۆژە خۆشەکانی ژیانی، دوای ئەوەی لە یەکەم کۆبوونەوە هاتەدەر چووەوە ژوورەکەی بە بیری بڕینی رەگی براکوژیەوە، بە خەنجەرەکەی دارێکی دادەتاشی، جارجارەیش لەبەر پەنجەرەکەدا دەیخستە بەر خۆرو لە بریسکەی دەڕوانی، وەك ئەو ساتەی ماوەیەك لەوەو بەر بەدیاری بۆیانهێنا، ساتێك بەسەر سوڕماویەوە لیڕوانی و نهێنی نەخش و نیگارو شێوازی خوێندەوە ئەوسا بە پێکەنینەوە سەری هەڵبڕی:

– مام هەژار دەزانم ئەم دیارییە هی کێیە؟

هەژار کلێتەیەکی گەورەی لەسەر کردبوو، گوڵنەکانی هاتبوونە سەرشانی، پێکەنینێکی وردی کرد:

– دەزانم دەزانیت ئەوە هی کۆردۆیڤەو هاوڕێی دێرینتە.

بەو قسەیەوە موچڕکەیەك گرتیەوە، جارێکی تر لێی روانییەوە، نەتەوەیەکی یەکگرتوی دەدییەوە، بەو وێنەیەوە لەهەموویانی روانییەوە خۆشیەك گرتی، وەك ئەو کاتەی بە هاتنیان گەشایەوە، کاتێك ئیدریس و مەسعود هاتنە ژورەوەو ئەو هەواڵەیان پێدا، بەوجۆرە خۆشی دڵو دەرونی گرتەوە:

– نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی ئێران لەگەڵ دەستەیەك لە ئەندامانی کۆڕی زانیاری عێراق هاتوون بۆ لات.

کاتێکیش دانیشتن ئەو دیاریەیان پێشکەش کرد، خەندە کەوتە سەر لێوی و گەشایەوە، بە پێکەنینەوە لە هەژاری روانی.

ساتێك هەردوکیان لە یەکتریان روانی و پێکەنین، ئەوسا پرسیاری زۆری لێکرد دەربارەی دۆستەکانی، لە ئیرەڤان و شورەوی، ئەو ساتانەی دەدییەوە هاوڕێی بوون، ساتێك بێدەنگ بیری لە هەموویان کردەوە، وەك ئەوساتە وێنەیەکی بینیەوە هەرگیز لە بیری نەدەچووەوە، کاتێك کورد پەروەرێکی وڵاتی ئەرمەنستان ئامادەیی دەربڕی:

– ئێمە ئامادەین بێینە کوردستان و ببینە چەکداری تۆ.

بەو قسەیە زەردەخەنە گرتی:

– جاسمی جەلیلی لە کوردستاندا خەباتکارمان زۆرن، بەڵکو پێویستیمان بە زانستو زانیاریو خوێندەواری هەیە.

بەو بیرەوە پەنجەی بە نوکی شمشێرەکەدا هێناو رووی تێکرد. ئەویش گەشتەکەی خۆی بۆ دەگێڕایەوە:

– چەند جارێك ونبووم و هاوڕێکانم دەیاندۆزیمەوە، جارێکیان کەوتمە گورگە لۆقەو لەسەر سوچێکدا، لەگەڵ کابرایەك خۆمان لێکدا. کابراکە هەڵبەزیەوەو سەیری کردم، دەستی لە سنگیداو گوتی: عەبدولرەحمان، منیش گوتمەوە عەبدولرەحمان، گوتی موسلیم، منیش وامگوتەوە، هەر باوەشی پێدا کردم هیچی دەم و فلچی یەکمان نەهێشت، بە ماچکردن ئەو بە لایەك و من بە لایەکدا.

ئەو چیرۆکە خستییە سەر پێکەنین، هەر تاو ناتاوێك دەستی بۆ سنگی دەبردو ڕووی تێدەکرد:

– موسلیم.

دەبوو بەپێکەنین.

ئەو خۆشەویستیەی لەگەڵ هەژاردا بێپایان بوو، جیاواز لە هەموو شاعیرانی تر نزیکبوو لێوەی و بایەخی تەواوی پێدەدا، ئەویش وەك سەرکردەیەکی ئەفسانەییو کاوەی سەدەی بیستەم سەیری دەکرد، بەردەوامیش ئەو ئەمەکەی دوبارە دەکردەوە:

– ژەنەڕاڵ بارزانی نەك تەنیا بۆ من، بەڵکو بۆ هەموو نووسەران چاکبووە، بۆ بێکەس کاتی خۆی کەسبوو، بۆ قانیع و هێمن و جگەر خوێنو شاعیرانی بێبەشو ناکام برابووە.

لەوساتەشدا، بەو بیرەوە لە خەنجەرەکەی روانییەوە، خۆشی سەرکەوتن رۆشنایی دەگرتەوە، بەو هێزەوە فیشەکدانەکەی کردەوە، جارێکی تر بە بیری

کۆتایی برا کوژی و یەکگرتنی نەتەوەی کوردەوە لێڕوانییەوە.

ئەو هۆیانەیش کارێکیان کرد کۆنگرە فراوانییەکی گەورە لەخۆی بگرێت، تەنانەت نوێنەرانی حیزبی شیوعیش لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بانگکران، ئیدریسو مەسعودو دارا تۆفیقیش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

دوای ئەوەش وەزیرەکان دیاریکران، کۆبوونەوەی لەگەڵدا کردن و ئاماژەی بەو کورسییە خوێناویانە کرد، تەنیا بڕیاری قڕ کردنیان لەسەر دەردەکرێت، بەو قسانەوە وێنەی شەوێکی دەدییەوە، قسەی بۆ وەزیری ئاوەدان کردنەوەو چەند ئەفسەرێکی پلە بالاّ دەکرد:

– ئێوە وەزیری کوردن تکام وایە ئاگاداری خەڵك بنو بە پیر داواکانیانەوە بچن.

عەونی یوسف گوتی:

– بەڵێ ئێمە وادەکەین.

بە سەرسامیەکەوە سەیری کردەوە:

– گومانم هەیە ئەمڕۆ پیاوێکی هەژاری کورد، خاوەنی نۆ سەر خێزانە، دانیشتوی ئەم بەغدادەیە، تەنیا فڕنێکی عاشەی هەیە، زۆر هاتووچۆی کردون مانگانە لە بری سێ فەردە ئارد بۆی بکرێت بە چوار، بۆتان نەکردووە، هەتا خۆم چووم بۆ لای بەڕێوەبەری عاشە بۆم کرد.

بەو وێنەیەوە دوا وتەی بەدەم بەرزکردنەوەی پەنجەی شایەتییەوە پێگوتنەوە:

– ژیان ئەوەندە ناهێنێت مرۆڤ دەست بەرداری ناموسی نەتەوەیی ببێت و نیشتیمان و گەلەکەی لە بیر بکات، ئەگەر خۆم بە گەورەی نەتەوە بزانم شەرمە تێربم و خەڵکی هەژاریش برسی بن، ئەگەر لە برساندا بمرم بۆ ئەوەی هەژارێك تێر ببێت، ئەوە گەورەترین سەروەریە بۆ گەورەی نەتەوە، مرۆڤایەتی وا پێویست دەکات مرۆڤ قوربانی بە خۆشیەکانی ژیان بدات بۆ ئەوەی هەژارەکان خۆش

گوزەران بن.

لەوساتەدا فەڕەنسۆ هەریری هاتە ژورەوە، نامەیەکی خستە بەردەم، بەدەم گوێگرتن لەوانەوە خوێندییەوە، پاشان لەسەر مێزەکە داینایەوە:

– لە ئێستاوە بەعس بانگەشەو پڕوپاگەندە بۆ کەرکوك دەکەن. رەخنە لە مەسعودی کوڕم دەگرن، بەرپەرچی داونەتەوەو گوتویەتی کەرکوك دڵی کوردستانە.

ئەوەی گوت برۆی گرژکردو پەنجەی هەڵبڕی:

–ئەوە بزانن دە ساڵ لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا خەباتمان کرد هەتا بە دەستمان هێنا، ئەگەر پێویست بکات پێنج ساڵیش لە پێناوی کەرکوکدا جەنگ دەکەین.

بەو قسەیەوە جانتاکەی کردەوە، کۆمەڵێك کاغەزی خستە بەردەمیان:

– کاتێك لە باکۆبووم بە شۆڕشگێڕانم گوت، میللەتی کورد وەك هێزی ڕزگاری تەماشامان دەکات، ئەگەر پارتی دیموکراتمان بە بیری تازەوە رێکبخرێت، هیچ هێزێکی دواکەوتویی ناتوانێت تاوانبارمان بکات، بە ئاواتی رەوای خۆیشمان دەگەین. ئێستایش دەیڵێمەوە بەبێ پارت و میللەت هەموومان کەسێکی سادەین، ئەوەی جیامان دەکاتەوە و سەروەریمان دەداتێ تەنها تێکۆشانی راستەقینەیە.

لەوساتەشدا، لە ئەفسانەی کەڤ شرینقەکەدا وەك ئەوساتە دەیبینیەوە، لەگەڵ پانۆرامای شۆڕشدا لە سەرنجەکەدا دەتوانەوەو دەبەستڕانەوە، وشك دەبوونەوەو ون دەبوون، تێکەڵەی رەنگ و دەنگ و بۆن و تام و چێژ لە شوشەیەکی گەردوونیدا هەموو دیمەن و روخسارو روانینێکیان داپۆشی بوو، لە روانینو ئاسۆو هیواو ئاوات و بیرو هۆش و هەست و نەستییەوە جیهانیان لە دڵۆپەیەکدا وێنا دەکردەوە، دەتوایەوە و سەرلەنوێ دروستدەبووەوە.

## (4)

نمەی باران شوشەی پەنجەرەکەی گرتبوو، لە روانینی ژەنەڕاڵدا یاری مەرگی ناوەختەیان دەکرد، بە شریتی وشەکانی باوە لە یادەوەری ساتی هەستو نەستا تێکەڵاودەبوونەوە، بە تابلۆیەکی سریالی لە روانینەوە وێنەیان دەکێشایەوە، تیشکیان بە مێژوویەکی خەفەدا دەهێنا، وەك لە بوورکانی ناوەختەدا بتەقنەوە، بە ئاڵۆزی روداوەوە، وەك تەلیسمی گەردەلولی سیبریا رەنگی تۆپێکیان لە یاریگای بیرو روانین و روخساردا دەدایەوە، وەك وێنەی گەردونی هێزی هەست و نەستیان لە فیلمی زیندە خەوی ئاسۆییدا بەرجەستە دەکرد، سەرنج و روانینان لەو کەرنەڤاڵەدا دەشاردەوە، زمانیان لە بێزمانیدا دەکردەوە، کەڤی شرینقەکە بە هەنگاوی پزیشکەکەو نمە بارانی شوشەکەوە تابلۆی خوێن و گۆشت و ئێسقانیان دەکێشایەوە، بروسکەی رۆژانی خوێناویان لە ئاسمانی روانیندا دەدایەوە، وەك ئەو ساتەی دیشنەر چاوی کرژ کرد هەستی کرد، تەواو هەموو رەگێکی باری جیهانی و ناوخۆیی تاوتوێ کردوە. بەو روانینەوە قەڵەمەکەی خستەوە سەر کاغەزەکە:

– دەوڵــەت پــارتی ئاگــادار کــردەوە، بچــێتە بــەرەی نەتــەوەیی پێشکەوتنخوازەوە، بریتیبوون لـە هـەردو پـارتی بـەعس و شـیوعی، پـارتی ئەم هۆشدارییەی دەوڵەتی گەڕاندەوە، بۆچی؟

بەو پرسیارەوە بیرێکی قوڵی کردەوە، ئـەو ئاگـادار کردنەوەیـە ئـەوەی لـەلا بەرجەسـتە کـرد، بـەعس تـەنیا ئـاڵای جـەنگ بـەرز دەکاتـەوە، دوا نەخشـەی ئـەو بەرەیـەبوو بـۆ نەهێشـتنەوەی سـیمای کـوردو پـارتی، لـە کاتێکدا پارتی هەمیشە پارێزگاری لە برایـەتی کـورد و عـەرەب دەکـردەوە، ئـەو راسـتییەی بـە کـردەوە سـەلماندو بـۆ هـەموو لایـەنێکی رونکـردەوەو لەگەڵ رۆژنامەنووسانیشدا دوپاتی کردەوە:

– ململانێـی شۆڕشـی کـورد هـی نێـوان کـوردو عـەرەب نییـە، لـە دژی عەرەبوو هیچ گەلێکی تر ناجـەنگین، لەبـەر ئـەوەی ئـەم زەردە یـان سـورو سـپی، کـوردو عـەرەب بـران دەکرێـت بـە ئاشـتی و برایـەتی پێکـەوە بـژین، ئەوان برا گەورەن و ئێمە برا بچوك، هەرگیز جەنگی میللـەتی عێـراق ناکـەین و نـەشمان کـردووە، چـۆن جـەنگی میللـەتێك دەکـەین خۆمـان یـەکێك بـین لێی؟ بەڵکو جەنگی ئەو کەسانە دەکەین، خوێنی گەلانی عێراق دەمژن.

ئەوەی گوت بیری پەرشبووەوە، خوێنو گۆشت و کوشتار لـە زەریایەکـدا شــەپۆلیان دەدایــەوەو رۆشــناییان دەتــەنی، ژانێکــی خۆڕســك جەســتەی گرتەوە، وەك ئەو ساتەی، پێشنیاری تەقاندنەوەی ماڵی خـەیروڵڵا توفـاحی خرایە بەردەم، خوێن بەرچاوی گرت، زەوی لە رەنگی سور هەڵدەکشـا، بـەو وێنەیەوە پەنجەی هەڵبڕی:

– ئایـا زەمانــەت دەدەن، ژن و منــداڵ بەرناکـەون ؟ کەواتــە جیـاوازی نێوان ئێوەو نازم گوزار چییە؟.

بەو شێوەیەش مەسعود بارزانی بانگ کرد:

– بـاش گـوی بگـرە کـوڕم، وریابـە لـە کوشـتنی بێتـاوان و منـداڵ و

ئافرەت، ئەو جۆرە کارانە کاری ترسنۆکە، ئەوانەی لە خوا ناترسن.
بەو بیرەوە زەردەخەنەیەکی ورد گرتی و درێژەی بە قسەکەی دایەوە:
– دەمانەوێت لە ڕێگەی شۆڕشەوە ئەوەی لە بەرژەوەندی عێراقدایە بە دەستی بهێنن، مافی هەموو ڕۆڵەکانی بە عەرەبوو کوردو تورکمان و ئاشوریی و ئەرمەن، هتد.
لەوساتەشدا، هەناسەیەکی کەسکوندی هەڵکێشا، ئەویش ئەوەی لەپێش چاویدابوو، بۆ پرسی کوردستانی گەورە پرسیاری لێدەکرد، ئەویش بە ناچاری بەخۆبەستنەوەوە بە ئۆتۆنۆمی خۆی لێ ڕزگار دەکرد، لەگەڵ ئادامیز شیمدتیشدا ئەو بەراوردەی کرد، کاتێك ویستی پرسیارێك بکات، بەو لێکچوونەوە پرسیارەکەی قرتاندو نەخشەی کوردستانی گەورەی بۆ کردەوە:
– ئەی بیر لە پرۆژەی کوردستانی گەورە ناکەیتەوە؟
– ئێستا هەموو کۆششێکم بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیە لە کوردستانی عێراقدا، بیرۆکەی کوردستانی گەورە بە خەیاڵمدا نەهاتوە، خەونیشم پێوە نەدیوە، شتێکی لەم بابەتە بێڕەزامەندی ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیا خەون و خەیاڵەو خۆمی پێوە خەریك ناکەم.
بە شیکردنەوەی ناخی ئەوەوە ئەوەی گوت، بەو وشانەیشەوە نیازی رۆژئاوای لەسەر کێشەی کورد شیکردەوە، لەوەوە ئەو ساتەی بیرهاتەوە، لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا دیداری کرد، ئەویش هۆشیاری دایە سەبارەت بەهەر کردەیەکی بیر لێنەکراوە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، دەوڵەت لە داهاتودا هەڵسوکەوتی دەگۆڕێتو هەوڵ دەدات بەڕێوەبەرایەتی کوردستان باش بکات.
ئەو رێکەوتنەیش ئەنجامی ئەوەبوو، بە ماوەیەکی زۆر کەم توانیان هەموو ناوچەی بارزان لە هێزی دەوڵەت پاك بکەنەوە، بە شێوەیەك

کاریگـەری تـەواویان خسـتە سـەر دەوڵـەتو ناچـاربوون سـێ کەسـیان لـە ئەفسـەران نـاردە لای ماجیـد مسـتەفا، ئـەویش ناردنیـە مێرگەسـور هـەتا وتوێژ بکـەن. حزبـی هیـواش سـەبارەت بـە ڕاسـتگۆییان دڵنیایـان کـردەوە، پاش وتوێژ لەسەر ئەو داخوازیانەی شۆڕش ڕێککـەوتن، ماجیـد مسـتەفا بـۆ جێبـەجی کردنیـان، لـە لایـەن ژمارەیـەکی زۆر لـە ئەنـدامانی حزبـی هیـواوە ڕەوانـە کـراو لـە مێرگەسـۆر چـاویان بـە یەککـەوت، لەسـەر چـەند خـاڵێکی گرنگ ڕێککەوتن.

بەو مەبەستەیشەوە بۆ گفتوگـۆ هـات بـۆ بەغـداد، لەگـەڵ هاوڕێکـانی بـە تفەنگ و جلوبەرگی پێشمەرگەوە بە شـەقامەکاندا دەگـەڕان، دوایـی لەگـەڵ جێگری پاشایەتیو سەرۆك وەزیراندا وتوێـژیان کـرد، دەوڵـەت بەڵێنیـدا ئـەو خالأنـەی داوایـان کـردووە جێبـەجێیان بکـات. لـەدوا هـەوڵی خۆیشـیدا نامەیـەکی تـری بـۆ وەزیـری کاروبـاری نـاوخۆی عێـراق نووسـی و داخوازییەکانی گەلی کوردی ڕاگەیاند:

– ڕزگار کردنی کوردستان و نەهێشتنی زۆرداری، پێکهێنـانی دەسـتەی چەکدار بۆ پاراستنی و پەیوەندی برایانـە لەگـەڵ هـەموو پـارت و ڕێکخـراوی نیشـتیمانیو گەیانـدنی دەنگـی گـەلی کـورد بـە ڕای گشـتی جیهـان، ڕیسـوا کردنـی سیاسـەتی دوژمـن کارانـەی دەوڵـەتی بەغـداد سـەبارەت بـە گـەلی کورد.

لـەو کاتەیشـدا تەنگـەژەی عێـراق و کوردسـتان بـووە هـۆی ڕوخـانی دەوڵەتی نوری سەعید، نیگەرانی ئینگلیزی لـە بەرامبـەر ڕوداوی کوردسـتان زیاتر کرد، لەگەڵ پێکهێنـانی کابینـەی نـوێ لەلایـەن حەمـدی پاچەچییەوە بـاری ئاسـایی گـۆڕاو کێشـەکە ئـالۆزتربوو، پەیوەنـدیش تـەواو تێکچـون، لەبەرئـەوەی کابینـەی نـوێ بایـەخی بـەو خالأنـە نـەدا، بـەو مەبەسـتەش عیزەت عەبدول عـەزیز بـۆ دروسـت کردنـەوەی پەیوەنـدی لەگـەڵ کۆمەڵـەی

سیاسی خویٚ بوون نێردرایە سوریا، مستەفا خۆشناوو میرحاجیش چوونە شاری مەهاباد، بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف، بە هاتنەوەیان بۆ بەغداد فەرمانی دەرکردنیان لە سوپا دەرچوو، میر حاج بۆ کەرتولعیمارە دورخرایەوە، مستەفا خۆشناوو عیزەت عەبدول عەزیزیش خۆیان گەیاندەوە بارزان.

لەوساتەشدا، زنجیرەی بیرکردنەوەی رۆژئاوای بەراورد دەکردەوە، هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە، بە شێوەیەك وڵاتانی دراوسێیش ئەو مەترسییەیان خستبووە مێشکی جیهانەوە، لەبەر ئەوەیش شیمدت بەو وەڵامە رازای نەبوو، دیسان کەوتەوە پرسیاری ختوکە دەر، دەیویست لە روانگەی خوێندنیەوە لە بوواری ئابووری لە مۆسکۆ، ئاخاوتنی بەلای ئابووریدا بشکێنێتەوە، ئەویش خۆی لێدور دەخستەوە، لەبەر ئەوەیش هەمان پرسیاری بە شێوازێکی تر لێکردەوە:

– ئایا لەو باوەڕەدایت کوردستان بتوانێت وڵاتێکی خۆ بژێو بێت؟.

بەو قسەیەوە ئازارێکی زۆری چەشت، وەك ئەوەی نەشتەرێك بە جەستەیدا بێت، جگەرەکەی کوژاندەوە:

– بۆ لەم مەسەلەیەدا ئەوەندە گوشارم لێدەکەیت؟ دەزانیت ئەمە پرسێکی ئێجگار سەختە، پێویستە لەسەرمان لەگەڵ دراوسێکانماندا بە یەکەوە بژین، لەوانەیە لە هەندێك ناوچەدا بتوانین سەربەخۆ بژین، لە هەندێکی تردا وەکو خێزانێك.

بەو بیرەوە وێنەی جۆراو جۆر گرتییەوە، بەو شێوەیەیش هەستی بە مەبەستی دیشنەریش کرد، بەو مەبەستەیشەوە هەستاو لەگەڵیدا کەوتە پیاسە کردن، رادوێکەی کردەوەو بەدەم گویٚ گرتن لە مۆسکۆوە سەر قاڵی کرد.

لەوکاتەیشدا بەعس ئالای قڕ کردنی کوردیان بەرزدەکردەوە، لەبەر

ئەوەیش بە توندی بەرپەرچی دانەوە.

بەو بیرەوە موچڕکەیەك گرتییەوە، بەو وێنانەیشەوە لە دیشنەری روانییەوە، رادوێکەی کوژاندەوەو دوا گۆڕانکاری یەکێتی سۆڤیەتی بۆ شیکردەوە:

– یەکێتی سۆڤیەت بەرژەوەندیان لە فرۆشتنی چەك و دەستکەوتنی نەوتدایە نەوەك کێشەی کورد.

لەوساتەشدا، دیشنەر ورد لێیڕوانی، برژانگی وەك چیغی نیشتیمانێکی کاول کرژ ببوون، وێنەی روداوی رابردوو وەك مانگ تیشکیان بەسەردا دەدایەوە، ئەو شەوەزەنگەیان بە بریسکە دەخستە سەر شەوارە.

کەڤ شرینقەکەیش لە نیگاو رۆشنایی و تیشك و بریسکەی رەنگەوە وەك کەوتنە خوارەوەی هەسارەکان لە تەلەسکۆبێکدا رەنگی سندوقی زەڕەنگەری چاخی بیرکردنەوەیان لە زەڕەبینی زەمەنی ئاودا دەدایەوە، بەو تیشك و کەشێتیە ناکاتەوە برینی کێڵگەی سوتاوی گرانی چەرخیان روناك دەکردەوە، بروسکەو گڕو تریشقەو کلپەو بلێسەو پزیسکو قرچەو هاژەو نالەو هاوار لە مورووی ئاوداری گەردوونەوە، ئاوێنەی ساواییان لەسەر تیشکۆی پیریدا تێکدەشکاندەوە، بە تۆفانی گەردەلولی سیبریاوە رچەی تیشکدانەوەی گەردونیان لە نیگایەکدا بەرجەستە دەکردەوە. وەك ئەو شارا تیشکەی لە کڵاو رۆژنەی کاتژمێری ناوەختەوە، یەکەم پریشکی ئەو شەوارەیەی لە تاشەبەردی چیاکاندا مۆر کرد، حەبیب موحەمەد کەریم بۆ جێگری سەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژێردراو لە یەکەم ساتی دانیشتنیدا سەدام توڕەیی بەسەردا باراند:

– تۆ نوێنەری کێیت؟

ئەو قسەیە وەك ئاگر ناوچاوانی گرتەوە، ئەوەندەی تر پێستەکەی سور هەڵگەڕا، بەو دەروونە گەرمەوە، کتوپڕ پەنجەی بەرزکردەوەو توڕەیی

بەسەردا باراند:

– زۆر بـاش دەزانیـت نوێنـەری ئـەو هێـزەم چـەندجار تـۆی ناچـار کـرد بێیتە شاخو چیا بۆ گفتوگۆ.

ئەو بروسکەیە جـەرگ و دڵـی گـرت لـەو کاتـەدا فەڕەنسۆ بـە دیارییـەوە وەسـتابوو، کاغەزەکـەیش بـە دەسـتییەوە چـرچ ببـوو، لـە پیـت و وشـەو رسـتەیەوە ئـەو بارودۆخـە ئـاڵۆزەی شـیدەکردەوە، بـەو بـیرو وێنانـەوە شێوەی ئەو کاتانەی دەدییەوە رویانکردە شـاخ و کێـوو داوای گفتـو گۆیـان کرد، پاش ئەوەی یەکەم جار دیـداری عـەزیز شـەریف سـەرۆکی بزوتنـەوەی عێراق دەستی پێکرد، لە هەمان مانگدا سەمیر عـەزیز، لەگـەڵ فوئـاد عـارف هاتنـە نـاوپردان، لـە وتوێـژێکی درێـژ خایەنـدا بـە ئامـادەبوونی ئیـدریس و مەسـعودو دارا تۆفیـق و دکتـۆر مـەحمودو سـامی عەبـدول رەحمـان، ڕایانگەیاند:

– دەوڵەت بڕیاری داوە کۆتایی بە جەنگ بهێنێـت، ئێمـە دەزانـین کـورد لە پێناوی چیدا جەنگ دەکەن، ئێوە پارتێکی پێشکەوتوخوازن.

بـەو قسـەیەوە دەیـەها وێنـەی خسـتەوە بەرچـاو، خسـتییە نـاو بیرکردنەوەیـەکی قوڵـەوە، سـاتێك بـیری لـەو وشـە سـپیانە کـردەوە، پـاش ماوەیـەك سـور دەبـوون، لـەوەوە ئـەو سـاتەی بیرهاتـەوە، لەناوچـەی سەرسـەنگ چـاوی بـە ژەنـەراڵ عـەبوود کـەوت، کاتێـك لەگەڵیـدا دانیشـت زەردە سەر لێوی نیشت، بـیری چـەند رۆژ لەوەوبـەری کەوتـەوە، روخانـدنی ئەو رژێمەی بۆ هێزی پێشمەرگە شیدەکردەوە:

– رژێمی عەبدول کەریم قاسم لە روخاندایە، لەبەر ئـەوەی سـوپا توانـای هێرش کردنی نەماوەو پێشمەرگەیش لە پێشڕەویدایە.

بـەو بـیرەوە یاداشـتێکی بـۆ نووسـی، داخـوازی گـەلی کوردیـان لـە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا بەرجەستە دەکرد.

لەوساتەیشدا، بەو بیرەوە سەیرێکی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوای کـرد، تـەونی رامیاری جیهانی شیکردەوە، لە کاتێکدا گـوێی بـۆ قسـەی ئـەوان راگرتبـوو، لـە بـیری خۆیـدا گەمـەی ئـەمریکاو یـەکێتی سـۆڤیەتی شـیدەکردەوە، بـەو لێکدانەوەیەوە وەڵامی قسەی سەرۆك نوێنەرانی دایەوە:

– گـەلی کـورد بـە توانـای خـۆی و خـەباتی خوێناوییـەوە، لـەژێر ئـاگرو ئاسن بارانی ئێوەدا ئەو قورساییەی دروسـت کـردووە، ئەمـەریکاو سـۆڤیەت چاودێری ئەم  بارودۆخە بکەن.

بـەو قسـەیەوە، سـاتێك لـە مێشـکی خۆیـدا جـەنگو ئاشـتی لێکدایـەوە، پاش ئەوەی وتوێـژێکی چـڕی لەگەڵدا کـردن، بڕیاریـدا نوێنـەری سیاسـی و سوپایی خۆی، دارا تۆفیقو فوئاد عارف لەگەڵیاندا بنێرێتەوە بـۆ بەغـداد بـۆ گفتوگۆ کردن.  رۆژنامەو ئێزگەی بەغدادیش بڵاویان کردەوە:

– پـارتی بـەعس دەسـەڵاتی تـەواوی داوەتـە سـەرۆکی گشـتی میشـێل ئەفلەق هەتا لە بەیروت لەگەڵ نوێنەرانی کورد دەست بە گفتوگۆ بکات.

ئـەوەی لـەلابوو بـە کـارێکی نـەخوازراو، ئەوەیشـی بـۆ رۆژنامەنووسـان خستەروو:

– عەفلەق ماف ئەوەی نییە بڕیار لەسەر چارەنووسمان بـدات، ئـەو مافـە هی دەوڵەتی عێراقە.

وڕەی فڕۆکەیەك هاتە بەر گـوێی و ئـەو بـیرەی پچـڕاند، چـاوی هـەڵبڕی سەیری کرد فەڕەنسۆ هەر بەپێوە وەستاوە.

بـەو بـیرەوە نامەیـەکی نـارەزایی بـۆ کاربەدەسـتانی بـەعس نووسـی و رەخنەی توندی لە هەڵوێستی سەدام گرت.

دوای ئەوەیش رژێمی بەعس کەوتنە دانـانی پلانـی جـۆراو جـۆر، بـەهۆی چەند مەلایەکەوە بارەگـای ژەنـەڕاڵ بارزانیـان تەقانـدەوە، جـارێکی تـریش هـەولی کوشـتنیان دایـەوە، لـە شـاری بەغـدادیش ئۆتۆمـۆبێلی ئیـدریس

بارزانییان دایە بەر دەستڕێژی گوللە، دوای ئەوە هەموو پەیوەندییەك بە تەواوی پچڕان، مەکتەبی سیاسی هۆشیارییەکی لە پازدە مادەدا نووسی و ڕژێمی ئاگادار کردەوە، تاوانباری کردن بە دەست پێشخەری جەنگ، دوای ئەوەش هەنگاوەکانی بەعس ڕۆژانە تەلیسمی جەنگیان دەکێشا، ئێزگەی دەنگی کوردستان هەواڵی هێرشی کتوپڕی سوپای عێراقیان بڵاوکردەوە:

– جەماوەری کوردستان ، ڕژێمی بەعس کەوتە هەڵگیرساندنەوەی جەنگ، دوو لەشکری سوپا لەناوچەکانی ئەلقوش و شێخان و دەربەندیخان هێرشی ناکاتیان کردە سەر بنکەی هێزەکانمان، هێزی پێشمەرگەی قارەمان بەرپەچیان داونەتەوە.

دوای ئەوە مەکتەبی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوە کۆبووەوە، ژەنەڕاڵ بارزانیش نامەیەکی بۆ کسینجەر نووسی، هەتا لەسەر هێرشێکی هەمە لایەنە بۆ سەر سوپای عێراق ڕای بزانێت؟ ئەویش نۆ ڕۆژ پاش دەست پێکردنی جەنگی عەرەب – ئیسرائیل وەڵامی بەڵێی دایەوە.

ئەو وەڵامە خستییە بیرێکی قوڵەوە، قەڵەمی لەسەر کاغەزەکە ڕاگرتبوو، هێشتا ئەو فەرمانەی لەبەرچاودابوو، لەبەر جەنگی ئیسرائیل بە هێزی پێشمەرگەی دابوو، کاتێکیش ئیمزای کرد سەری هەڵبڕی:

– چەند جارەی جەنگی ئیسرائیل و عەرەب فەرمانی وەستاندنی جەنگم بەهێزی پێشمەرگە داوە، بۆ ئەوەی سوپای عێراق لەناوخۆدا سەرقاڵ نەبن و بتوانن جەنگی ئیسرائیل بکەن، ماوەیەکی کورتیش پێش جەنگی حوزەیران ئامۆژگاری نوێنەرانی عەبدولڕەحمان عارفم کرد، لەژێر باری هەر هەلومەرجێکدا بێت جەنگ لەگەڵ ئیسرائیلدا نەکەن.

ئەوەی گوت هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– ڕژێم لەپاڵ گفتوگۆدا کۆمەڵێك فەرماندەو پێشمەرگەی کردۆتە سیخوڕ، بە هاوکاری ئەمانەو پێشڕەوایەتی حیزبی شیوعی کتوپڕ هێرشی

ناوەختـەیان کـرد. لەسـەرەتای گفتـو گـۆوە لەنەخشـەی ئـەم پلانـەدابوون، هێزی پێشمەرگە خەونەکەی پوچەڵکردنەوە.

لەو کاتەیشدا رژێم پلانی جەنگی دادەناو چەندین سـکاڵا نامـەی ئاراسـتە کردن، سەدام حوسەین لەوەڵامی نامەیەکیدا نووسی:

– دەبێـت ڕێگـە نـەدرێت بارودۆخەکـە خـراپتر بێـت، پێویسـتە وتوێـژ بەشێوەیەکی راستی درێژەی پێبدرێت.

جگە لەوەیش سەرسوڕمانی خۆیشـی بەرامبـەر ئامادەنـەبوونی نوێنـەری کورد لەدوا کۆبوونەوەدا دەربڕی بوو.

ئیحسـان شـێرزادیش لـە نامەیەکدا داوای لێکـرد، یـەکێك لـە کوڕەکـانی ئیدریس، یان مەسعود بنێرێتە بەغداد.

ڕۆژی دواتر هەموو وەزیرانـی کـورد چـوونەوە بەغـداد، کاتێـك گەڕانـەوە هاتنە ڕەواندز، ژەنەڕاڵ بارزانی دوانیانی کـرد بـە نوێنـەرو گەڕاندنیـەوە بـۆ بەغداد، کتوپڕیش نامەکەی بـە سـەدام گەیشـت، ئەوەیشـی لـە ئاکاریانـەوە دیاری دەدا، تەنها ئەو وەڵامانەبوون وشەیان پاش و پێش دەکرد.

شووشەی شرینقەکە کـەڤ روانـینی لـە پانۆرامـای وێنـەدا تـەڵخ کردبـوو، وێنەی زەمـەنێکی دور و درێـژی لـە تنۆکەیەکدا بەرجەسـتە دەکـردەوە، لـە خـوێنی خۆیـەوە کـاڵای دەپۆشـییەوە، رۆح و پروسـکی دەکـردە تـەلاری ئازادی، لە نیگایەوە دەبوونەوە بە بروسکەی لە دایکبوونەوە و جـارێکی تـر مێژوویان بە خوێن دەنووسییەوە، رەنگاڵـەی ئـەو وێنانـەیان دەدایـەوە، لـە بـن بـەردو کـون و قوژبنـدا توابوونـەوە، ئـەو رۆحانـەی لـە ناوەختـەدا کشـابوون، وەك ئـەو بروسـکانەی لـە گۆڕەپـانی شۆڕشـدا رۆژانـە دەهاتنـە بەرچاو، لەوساتەشدا، گرمۆڵە دەبوونەوە، وێنـەی ئـەو رۆژانـەیان دەدایـەوە وەك شەوارەی مەرگ جەستەیان دەپێچایەوە، وەك ئەو بروسـکەیەی ئـاگری خسـتە ناوچـاویەوە، بـە حەژمەتـەوە خسـتیە گیرفانییـەوە،کاتێکیش،

نوێنەرانی پارتی بەعس هاتن بۆ گفتوگۆ، بە بێدەنگی لێی روانین هەتا سەرۆکی نوێنەران زمانی کردەوە:

– سەرۆك عەبدول سەلام پێی راگەیاندم، لە ئێستا بەدواوە کورد و عەرەب لە عێراقدا بە ئاشتی وەك براو هاولاّتی پێکەوە دەژین.

بەو قسەیە پەنجەی بە لێویەوە گرت و ئاماژەی بۆ نافیز جەلال کرد، هەتا وەلاّمی بداتەوە، ئەویش پریاسکەی ئەو نهێنیەی بۆ کردەوە:

– هیچ لاریمان لە برایەتی و پێکەوە ژیان نییە بە ئاشتی، ئێمە جەنگمان دانەمەزراندوە، ئێوە لەسەر نەدانی ماف نەتەوایەتیمان هاتوونەتە سەرمان، ئێمە داوای ئەو مافانە دەکەین، داگیرتان کردووە.

لەوساتەدا سینییەك چا هاتە ژوورەوە، چاوەڕوانی کرد هەتا چاکان خورانەوە، لەوکاتەدا کاغەزەکەی خستە دەستەکەی تریەوە، کاتێك پیالّەکان کۆکرانەوە، ئەو نهێنییەی بۆ کردنەوە:

– ئەگەر دەولّەت بیەوێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، با خۆی سەرپشك بێت، شێوازی حوکمڕانی یەکێك لەم دەولّەتانە هەلّببژێرێت، بۆ مامەلّە کردن لەگەلّ گەلی کورد، بەبێ چەندو چۆن پێی ڕازین، لەوانەش ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هیندستان، یۆگۆسلاڤیان، سێ ڕژێمی جیاجیان.

ئەوەی گوت لێیروانین، ئەوانیش خۆیان بە نووسینەوە خەریك کردبوو، ئەویش لەسەر قسەکەی رۆیشتەوە و پەنجەی درێژ کرد:

– ئێمە خاوەنی بڕیارین هەر بەلّێنێك بدەین ئامادەین جێبەجێی بکەین، بەلاّم ئێوە کات دەبەنە سەر.

حاجی عەبدولڕەزاق هەستی بە نهێنیەك کرد، پاش ئەوەی ورد لێی روانی، دلّی خوێندەوە و ویستی هەلێك بقۆزێتەوە، بەو نەخشەیەوە زمانی کردەوە:

– بەڵێ ڕاستە، بەڵام بیستومانە ناکۆکی و دو بەرەکی لەناوتاندا پەیدابووەو بوون بە دوو بەشەوە، بێگومان ناکرێت دەوڵەت ڕێکەوتنێك لەگەڵ ئێوە مۆر بکات و دەستەیەکی تر ڕاست ببێتەوە و داوای شتی تر بکات، لەبەر ئەوە ئامادەین داواکانتان بگەیەنین، لەگەڵ ئەوەشدا پێمانوایە ماوەیەك سەیر بکەین بزانین ئەو دۆخەتان دەگاتە کوێ ؟

لەو قسەیەوە ژانێکی گەورە گرتی و بیری لەو بارە ناهەمووارە کردەوە، وەك ژەهرێك بە جەستەیدا تەنیوە و لە یەکەم ساتەوە ئەو تاڵە دزوە بە بیرکردنەوەیەوە نووسایەوە.

وێنەی ئەو کاتەی هاتەوە بەرچاو، یەکەم جار ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ نوێنەرانی پارتی لەبەغدادەوە بە فڕۆکە هاتن بۆ لای لەپراگ، بە بینینیان هەستی بە ناکۆکی کردوو تووشی بارێکی دەرونی ناخۆش هات، دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژیش هەمزە عەبدولاّ بڕیارێکی بۆ ڕێکخستنی هەموو ڕێکخراوەیی کوردستانی لەگەڵ ڕێکخراوی هاوشێوەیی حزبی شیوعی دەرکردوو پێشنیاری کرد، ڕێکخراوی جوتیاران، لاوان، ئافرەتانی کوردستان لە پارتییەوە بچنە ناو شیوعییەوە، ئەحمەد تۆفیق بۆ دیدەنی چووە شەقلاّوەو لەو گۆڕانکارییە ئاگاداری کردەوە، هەمزە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم بۆ هاڕینی جولاّنەوەی کورد کار دەکات.

ئەو گۆڕانکارییەیش لەو کاتەوە ڕویاندا، لە گۆنگرەی چوارەمی پارتی هەمزە عەبدولاّو یارمەتیدەرانی بە سیفەتی خیانەت لە پارتی دەرکران، لەو کاتەیشدا ئەو هەڵەیەی بۆ ئەندامان شیکردەوە:

– ڕامگەیاند، پارتیمان ئیلهام لە مارکسیزم، لینیزم وەردەگرێت، ئەم چەند وشەیە لە جیهانی لاوانی کوردا، ئەو کاتە ئارەزووی شیوعیەتیان دەکرد، کاری ئەفسانەیی ئەنجامدا، کۆنە پەرستان بە جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردین، وەك بڵێیت ئێمە بە کرێگیراوی کرملین بین،

شیوعیەکانیش هەڵنەخەڵەتان و بە بەکرێ گیراو ناویان دەبردین، دوایش داوایان کرد واز لەو بانگەشەیە بهێنین.

ئەو ناکۆکیانە دەمێك بوو سەرچاوەیان گرتبوو، دوای ئەوەی جەلال تاڵەبانی هات بۆ لای بۆ روسیا، لە نوکەوە ئەو گۆڕانکاریانەی بۆ گێڕایەوە، لە کۆنگرەی دووەم و سێیەمی پارتیدا بە سەرۆك هەڵبژێردراوەتەوە، لەم دیدارەشدا چەند پێشنیازێکی پێدا، پەیوەندیان لەگەڵ جەماوەری خەڵکیدا پەرە پێبدەن، چوارچێوەی تەنگەبەری پەیوەندی ناوخۆیی حزبی بڕەوێننەوە.

لەو کاتەیشیەوە هاتبووە روسیا بە کەمی هۆشیاری وردەکاریەکانی ناو پارتی بوو، بەردەوامی ڕق و کێشەی نێوان لایەنگرانی هەمزە عەبدوڵاو ئیبراهیم ئەحمەدی دەزانی، بەشێوەی نهێنی لە سەرەتاوە درێژەیان هەبووە، هەتا لە ئاکامدا بەهۆی ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو دو بۆچوون و ئاڕاستەیەوە، پارتی لە سێ ساڵ دوای کۆنگرەوە بۆ دوو باڵ دابەشبوو، پارتی دیموکرات لە ژێر دەسەلاتی ئیبراهیم ئەحمەد، بەرەی پێشکەوتوخواز بە سەرۆکایەتی هەمزە عەبدوڵا، دوای ساڵێك هەردوو باڵەکە تێکەڵبوونەوەو پارتی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستانیان پێکهێنا، هەمزە عەبدوڵا بوو بە سکرتێرو ڕۆژنامەیەکی بەناوی خەباتی کوردستانەوە بڵاوکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامان پڕوپاگەندەی بەربڵاویان بۆ دەکرد، وەکو قارەمانی نیشتیمانی کوردو کاوەی سەدەی بیستەم ناویان دەبرد، نامیلکەیەکیشیان دەربارەی پاڵەوانێتی شۆڕشی بارزان بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە.

دوای ئەوەی، گەڕایەوە بۆ عێراق ئەو ناکۆکیانە زیاتر دەرکەوتن، تا بەر لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی ئەیلول روبەڕوی خودی خۆی بوونەوەو رۆژ بە رۆژ پتر پەرەیان دەسەند، تا ئەو ئاستەی بوون بە دوو باڵی دژ

بەیەك.

لەو کاتەیشدا هەوڵێکی زۆریدا هەتا ئەو برینە نەهێڵێت، هەرچییەکی کرد چارەسەری نەبوو، ئەو رازەیشی بۆ جەماوەر دەرخست، لەزۆر کۆبوونەوەدا ئەو راستیەی دوپات کردەوە:

– سوێند بە خوای گەورە گاوانێك بە دڵسۆزی بۆ کورد هەوڵ بدات و خەبات بکات، ئامادەم خزمەتکاری بکەم، لەبەر ئەوەیش بانگم کردوون هەتا ئەو کۆمەڵە بناسنو ڕوونی بکەنەوە بۆ میللەت و لێیان ئاگاداربن، ئەو بارودۆخە سەختەمان بەسەردا سەپێنرا هیچ حەزێکمان پێی نەدەکرد.

لەوساتەیشدا بەو بیرەوە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو بەورەیەکی پتەوەوە پەنجەی چەپی هەڵبڕی و ئەو رقەی بەسەردا رشتنەوە:

– حاجی عەبدولڕەزاق ئەمە بیانووە، ئێوە بۆ شتێکی وا دەگەڕێن، پێتان خۆشە ئێمە ناکۆك بین لەناو خۆماندا، ئەی ئەوە نییە ئێمەتان کردوە بە سەگ!!.

ئەو قسەیە هەموویانی لەرزاند، بە یەکەوە نکۆڵیان لێکرد:

– پەنا بەخوا ئێمە قسەی وامان نەکردووە؟!

ئەویش بە توڕەییەوە کاغەزەکەی لە گیرفانی دەرهێنا:

– ئەمە چییە؟!

کاغەزەکەی کردەوە:

– پێری بێتەلەکانمان دەقی ئەم بروسکەیەی بەڕێزتانیان لە ئامێرەکەتانەوە بیستووە.

بەو قسەیەوە تیژ چاوی تێبڕین و پەنجەی بەرزکردەوە:

– بۆ سەرۆکی بڕیاردەر، تکایە ئارامیەو پەلە مەکە، لەبەر ئەوەی سەگەکان کۆمەڵ بە کۆمەڵ یەکتری دەکوژن.

ئەو بروسکەیە کاریگەریەکی تەواوی خستە سەر، ئەو ریشاڵەی لە دیدی

بـه عسـیەکانەوە دەدیـەوە، بـەردەوام لـەپاڵ وتوێـژەوە ئـاگری جـەنگیان دەکـردەوە، ئـەو جەنگـە خوێناویانـەش کارێکیـان کـرد، عەبـدول ڕەحمـان بـەزازیش دوای شکسـتیان لەبـەردەم هێـزی پێشـمەرگەدا، لـە دوای بیسـت ساڵەوە یەکەم سەرەك وەزیرانی مەدەنی بوو رێکەوتنی ڕاگەیاند:

– تاقە ڕێگەی دەربـازکردنی ولاَت لـەو تەنگـەژە ئابوورییـەی، دوچـاری بـووە، کۆتـایی هێنانـە بـە جـەنگی بـاکورو ڕێکەوتنـە لەگـەڵ شۆڕشـگێڕانی کوردا.

کاتێکیش ویستی بێت بۆ گفتوگۆو ژەنەڕاڵ بارزانی ببینێـت، داوای کـرد، بچێتە ڕەواندز، تازە ڕێککەوتنامەی بیسـت و نـۆی حـوزەیران مـۆر کرابـوو، بـەڵام ئـەو بـەهیچ شـێوەیەك ڕازی نـەبوو، هەرچـەندە هـەوڵێکی زۆریـان لەگەڵیدا، تەنیا پەنجەی بۆ چیای سەرکەش درێژ دەکرد:

– ئەگەر حەزی بەگفتوگۆ هەیە بابێتە ناوچەی ڕزگارکراو.

بەو شێوەیەیش ڕێکەوتنامەیـەکی دوانـزە خـاڵی لـە ڕادیـۆو تەلـەفزیۆنی بەغداوە ڕاگەیەندراو بە ڕێکەوتنی بەزاز ناسرا، مـۆری نووسـینەکانیان وشـك نەبووەوەو هەوری سـورباویان نـەڕەویبووەوە، گەواڵـە گەواڵـە جـارێکی تـر بە خومخانەی خوێن تێکەڵاویان کردەوە.

لەوساتەشـدا، رەنگاڵـەی شـرینقەکە رەنگـی خوێنـاوی ئـەو شۆڕشـەی دەدایـەوە، تیشـکێکی ئاسـۆیی بـە تـەوژمی گرمۆڵـە بـووی ژوورەکـەوە برژانگیـان خسـتبووە سـەر رێشـکەو پێشـکە، زەمـەنێك لـەناو منداڵـدانی زەمەنی ناوەختـەدا لەدایکـدەبووەوە، بـە دیمـەنێکی ئاوێزانـەوە، بـە چـینی خوێنـاوی ئـەو ڕۆژگارانـەوە دەنووسـانەوە، سـاوایی بـە دەزووی هیـوای ئایندەوە وێنەی کوژاوەی رابردووی لە روانینیا دەکێشایەوە، ئـەو ساتانەی گوێی بە چیرۆك و داستان و هۆرەو گۆرانی ئاخنـدرابوون، چـیرۆکی رووداوی بارزانیان بۆ دەگێڕایەوە، بە جۆرێك، وەك پیتی چاپخانە لـە مێشـکیدا چـاپ

ببوون. پریشکی یەکەم راپەڕینی بارزانی خستەوە بەرچاو، وەك ئەو ساتە لەو ژوورەدا تەزوی خوێن و بۆنی منداڵی بەسەرو رویدا دەهاتەوە، وەك ئەو کاتەی شێخ ئەحمەدی برای بۆی دەگێڕایەوەو ئەندامی جەستەی کەوتنەوە پرۆڤەی راستەقینەی ئەو شانۆ خوێناویەی بارزان، بە دڵۆپەی فرمێسکی خوێنینەوە بۆی دەگێڕایەوە:

(کاتێك شێخ عەبدولسەلامی بارزانی راپەڕی، دەسەڵاتێکی بەرچاوی لەناوچەی بارزاندا بە دەست هێنا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵدەکشا، ئەمەش بۆ بابی عالی جێگەی ڕەزامەندی نەبوو، شێخ لە بەرامبەر ئەوەدا خواست نامەیەکی دەربڕی، حەوت بەندی لەخۆی گرتبوو، ئەویش ڕێگەدان بەفێرکردنی زمانی کوردی و دەست بەکاربوونی کەسایەتی کورد لەدام و دەزگای دەوڵەتدا، بەڕێوەبردنی یاساو داد بەپێی شەریعەتی ئیسلام، بە پەیڕەوی ئاینزایی شافیعی، هەروەها ئاوەدان کردنەوە و بەڕێوەبردن و یەکیەتی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی لە پێنج قەزای ناوچەی کوردستان و کاروباری ئەو پێنج ناوچە کوردنشینە.

ئەمەش کاریگەریەکی بەرچاوی کردە سەر شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینان، لە ڕوبەڕووبوونەوەی لاوانی تورکدا، بوو بەهۆی بە دیهێنانی شەپۆلی ململانێ و بە گژداچونی هەردولا، پارێزگاری موسڵێش خوازیاری گەڕانەوەی سەفوەت بەگی بکوژی شەوکەت بەگ بوو، شێخ عەبدولسەلام نەیدانەوە، لە ئەنجامدا شاڵاوێکی فراوانی لە ڕادەبەدەری بە هێزو چەکی زۆرەوە بردە سەر ناوچەی بارزان، شێخ نەیتوانی بەرگری بکات و بە ناچاری بەرەو ئێران رۆیشت، لەوێش پەیوەندی ڕامیاری لەگەڵ سمایل خانی سمکۆدا بۆ دروستبوو، لەکاتی گەڕانەوەیدا سەرۆکی عەشیرەتی شکاك، بە موریدی بنەماڵەی بارزانی خۆی پێناساندو میوانداری کرد، لەکاتی دانیشتندا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە

دەستگیر کرانو نێردرانە وان، لەوێشەوە بۆ موسڵ، لە یەکەمی کانونی هەزارو نۆ سەدو چواردەدا خۆیو پێنج کەس لە هاورێکانی بە شێوەی فۆرمالیتە بڕیاری کوشتنیان بەسەردا سەپا.

بەم هۆیەشەوە ژمارەی گروپی کوردی پەرەیان سەند، ئەمیر عەلی بەدرخان، ژەنەڕاڵ شەریف پاشاو شێخ عەبدولقادر، کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستانیان دامەزراند، لەدوای شێخ عوبەیدولای شەمزینان، بە سامان و شکۆی زۆری باو باپیرانیەوە، نیشانیدا ڕێبەرێکی ئاینیی و جیهانیە، سەرەتای هەوڵەکانی بە جەنگی ساڵێکی نێوان ڕوسیاو عوسمانی دەستی پێکرد، لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانیدا سەرۆکایەتی دەستەیەکی چریکی کوردی بە دەستەوەبوو، لەگەڵ ئەوەی ئەزمونێکی تاڵبوو، بەڵام وەك سەرۆکی نەتەوەیی کورد ناسراو خەباتی دەکرد بۆ ئەوەی لە نێوان کوردستانی ئێرانو عوسمانیدا، یەکێتیەك پێکبهێنێت، بەم مەبەستەش هێرشی کردە سەر ئێران، کتوپڕ بەرپەرچی درایەوە، پاش ماوەیەکی کەم هەوادارانی شاری تەورێزیان وەکو ناوەندی شۆڕش ڕاگەیاند، شارەکانی ورمێ و بناوو مەراغە کەوتنە هەڕەشەی تەواوەوە. پشتیوانی ئەو شۆڕشانەیش بە تایبەتی بەریتانیاو فەرەنسابوون، مەبەستیشیان دەست تێوەردان بوو لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانیدا، دوایش بە هاوکاری سەربازی ئێران و عوسمانی ئەو شۆڕشە سەرکوت کرا، شێخیش برایە ئەستەنبوولو پاشان بۆ شاری مەککە ڕاگوێزرا، دوای خۆیشی لەلایەن ئەو دەستەیەوە شۆڕش ئاگری گرتەوە، گۆڤارێکی تورکیشیان بەناوی کورد تەعاونی تەرەقی، ئۆرگانی ئەو حزبەبوو بلاودەبووەوە.

لاوەکان پێشتر توانیان عەرەبوو کورد رابکێشنە ژێر دروشمی خۆیانەوە، ڕەنگو بۆنی ئیسلامیزمیان هەڵگرتبوو، دوایی لاوانی تورك بیری ئیسلامیان لابردو تۆرانیگەریان کردە ئامانج، هەر لە سەرەتاشدا هەموو

دامەزراوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو قوتابخانەی کوردیان داخست).

کەڤ شرینقەکە بە نمەی بارانی سەر شوشەکەوە بە فەزای واشنتۆنەوە ئەو کەشێتیەیان دەدایەوە، وەك ئەو ساتانە تەوژمێکیان لە پێشبڕکێی زەمەن لە نازەمەندا دروست دەکردەوە، ئێستا دەگەڕایەوە بۆ ئەو رابردووە، رابردویش دەچووە ناو زەمەنی پەنهانی ئایندەوە، تێکەڵاودەبوون و ئاوەژوو دەبوونەوە، وەك تەلیسمی جەنگی گەردوونی بە تەقینەوەی فۆتۆنات لەناو دەچوون و دروستدەبوونەوە.

## (5)

پزیشــکەکە قاچــی چــەپی خســتەوە دواوە و هــەنگاوێك دوورکەوتــەوە، ســەرنجەکە بــە دەســتییەوە دەلــەرزی، لەگــەڵ هەناســەیدا رەگ و شــێوازی دەگــۆڕدرا، لــە بەتاڵییــەوە پڕدەبــووەوە، دیســانەوە بەتاڵــدەبووەوە، وەك بروســکەی نــەبین لــە شــەوەزەنگی شەســتە بارانــدا، لــە رەنگاڵەییــدا بێڕەنگــی دەنواند، لەوکەفەوە پڕدەبووەوە، وەك دو زەریای خوێ ببووە

دو ژیانی جیاوازو تێکەڵاو نەدەبوون، رەنگــی هێلکــەی فلیقــاوەی دەدایــەوە، پڕدەبــووەوەو بــە تاڵــدەبووەوە، وەك نائومێــدی بــە هێزێکــی ئەفســانەیی پــڕ ببێتەوە، لــەناو کــەڤی شــرینقەکەوە هەڵدەکفایــەوە، بــە روانینێکــی تێکەڵــەوە لــە زریانی هەزاران شــەوەزەنگدا وێنــەی دەگرتــەوە و ئــەو بروســکەیەی لــە تیشــکی شــــرینقەکەوە دەبینیــــەوە، بروســــکەی نــــامۆیی تیــــا دەردەکــــەوت، دەزووی کەشتییەکی تۆفاناوی بوو، بە دەستیەوە دەگرت و بە رۆحی دەیپاراست.

ئەو لافاوە هەموو کاتێك لــە زەریــای خوێنــاوی شۆڕشــدا هــەڵی دەکــردەوە، لەوساتەشدا، کەفەکە رەنگی بروسکەیەکی ســپی دەدایــەوە، وەك ئــەوەی هــەور بارانی رۆمانێکی هەڵگرتبێت، لــە تیشــکی شــرینقەکەوە ئاســۆی ئاینــدە تیشــکی دەدایەوە، وەك ئەو رۆژەی بەو بیرانەوە لەگەڵ فەرماندەیەکدا پیاســەی دەکــرد، لەناکاو بروسکەیەکی پێگەیشت، لە کاغەزەکەوە دوا رۆژێکــی گەشــی دەدیــەوە، بەدەم خوێندنەوەیەوە دەگەشایەوە:

– دەوڵەت ئادامز شمیــدتی بــە هاوڕێیــەتی نــۆ پــەیامنێر نــاردووە، نوێنــەری یونایتــد پــرس ئینتەرناشــنال، رۆیتــەر، فــرانس ئــەژانس پــرس، بریکــاری تــاس،

ڕادیۆی مۆسکۆ، میدل ایست نیوز ئەجنسی، ئاژانسی هەواڵی چینی کۆمۆنیستی شینخواو ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات، ئەمە کارێك بوو چاوەڕوانم دەکرد، بەڵی ئەم ڕۆژنامە نووسانە ناوبژیوانن، بەڵام زۆریان دۆستمن و دەتوانین دەنگی ئەم نەتەوەیەیان پێ بناسێنین.

بەو شێوەیەیش بە مەبەستی ناوبژیوانییەوە بەپەلە بە هیلیکۆپتەرێك گەیشتنە قەزای ڕانیە. نامەی ڕژێمی عێراقیان هێنابوو، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نێوان کوردو دەوڵەتی عێراق.

کاتێکیش گەیشتن کۆبوونەوەی لە گەڵیاندا کرد، لەگەڵ شیمدتیشدا وتوێژی کردو سەرپێچی دەوڵەتو کێشەی کوردی خستەروو:

– ئێمە هەلێك بۆ دەوڵەت دەڕەخسێنین هەتا بزانین بۆ مافی نەتەوەیی چی بۆ کورد دەکات؟ ئەگەر بە بەڵێنی خۆی وەفادار نەبوو دووبارە ناچار دەبین جەنگ بکەینەوە، هەتا ئێستا نەگەیشتوینەتە کۆتایی گفتوگۆکردن، کاتێك ئەوە هاتە پێشەوە جەنگ و خێر پێکەوە دەگرم و دوبارە بڕیار دەدەین چۆن کاردەکەین.

شمیدت ئەو پرسیارەی دوبارە کردەوە:

– ئایا هێشتا سوریت لەسەر ئەو داخوازیانەی لە یادنامەی بیست و چواری نیساندا هاتووە؟ ئەنجومەنی یاسا دانان و جێبەجێ کردن، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو یەکەیەکی کوردە.

بەند بە دوای بەندا لەسەر یاساو بڕگەو خاڵی ئۆتۆنۆمی و دیوکراسی وەڵامی دایەوە، ئەویش بەتیژی لێی دەڕوانی و سەری سوڕمابوو، لەوساتەشدا، بەتەواوی ئەو گرێیەی بۆ کردەوە:

– هەتا ئێستا ئەو شتانەمان داوا نەکردووەو ئەوانە داواکاری شۆڕش نین، جگە لە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە، ئەو قسانە بەعس دروستی دەکەن بۆ ئەوەی ڕای جیهانی و عەرەبیمان لەسەر ئالۆز بکەن.

بەو قسەیەوە سیغارێکی پێچایەوە و دایگیرساند، ئەویش لەسەر پرسیارەکەی سوربوو، بەو وەڵامەیشیەوە گرێی تری بۆ کردەوە:

–بەو پێیە دەتوانم بڵێم، داواکردنی ئەم شتانەت دواخستوە؟

– بەڵێ، دەتوانیت ئەوە بڵێیت.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا ئەنجامدا، پێش ئەوەی عەقراوی بتوانێت بەنێو ڕچەی بەفری شاخەکاندا تێبپەڕێت، ڕێگەی گەڕانەوەیشی بۆ قاهیرە ببڕێت، نوێنەری ڕژێم وەڵامی نامەی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ بەغداد دەبردەوە.

بەو شێوایەی ڕژێمیشەوە ترسناکی گەورەی بینیەوە، لەگەڵ چەند فەرماندەیەکدا دانیشتبوو، ئەو گەمەیەی شیدەکردەوە، ساتێك بێدەنگ بیری کردەوە، ئەوسا خەتێکی ترسناکی بە پەنجەی کێشا:

– لە ڕۆژی 25 ی ئایارەوە، جەلال تاڵەبانی نوێنەری تایبەتی خۆم چوو بۆ بەغداد، بۆ دیدەنی جەمال عەبدول ناسریش چۆتە قاهیرە. بەردەوام لە چاوەڕوانیدام، لەبەر ئەوەی لە فێڵی بەعس شارەزام، ئەنجامی سەردانی تاڵەبانیشم لە ئێزگەوە گوێ لێبووە و ئەوەیشی خۆی بە بروسکە ناردویتی، هیچ ئاکامێکی دڵخۆشکەرەی نەدیوە.

بەو قسەیەوە وشە بەوشەی لەمێشکیدا لێکدایەوە، ئاهێکی کوشندەی هەڵکێشاو بێدەنگ بوو، سەیری کاتژمێرەکەی کرد، رادوێکەی کردەوە و خستییە سەر قاهیرە:

– ئێستا کاتی هەواڵە بزانین لەیەکگرتنی نەتەوەی عەرەبیدا چیمان بۆ کراوە.

سەردێڕی هەواڵ بە گەشتی نوێنەری ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ قاهیرە دەستی پێکرد:

– بە گەیشتنی جەلال تاڵەبانی نوێنەری تایبەتی سەرۆك بارزانی بۆ قاهیرە،

له ئاگاداركردنەوەیەكدا خواستی كوردی خستۆتەروو، خوازیاری وڵاتێكی دوو نەتەوەیین، لەسەر شێوەی وڵاتانی ئەوروپی وەكو یۆگسلاڤیاو سویسرا بەڕێوەببرێت، له چوارچێوەی ئەو یەكیەتییە عەرەبییەیشدا، لە داهاتودا پەرە دەسەنێت داوای ئۆتۆنۆمی دەكات، بە مەرجێك ڕژێمی عێراق نیازپاكی خۆی بۆ كێشەی كورد نیشان بدات.

بە گوێگرتن لە دوا وشەوە ڕادوێكەی كز كرد، یەكێك لە فەرماندەكان قەڵەمەكەی لەسەر دەفتەركەی لابرد:

– جەمال عەبدولناسر لە قاهیرە وەكو جارانی تر، هاوسۆزی خۆی دەربڕیوەتەوەو دەڵێت: بە مەرجێك عەرەب بڕوایان بە ڕەوابوونی ئاواتی خۆیان هەبێت لەو حاڵەتەدا ئەركێكی ڕەوشتی دەكەوێتە سەر شانیان، دەبێت مافی ئۆتۆنۆمی كورد لەبەرچاو بگرن.

ئەوەی گوت فەرماندەیەكی تر هەناسەیەكی هەڵكێشا:

– وەڵامی ئەو پێشنیازەشی نەداوەتەوە، هەرێمێكی كوردی لەنێو هەرێمەكانی دەوڵەتی فیدرالی تازەدا هەبێت، كوردی پارچەكانی تریش بتوانن لەگەڵیدا تێكەڵ ببن.

فەرماندەیەكی تر زەردەخەنەیەكی كردوو پەنجەی لەسەر لێوی لابرد:

– له لۆمۆندی فەرەنسیشدا ڕایگەیاندوە: بە بۆچونی من جەنگ دژی كورد كارێكی ناپەسندەو هاوكاری عەرەبی بەرانبەر بە ئیسرائیل لاواز دەكات، لەگەڵ ئەوەشدا كورد ڕۆڵەی نەتەوەیەكی ڕەسەن و مێژوویەكی دێرینیان هەیە، ڕۆژگارێكی دوروودرێژ لەگەڵ دراوسی عەرەبەكانیاندا ژیاون، ئەو پێشنیازو بیرو بۆچونانەی نوێنەرێكی ژەنەڕاڵ بارزانی پێی ڕاگەیاندوم بەڕای من شیاوی جێبەجێ كردنە، ئامۆژگاری موشیر عارفم كردووە، داخوازییە ڕەواكانی كورد وەربگرێت.

ژەنەڕاڵ بەدەم گوێگرتن لەو باسەوە پەنجەی بە لێویەوە گرتبوو، بیری لەو

ئەنجامانە دەكردەوە، بەو بیروەوە هەناسەیەكی هەڵكێشا،:

– لەو گفتوگۆیانەیشەوە ئـەوە دەبینینـەوە دەوڵـەتی عێـراق كـارتۆنن، ئـەو قسانەیش سەر زارەكین، بەو شێوەیەش دەركەوت، بە كتوپڕی تاڵەبانی ئاگـادار كراوەتەوە سواری فڕۆكە نەبێت، لەبەر ئەوەی بەعس دەیانەوێت تێرۆری بكـەن، ناچار لە ڕێگای قاچاغەوە دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان.

بـەو قسـەیەوە رادوێكـەی خسـتە سـەر روسـییەكەی مۆسـكۆ، پـاش ئـەوەی گوێی لەسەر دێڕی هەواڵ گرت ئەو ئەنجامەی شیكردەوە:

دەنگـو باسـی گفتوگـۆو مـافی كـورد لای سـۆڤیەت سـاردی تێكـەوت، مانـای بەعس بەسەرپەرشتی ئەوان جەنگ دەكاتەوە:

دوای ئەوەیش بەو شێوەیە كتوپڕ رژێمـی بـەعس نیـازی خۆیـان دەرخسـت، ئێزگەی بەغداد ڕایگەیاندنی بڵاوكردەوە:

– ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش بڕیاریداوە، بە خێرایـی چـالاكی سـەربازی خۆی دژی مستەفا بارزانی و دارو دەستەكەی دەست پێبكات.

ڕەنگی شرینقەكە لە دیدەیدا گۆڕا، چاوشاركێی زەمەنی نادیـار لـە جەنگـەوە بۆ ئاشتی دەكردەوە، زەمەنی شۆڕش لە دیدەیدا بریسـكەی ڕۆژانـی خوێناویـان دەدایەوە، لە یەكەم ساتی خەباتیەوە تـا ئـەو چـركەیە، شـرینقەكەیش ڕەنـگ و بارسـتایی دەگـۆڕدرا، بەتاڵـدەبووەوە و پڕدەبـووەوە، وەك ئـەو سـاتەی كـەڤ شەتول عەرەبی لە ڕوانینی هاوڕێكانییـەوە دەدیـەوە، ئـەو ڕۆژە یـەكێك بـوو لـە ڕۆژە خۆشـەكانی ژیـانی، لـە كاتێكـدا لـە كـەڤ ئاوەكـەی دەڕوانـی بـۆ دیـداری هاوڕێكانی بیری دەكردەوە، لە وێنەی ڕووداوی رابردووەوە تەزوی پیادا دەهـاتوو چـیرۆكی مێـژوویی بـیر دەهاتـەوە، بـەو پێشـبینیانەیەوە تێكەڵاودەبوونـەوە، لـەدوای گەڕانەوەیـەوە دەیكـرد، لـە شـێی ئاوەكەیشـەوە وەك چـاوەڕوانییەكی هەنوكەیی كارەساتێكی سەرتاسەری تیادا دەدیەوە، بەو بـیرەوە لەگـەڵ ڕەنگـو كەفەكەیدا نوقم بوو.

ئەو دو دڵییە لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەیەوە بۆ عێراق گرتییەوە، هەر لەدوای ئەو کودەتا سوپاییەوە، هەستی کرد لە دەسەڵاتی پاشایەتییەوە بۆ کۆماری هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە، هەر لە سەرەتای شۆڕشەکەوە ئەوەی بۆ دەرکەوت، کاتێك بروسکەیەکی بۆ بارەگای کرملین نارد، نیکیتا خرۆتشوف، داوای کرد ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە بۆ عێراق. بەو مەبەستە لە مۆسکۆوە چووە پراگو مانگێك مایەوە. پاشان چووە پایتەختی چیۆسلۆڤاکیاو تەلەگرافێکی بۆ عەبدول کەریم قاسم نارد، عەبدولسەلام عارف بە گەڕانەوەی رازی نەبوو، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەرەوە ئیبراهیم ئەحمەد، نوری ئەحمەد تاهاو سدیق بارزانی و عوبێدوڵای کوڕیان ناردە لای لە پراگ، نەخشەو پلانی وردیان دانا، هەتا جەخت بکەنەوەو سوربن لەسەر گەڕانەوەی بۆ عێراقو هەوڵبدەن هەموو ڕێگەیەك بگرنە بەر، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەگەرێك.

دوای ئەوە گەڕایەوەو لە میسریش دابەزی و لەگەڵ جەمال عەبدولناسر دیدارێکی کرد، لەئەنجامی ئەو وتوێژەوە بۆی دەرکەوت، بەرواڵەت کێشەی کوردی لامەبەستە، ڕۆژی شەشەمی ئۆکتۆبەریش لە فڕۆکە خانەی موسەنا لە بەغداد هەزاران کەس لە لایەنگرانی لە فڕۆکەخانە کۆبوونەوە، ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و نوێنەرانی ڕژێمی کۆماری، زۆریان جلی کوردییان لەبەردابوو، چاوەڕوانی ئەو فڕۆکە تایبەتییەبوون لە موسکۆوە دەهات. کاتێك دابەزی دەستی بەرزکردەوە، تەواو سیماو روخساری دەرکەوت، درەختی ژیانی لە پەنجاو هەشتساڵیدا سەوز دەبوو، لەهەموو هاوڕێکانیشی تەنیا پێنج کەس لە پشتیەوە وەستابوون، ئەوەیش خستبوویە ناو خەمێکی زۆرەوە.. بیری لە هاتنەوەی هاوڕێکانی تری دەکردەوە، جەماوەری خەڵکەکەیش بە دروشمی جۆراوجۆر پڕ بەزار هاواریان دەکرد.

یەکەم کەس دەست لە ملانی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵاو حیلمی شەریف و

یاوەرانیدا کرد، دوای ئەوەی هەموو خەڵکەکەی بینی سواری ئەو ئۆتۆمبیلە بوو، چاوەڕوانی دەکرد. شۆفێرەکە بەرە و ماڵی نوری سەعید رۆیشت، بڕیاردرا بکرێت بە بارەگای تایبەتی خۆی.

لەوساتەشدا، بەو بیرەوە ئەوانەی لەکەڤ ئەو ئاوەوە بینیەوە، ئازارێکی کوشندەی چەشت، ئازیزەکانی شەش مانگ دوای گەڕانەوەی خۆی، بە کەشتیەك دەهاتنەوە.

ئەوە هەر لەو کاتەی ئەو هەواڵەی بیست ئۆقرەی نەگرت، لە بەغدادەوە بە فڕۆکەیەك بەڕێکەوت، کاتێك لە فڕۆکەخانەیش دابەزی پارێزگارو نوێنەرو جەماوەری شارەکە ئامادەبوون و بەرەو شەتول عەرەب بەڕێکەوتن بۆ پێشوازیان.

لەوساتەشدا، ئاوەکە لە نامۆبوونی پرسیارو زەمەن و فەزاو جیهانبینیەوە وێنەیەکی تێکەڵەی لەهەموو رەنگەکان لە خۆی گرتبوو، کەفەکەی وەك رەنگی کەوتنە خوارەوەی هەسارەکان لە روانینیدا وێنەی دروستبوونەوەی نەتەوەیەکی دەدایەوە.

لەوساتەشدا، لە کەڤ شرینقەکەوە وەك بروسکە رەنگاڵەی مەرگەساتی رۆژانی سەختی شۆڕش لە نیگایدا شەختەی خوێنو گۆشتیان دەبەستەوەو، هەرەسی روانین گەردەلولێکی لە نازەمەنی کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەی مێژووەوە هەڵدەکردەوە، وەك ئەو ساتەی ئەو رەوە جەستەیەی لە چاوی رۆژنامەنووسیکەوە بینیەوە، کاتێك لەبەرەی جەنگ گەڕایەوە، قەڵەمی خستە سەر کاغەزو دواهەمین رستەی چیرۆکی گەشتەکەی نووسی:

( لەگەڵ خۆرهەڵاتندا، بە تەقینەوەی دەنگی فڕۆکەو بۆمباو گوللە تۆپەوە، بەدەم وەنەوزی شەوەوە هەستاین، بەو گەردەلولەیشەوە نانی بەیانیمان خوارد، ئاسمانو زەوی وروژانێکیان تێکەوتبوو، سەدای جەنگێکی گەورەیان دەدایەوە، ئاواتم ئەوەبوو، بچمەوە بۆ بەرەی جەنگ، بێزوم بە هەڵمژینی بۆنی

عـارەق و دوکـەڵی گوللـەو قـەوانی پێشـمەرگەوە دەکـرد، لەگـەڵ هاوڕێکانمـدا خۆمان پێچایەوە، لەناو تاسەی لاندرۆڤەرێکدا لـە دیمـەن و زرمـەی تەقینـەوەدا خۆمـان دیـەوە، زۆر لـەپڕو لـەناکاو لاندرۆڤەرەکـە خـۆی کـرد بـە گەلیـەکی زۆر تەنگی رێگەی هاملتۆندا، ئەم بەرو ئەو بەری ڕێگەکە تاوێرە بـەردی زل زل بـوو، شـۆفێرەکە ئۆتۆمبیلەکـەی بـۆ ڕێگەیـەکی تـر سـوڕاندەوە، بـە گەلییـەکی تەنگەبەردا تێپەڕی، خاڵی پاسەوانی لەمبەرو ئەوبەری رێگەکـەدا هـەبوو، هێنـدە نادیـاربوون هەسـتیان پـێ نـەدەکرا، هـەتا زیـاتر سـەردەکەوتین ژمـارەی بازگـە زیـاتر دەبـوون، پـاش ئـەوەی نزیکـەی دوو سـەد مـەتر ڕۆیشـتین لاندرۆڤەرەکـە وەسـتا، شـۆفێرەکە گێـڕی گـۆڕی هـەتا بـەردەوام بێـت لـە سـەرکەوتن، لـەپڕ دیمەنێکی ترمان هاتـە پـێش چـاو، لەسـەر لوتکـەی شـاخەکە پانتاییـەك هـەبوو چوار دەوری چیای بەرزبوو، یەکێك بـوو لەسـەربازخانە گـەورەکانی کوردسـتان، پتر لە پێنج سەد سەربازی تێدابوون و خەریکی مەشـقی سـەربازی بـوون، سـەد کەسێکیان، مەشقیان بەوانی دی دەکرد:

– چەپ،،، ڕاست،، هەموو،، بووەستن !

ئەو وێنەیە کاریگەری تەزوی جەنگە جیهانییەکانی بـۆ دروسـتکردمەوە، ئـەو ساتەم بیرهاتەوە، کاتێك گەیشتمە بارەگا، پاش یەك چرکە گروپێکی سێ ریـزی سێ هەزار پێشمەرگە دەبوون، لەبەر دەممانـدا قوتبوونـەوە، بـە بزوتنەوەیـەکی سوپاییەوە تفەنگـەکانیان خسـتە سەرشـانیان، ئەوسـا خسـتیانەوە سـەرزەوی، پاشـان فەرماندەکـە  فـەرمانی پێکـردن و بـوون بـەدو گروپـەوە، یـەکێکیان بـە خێراییــەکی سەرســوڕهێنەر کەوتنــە هەڵوەشــاندنەوەو لێکدانــەوەی تــۆپێکی ڕەشاشی ناوەنجی، ئـەویتریش کەوتنـە هەڵوەشـاندنەوەو لێکدانـەوەی تـۆپێکی دژەتانــك، پــاش ئــەوە فەرماندەکــە هاتــەلامان و کــاری سەرســوڕهێنەری پێشمەرگەی بۆ باسکردین:

– ئێـوە میوانمـانن، لـە ئـەڵمانیاوە هـاتوون، هەمیشـە سـەربازی چـاکبوون،

هەتا بەم جۆرە تواناو هێزەوە ڕێکخستنی پێشمەرگە هەڵبسەنگێنن.

دوای ئەوە ژەنەڕاڵ بارزانیمان بینی، لە پانتاییەك لە نزیکی سەد پێوە لێمان دووربوو، کۆمەڵێك ئەفسەری هێزی پێشمەرگەو پیاوماقوڵان بە ڕێز ڕاوەستابوون، ژەنەڕاڵ بە هەنگاوی هاوسەنگ و بەهێزەوە بەرەو ڕویان دەهات، بەدەم زەردەخەنەو دڵنیاییەوە هەنگاوی سەربازییانەی هەڵدەهێنایەوە، ڕیزی ئاپۆرا لەبەردەمیدا بۆ شکۆمەندی ڕێگایان ئاوەلاّ دەکردەوە، ئەویش بە جەستەیەکی داڕێژراوو سیماو ڕوخسارێکی پڕاوپڕ لەویقار، چاوانی تیشکهاوێژو تیژ، زەردە خەنەیەك گرتبووی ڕواڵەتێکی تورەیی و تەمومژاوی تێدا دەبینرایەوە، وێنەگرێکی بیانی لە هەموو لایەکەوە وێنەی دەگرت، لەوەوە توشی سەرسوڕمان هاتم، وێنەی ئەو سەرکردەیەم لەناخو دڵی ئەو جەماوەرەدا دەدییەوە، بۆ دوژمنانی چیای پۆلایەو بۆ گەلەکەی هەتاو، لەو سەربازخانەیەشدا هەمان مەشقم بینیەوە، هەستم کرد، پێشمەرگە سەرسامی جەنگی ئەڵمانینو تەنانەت ژەنەڕاڵ بارزانی ئەوەندە خۆشەویستی لە دڵیدا هەیە، هەمیشە بە گوێزانی ئەڵمانی ڕیشی دەتاشێت.

ئەوەیشی سەرنجی ڕاکێشاین جلی زەیتونی سوپای عێراقیان لەبەرکردبوو، چەند سەد کەسێکی تریش جلوبەرگی خاکی و شاشکی ئاسایی پێشمەرگەیان لەبەردابوو، کۆمەڵێك بە سکە خشکێ مەشقیان لەسەر قورسترین جۆری ڕۆیشتن بەسەر زەویدا دەکرد، چەند پەلێکیش وانەی چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆپی قورسی فڕۆکە شکێن و ڕەشاشی قورس و سوك و تۆپی تانکشکێنیان دەخوێند، کۆمەڵێك فەرماندەی سوپاییش لە سوچێکەوە وانەی پلانیان دەخوێند، ئەفسەرێك لەسەر تەختەیەك، نیشانەو ڕەمزی وێنە دەکرد، دوای ئەوە چووین بۆ سەردانی فەرماندەی هێزی ڕەواندز، پێشمەرگە خۆیان ڕێگەیەکیان بەرەو چیای گۆڕەز لێدابوو، بیست کیلۆمەترێك دەبوو، سواری لاندرۆڤەری دۆڵەکەبووین، شۆفێرەکە هەر پێنج دەرگاکەی لە لاندرۆڤەرەکە

کردبووەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی بۆردومـانی فڕۆکـەدا، بـە ئاسـانی بتـوانن خۆیـان هەڵبدەنە خوارەوە، هەتا لەپـەنا تـاوێری ئـەم بـەرو ئەوبـەری ڕێگەکـەدا خۆیـان بشـارنەوە، بـەو جـۆرەش بـە چـیاکەدا هەڵگـەڕاین، دوای کاتـژمێرێك ڕێگـابڕین هەست بە کەمبوونەوەی گوشاری هەوا دەکرا، گەیشتبووینە شـوێنێك دوو هـەزار مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزبوو، بەسەر هەڵدێرێکی هەزار بە هـەزاردا پەڕینـەوە، بە تەختە دارو گوریس پردێکـی هەڵواسـراویان لەسـەر دروسـت کردبـوو، ئەوسـا گەیشـتینە بـەردەم بارەگـای پێشـەوەی هێـز، عەبـدوڵا پشـدەری فەرمانـدە پێشوازی لێکردین، بارەگاکەی لە نەدیویدا کـەوتبووە پـەنای کۆمەڵـە تـاوێرێکی سـەختەوە، لـەنێو ئەشـکەوتە قوڵەکەشـدا، بەشـی هەرەسـەرەکی بارەگاکـەی پێکدەهێنا، ژمارەیەك پێشـمەرگە خـەوتبوون، جـەنگی شـەوی ڕابـردوو شـەنگی لەبـەر بڕیبـوون، بـەو هۆیـەی لـە هێرشـی بەردەوامـدابوون هـەتا چـیای گـۆڕەز بگرنـەوە، بـەو مەبەسـتەی گـەلی عـەلی بـەگ و ڕێگـەی مێرگەسـور بـە یەکـەوە ببەستنەوە، بـە تایبـەتیش لـە سـاڵی هـەزارو نـۆ سـەدو شەسـت و شەشـدا لـەم ناوچەیەدا، هەر بە سەرکردایەتی ئەو یەکەی چواری عێراقـی تـەفروتونا کرابـوو، جگە لەوەیش باشـترین کـەس بـوو ئـەو بـەرە جەنگییـەی بـەڕێوەدەبرد، ئەوسـا پشـدەری داوەتـی کـردین، هـەتا سـەردانێکی هێڵـەکانی پێشـەوەی جەنگەکـە بکەین، بەڵێنیشی داینێ، پاش گەڕانەوە سەرو پێك ویسکیمان لەو قاپـە بـداتێ، لەناو ئەو کانیەدا شاردبوویەوە، لە ئەشکەوتەکەدا هەڵدەقوڵا، هەتا سارد ببێـت، ئیدی یەك نەفەس بەچیا ڕژدو ڕکەکەدا هەڵگەڕاین.

کاروانێك هێستر لە ڕێگەکەوە ریزیان گرتبوو، برینـدارو جەسـتەی شـەهیدیان لێ بارکرابوو، لە بەتانیەوە پێچرابوونەوە و بە گوریس دابەسترابوون.

هێزەکانی عێراق ڕۆژی پێشوتر هێرشێکیان کردبوو، هەنـدێك لـەو شـوێنانەی خوارەوەیان گرتبووەوە، هێزی پێشمەرگەی ڕزگـاری شـەو دژە هێرشـێکیان بـۆ کردنــەوەو ناوچــەکانیان لێســەندنەوە، چــەندین کـوژراو لــە مەیـدانی جەنگـدا

کەوتبوون.

لە دوری پتر لە هەزار مەترێکەوە جموجۆڵ و هاتوچۆی زرێپۆشی عێراقی لە جۆری تی پەنجاو پێنج و تی شەست و دو لە بنکی دۆڵەکەدا دەبینران، دیاربوو ئیشیان ئەوەبوو لە سەنگەری بناری چیاکە نزیك ببنەوەو بە بەردەوامی مژۆڵیان بکەن، دەنگی تۆپی زرێپۆش لەنێو دۆڵەکەدا تیکەڵ بە دەنگی ئەو تۆپانە دەبوونەوە، لە پشتەوە بە مەودایەکی دوور تێیان دەگیرا، ئەمە نیشانەی ئەوەبوو، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە داوای کۆمەکی لە تۆپخانەی شۆڕش کردبوو، لە پشتی بەرەی جەنگەوە، ڕەوتی زیکزاکی زرێپۆشی عێراقیش گەردەلولی تۆزو خۆڵیان لەدوای خۆیانەوە بەجێ دەهێشت و لەچاو وندەبوون.

دوای نیوکاتژمێر هیچ شتێك لەو شوێنەدا نەما، تەنیا کلکەی گەردەلولێك نەبێت، شوێنی ئەو زرێپۆشانە دەکەوت، کە بەپەلە بەرەو سەربازخانەی ڕەواندز پاشەکشەیان دەکرد، دیاربوو تۆپخانەی شۆڕش کاری کردەبووە سەریان و هێزی ئاسمانیشی وروژاندبوو، ئەوەبوو پۆلێك فڕۆکەی مێك تێپەڕین بەرەو ئەو شوێنەی دەنگی تۆپی شۆڕشی لێوە دەهات، چەند ساتێکیشی پێنەچو گرم و هوڕ لەو ناوچەیە هەستا.)

زنجیرەی داستانی ئەو نامەیە دیمەنی شۆڕشیان دەردەخست، دەزوچنی جیهانێکی نوێیان لێدەردەکەوت، کاتێك خوێندیەوە تەزویەك گرتی و دایەوە دەستی دیشنەر، ئەویش کەوتبووە ناو تۆڕی ئەو ئاماژانەی لە دوای وێنەوە مێژوویان لەلاپەڕەی سپیەوە بەرجەستە دەکردەوە، بەو شێوەیەش لاڵ ببوو، کاتێکیش ورد لە سیماو بەژن و بالآو بزوتنەوەو ڕەنگی ئەو وردبووەوە، جامانەیەکی سور بەسەر رووخساریدا وێنەی لوتکەیەکی بڵندی دەنواند، لەژێر سێبەری پەڵە هەورو تیشکی رۆژدا سامناکی پێچابێتیەوە، دار جگەرەیەکی درێژی بە دەستیەوە گرتبوو، بەدەم قسەوە جارجار مژی توندی لێدەداو دوکەڵ بەسەرو رویدا بەرزدەبووەوە، ئەویش بە دیاریەوە کروشکەی کردبوو،

وێنەیـەکی گـرت و بێـدەنگبوو، ئـەویش سـەیری کاتژمێرەکـەی کـرد رادوێکـەی کردەوە، ئێزگەی دەنگی کوردستان هاواری بەرزدەکردەوە :

– مژدەی سەرکەوتنی پێشمەرگە نامەی رزگاری کـوردو کوردسـتانە، ئێسـتا رۆڵەی گەلی کورد پێشڕەوەی سەرکەوتن دەکەن، لەهەموولایەکـەوە دۆزەخیـان بۆ دوژمنان داخستووە، شـاری ئـاکرێی نـەوەت کیلۆمـەتری بـاکوری رۆژهـەڵاتی موسڵ، لەلایـەن هێـزی پێشـمەرگەی قارەمانـەوە گـەمارۆ دراوە، هێـزی سـوپای عێـراق زۆر بـە زەحمـەت هاتوچـۆو پەیوەنـدی نێـوان شـارەکانی سـلێمانی و هـەولێرو کـەرکوك دەکـەن، لـە یـازدە بـەرەی فراوانـەوە جـەنگ گەرمـە، هێـزی پێشمەرگە دیواری مەرگەساتیان لەبەردەم هێرشی سوپادا دروست کـردووە، لـە دەشتی هـەولێرو زمنـاکۆو ناوچـەی خانـەقینو بـاواجی کـەرکوك و چـیای کۆیـەو شـاری دهۆکـو شـێخان و ئـاکرێ و ناوچـەی حـەریرو قـەرەداغ و سـەفین و ناوچەکانی دەوروبەری بەنداوی دوکان و باڵەك، بەزۆریش لـە دۆڵـی گـەلی عـەلی بەگ، بووە بـە گۆڕسـتانی دوژمنـان، مـژ دەبێـت سـەرکەوتنی یـەکجاری نزیکـە، ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە.

دیشنەر روانینی بە چینی تێکەڵـەی هـەزار رەنگـەوە تـەنرابوو، لـە دەزولـەی چاویەوە دیمەنی بەرەی جەنگ دەخوێندرایەوە، لەگەڵ تەوژمی بایەکـەدا فـراوان دەبوونـەوە، ئـەویش تـەواو سـەیریکرد، لـە جوڵـەو روانینیـەوە ئازارەکـانی خوێندەوەو بە زمانێکی خەفە دایەلۆژەکەی تەواو کرد:

– ئێـوە بـەرەی جـەنگتان بـینی، ئێسـتا دەزانـن گـەلێکمان هەیـە جیهـان نایڕوخێنێت، جگە لەوەی بێکەسەو بەبێ یارمەتی گـەلان ئـاڵای خـۆی لـە کێم و خوێن و گۆشت دروست کردووە، ئەگەر ئـەمریکا یارمـەتیمان بـدات، سـور بـزانن ئەم رژێمە بۆگەنە دەڕوخێنین.

لـەو کاتـەدا چایچییەکە هاتـە ژوورەوە، پیاڵـە چـاکانی خسـتە بـەردەمیان، دیشـنەر بـەدەم خواردنـەوەی چـایەکەیەوە نیگـای لـە قڵـش و درزی دیوارەکـە

لابردو به سەرسامییەکەوە پەنجەی شایەتی بەرزکردەوە:

– ئەوەی لە پێشمەرگەم بینی تەنها هەر لە پێشمەرگە دەوەشێتەوە، دڵنیام شۆڕشی واگیانفیدا هەر دەگاتە ئامانج و ئاواتی ڕەوای خۆی.

ئەوەی گوت غەمێکی قورس گرتییەوەو هەناسەیەکی توندی هەڵکێشا، ئەویش هەستی بەوە کرد، ئازاری بێکەسی کورد دەچێژێت، لەوەوە وێنەی پێشمەرگەی دەدییەوە، بە خوێنیان ڕێی ڕزگاریان ڕوناك دەکردەوە، بەوبیرەوە خۆشییەکی سەرسوڕهێنەر گرتییەوە، لە ڕوانینی ئەویشەوە وێنەی جەنگی تێکەڵاو دەکرد، هێرشی پێشمەرگە ڕۆشناییان دەتەنی، وەك ئەو ساتەی لەژێر پردێکدا بروسکەی سەرکەوتن نیگای گرتەوە، کاتێك چووە بنگڵی پردێکی ڕوخاوەوە، پێشمەرگە خەمباربوون، ئەویش لەگەڵ دانیشتنیدا بە پێکەنین و خۆشحاڵەیەوە ڕویتێکردن:

– بە پەرۆش مەبن، پردەکە کەوتۆتە بەر بۆمبارانی فڕۆکە، ئەوە مانای بەهێزیمان دەگەیەنێت، جاران بۆ بەرگری لە دوژمن پردمان دەڕووخاند، ئێستا ئەو لەترسی پێشڕەوی ئێمە دەیڕوخێنێت.

بەو بیرەوە لە دیشنەری ڕوانییەوە خەریکی خۆپێچانەوە بوو، سەرسامی ئەو گورجو گۆڵییەی ببوو، لە کاتێکدا لیێدەڕوانی ئەرکی پێشمەرگایەتی تیادا دەدییەوە، بەو بیرەوە فیشەکدانەکەی توندکردەوە و ئەو ڕازەی بۆ کردەوە:

– کۆمەڵێك پیشەت لەناو شۆڕشی ئێمەدا تێکەڵ کردووە، تا ئەوەی بوویتە یەکێك لە ئێمە. دەتوانم پێت بڵێم پێشمەرگە.

لەوساتەشدا، هەنگاوی پزیشکەکە بە بروسکەی شرینقەکەوە وەك ئەو چینە سورباوانە ڕەنگیان دەدایەوە، وێنەی مێژووی گەلێکیان لە پریاسکەی عەتاری دیموکراسیەوە بە هەزار ڕەنگەوە نیشاندەدایەوە، فرمێسك پێلوی دادەپۆشی!

## (6)

تەمێكی قەتیس بە پێڵوی ژەنەڕاڵەوە بە نمەی بارانی شوشەكەوە لەسەر تیشكی ئاوەژوی شرینقەكە بەرجەستەدەبووەوە، بە دەستی پزیشكەكەوە وەك قامچی نەبین گڕیان لە تونێلی خەیاڵ هەڵدەستاندو فەزای ژوورەكەیان بۆ جیهان فراوان دەكردەوە، وەكو كەشتی نوح بەسەر جیهانی بە ئاوبووەوە سنوری وڵاتانیان دەبڕی، چركەو سات و زەمەن و كات و شوێن بۆ نوكی دەرزیەك بچوك دەبوونەوەو خەیاڵ فراوانی دەكردنەوە، هەزاران پارچە شوشەی شكاوی موگناتیسی بە وردوخاشی یەكیاندەگرتەوە، ئاوێنەی روانینی خومخانەی ئەفسانەییان لە نەبوونی بوونەوە دەهێنایە بوون، رەنگی ئەو دیاردانەیان دەدایەوە، بە پارچە پارچەییەوە رۆمانی گەلێكیان تیایدا بەرجەستە دەكردەوە، رۆژانە بە خوێن زەمەنیان دەنووسییەوە، هێلانەی ناو بێشەی رزگاری پڕدەبوون لەو كۆچەریانەی بە باڵەفڕەوە دەنیشتنەوە، هەتا لەسەر گەڵایەكی شۆڕش ئاواز بخوێنن، بەو شێوەیەش رەنگی ئەو تنۆكانەیان تیادا دەبینرایەوە، وەك جالّجالۆكە تەونچنی مێژوویان دەكردەوە، وەك ئەو ساتەی لە ترۆپكی هەڵكشاندا قەل و داڵی جیهان تێی وروكانو لە رایەڵو دامێنەوە كەوتنە قرتاندنی، دیمەنێكی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری رەنگاورەنگی هەمەچەشنە، بە گێژەڵوكەی بیابانەوە لە رەگ و ریشاڵ دەردەهات، وەك ئەو

ساتە رەنگی دەدایەوە، ئەو گەردەلولەی لە زەمەنی ناوەختەی رووداوەکانەوە هەڵیکردو کتوپڕ خستییە سەر خورپەی مەرگ، ئاوازی ترسناک مێشکی گرتەوە، کاتێك باڵوێزی میسر لە بەیروت نوێنەری پارتی ئاگادار کردەوە، سەرۆك کۆمار دەیەوێت لەگەڵ نوێنەری ژەنەڕاڵ بارزانیدا دیدار بکات.

بە بیستنی ئەو هەواڵە کتوپڕ کۆبوونەوەی بە مەکتەبی سیاسی کرد، چلوهەشت کاتژمێر پاش هەواڵەکە سامی عەبدولڕەحمانی دیاریکرد ببێتە نوێنەر، کاتێك لە بارەگاکەی هاتەدەر، کەمێك لەگەڵیدا وەستا، سامی گوێی گرتبوو، بە باڵایەکی بەرزی لاوازەوە راوەستابوو، نیگای بڕیبووە لێوی و وشەکانی لەبەردەکرد، ئەویش دوا جار دەستیدا بە شانیداو رۆیشت، لە کوردستانەوە گەیشتە تاران و لەوێیشەوە سواری فڕۆکەبوو بۆ قاهیرە، بە گەیشتنی لەگەڵ ئەنوەر سادات و هەیکەل کۆبووەوە، پوختەی ئەو دیدارەی بە بروسکەیەك ڕوونکردەوە:

– ئەنوەر سادات پێی ڕاگەیاندوم، ڕێکەوتنێك لە جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێران دروست دەبێت و پێوەندی بە کوردەوە هەیە، شای ئێرانیش داکۆکی لە کێشەی کورد دەکات. بە توندی بەرپەرچی ئەو پێشهاتەم دایەوە، لە وتووێژێکیشدا لەگەڵ هەیکەل ڕامگەیاند، ڕێکەوتنی نێوان شاو سەدام هەرچیەك بێت، ئەگەر پێویست بکات ئێمە چەندساڵی تریش درێژە بە خەبات دەدەین و خۆمان بە دەستەوە نادەین.

کاتێك ئەو ئەنجامە گەیشتە دەستی ئازارێکی زۆری چەشت، ساتێك بە وردی خوێندییەوە قسەی لەگەڵ کەسدا نەکرد، پیتێك لەدەمی دەرنەهات، چاوی بەتیژی لەسەر کاغەزەکەبوو، لە وشەکانییەوە بیرەوەری فراوان بوو، وەك شەپۆلی زەریای نەزانراو دەهات و دەچوو، لەو گێژاوەدا ئەو ساتانەی بیرهاتەوە، سەدام لەناو خێوەتەکەی ناوپردان پێیگوت:

– ئێمە دەمانتوانی لەگەڵ شا پێکبێین بەڵام ویستومانە ئەوە نەکەین.

ئەو قسەیەی بە شێوەیەکی سادە وەرگرتوو، بە ئاماژەیەکی ترسناکەوە وەڵامی دایەوە، لەوساتەدا پیاڵەکەی خستەوە ناو ژێر پیاڵەکەوەو پەنجەی هەڵبڕی:

– نوێنەرتان بە نهێنی چوو بۆ تاران، لەگەڵ ئەمیر عەباس هوەیدای سەرۆك وەزیراندا دیداریان کردوو پێشنیازیان خستەروو، بۆ ئامادەیی هەموو جۆرە داواکاریەك، بەو مەرجەی ئێران سنوری بەڕوی کوردا دابخات.

سەدام موچڕکە بە جەستەیدا دەهات، ئەویش لەگەڵ پێچانەوەی سیغارەکەیدا پەنجەی هەردوو دەستی تێکەڵاو کرد:

– لەگەڵ کۆمەڵەی جیهانیش هەوڵی بەردەوامتان داوە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی دەسەڵاتدارانی تری جیهانیش، هیچیان هەڵوێستیان نیشان نەدان.

بەو قسەیەوە سیغارەکەی داگیرساندو مژێکی لێدا، ئەوسا درێژەی بەقسەکەی دایەوە:

– دەوڵەتانی ئەوروپیش بڕوایان وابوو دوایی هاتنی جەنگی شەش ڕۆژەی ئیسرائیلو عەرەب قۆناغێکی نوێیە، دوای ئەوە هێمنیو ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ناچار بیرتان لە گفتوگۆ کردەوە.

سەدام توشی دڵە راوکێهات، ویستی کاغەزێکی ترسێنەر رابکێشێت:

– بەڵام کەنداوی عەرەبیمان بدانایە رازی دەبوون.

ئەو قسەیە بە شێوەیەك دڵی گرت، مژێکی کەسکوندی لە سیغارەکەی دایەوەو بەبێ وەستان وەڵامی دایەوە:

– بۆ ئەوەی ماف بە رۆڵەکەت نەدەیت بچۆ ماڵەکەت بدە بە دوژمنت، هەتا نەوەکانت سەربېڕێت، ئەوە بیرکردنەوەی ئێوەیە لەسەر گەل.

بەو بیرەوە جارێکی تر نامەکەی خوێندەوە، مێشکی وەك پاپۆڕ دەسوڕایەوە، ریشاڵی تەونی مێژووی شۆڕشی دەدییەوە، لەوەوە کەوتە ناو

تۆفانی کرێوەوەو سەری هـەڵبڕی، سـاتێك بـە بێـدەنگی لـە دەورووبـەری روانـی ئەوسا ئەو نهێنییەی بۆ یارانی دەرخست:

– رژێمی بەعس بۆ تواندنەوەی رۆڵەکانی خۆی کەنداوی عەرەبیان گۆڕی بـە فارسی، ئەوە تاوانێکە هەموو مێژوو نایسرێتەوە.

بەو چەشنەیش کەوتە ئەو گێژاوەوە، شەوو رۆژ لە هەوڵدابوو، تۆفانێـك بـوو بێچارەسەر، دوا گەردەلول و کرێوەیش ئەو ساتانەبوو، لە بینینی شا گەڕایـەوە، کتوپڕ نامەیەکی نارد بۆ بەرپرسی مەڵبەندی سی تـی ئـەی ئـەمریکی لـە تـاران، هەموو گرێیەکی بۆ کردەوە:

– شـپرزەییو داڕوخـان کەوتۆتـە نێـوان گەلەکـەمان و هێـزی پێشـمەرگە، هەڕەشـەی قڕکردنـی بەکۆمـەڵیمان لەسـەرە، هـیچ شـیکردنەوەیەك نـابینین بـۆ هەموو ئەمانەی ڕویانداوە، بۆیە ئەم بانگەوازەتان ئاراستە دەکەین، داوا لەوڵاتـە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکەین، پابەند بێـت بـەو گفتـو بەڵێنانـەی پێـی داویـن، داوای لێدەکـەین بەپەلـە فریامـان بکـەوێت و نـەهێڵێت شۆڕشـەکەمان هـەرەس بهێنێت، وەکو دۆست مامەڵەمان لە تەکدا بکرێت.

دوای ئەوە نامەیەکی بۆ کێسەنجەر نووسی :

– وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پێشـەوەبردنی سیاسـەتەکانی بەرامبـەر بە جـەماوەرو گـەلی ئێمـە کەوتۆتـە گێـژاوەوە، لـەڕوی رەوشـتی و سیاسـییەوە بەرپرسەو داوا دەکـەم بـەر بـە هێـرش و دەسـتدرێژی سـوپای عێـراق بگـرن بـۆ گەیشتن بە چارەسەرێك.

هەموو ئەو هەوڵانە وەڵامێکی ئاسـۆیی و ئاماژەیـەکی دڵخۆشـکەریان نـەبوو، دوای ئەوەی بێهیوایی گرتییەوە فەرمانی کرد، چەندین گەنجینەی زۆر گەورە لـە ئەشـکەوتە سەرکەشـەکاندا پڕبکـرێن لـە چـەك و فیشـەك و پێویسـتی تـرو بیانشارنەوە، دوای ئـەوە دوا پێشـنیازو رەوتـی کێشـەکەی تـاوتوێ کـرد، لـەناو خێوەتێـك لـە نەغـەدە، کۆبوونەوەیـەکی لەگـەڵ پـتر لـە پـەنجا کـەس لـە

فەرماندەکاندا کردو ئاماژەی بە بەرگری کردندا:

– لەسێی مانگەوە هەتا هەشتی مانگ خۆمان لە دەوروبەری عێراقدا ڕابگرین، دوای ئەوە بارو دۆخمان لەجاران باشتر دەبێت.

لەدوا هیوا بڕانیشیدا تەلەگرافێکی بۆ کار بەدەستانی بەعس کرد لە بەغداد، پێشنیاری وتوێژی لێکردن، هەر ئەو شەوە پێشنیارەکەیان ڕەتکردەوە، دوای ئەوە کۆمەڵێك پسپۆڕی یاسایی کۆکردەوە، پاش مێژووی خەباتی خۆی و هەموو ئەو تاوانانەی گێڕایەوە، دژی کورد کراوە، فەرمانیدا واز لەخەبات و بەرگری بهێنن:

– زیانێك بەهۆی وازهێنان لە خەباتەوە لێمان دەکەوێت، زۆر کەمترە لە درێژەدان بە جەنگ.

بەو قسەیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو درێژەی بە قسەکەی دایەوە:

– هەروەها نەخشەو پلانی سیاسەتی بەرژەوەندی هاوبەشی زلهێزانی جیهان، لەسەر حیسابی ئێمە داڕێژران، هەڵبەتە ئێستا هەورو هەلاو تەمی نەوت ئاسمانی بیرکردنەوەی سیاسی رۆژئاوای تەنیوە.

لەوساتەشدا، لە ئاسمانی واشنتۆن و فەزاو کەشی ژورو رەنگ و تام و بۆن و دەنگەوە روانینی بۆ تیشکی ئەزەلی هەڵدەفڕی و جیهانی لە زەریایەکی فۆتۆییەوە دەدییەوە، جارێکی تر مێژوو بۆ بوونێکی تر بنووسیتەوە.

بەو گومانەوە چرکەی ژیانی لەسەر رۆژهەلاتو رۆژئاوا کۆدەکردەوە، ئەوەش ئەزمونی ساڵانی شۆڕشی بوو، ئەو گرێیەی بۆ زۆر لە رۆژنامەنووسان کردەوە، لەوەلامی گویتنەر دیشنەریشدا، پاش بیرکردنەوەیەکی کورت، بە سەرسوڕمان و گومانێکی گەردونییەوە دەستی چەپی هەڵبڕی:

– گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوەبوو، باوەڕم بە بەڵێنی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد، ئێمە پشتمان بە ئەمەریکا بەستبوو، هەرگیز متمانەمان بە شای ئێران نەبوو.

ئـەو گومانـەیش بـوو، بـەردەوام هـەوڵی ئاشـتی دەداو خـۆی لـە جـەنگ دور دەخستەوە، لەوساتانەدا مێشکی وەك پاپۆڕ لە زەریای بێئاماندا دەسوڕایەوە، توشـی دودڵییـەکی گـەورە دەهـات، بـۆ هـەموو بڕیـارێکی جـەنگ بـەو جـۆرە دەکەوتە گەرداوی بیرو گومانەوە.

جارێـك بـەو جـۆرەی لێهـات، روخسـاری گرژبـوو، مـوی جەسـتەی راسـتببوونەوە، کاتێـك سـێ فەرمانـدە لـە کۆبوونەوەیەکیـدا سـێ پێشـنیازیان خسـتە بـەردەمی، موچـەی مانگانـەی پێشـمەرگە بکرێـت بـە دە دینـار، ئەوسـا جەنگ لەگەڵ دەوڵەتدا بکرێتەوەو داوای لێبکرێت ئۆتۆنۆمی رابگەیەنێت.

داواکانی بەهەند وەرگرتوو بە نەرمی و لەسەرخۆ کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیاندا:

– ئێمە ئەمڕۆ خاوەنی نزیکەی دە هەزار پێشـمەرگەین؟! باشـە، ئێـوە بچـن پـەنجا هـەزار دینـارم بـۆ دابـین بکـەن ئـەوی تـری لەسـەر مـن. بـڕۆن و دوای هەفتەیەك وەڵامم بدەنەوە.

لـەماوەی خۆیـدا بـە کزۆڵـەیی هاتنـەوە بـەردەمی، زمانیـان گـۆی نـەدەکرد، ئەویش لێی پرسینەوە، ئەوانیش لە یەکتریان دەڕوانی، بـەو روانینـەوە پـەنجـەی هەڵبڕی و هەر سێکیانی داچڵەکاند:

– باشــە بەرپرســیارێتی جــەنگ کردنــەوە بگرنــە ئەســتۆ، منــیش وەك پێشمەرگەیەك جـەنگ دەکـەم، یـان جـەنگ کردنـەوەتان دەوێـت؟، دوا جـاریش بڵێن مەلا مستەفا جەنگخوازە، ئێوەش لەو تاوانـە دەربچـن، یـان داوا لـە عێـراق بکەین، ئۆتۆنۆمی رابگەیەنێت، ئێستا هیچ بڕیارمـان نـەداوە، باوەڕبکـەن ئێسـتا وادەزانم لەگەڵ تایەر یەحیاو عەبدول سلام عارفدا قسە دەکەم.

بـەو قسـەیەوە بیرێکـی پـەرش پێچـایەوە، دودڵییـەکی گـەورە لـە زۆر لـە فەرماندەکانــەوە گرتــی، وێنــەی ئــەو شــەوەی بیرهاتــەوە، کۆمــەڵێك لــە چـواردەوریەوە بـە جۆرێـك وەڕسـیان نیشـاندا، ناچـاربوو تـوڕەیی بەسـەریاندا ببارێنێت:

– هەستم کرد تەواو بێزاربوون لەو میوانەم.

هەموویان بێدەنگ بوون، ورتەیان لە دەمبڕا، ناچار جارێکی تر دوبارەی کردەوە لێیان:

– لەگەڵ ئێوەمە بۆچی وەڵامم نادەنەوە؟ دەزانن ئەوە خانەوادەی قارەمانێکی وەك شەهید عیزەت عەبدولعەزیز بوو، من ڕێز لەخانەوادەی شەهیدان نەگرم ئەی ڕێز لە کێ بگرم؟!

لەوساتەدا وەك مۆم دڵی دەتوایەوە وێنەیەك بە کەڤ مەرگەساتەوە شێوەی دەدایەوە، لە وێنەی ئەو پیاوە تەمەن حەفتا ساڵانەیەوە، بە دەستی خۆی پیاڵە چاکانی دەخستە بەردەمی و لەگەڵ دەرهێنانی جگەرەکانیشیدا شقارتەکەی بۆ دادەگیرساند، ئەویش هەر بە مستەفا ناوی دەهێنا، دانیشتوانیش تەواو لێی وەڕس بوون، کاتێکیش هەستا فەرمانی کرد بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بیبەنەوە بۆ جێگەی حەوانەوەی.

لەوساتەشدا، بەو شێوەیە لەوانی ڕوانی، هەستی کرد لاوازییەکی زۆر هەیە، شۆڕش پێویستی بە ڕێکخستنەوەو گۆڕانکاری هەیە. بەو شێوەیەیش بۆ بڕیاردانی جەنگو کوشتار وەڕسی دەیگرتەوە، زۆرجار ئەو بڕوایەی ڕووندەکردەوە:

– ئێمە لەپێناوی ئاشتیدا جەنگ دەکەین، داوای مافمان دەکەین، ئۆتۆنۆمیە، لەوڵاتان بە پێشنیازێك دەدرێت، لێرەیش بە ئاگرو ئاسن دەمانتوێننەوە، دوژنانمان بەزەییان نییە، ناموس و خاك و شەرەفیان داگیرکردوین، ناچارین بۆ مافمان گیانمان ببەخشین.

بەو بیرەوە هەناسەیەکی تری هەڵکێشایەوە، دیشنەریش بەوردی لێیدەڕوانی ئەویش بیری دەکردەوە، مێشکی ببووە زەریای تیشکی ئەزەلی و هاوکێشەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەبینیەوە.

کەڤ شرینقەکە بە موتوربە کردنی زەمەنی ئاوێتەوە لە زەمەنی بیرو

ئەندێشەدا، تێکەڵاوی روانینی نووسینەوەی ئـەو روداوانـە دەبـوون، لـە ویژدانـدا سڕدرابوونەوە، لە نیگایدا دەبوونەوە بـە نووسـینەوەی کـوژاوەی بـیرو روانـین و روخسار، بەو وێنانەوە، رۆحی توایەوە، وەك چەند رۆژێك لەوەوبەری لێهات، بەو بیرە قوڵەوە رۆحی کەفچڕین بوو جەستەی توایەوەو بوو بە کەفێکی خواوەندی، کوردستان بە بایەکی ئەزەلییەوە توایەوە و بوو بە کۆرپەیەك، چەند دایکێـك لـە شـێوەی بروسـکەدا بـە شمشـێرەوە لـەت لـەتیان دەکـرد، پاشـان بـوو بـە ئـاوو هەربەشەی چووە ناو زەریایەیەکەوە، وەك دو دەریای خوێ تێکەڵاو نـەدەبوون، لــە شــەپۆلاوی بوونــدا دەهــاتن و دەچــوون، لەگــەڵ ســوڕانەوەی هەســارەوە دەخولانەوە بەدەوری زەویدا، دوای خۆرگیرانێك هەموو بەشەکان لـە زەریایەکـدا یەکیانگرتەوە و بوونەوە بە یەك بەش و لەئاو دابڕان، لەگەڵ تۆفـانیکی ئـەزەلیو گڕکـانێکی ناوەختــەدابووەوە بــە وشـکانی، لــە جێگــەی خۆیـدا بــە جۆگرافیــای زەویەوە پەیوەستەبووەوە، شارو شاخو گوندو دەشتایی و دۆڵ و شیوو چـەم و روبار وەك خۆیان بوون، ئەو جێگایانە بوون بە یەکەوە مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردیان لەسەر دەنووسرایەوە.

بەو وێنەیەوە داچڵەکی و لە باخچەکەی روانییەوە، هەواو کەشی واشـنتۆنیش وێنەیەکی فۆتۆیی ئەفسانەییان دەدایـەوە، هـەزاران وێنـەو فیلمـی لـە ناواخنیـدا هەڵگرتبوو.

لەوساتەشــدا، ئــەو وێنــە پــڕ لــە شــارایەی بینییــەوە، مــوی جەســتەی راستبوونەوە، روانینی بـە جۆرێك هەتـەر دەدا وەك رۆحـی بکاتـە پـەرژینی ئـەو نەتەوەیـە، بـە چـاوی حەژمـەت و ژان و ئـازارێکی زۆرەوە بەتیـژی لێـی روانـی، بەبیرێکی خەففەوە وەك نیشانەی تۆفانیك بەرەو ڕوی رەنگیدایەوە، وێنـەی ئـەو پێشـهاتەی دەدایـەوە، چـەندین سـاڵ لـەوەو بـەر هەسـتی پێکردبـوو. هــەر لــە ســەرەتای شۆڕشــەوە لەگــەڵ رۆژنامەنووســێك ئــەو بــەراوردەی کــرد، بــەو پێشبینیەیشەوە بەو جۆرە موی جەستەی وەك دڕکـەزی بەرزبوونـەوە، ئـاپۆرای

تیشك و كەوتنە خوارەوەی رەنگەكان لە روخسارییەوە دیاریاندەدا، كاتێك ئەو بە پرسیاری وروژێنەر دەستی پێكردو بەوردی لێی دەڕوانی، ئەویش بە شـێوەیەكی سەرسوڕهێنەر مژێكی لە سیغارەكەی داو لەژێر پریشكی ئەستێرەدا لە جێگایەكی ئاوالآدا لە بناری چیایەكی بەرز، لەناو باخچەیەكدا دوكەڵی بەرزكردەوە، ئـەویش لەو دیمەنەی روانی و لەو ماندوبوونە زۆرەیـەوە بـیری دەكـردەوە، لـەو هێنـان و بردن و جێگە گۆڕینەی ئەو شەوە، دەیویسـت گەشـتی ناكاتـەی پێبكـات، هـەتا لەوانەوە ژان و ئازاری ئەو نەتەوەیە بزانێت، لە نیوەی شەودا لەوێوە جارێكی تر گەڕایـەوە بـۆ بارەگـا كاتیەكـەی لـە گونـدی هـیران، دوای ئـەوە سـەركەوتن بـۆ ئەشكەوتێكی تر، بەسەر دۆڵی خۆشناوەتیدا دەیڕوانی، پاشان هاتنەوە بـۆ ئـەو جێگەیەو لەو باخچـەیەدا دانیشـتن، ئەوكاتـە لـە بیرێكـی پەرشـدا نوقمبـوو، ئـەو هاوارەی بۆ شیكردەوە:

– هـەموو دڵنیاییـەك پێشـكەش دەكـەین، ئەگـەر ویلایەتـە یـەكگرتوەكانی ئەمەریكا مەرجی ئەوە بخاتە سەر كورد، هیچ دەست تێوەردانێك لـەناو ئێـران و توركیا نەكەین، پەیمانی شەرەف دەدەین پەنا بۆ هیچ وروژاندنێك نابەین، تـەنها جەنگ لەگەڵ عەبدولكریم قاسم دەكەین.

ئەو قسەیەی گرێكوێرەكانی بـۆ كـردەوە، ناچـاربوو هـەوڵی وروژانـدنی بـدات بەپرسیارێكی ئاگرین:

– شاعیران و فەیلەسوفان و دەوڵەتەكان لەبارەی داد پەروەرییەوە، هەروەها لەبارەی بەزەیی هاتنەوەو نیازپاكییەوە دەدوێن، بەڵام لە ژیـانی میللەتـدا تـەنیا هێز متمانەی لەسەر دەكرێت.

وڕەی تراكتۆرێك هاتوو دڕی بەهەموو دەنگێكـدا، بـە تیشـكی گڵۆپەكانیشـی شەوارەی خستە ناو گوندەكە، لەو كاتەدا دوو مژی لە سیغارەكەی دایەوە، پاش ئەوەی دەنگی تراكتۆرەكە خامۆش بوو، ئەو گرێیەی بۆ كردەوە:

– هـەروەكو بەلاتـەوە شـاراوە نییـە، ئێمـە لـە پێنـاوی ئۆتۆنۆمیـدا جـەنگ

دەکەین، وەکو هەموو میللەتانی تری جیهانیش مافی خۆمان هەیە.

بەوردی لە خۆی و لەوشەکانی ورددەبووەوە، لەوساتەشدا، بیری ئالۆزکاو پرسیارێکی لەلا دروستبوو، بە ناچاری قسەکەی پێبڕی:

– بەڕای من کاروباری دەرەوەو سەربازی لەژێر سێبەری ئۆتۆنۆمی کوردیدا دەبێت، دەوڵەتی عێراقی سەرپەرشتی بکات، کورد تێیدا بەشدار بێت.

لەو خاڵەدا پشتی ڕاکەی گرت، دوا مژی لە سیغارەکەی دایەوە، لەگەڵ کوژاندنەوەیەوە، ئەو بۆشاییەی بۆ پڕکردەوە :

– بەڵام کاروباری تر بە دەست خۆمانەوە دەبێت، دەربارەی پێشێلکردنی مافی کوردیش وەك گەلێك تاوان دەکەوێتە سەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە پێناوی کۆنترۆڵ کردن و سەپاندنی سەروەریاندا تەنیا بیر لە خۆیان دەکەنەوە، لەو نێوانەشدا میللەتانی بچوك دەپلیشێنەوەو هیچ مافێکیان نییە.

–ئێمە شتێکمان نەکردووە زیان بە کورد بگەیەنێت.

بەو قسەیەوە ئازارێکی زۆری چەشت، وەك ئەوەی گاڵتە بەو شێوازە خۆ بە پاك زانینەی ئەمریکا بکات، دەربارەی کێشەی کورد، بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– ئێوەش سڵ لەوە ناکەنەوە چەکی بدەنێ، ئەگەر عەبدولکەریم قاسم خۆی ڕەتی نەکاتەوە، عێراق دەیتوانی پەیماننامەی بەغداد بپارێزێت، چونکە ئەندامە، لەبەر ئەوە لێت دەپرسمەوە: ئایا دەتوانین یارمەتی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە بە دەست بهێنین؟.

– لە ڕاستیدا لەو بڕوایەدا نیم، چونکە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێران و تورکیا لە سەنتۆدا بەردەوامە، ڕێگەیەك نابینمەوە، لەبەر ئەوەی تورکیاو ئێران ئەو کارە بە غەدرو خیانەت دەزانن، ئەگەر هەوڵماندا بە شێوەیەك پشتیوانی لە دۆزی نیشتیمانی کورد بکەین.

بەو وەڵامەوە توشی لێکدانەوەیەکی چڕ هات و ئەو ساتەی بیرهاتەوە، بەو

مەبەستەوە چووە گوندی هاودیان، لە گەڕەکی ئاشوریەکان، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ماڵی رەیحانە شێخۆ ئەفسەری سوپای لیڤی ئینگلیزی مایەوە، چاوی بە کاپتن ستۆکس نوێنەری باڵیۆزخانەی بەریتانیا کەوتوو گفتوگۆی لەگەڵدا کرد، کاپتن ستۆکس سێ جار لێی پرسی:

– ئەگەر دەوڵەتی عێراق داوات لێبکات بۆ وتوێژ دەچیتە بەغداد؟

هەرسێ جارەکە بە گومانەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەگەر بەڕێزت بفەرمویت زەمانەتم بدەیتی بەڵێ دەچم .

کاپتن هیچ وەڵامێکی نەبوو.

لەو کاتەیشدا ئەو دیدارەی بەو مەبەستەوە کرد، دەیزانی کردەوەی دەوڵەت واتای جەنگیان تێدایە، ئەو ڕاستییەیان نیشاندەدا ماف کورد نادات، بەڵکو بە نیازە ئۆپراسیۆنێکی بەربلاوی سەربازی بە پاڵپشتی هێزی بەریتانیا جێبەجی بکات.

بەو بیرەوە ئاوێنەی بیرو روانینی تیشکی دەدایەوە، بەو لێکدانەوەیە رازی نەبوو، تۆڕێك بەڵگەو شیکردنەوەی هێنایەوە:

– ئەو یارمەتییە دەکرێت شێوازێکی نهێنی هەبێت، ئایا ناتوانن مەشق بە چەند گروپێك بکەن؟ ڕاستەوخۆ لە سنوری خانەوە ؟ یان بە چەکو تەقەمەنی و جلو بەرگ هاوکاریمان بکەن؟ ئایا هەر نەبێت ناتوانن بە پارە یارمەتیمان بدەن؟ ئێمەش یارمەتی ئێوە دەدەینەوە هەر کاتێك پێویستان بە ئێمە هەبێت، ئەوە بزانن بە لەناوبردنی عەبدول کەریم قاسم عێراق دەکەینە ڕاسترین هاوپەیمانی ئێوە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، دڵنیام لەکاتی جەنگدا پێویستیتان پێمان دەبێت.

بەو قسەیەوە کەمێك وەستا زەردەخەنەیەکی کردوو نهێنییەکی دەرخست:

– ئێوە ناتوانن ئێمە پشتگوێ بخەن و لە بەرژەوەندیشتاندا نیە.

شیمدت دەستی خستبووە ژێر چەناگەیەوەو بە پەشۆکاوییەوە لێیدەڕوانی، ئەویش بەدەم قسەوە سیغارێکی تری پێچایەوە، بە چەرخە نەوتینەکەی

دایگیرساندو ئاماژەی بۆ گەمەی رۆژهەلاَت و رۆژئاوا کرد:

– ئەم حیزبە هاوپشتی یەکیەتی سۆڤیەتە، ئەگەر ئێوە یارمەتیمان بدەن دەبینە هاوپشتی ویلایەتە یەکگرتوەکان و سودمەند دەبین بۆتان، ئەگەر ئەمەریکیەکان هەر لەسەر ئەو بیرکردنەوەیە بمێننەوە، تەنیا بەرژەوەندی تورکیاو ئێران ڕەچاو بگرن، ئێمەش پشتگوێ بخەن، لەوە نەپرسنەوە ڕۆلّەی گەلی کورد فڕێ دەدرێنە ناو بەندیخانەوە، چۆن بەروبوومی کشتوکالّیمان ئاگری تێبەردەبێت؟ تا چ ڕادەیەك پێویستمان بە هاوکاری پزیشکی هەیە؟ ئەوکاتە واتای تر دەگەیەنێت.

لەگەلّ ئەو وشانەدا، پیتەکانی وەك کلّۆی بەفر سپیان دەکردەوە و بەرەو زەمەنی ناوەختە دەگەڕانەوە، ئەو رۆژانەیان دەهێنایەوە بەرچاو لەرۆشناییدا نەدەسڕدرانەوە، بە چرکەو ساتەکانەوە گرێدرابوون، تەونێك بوون هەلّوەشاندنەوەیان بۆ نەبوو، بەو شێوەیە تالّ تالّ دەکشانو بە ئالاَی کۆماری مەهابادەوە تەونچن دەبوونەوە، وەك ئەو ساتەوەختەی بەبایەکی بەهێزەوە لەگەلّ بانگەوازی قازی موحەمەددا دەشەکایەوە، لەدوای ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان سانی هێزی گاردی سەرۆك کۆماری بینی و پاش ماوەیەك بێدەنگی پێی گوتن:

– سەرمان بلّندە پێتان و جێگەی شانازیمانن، ئێوە نمونەی خەباتی پالّەوانانەی کوردایەتین، سەد سوپاس بۆ خۆتان و سەرۆکتان مستەفا بارزانی بەڕێز.

بەو وێنەیەوە بە پەنجەی شایەتی رومەتی خوراندو لە ناخی خۆیەوە ئەو رابردوەی بەوساتەوە هاوکات کردەوە:

– یەکێتی سۆڤیەت ئالاَی کوردستانی پێ هەلّکردین و پشتی تێکردین.

بەو بیرەوە داچلّەکی و جارێکی تر لە ئاسمانی واشنتۆنی روانییەوە و بە گەرداوی تۆڕی شۆڕشی نەتەوەکەیەوە پەیوەستە بووەوەو چاوی بە قولاَیی

فەزادا هەتەر دەدا.

بە کەڤ شرینقەکەیشەوە لە فەزای ژوورەکەدا نووسینەوەی مێژوو لە تیشکی مانگە شەوەوە چاپدەبوونەوە، بە تەقینەوەی خۆرەوە واشنتۆنیان دەپێچایەوەو لەناو ژورەکەدا بە هەرەسهێنانی سەهۆڵبەندانی سیبریای روانینەوە لە کەفەکـەدا چاپدەبوونەوە، مەچەك و رەنگ و روخسارو جەستەی گۆڕابوون، وەك کەشتی ناو تۆفان لە گەردەلولدا دەسوڕانەوە، ئاوی شرینقەکە لە دەمارەکانیـدا هاتوچـۆیان دەکـرد، لـە روانینیـا سـڕابوونەوە، توشـی دودڵـی و گومـانێکی بێسـنور ببـوو، شرینقەکە پڕدەبووەوە، بە دەستی پزیشکەکەوە کەڤ دەکردەوە، وێنەی هـەزار رەنگـە لـە خوێنـدا ئاوێتـەدەبووەوە، چـینێکی سـیواخکراوی سـوریان نیشـان دەدایەوە، لە مێژوودا زیندودەبووەوە، بە نوکی خەنجەری ژەهراویـەوە دڵۆپـەی لاپەڕەکانی مێژوویان رەنگدەکردەوە، وەك ئەوساتەی بۆ یەکەمجار پێی خستەوە خاکی بارزان، چیرۆکی ئەو ماوەیـەی دەخوێنـدەوە، چـەندین سـاڵ بـوو بـەهۆی دەستبەسـەریەوە قاچـی لـەو خـاك و خۆڵـە دابڕابـوو، یەکـەم کەسـیش، خـۆی پێناساند، ئەو چینە خوێناوییەی بۆ کێشایەوە:

رۆژێك دوو پۆلیس هاتن، داوایـان لـە خـەلیل خۆشـەوی کـرد خـۆی بـدات بـە دەسـتەوە، ئـەویش هـەردووکیانی کوشـت، پاشـان بـە چـەکەکانیانەوە کەوتـە راپەرین، لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەران چەند هێرشێکی گـەمارۆ دەریـان تێکشکاند، عێراق ناچاربوو لەگـەل تورکیـا رێکبکـەوێت، بـەو پێیـەش جەندرمـە هاتنە ناوەوە، شۆڕشگێڕانیش لەناوچەی شیروانەو مزۆری پەرەیان سەند، دوایی بەرەو باکوری چیاکانی سەر سنور رۆیشتن، هەتا لە جەنگی چیای ژویلیدا، چوار شەوو سێ رۆژی خایاند، توانیان هەموو سوپای رژێم بشکێنن بە پەنجا کـوژراوو دیلەوە.

دوای ئەوە جەنگی چیای گۆڤەنـد قورسـاییەکی زۆر گـەورەی خسـتنە سـەر، خەلیل بە ناچاری کۆبوونەوەی بە جەنگاوەرانی کرد:

– ئەگەر بە تەنیابم و بشمرم ئەو رێگایە هەر دەبڕم، ئەوەی رێگای مردن هەڵدەبژێرێت با لەگەڵمدا بێت و ئەوی تریش با بڕوات.

بەو پێیە منداڵ و ژنو پەککەوتەی گێڕایەوەو خۆی و یارانی بەرەو سنوری سوریا کەوتنە رێ، چەندین جەنگی قورسیان کرد، خەلیل چەند نەخشەیەکی کێشا بە گەڕانەوەو چوونە ناوەوە، توانی هێزی سوپا سەرقاڵ بکات، رژێمیش بریاری مەلەکی لەسەر ناوچەی بارزان هەڵوەشاندەوە.

دوای ئەوەی هێزێکی باشی پێکهێنا، رژێم تووشی مەترسیەکی گەورەبوو، لە دەوروبەری گوندی دەشتانی، جەندرمەو جاش و سوپای عێراق هێزەکەیان گەمارۆدا، پاش پێنج رۆژ جەنگی دەستەو یەخەی خوێناوی لەو ئابلۆقەیە رزگاری بوو، بە دەیەها کەسیان کوشت، دوای ئەوە گەڕانەوە بۆ ناوچەی بارزان، چەندین جەنگی سەختی تریان توشهات، هەتا لە کاتی تێپەڕبوونیان بە گوندی باوان کەوتنە بۆ سەوە، هێزەکەش بوون بە دوو بەشەوە، بەمەش کەوتنە چەندین بۆسەی ترەوە، خەلیل لەناوچەی رێکانیان چووە ئەشکەوتێکی نزیك گوندی سوریان، دوای چەند مانگێك شوانێك بینینی، دوای ئەوە هێزێکی گەورە هێرشی بۆ هێنان، چوار دەوریان گرتن، هەتا دوا دڵۆپە خوێن جەنگان، بەشە دابڕاوەکەی تریش لە کاتی پەرینەوەیان لە روبارێکی ناوچەکە، روبەڕوی دەستەیەکی تری جاش بوونەوە، دو پێشمەرگە بە ناوی محەمەد بەنانیو تاهیر برینداربوون، تاهیر کەوتە ناو روبارەکەوە، ئەویش بە برینداری مایەوە، یەکێك لە هاوگوندییەکانی گەڕایەوە سەری و بەجێی نەهێشت، هەتا دوافیشەك بەیەکەوە جەنگان، ئەو کاتەیش جاش گەیشتنە سەریان، یەکێکیان بە خەنجەرەکەی بەنانی بە برینداری سەربڕی، ویستی هاورێکەشی سەر ببڕێت، پۆلیس گەیشتنە سەریان و خەنجەرەکەیان لێسەند.

لەو کاتەشدا، لەگەڵ پێ خستنەوەیدا بۆ ناوچەی بارزان لە بەردەمیدا ئامادەبوو، یەکەم پێشمەرگە ناونووسی کرد، ئەسعەدی خەلیل خۆشەوی بوو.

ئەو چیرۆکە تەزووی روداوێکی چارەنووس ساز بوو لەلای، لەدوای دەست بەسەری و دوورکەوتنەوەی خۆیدا، شۆڕش وەکو گڕێکی کلّپەدار هەر بلّێسەی سەندوە.

دوای ئەوەی رژێم نەخشەی بارزانییەکانی بۆ خوارووی عێراق کیشا، لە لێبووردنەکەیدا خەلیل خۆشەوی نەگرتەوە، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا قایمقامی موسلّو دارو دەستەکەی لەلایەن هێزی بارزانەوە دەستگیر کرابوون، هێرشی بەرقی بەگیش بۆ سەر بارزان دەستی پێکرد، پۆلیسێك ویستی رابکات، خەلیل کوشتی، بەمەش کەوتە گۆشە گیریەوە، لە گوندی بەنانی لە دامێنی چیای شیرین خۆی شاردبووەوە.

لەوساتەشدا، دلّۆپەی خوێن لەبەرچاویدا وەك ئەو کاتە یاریان دەکردەوە، لەگەلّ گزنگا هەلّدەبەزینەوە، جارێکی تر کوژاوەی وشەکانی ئەو مێژووەیان لە زەمەنی ناوەختەدا چاپدەکردەوە.

کەڤ شرینقەکەیش بریسکەی وێنەیان لەناو وێنەدا دەدایەوە، نووسینەوەی ئەو مێژووەی جارێکی تر لە تابلۆی بووندا دەنووسییەوە، رستە بە ڕستەی زنجیرەی شۆڕشێك رۆژانە لە گەردەلول و شەپۆلاوی زەریای بێئاماندا شورای لە خاکێکی بەر تۆفان و وەیشومەدا دروستدەکرد، کەفەکەیش تۆخ و تۆختر دەبوو، وێنەی ئەو زەمەنانەیان دەکێشایەوە، لە ئاسماندا چاپببوون، وەك تەلەسکۆبی هەسارەیی زەمەنی پاش و پێش دەکرد، وێنەی رووداوی زەمەنێکی دورو درێژی لەوساتە وەختەدا دەخستە سەر شانۆی روانینی بیرەوەریەوە، وەك تەلەسکۆبی فۆتۆنی گەردون تێکەلاّودەبوون، پڕدەبووەوەو بەتالّدەبووەوە، لە نیگایدا وەك کەڤ سەر لێوی وەلی نهێنی راستیەکانی بوون و نەبوونیان دەدایەوە، لەسەر کاروانی شۆڕشەوە مێژووی جیهانیان لە نامێژووی بیرەوەری زۆرو ستەمی جیهانەوە، لە توێکلّی داری دۆژەی رۆژگاردا دەنووسیەوە.

**(7)**

شوشەی پەنجەرەکە بە شێیەکی خۆخـوارد و تـەڵخی بـیرەوەری و زەمـەنی ئێستاو رابردو ئاینده ببوو، لـە فـەزاو نیشـتیمانێکەوە بـۆ زەمـەن و مێژوویـەکی دورو درێژ، بـوون و نـەبوون لـە یەکتریـدا دەتوانـەوە، پزیشـکەکەیش بـە رەنگـو روخسارو شرینقەکەی دەستیەوە گومانێکی سەرتاسەری لە ئـاوەژوو کردنـەوەی زەمەنـدا دەنوانـد، لـە زەریـای بێئامانـەوە توێشـاڵی خـوێن و گۆشـتی شۆڕشـی دەبینیەوە، بە تیشکێکی تێکەڵاوەوە نیگای ژەنەڕاڵیان دەپۆشییەوە، وەك ئـەو ساتانە بە فەزای واشنتۆنەوە دەلچکان، سەرلەنۆی بانگەشـەو هـاواری شۆڕشـی کوردیـان لـە ئاسمـانی ئەمـەریکادا چـاپدەکردەوە، وەك ئـەو چـرکە سـاتانەی دەزوی مەرگ رایەڵ دەبوون، نیشـتمان دەبـووە تـۆوی مەرگەسـات، بروسـکەی گڕو دوکەڵ گۆپکەو گەڵاو گوڵیان هەڵدەوەراند، گیان بۆ جەسـتە تـەریو دەبـوو، جەستەیش بـەدوای گیانـەوە لـە خـاك و خۆڵدا هەڵدەکشـا، وەك مـوروی ئـاودار زەنگی ئەو رۆژگارانەیان دەهێنایەوە، بە وشـەی مەرگـەوە تـۆوی نیشـانەیان لـە کێڵگـەی بێزمانیـدا دەچـاند، بـە زەنگـی مەرگەسـاتەوە شـیرەخۆرەیان ژێـر دەکردەوە، ئاسمـان بـەبۆنی وشـەی تـواوەی ئەوانـەوە تـەڵخ ببـوو، لـە دۆژەی

تێزابوو خەردەلدا خەفە ببوون، ئەو هەناسەو بانگەشە دەروونیانەی وشـە لێیـان تەریو دەبوو، ڕۆمانی نامۆییان لە دەرونـدا دەنووسـییەوە، وەك ئەوسـاتەی ئـەو دەزووە خوێناویانە بە بـای مەرگەسـاتەوە هـەوری خوێنینیـان لەتارانـدا باراند، قەڵەمی ڕەزم ئارا دڵۆپەی تیـادا دەکـردەوەو بڕیاریـدا فـەرمانی لـە سـێدارەدانی خۆیو هاوڕێکانی جێبەجێ بکات.

ئەو ساتە جیهان ببووە کلاَفەیەکی ئاڵۆزو لە نەتـەوەی کـورد دەبـوو بـەگرێ کوێرەی جندۆکەو کرانەوەی بۆ نەبوو، بـەو تاڵـە ئاڵۆزانـەوە، سـەیری ئاسمـان و زەویو دەوروبەری کرد، پەنجەی هەڵبڕی و بەتوندی وەڵامی دانەوە:

– بۆ ئازادیو سەربەرزی نەتەوەیەك دەجەنگین، هەرگیز لە مردن و سـێدارە ناترسین. کورد هەزارانی وەکو ئێمەی هەیە، کاروانی ڕزگاری ناوەستێت.

دوای ئــەوەی راوێــژی بەچــەند هاوڕێیــەکی کــرد، کتــوپڕ لــە ڕێــی ڕۆژنامەنووسانی بیانییەوە پەیوەندی بـە بـاڵوێزی ئەمریکیـەوە کـردوو چـوو بـۆ ماڵی عەقید سکستون پاشکۆی سەربازی ئەمریکی لە شـەمران، حـەوت میـل لـە تارانـەوە دوربـوو، لەسـەر ئـەوەیش ڕێکـەوتن دیدارەکـە بـە نهـێنی بمێنێتـەوە، کـاتێکیش گەیشـتە لایـان بـە جلوبـەرگی کوردەواریـەوە وەك پێشـەوای کـورد سـەرنجی هــەموویانی ڕاکێشــاو لــەناو پشــتێنە حەریریەکەیــدا، بــە دەوری کەمەریەوە بەسترابووەوە، خەنجەرێکی تێدابوو.

ڕۆژنامەنووسەکە بەدەم خواردنەوەی ساردەمەنییەوە بە مەبەسـتی تایبـەتی پرسیاری لێکرد:

– ئایا دەتەوێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە تاران بمێنیتەوە.

ئــەو پرســیارەی بــە کردنــەوەی گــرێ کــوێرەی کێشــەکان دەزانــی، بــە گەرموگوڕییەکی سۆزدارەوە کەوتە داکۆکی کردن لە مافی کورد:

– کـورد گەلێکـە وێنـەی شـوانەو ئاشـتی پـەروەرە، بـیر لـە دەسـتدرێژی و زەوتکردنی ماڵ و موڵکی کەسانی تر ناکەنەوە، تەنیا ئەوەندە دەخوازن وازیـان

لێبهێنن له ئاشتیدا بژین.

بەو قسەیەوە هەردوو دەستی تێکەڵاو کرد، پەنجەکانی ئاماژەیەکی ئاسۆ بەخشیان لێدەردەکەوت، بەو شێوازەوە بە زەردەخەنەیەکی گەشەوە، سیغارێکی پێچایەوە و لەگەڵ یەکەم مژدا پەنجەی بەرزکردەوەو ڕوی تێکرد:

– خودا پاشایەکی بێبەزەیی نەخۆش دەخات، پزیشك خواردنی مێشکی منداڵێکی بۆ دادەنێت، تەمەن و سیفەت و شێوەی دیاریدەکات، پیاوانی منداڵێك دەدۆزنەوە هەموو مەرجەکانی تێدایە، باوك و دایکی ڕازی دەبنو قازیش فتوا دەدات، کوڕەکە لە بەردەمی پاشادا پێدەکەنێت، ئەویش سەرسام دەبێت و پرسیاری لێدەکات، منداڵەکەیش بە شادمانیەوە چیرۆکی مەرگی خۆی دەگێڕێتەوە:

– لەبەر ئەوەی لەوڵاتێکدا لەدایك بووم پاشاکەی دەیەوێت بمرم، هەتا خۆی بژیو، لەناو خێزانێکدا لەدایك بووم، باوکم و دایکم دایانمە دەست قازیەك فتوای مەرگی بەسەردا سەپاندم، لەبەر ئەوە مردنم لەو بارە پێباشترە، وەك لەوەی لەناو خێزانو وڵاتێکی وادا بژیم، من بەختیارم بەوەی دەمرم.

بەو قسەیەوە نیگای هەڵفڕی، مژێکی تری لە سیغارەکەی دایەوە، بە شنەی باو شێی تەڕی فەزاوە، وەك چیرۆکێك لەناو باوە بێتە مێشکیەوە بەو جۆرە بەو ساتەوە پەیوەستەبووەوە، لەگەڵ تەمومژو هەناسەو کەشەی هەورەوە، بە پەڵەی خوێناوی جەنگ و کۆچی بارزانەوە بە شەپۆلی گۆڕانکاریەکانەوە بە شیشەیەکی نەبینی خوێناویەوە گیرسایەوە، کۆچێك لەهەورەوە بۆ باران و جارێکی تر دەبووەوە بە هەڵم و هەورو بەدەم هەورە گرمەوە دەباریەوە، وەك ئەو ساتەی لەسەرە ڕێی ئەو مەرگەساتەدا، بەر لە گەیشتنیان بە مەهاباد، قریشکەی ژنێك بەرزبووەوە، بەهەردوو دەستی کۆرپەکەی گرتبوو، لەسکیەوە دەهاتە خوارەوە، ژنان کتوپڕ شورایەکیان بۆ دروست کرد، چوونە ژێر باڵی و منداڵەکەیان پێچایەوە، ژنێك گرتییە باوەشی و شیری دایە، ئەویش تا ئەوساتە

له دووره‌وه له‌و دیمه‌نه‌دا خۆی ده‌خوارده‌وه، ئه‌وكاته‌یش هات و منداڵه‌كه‌ی گرته باوه‌ش، له نیگای وردده‌بووه‌وه، وه‌ك له گێژاوی ده‌ریایه‌كدا گێژبووبێت به‌و چه‌شنه به‌تاڵه ده‌زووی ته‌ونی گه‌رداوی جه‌نگ و خوێناوی بارزانه‌وه نیشته‌وه، وه‌ك ئه‌و ساته سه‌ربازێك له‌بن دارێكه‌وه به پرزه‌بڕاویه‌وه تلێسایه‌وه‌و له‌و مه‌رگه‌ساته‌دا نوقم بوو.

له تۆفانی جه‌نگی بارزاندا كڕێوه‌ی جه‌نگ سه‌ربازێكی روت و برسی خسته سه‌ر شانۆی جه‌نگ، له بندارێكه‌وه له‌ناو به‌فره‌كه‌دا تلایه‌وه، ئه‌وه‌یش دوای ئه‌وه‌ی هێرشی یه‌كه‌ی پێنج به‌ته‌واوی تێكشكا، یه‌كه‌ی چوار به‌بێ ئاگایی به دڵنیاییه‌وه پێشره‌وی كرد، كه‌وته تۆڕی ئه‌و نه‌خشه‌ی كاریگه‌ره‌ی، ژه‌نه‌ڕاڵ بارزانی كێشابووی، دوای سه‌ركه‌وتنێكی گه‌وره بیست پێشمه‌رگه‌ی نارده بناری چیای ئاكرێ، بۆ ئه‌وه‌ی له بناری رۆژئاوای باكوردا بۆسه بنێنه‌وه، له‌گه‌ڵ ده‌سته‌یه‌كی بیست كه‌سیشدا له بناری چیای (پێرس)دا خۆیان حه‌شاردا، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌شتی نه‌هله به‌شی باشووری به چیای ئاكرێ داپۆشراوه، چیای پێرسیش له باكوریه‌وه سێبه‌ری بۆ كردووه، هۆزی سورچیو زێبارییش رۆژهه‌ڵاتو رۆژئاوایان لێگرتووه، به‌م ته‌لیسمه جوگرافییه‌وه هێزه‌كه‌ی تریشی له گۆمه‌شیندا هێشته‌وه، فه‌رمانی پێدان ته‌قه نه‌كه‌ن و رێگا به هێزه‌كه بده‌ن هه‌تا به‌ره‌و باكوور تێبپه‌ڕن.

كاتێك هاتنه پێشه‌وه به ته‌قه‌كردنی هێزه‌كه‌ی بناری چیای پێرس رویان كرده‌وه دواوه، له‌م كاته‌دا هێزه‌كه‌ی تریش لێیان هاتنه ده‌ست، به‌مه‌یش سه‌ریان لێشێواو ناچار رویان كرده رۆژهه‌ڵات، له گۆمه‌شینیشه‌وه رێگه‌یان پێگرتن، ناچار به‌ره‌و به‌ری باشوور هاتن و له‌وێش توشی ته‌قه‌بوونه‌وه، سه‌رئه‌نجام به شپرزه‌ییه‌وه له‌و شۆێنه‌دا گه‌مارۆ دران.

دو رۆژ دوای ئه‌وه ئه‌و سه‌ربازه له هێزه‌كه‌ی جیابووه‌وه، به‌ره‌و چیاكه هات هه‌تا خۆی بدات به‌ده‌سته‌وه، له برسا ره‌نگی زه‌رد هه‌ڵگه‌ڕابوو، به‌ده‌م

ڕێکردنـەوە بـەملاولادا دەکـەوت، قاپوتەکـەی بەتـەواوی بەتـەڕی قـورس ببـوو، دایکەندو فڕێیدا، لەتاو سـەرمایش ددانـی چـیڕکەیان دەهـات و لەسـەر بەفرەکـە بێزمان کەوت، پێشمەرگە گەیشتنە سەری، کتـوپڕ قـاپوتێکی سـەربازیان کـردە بـەری، ئاگرێکیـان بـۆ کـردەوە و دور دایاننـا، نانیاندایـە هـەتا هۆشـی هاتـەوە سـەرخۆی، پـاش ئـەوەی زمـانی کرایـەوە، وردە وردە کەوتـە قسـەو باسـی سەربازەکانی هاوڕێی گێڕایەوە:

– ئەگـەر بێتـو فریایـان بکـەون زۆر کـارێکی باشـدەکەن، هیچیان جـەنگیان ناوێـت، بـەزۆر هێنـراون و فەرماندەکـە ناهێڵێـت خۆیـان بـدەن بەدەسـتەوە، هــەموویان برســین، قەراغــە نانیشــمان نــەمابوو، لــەوەدابووین ئــاڵای ســپی بەرزبکەینـەوە، ئەگـەر تاچـەند کاتـژمێرێکی تـر یارمـەتیان پێنـەگات هـەموویان خۆیان بەدەستەوە دەدەن.

بـەو شـێوەیەش هـەتا سـێ ڕوژ لـەو جێگەیـەدا چـوار دەوریـان گـرتن، هـیچ دەرفەتێکی رزگاربوونیان نەبوو، هەتا سورچییەکان شەو بە سێ سـەد چـەکدارو باری کاروانێك هیستر ئازوقەیان پێگەیاندن و رزگاریان کردن.

ئەو ناپاکیە لەلای بوو بە ئاگرێکی ناوەختە، ساتێك بە چیلکەیەك خـەتی بـە بەفرەکەدا هێناو بیریکردەوە، ئەوکاتەی بیرهاتەوە، لەدیوەخانی مامەنـد ئاغـای کۆلێج دانیشتبوو، کاتێك دوا پاروی خسـتە دەمییـەوە، قـەرەنی ئاغـای مامـەش هاتو هەواڵی راکردنەکەی بۆ باسکردەوە:

– دەوڵەتی مەلیکی خەلاتێکی گەورەی بە بڕی پەنجا هەزار دینار دانـاوە بـۆ هەرکەسێك مەلا مستەفای بارزانی بە زیندویی یان مردویی بدات بە دەستەوە.

بەو هەواڵەوە زەردە گرتی، بەدەم دەست سڕینەوە تەوقەی لەگەڵدا کرد:

– کاکە مامەند ئەم هەلە لە دەست خۆت دەرمەکە تکایە.

ئەویش سەری دانەواند و دەستی خستە سەرسنگی:

– ئەو کەسەی بارزانی بگرێت هێشتا لە دایك نەبووە.

بەو قسەیەوە هەستا، لە ژوورەکە هاتەدەر دەستنوێژی گرت و نوێژەکەی کرد، دوای ئەوەی چای خواردەوە تفەنگەکەی بە دەستەوە گرت و لەگەڵ ڕێبەرەکانیدا خۆی بە قوڵایی شەپۆلەکانی جیهاندا کرد.

بەو بیرەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، خەتێکی تری بە بەفرەکەدا هێناو چیلکەکەی لەسەر چەقاند:

– ئەوانە دڵسۆزو خۆشەویستی باوکی گەورەم شێخ مەحمودی حەفیدبوون.

ئەوەی گوت بە بیری ئەو تاوانەوە ئاگر بەرچاوی گرت، لە دڵەوە بڕیاریدا نەخشەیەکی گەمارۆدەر بکێشێتو ڕەوتی جەنگەکە بگۆڕێت، بەجۆرێك خەڵکی ناوچەکە سەریان لێبشێوێت، بەو مەبەستەیشەوە هێزە ئامادەکەی خستە جوڵە، بەهێزێکی زۆرەوە ڕۆژی دوایی گەیشتنە گوندی گومش، لە نێوان چیای ئاکریو چیای پێرس، ئەم گوندە سیو پێنج کیلۆمەترێك لە خواروی بارزانەوەیە، هەتا ئەو هێرشە بەربڵاوە تێکبشکێنێت، ڕژێم بە ڕێکخستەوەی سوپاوە کەوتە خۆئامادەکردن، ئەو نەخشەیەیش بەجۆرێك بوو، هەتا گەمارۆیان بدات، بۆ ئەوەیش چل پێشمەرگەی هەڵبژاردەی بەسەر چوار دەستەدا دابەشکرد، شەو بەرەو سنوری ئاکرێ بەڕێی کردن، هەتا هێرشی یەکەی پێنچ تێکبشکێنن، پلانی هێرش و بەرگریشی بۆ دانان، لە کاتژمێری سفردا هەر پێشمەرگەیەك چوار فیشەك بتەقێنێت، پاشان تەقە بووەستێنن، دوای نیوکاژێر چوار فیشەکی تر بتەقێنن، ئەوسا بگوێزنەوە بۆ پشت گوندی گومش.

ئەم نەخشەیەبووە هۆی ئەوەی یەکەی چوار لە ڕۆژی دیاریکراودا هێرش نەکات.

یەکەی پێنجیش بەیانی ڕۆژی دوایی لە قۆڵی ڕەواندوزەوە بە تەنیا دەستی بە پێشڕەوی کرد، هێزی بارزان زیانێکی زۆریان لێدان، فەرماندەی یەکەکەش کوژرا، پەنجا تفەنگ و سی ڕەشاشی جۆراوجۆرو بیست سندوق فیشەك و بێتەلێکو دو هاوەن و کومەڵێك نارنجۆکی دەستی گیران.

ئەو شێوازە تێکەڵاوەی جەنگی پارتیزانیشی هەر لەسەرەتای یەکەم جـەنگی بارزانـەوە پـەیڕەو کـرد، بـەو پـلان و بیروبـاوەڕە بەرزەیشـەوە لیژنـەی ئـازادی ڕاگەیەنـدرا، لەلایـەن هـەموو جـەماوەری کوردسـتان و قوتابییـان و فێرخـوازانی زانستگاوە پشتیوانی لێکرا.

ئەمەیش ترسی خستە دڵی دەوڵەتەوەو تووشی گێژاوێکی گـەورە هـات، بـەو هۆیەوە لە مانگی مارسدا لەلایەن حزبـی هیـواوە هـەواڵیان پێـدرا، تیپـی چـواری سوپای عێراق گەیشـتۆتە باپشـتیان، ڕۆژی پێنجـی مـانگ هێـرش دەکاتـە سـەر ناوچەی بارزان.

بەو نەخشەیەوە بارزانییەکانی بـۆ بـەرەڤانی ئامـادەکرد. هێڵـی پێشـەوە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە شـێنەو ناوچـەی مێرگـە سـورو برادۆسـت بـوون، هێڵـی پێشـەوەی ڕۆژئاوایش ناوچەی ئامێدی و ڕێکانی بوون.

دوای ئەوەی لەگەڵ هەموو فەرماندەی هێزی پێشمەرگەدا کۆبووەوە، پاشان دەستی کرد بە گەڕان بۆ ناوچەی دهۆك و ئاکری و شنگارو شـێخان و ڕەوانـدزو کۆیەو ڕانییەو هەڵەبجەو خانـەقین، بـە مەبەسـتی ئاگـادارکردنی هـەموو سـەرۆك هــۆزی ناوچـــەکانی تـــر، ڕەزامەنـــدی هـــەموویانی بەدەســـتهێنا، لـــە کـــاتی گەڕانەوەییشـیدا نامەیـەکی لـە پارێزگـاری هـەولێرەوە پێگەیشـت، مـاوەی سـێ ڕۆژی بۆ بەدەستەوەدانی خۆی و سەرۆك هۆزەکان بۆ دانابوون.

بەو ئاگاداریەوە، بە شەست پێشمەرگەی هەڵبژاردەوە بـەرەو بـەرەی ئـاکری بەرێکەوت، ڕۆژی دوایی لەژێر بۆمبارانی فڕوکەدا لـە زێیەکـە پەڕینـەوە، دوای دو ڕۆژ، محەمەد ئاغای زێباری بە خۆی و چل چەکدارەوە گەیشـتنە لایـان و بـەرەو چیای پێرس بەرێکەوتن، لەبـەر ئـەوەی چـیای پێـرس بـەرز و چـرە نزیکـەی دو هەزارو پێنج سەد پێ لە ئاستی دەریاوە بەرزە، بیسـت و چـوار کیلۆمـەترێك لـە بارزانـــەوە دوورەو باشـــترین جێگـــەی جـــەنگی باشـــوری بـــارزان و بزســـینایە، بارزانیش گوندێکی هەڵکەوتەی بێشە شێرانەو مێژوویـەکی قـوڵی لـە خـۆڕاگری و

یــەکگرتویی هەیــە، رەچــەڵەکی میرەکــانی ئامێــدین، لەســەر بــەرگی چــەند پەرتوکێکی حوجرەدا نووسرابوونەوە:

(مەلا مستەفا کوڕی شێخ محەممەدی شێخ عەبدولسـەلامی مـەلا عەبـدوڵڵای مەلا محەممەدی عەبدولڕەحمانی مەلا تاجەدینی عەبدولسـەلامی شـێخ سـەعیدی شێخ محەممەدی مەلا ئەحمەدی عەبـدولڕەحیمی سـەعیدە، یـەکێکیان بـە نـاوی مەسـعود واز لـە ئـەمیری دەهێنێـت، لـە داوێـنی شـاخەکانی زێبـاردا شـەوو ڕۆژ خەریکی خوا پەرستی دەبێت، هەتا لە جـەنگی جیهـانی یەکەمـدا بـە رابەرایـەتی شێخ عەبدولسەلام دەستدەکەنەوە بە شۆڕش).

لــەروی جوگرافیشــەوە گونــدێکی بــەرز و کوێســتانیە، دەکەوێتــە ناوچــەی زێباری باکوری رۆژهەڵاتی موسڵ، بە سنووری ئێران و تورکیـاو عێراقـدا دابـەش بووە، بەهۆی نەبوونی زەوی کشتوکاڵی تیایـدا، خەڵکەکـەی لـەڕێی ئاژەڵداری و گرتنی شیلەی داری قەزوان و کەتیرەو ڕاوچێتیەوە باری ژیانیان هەڵدەسـوڕێنن، بەم پێەش جێگەیەکی گونجاوە بۆ جەنگ و روبەڕوبوونەوە.

بەو جۆرەیش چوو بۆ چیای پێرس، لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەدا سـەنگەریان لێدا، نەخشەیەکی کاریگەری دارِشت هـەتا سـوپای دەوڵـەت بخەنـە نـاو تۆفـانی جـەنگو ئەفسـانەی ناوچـەییەوە، لـەناو سـەنگەردا بـە دوربـین سـەیری دەکـرد، چاوەڕوانی سەرکەوتنێکی گەورەبوو.

بەو هیوایەوە مایەوە، هـەتا لـە ناوەختـەو کتوپڕیـەکی چاوەڕوان نـەکراودا، هۆزی سورچی و بەرواری و شێرخانی و دۆسکی و زێباری، لەگەڵ هێزی عێراقـدا رێکەوتن، بە پاڵپشتی بۆردومانی بیسـت و پێـنج فڕۆکـەو تۆپبـارانی تۆپخانـەوە دەستیان بە هێرشێکی فراوان کرد، دوای زنجیرە جەنگێکی خوێنـاوی نەخشـەی گەڕانــەوەی دانــا، بەدوســەد پێشــمەرگەوە لــە کانیــەڕەش وەســتاو ئاگــاداری هێزەکەی چیای پێرسـی کـرد، بـە تـاریکی شـەو بگەڕێنـەوە لـە چیـای شـێریندا دابمــەزرێن، هــەتا هــەموو خیزانــەکان هــاتن، لــەژێر بۆردوومــانی فڕۆکــەدا لــە

کێلەشینەوە ئەودیوی سنوربوون، بە پروشەی بەفرو تەقینەوەی بۆمباو گوللە تۆپ و دەستڕێژەوە، جەستەی ژن و منداڵ دەکەوتن، کرێوە دڵۆپە خوێنی لەتەمی فەزاکەدا دەبەست.

منداڵەکە گریا، بە جۆرێك بەدەم ئەو ژانەوە دایچڵەکاند، جەستەی لەرزی و ئەو بیرەی پچڕاند، لەوساتەشدا، ئەو موچڕکەیە گرتییەوە، بۆن و بەرامەی ئەو ساوایەی بە تێکەڵی بۆنی کۆچ و دووکەڵی سیغارەکەیەوە هەڵدەمژییەوە، بەو بیرەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو لێی روانییەوە، ئەویش بەو گۆشەنیگایەوە خۆشحاڵی خۆی بۆ دەربڕی:

– گومانم هەیە ویلایەتە یەکگرتوەکان نزیکی چوار هەزار میل لە ئێرانەوە دورە، توانای ئەوەی هەبێت هاوکاریتان بکات، ئێمە ناتوانین لە کاروباری ناوخۆی ئێران بەرپرسیار بین.

مژێکی تری لە سیغارەکەی دایەوە، بیرەکەی بە روانینێکی فروانەوە تێکەڵاو کرد:

– متمانەم بە بەڵێنی ئێرانی نییە، وای دەبینم ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێت کاریگەریەکی گەورە لەسەر ئێران دروست بکات، بەوەی دەتوانێت یارمەتی بۆ تەرخان بکات، یان لێی بگرێتەوە، یاخود بە شێوازێکی تر ئەگەر ئارەزوی هەبێت.

– ئەنجامگیری تۆ شتێکی سروشتییە، ئێمە دەتوانین گوشارێکی گەورە بخەینە سەر ئێران، ئەگەر بە کردەوە نیازمان لەسەر ئەوە هەبێت، ئەوانیش بە دەوری خۆیان ڕق خەڵدەگرنوو لێمان دەوروژێن .

– دەرەتانی ئەوە نییە کورد و ئێرانییەکان بە ئاشتی و تەبایی بژین، لەبەر ئەوە پەسەندترین ڕێگە چارە بۆ کورد ئەوەیە ئێران بەجێ بهێڵین.

– بیر لەکوێ دەکەیتەوە بۆی بچیت ؟

– حەز دەکەین بچین بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان.

بەشادییەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەمە بەڵگەی ڕێزێکی گەورەیە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەستەمەو ڕێگای جێبەجێ کردنی تیادا نابینم، ئەگەر کورد بشگەنە سەر بەندەرێکی ئاوی، زەحمەتە بتوانرێت دەڤەرێکی هاوشێوەی تیادا بدۆزرێتەوە کورد ژیانی پێوە ڕاهاتووە، سەرەڕای ئەوەش گێروگرفتی ئەو بڕە دراوە زۆرەی کارەکە پێویستی پێی دەبێت و بە دەستهێنانی یاسایەکی تایبەت بە کۆچ کردنیش لەلایەن کۆنگرێسەوە و دابین کردنی زەوی و زاری تەواو و شتی تریش.

کەڤ شرینقەکە بە جێگری قاچی پزیشکەکەوە کاڵدەبووەوە، وەك هەورێکی دەم بایەکی تەزیو دەردەکەوت بەرەو رۆژهەڵات بکشێت، تیشکی خۆر تیایدا دەردەکەوت و دەشارایەوە، سەرنجەکەیش پڕدەبووەوە و بەتاڵدەبووەوە، لە نێوان پڕی و بەتاڵیدا چاوشارکێی گومانی مەرگی دەسازاند، لەوساتەشدا، هەنگاوی پزیشکەکە بە رەنگو دیمەنی ژورەکەوە، جوڵەی بە شرینقەکە کردەوە، کەفەکەی هەڵدەکفا، وەك ئەو روانینەی لە ئاوارەیی واشنتۆندا رۆژانە وەك تەون دەیپێچایەوە، بە هەناسەیەکی قوڵ و بێهیواییەوە لە وڵاتانی رۆژئاوای دەڕوانی.

ماوەیەك بوو بەو وێنە تەڵخانەوە چاوی هەڵدەبڕی و لە فەزای واشنتۆنەوە لە تۆڕی نهێنی ورددەبووەوە، وەك تاڵە دەزوو روانینیان پۆشی بوو، رۆژانە لە پەیوەندیو وردبوونەوە و گەڕاندابوو بەدوای نهێنی و ونبوو سڕاوەدا، لە کۆتاییشدا کۆمەڵێك بەڵگەنامەی لیژنەیەکی سەر بە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی بینیەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی شۆڕشی کورد تەرخانکرابوون، ئەوەیش ئازارێکی زۆری پێ بەخشی و بە هەناسەیەکی ساردەوە ئەوەی بۆ هاوڕێکانی شیکردەوە:

– ئەو بەڵگەنامانە ئەوەیان بۆ ڕون کردینەوە، ڕەزامەندی ئەمریکا لەسەر کێشەی کورد بابەتێکی ڕەمزی بووە، بۆیە لە دۆزی کورد هاتنە پێشەوە هەتا

هەڵوێستی خۆیان ڕابگەیەنن، هەتا هاندەرێکیش بێت شا دەستبەردارمان نەبێت.

لەو کاتەیشدا وەزارەتی دەرەوە دۆسکیان بانگکرد، سەبارەت بە چۆنییەتی ئەو مەرجانەی بۆ مانەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە ئەمریکا دیاریدەکرێن:

– بەهۆی بارودۆخی تایبەتی هەڵبژاردنەوە نابێت لەگەڵ میدیاکاندا وتوێژ بکات.

هەر ئەوکاتەیش یاداشتنامەیەکی بۆ یوئێن نووسی و تاوانی بەعسی تیادا شیکردەوە، لەو کاتەی قەڵەمەکەی خستە سەرکاغەزەکە، کەوتە بیرێکی قوڵەوە، گومانێکی گەردوونی پێچایەوە، وەك گەردەلول جەستەی بە دەواری بیرەوەریەوە بەوساتانەوە لولدا، کەشتی تۆفانی بزوتنەوەکە لەناو زەریای بێئاماندا دەسوڕایەوە، هێزی پێشمەرگە دەشتاییان لە سوپا کردبووە چیاو، شاخ و کێویان گۆڕی بوو بە شەپۆل، بە ناچاری وەك گەڕۆك هاتن بۆ گفتوگۆ، دوای ئەوەی بەهۆی قوتابییانی دانیشگای بەغدادەوە پەیوەندیان بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد، ژەنەڕاڵ تاریق فەرماندەی هێزی ئاسمانی عێراق بە نوێنەرایەتی پارتی بەعس بە هێلیکۆپتەرێك هات و لەناوپردان دابەزی، دکتۆر مەحمودو فەرەنسۆ هەریری پێشوازیان لێکرد، دوایش لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانیدا کۆبووەوە.

لەو کاتەشدا هێرشی بەربلاَو و بێوێنەی سوپا هێزی پێشمەرگەی خستبووە ژێر پاڵەپەستۆوە، بەهۆی زۆری هێزی سەربازییەوە چەند سەرکەوتنێکی کتوپڕیان بەدەستهێنا، سەرەتا شاری کۆیەیان گرت، دوای ئەوە لەهەموو هێرشێکیاندا بۆ کۆنترۆڵ کردنی سنورەکان شکستیان هێنا.

بەو جموجوڵە سەربازیانەوە کەوتە هەوڵدانی فراوان، چەندین کۆبوونەوەی بە فەرماندەو هێزی پێشمەرگەو جەماوەر کرد.

لەبەر ئەوەیش شۆڕش پلانێکی نوێی دانا، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەو

دەوڵەتــە ڕۆژئاواییانــە، کۆمپانیــای بەرهــەمهێنانی نــەوتیان هــەبوو، بڕیــاری هێرشێکیدا، بۆ ئەم مەبەستەیش سامی عەبدولرەحمان کرایە فەرماندەی هێـزی پێشمەرگە، باری سەد هێستر تەقەمەنی، شەش هاوەن و دوو سـەد گوللـە تـۆپ بوون، گەیەندرانە شوێنی دیاریکراو، لە کاتـژمێری سفردا تۆپبـارانی کۆمپانیـای نــەوتیان کــرد، ئێزگــەی دەنگــی کوردســتان هــەواڵی ئــەو قارەمانێتییــەی بڵاوکردەوە:

– هێزێـك لـە پێشـمەرگە قارەمانـەکانمان نەخشـەی هێرشـێکیان ئەنجامـدا، توانیان هێڵی سوپا تێبپەڕێنن، لە کاتژمێر هەشـت و چـلوحەوت چـرکەی شـەوی یەکـەمی مارسـدا سـەد گوللـە هاوەنیـان گرتـە جێگـەی دیـاریکراوی کۆمپانیـای نـەوتی کـەرکوك، بـە دەیـان سـیخوڕو سـەربازی هێـزی تایبـەتی ڕژێـم کـوژران، زیـانێکی بـێ سـنوریش بـە سـەربازخانەو کۆمپانیـا کـە گەیشـتووە، بـەبێ هـیچ بەربەستێکیش گەڕانەوە ناوچەی ئازادکراو.

دوای ئـەوە هـەواڵی جیهـانیش زیانـەکانیان دەرخسـت، بـە چـەندەها ملیـۆن دۆلارو لـە سـەدا حـەفتایش دابـەزینی بەرهـەم هێنـانی نـەوتیان لـە مانگێکـدا خەملاند.

بـەو تەلیسـمەوە قـولایی چـاوی خسـتبووە سـەر کاغەزەکـە، لـەو کاتـەدا کاتژمێری دیوارەکە زەنگی لێدا، ئەو بیرەی پچڕاندو نامەکەی نووسییەوە:

– ڕژێمی بەعس قەلاچۆی گـەلی کـورد دەکـات، پـتر لـە سـێ هـەزارو پێـنج سەد گوندی کوردستان، بەهۆی کۆچو سوتاندنی ماڵەکانیان، پاکسازی کـراون و ناچارکراون بەوەی هەموو ناوچەکە بەجێبهێڵن و جیهانیش بێدەنگە.

ئــەو ئازارانــە لــە ئاوارەییــدا وەك پەڵــە گرتییــەوە و ڕۆژ بــەڕۆژ پــەرەیان دەسەند، بـەردەوام حـەزی لـەگوڵ و گـوڵزار و بـۆنی خـۆش و باخچـەی خـەیاڵی هیــواو ئــاوات بــوو، بــۆنی بــە گــوڵی بۆنخۆشــەوە دەکــرد، پــڕ بەسـیەکانی هەڵیدەمـژی، شـێوەی چـیاو شـاخ و کێـوی دەهێنایـەوە بەرچـاوی، بـۆنی لالـەو

بەیبوونو ڕێحانەو نێرگزو گوڵە شەوبۆو لاولاوو نەعناو داری بنێشت و چوالەو قەزوانو هەنارو هەرمێ و قۆخ و سێوو گوێزو ترێ و هەموو بۆنێکی ترەوە دەکردەوە، وەك جاران هەڵی دەمژینەوەو رووی لەو جیهانە وێنەییە دەکردەوە، ئاواتی دەخواست جارێکی تر ئەو سروشتە ببینێتەوە، لەوەوە ئەو تارا سورەی دەدییەوە، رۆژانە بەسەر سروشتی ناوازەی کوردستاندا دەکشا، دەیان جار ئەو شێواوییەی لە دەستی دڕندەیی رژێمەوە دەبینیەوە.

جارێك بەو چەشنە چووە ناو باخێکەوە گوڵ و گەڵاو لاسك سوتابوون، دارو درەخت سور ببوون، دەست و قاچ هەڵدەبەزینەوە، فڕۆکەی جەنگی بەبۆمبا شایی ئەو گوندەیان سور کردبوو، بووك و زاوا لە خوێناودا شەلال ببوون.

ئەو دیمەنانە رۆژانە لە نامەو هەواڵ و ئێزگەوە دەردەکەوتن، جەستەی دەکەوتە سەر شەرای مەرگ، جارێك بە بروسکەیەك گیانی یەکهاتەوە، جەستەی کەوتە سەر خرۆش، کاتێك دەیخوێندەوە فرمێسك بەری چاویگرت:

– پێشمەرگەیەك هەجیجیەکی گەڕۆکی کوشتووە، کەلوپەلو وڵاخەکەی بردوەو چۆتە ناو رژێمی بەعسەوە.

ئەوە کاریگەری خستە سەری، وێنەی هەجیجیەکانی خستەوە بەرچاو، بۆ بژێوی ژیانیان کاڵاو شمەکیان لەو شارانەی ئێران دەکڕی، دەکەوتنە سەر سنور، بە وڵاخ بە گوندو ئاوەدانیدا دەگەڕان و بە هاوڵاتیانیان دەفرۆشتەوە، دەچوونە هەر گوندێکەوە شتەکانیان لەبن دارێکدا دەکردەوە، وردو درشت تێیدەئاڵان.

جارێك بەو جۆرە هەجیجیەکی بینی، بۆنێکی خۆش بەسەریدا هات، دوو سندوقی کردبووەوە، پڕبوون لە دەرزی و مستیلەو عەترو شانەو ئاوێنەو هەموو کەلوپەلێکی تری پێ بوو، گونیەیەکیشی راخستبوو، مشکی و جامانەو کڵاوو لەچکو قوماشی لەسەر دانابوو، خۆیشی لەسەر دۆشەکڵەیەك دانیشتبوو، پارەی وەردەگرتو، شتی دەفرۆشت.

بەو روانینەوە لێی چووە پێشەوە، جامانەو موکێش و شوشەیەك عەترو دەستەسڕێکی لێکڕی، بۆنێکی خۆش بەسەریدا دەهات، ساتێك بە دیارییەوە دانیشت، ئەوسا ڕۆیشت.

لەوساتەیشدا بەو بیرەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشاو لە دیمەنێکی نامۆدا ماتبوو. ماوەیەك بوو ئەو بۆنە دەیگرتەوە، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشی ئێرانیشەوە وەك بۆنی کراسی یەعقوب پێچایەوە، بەو خۆشی و ئاوازە دڵ فڕێنەوە تەلەگرافێکی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشەکە نارد، لایەنگری و پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕی، دوای ئەوەیش هەوڵی تەواویدا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لەبەر ئەوەی لە ئەمریکاو چارەنووسی نەخۆشیەکەیشی نائومێدبوو، دوا رازی خۆی بۆ هاوەڵانی دەربڕی:

– هەموو توانایەکم ئەوەندەیە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، دوای نەخۆشیەکەیشم ویستم ڕاستەوخۆ بێمە واشنتۆن، هەتا موحەممەد دۆسکی ببینم، سەرنجی سیناتۆری هیندی، ئم هێکین و ریچارد ئیستۆد و هەروەها جۆرج هینی بەرپرسی فیدراسیۆنی ئیشوکاری ئەمەریکای راکێشابوو، ئەوانیش کاریان کردبووە سەر گۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەسازیەکانی ئەمەریکا، هەتا هاوکاری بزوتنەوەی گەلی کورد بکەن، ویستم ئەو دۆستانە ببینم، هەتا بتوانن بە نهێنی کارێك بۆ کورد بکەن.

پزیشکەکە بە سیمای ئەفسانەیی و شێوازی نامۆییەوە لەگەڵ کەفی شرینقەکەدا تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەییان لە نیگایدا دروست کردبوو، ڕۆشنایی لە گێژاوی دودڵیو گومانو ڕاڕاییدا کەوتبوونە سەر شەپۆلی بیرەوەری، هەستی دەکرد شرینقەکەی لێنەدرابێت، شوشە بەتاڵەکەیش خستبوویە شەپۆلی پرسیاری سەرسوڕهێنەر، بە دیمەنی ژوور و فەزای زەمەنی ناکاتەیی واشنتۆنەوە تێکەڵاودەبوون و، وشەو رستەی ڕۆمانێکی مێژووییان لە زەمەنی ناوەختەی نامۆبووندا دەنووسییەوە.

## (8)

شوشـەی پەنجەرەکـە شـێیەکی تـەڵخی ئەفسـوناوی گرتبـوو، بـە تەزویـەکی دڵتەزێنی بیرەوەرییەوە بە گوێیدا دەهاتن و لەگەڵ کەشو رەنگ و بوون و تـامی تفـتی بـیرەوەری کارەسـاتەکاندا تێکـەڵاودەبوون و وەك ئـەو سـاتانە رەنگیـان دەدایـەوە، مۆسـیقای دڵتــەزێنی جــەنگ لێــدەدرا، وەك ئــەوەی جــارێکی تــر جــەنگێکی گــەردونی لەیــەك چــرکەدا لــە فــەزای ئــەو ژوورەدا لــە بیرەوەریــدا دوبارەببێتەوە.

ئەو هاوارو رەنگە تێکەڵاوانە شریتی رابردوویـان بـە بەرچـاویدا دەهێنایـەوە، بـیری لەهــەموو سـاتەوەختەکان دەکـردەوە، ئـەو زەمەنـە خوێناویانـەی لەسـەر نەخشەی کوردسـتان تەونچـن دەکـرا، هـەموو نامـەو لاپـەڕەی رۆژنامـەو گـەڵای وەریویــان نیشــاندەدایەوە، لەوساتەشــدا، وەك کــارگێکی دەســتکرد لـــەو کەشێتییەوە وێنەی ئەو گەڵایانەیان نیشاندەدایەوە، بەسەر تەرمێکـەوە گرمۆڵـە ببـوون، لەگـەڵ هەڵدانـەوەی لاپـەڕەی دەفتەرێکـەوە، بـەدەم شـنەی بایەکـەوە خشە خشێکی سەرسوڕهێنەر لەسەر تەرمەکەیەوە تێکەڵاوی کەشێتی دارسـتانی چـیاکە دەبوونـەوە، لەوساتەشـدا، پێشـمەرگەیەك لەسـەر تەرمەکـە وەسـتابوو، دەمانچەیەکی پەرەبیلی بەدەستەوەبوو، بەرزی کردەوە:

– ئەز بەنی ئەوە هی ئەو فەرماندەیەیە گرتوومە.

ئـەویش سـاتێك بـوو سـەرنجی دەدا، لەوساتەشـدا، دەسـتی بەسەرشـانیدا

کێشـاو دانەویـەوە دەفتەرەکـەی هەڵگرتـەوە و لێـی روانـی، لەسـەر بەرگەکـەی نووسرابوو: جەنگی بارزانییەکان، ئەوە سەرنجی راکێشاو لـە بندارێکدا دانیشـت و کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی:

( وەزارەتی جەنگی دەوڵەتی ئێران بڕیارێکی دەرکرد، فەرمانێکی بنجبڕە بۆ هەموو فەرماندەی ئەم ناوچانە، پێویستە کۆتایی بە هێزی بارزان بهێنرێت، گـەلا قڕانی سوپای ئێران دەکەن، بۆ ئەمـەیش هێـزی عەقیـد غـەفاری لەگـەڵ یەکـەی سوپایی سوفیاندا یەکیان گرت، هەر ئەو شەوە بریاردرا، لەگـەڵ سـپێدەی رۆژدا لە ئەسفەندا هێرش بکەنو بـەرەو نـەڵۆس درێـژە بـە پێشـرەوی بـدەن، ژەنـەڕاڵ بـارزانی دژە نەخشـەیەکی بـەهێزی دانـا، بـەیانی هـەمان رۆژ لـە سـێ قۆڵـەوە دەستیان بـە هێرشـی تونـد کـرد، لـە سـەرەتادا هـەژدە گوللـە تۆپیـان تەقانـد، بەتالیۆنی سوارەی لوڕسـتان و دوو بـەتالیۆنی پیـادەی تۆپخانـە  هێرشـیان بـۆ کردنـەوە، پێشـمەرگە بـە نـارنجۆکی دەسـتی لـە زرێپۆشـەکان هاتنـە دەسـت و زۆربەیان سوتاندن، فڕۆکەش نەڵۆس و شنۆی بۆردومان کرد، چەکدارانی رەشید بەگو نوری بەگ لە بەرزایی تۆڵەگی و شێخ شیرینو هێزی سوپاییش لـە موانـەوە بـەرەو بـەرزایی کەسـریك بەرێکـەوتن، کتـوپڕ جـەنگێکی تونـد هەڵگیرسـا، بارزانیەکان بەو نەخشـەیەوە هێزێکـی کۆمـەکیان نـارد، پـاش چـەند کاتـژمێرێك پاشەکشـەیان پێکـردین، یەکـە سـوپاییەکان بـە پشـتیوانی فڕۆکـەو زرێپۆشـەوە بەرەو باشـووری موانـە درێـژەیان بـە پێشـرەوی خۆیـان دایـەوە، پـاش ئـەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی هێزەکەی دابەشکرد، دوسەد سوارەی هەڵبژاردەی لـە کەسـریك دامەزرانـدو دوسـەدو پـەنجا چەکداریشـی نـاردە بـەرزایی شـاخی بردەسـو ، دوسەدیشـی لـە ئـاوایی تویـو دانـاو پێـنج سـەدیش لـە شـاخەکانی کوکیـدا سەنگەریان لێدا.

جـەنگ لـە نـەڵۆس گـەرمبوو، شـەبەیخونیان کـردە سـەر بـەتالیۆنێکی سـەر شاخەکانی کوکیا لـە گـەلی قـاسملۆوە، هێزەکـەی عەقیـد نیسـاری لـە موانـەوە

بەرەو کەسریك و هێزەکەی دۆڵەبەند لە زارکی دۆڵەکەوە بەرەو شاخەکانی کەسریك بەرێکەوتن، هەتا لە سلیفانادا یەکبگرنەوە.

فەرماندەی هێزی عێراق هات بۆ لامان، شوێنی سەربازخانەکانی خۆیانی نیشاندابن، دو تیپ بوون لە بافتیان و مێرگە سور و پێی ڕاگەیاندین:

– دوانزدە فڕۆکەی ئاسنشی دەخەینە خزمەتانەوە، لە فڕۆکەخانەی کەرکوکو موسڵەوە هەڵدەستن، ناوچەی بارزانیشمان بە تەواوەتی تەختکردوەو ئاوەدانیمان تێدا نەهێشتۆتەوە، دارو درەختی ناوچەکەشمان هەمووی بڕیوەتەوە. تیپەکەشمان پێکهاتەی پازدە بەتالیۆنە و دەکاتە شەش یەکە، سەربازخانەی سنوریشمان لە خەنێرەیەو لە کێوی برا سپی بەرانبەر بزسینایە، درێژی شەپۆلی بێتەلەکان و کاتژمێری کارکردنیشتان دەدەینێ، هەتا پەیوەندی لە نێوانماندا هەبێت.

هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە رێگەی روسیایان لێبگرین، ئەمانە قوتابی روسن و لە ئێراندا کار بۆ تێکدانی ئاسایش دەکەن، جەنگی خوێناوی ئێرانیان کرد، کۆماری مەهاباد روخاوەو هەموویان خۆیان داوەتەوە دەست دەوڵەت، هێزی بارزان هەر جەنگ دەکەن، ئەمەیش بە پلان و نەخشەی سۆڤیەتەوە کاردەکەن، هۆشیاری وردمان هەیە دەربارەی پەیوەندی ژەنەڕاڵ بارزانی پێیانەوە ، هەر لەو کاتەی گەیشتە مەهاباد، بە بەردەوامی هاتوچۆی ئەفسەرو ڕاوێژکارە سۆڤیەتەکانی دەکرد، لە چەندین دیداردا، هەوڵی لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی پشتیوانی لێبکرێت، لەم رۆژانەدا کۆمەڵێك دیلمان کەوتنە دەستیان، پاش چەند رۆژێك ئازادیان کردن، دەڵێن لە هەوڵی پەڕینەوەدان بۆ روسیا، لەبەر ئەوەیش هەر جێ گۆڕکێ دەکەن، هەتا ئێران بخالافێنن، هەر چوار دەوڵەتی سەر سنوریش رێکەوتوین لەسەر سنور گرتن و قەلاچۆ کردنیان، لێپسراوانی تورکیاش پەیوەندییان بە سەرکردایەتی سوپاوە کردوە لە تاران، پەیمانی هاریکاریان پێداوین، لەسەر سنوریش سێ مەخفەری سوپاییان دامەزراندوە، لە

شـاخی دالامپـەر بـە درێـژایی دۆڵـی بێنـاردو لـە نزیکـی ئـاوایی کۆتانـا بەرانبـەر زەرکاو نێرکی.

شای ئێران فەرمانی کـردووە، بـە زویـی هێـرش کۆتـایی پێبێـت، بـە جۆرێـك لەوە زیـاتر ئـابڕوی سـوپامان نەچـێت، لەبـەر ئـەوەی بارزانییـەکان گـەورەترین هێزی پارتیزانی ڕۆژهەڵاتن، ئەگـەر بێـت و لـە ئێـران دەرنـەکرێن بـاری ئاسـایش دەشێوێت.

دەوڵەتی ئێران کەوتۆتە هەوڵی تەواوەوە، بۆ یەکـەمجار سـەرهەنگ غـەفاری نامەیەکی بۆ گفتوگۆ بـۆ ژەنـەڕاڵ بـارزانی نـارد، بـە وەرگـرتنی نامەکـە هەسـتی کردوە پلانێك هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە نەغـەدە نامەیـەکی بـە میرفـەلاح ئاغـای هــۆزی قــەرە پاپاغــدا بــۆ نــاردەوە، ئــەویش وەڵامــی دایــەوە، یــەکێك لــە سەرکردەکانی خۆی هەڵبژێرێت و بینێرێت بۆ گفتوگۆ، پاش سێ کاتـژمێر ئـەمیر لەگەڵ میرحاجدا گەڕانەوە، لە ژورێکدا لە کۆسە کارێز هەموو سەرۆك هۆزەکـانی لێبوو، پێشوازی لێکردن، ڕۆژی سی ئـازار، ژەنـەڕاڵ بـارزانی گەیشـتە مـەهاباد، دوای گفتوگۆیەکی کورت بەڵێنی پێدابن، دوای ئـەوەی سـەردانی تـاران دەکـات، ئەگەر گیروگرفتی هێزی بارزان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا چارەسـەر کـرا، ئەوکاتـە کارێکیان بە ئێران نامێنێتو دەڕۆن، پلانـی دەوڵـەتی ئێـرانیش زۆر لایـەنی تـری هەبوو، بەو نەخشەیەیشەوە ڕۆژنامەنووسیکی دیـاری ئێرانمـان کـرد بـە نوێنـەر، بەرلەوەی بگەنە لایان، لە بالاًنش و ملەکانی شیرین بلاًغ کەوتنە بۆسـەی تـەهای سەرۆکی خێڵی هەرکی، پاش جەنگێکی قورس ڕزگاریان بوو، کاتێکیش گەیشـتە لای شێخ ئەحمەد ئاگاداری کردۆتەوە:

– پێویستە بارزانیەکان بەڵێنی خۆیان ببەنە سەر، ئەو دوو تۆپـە گەورەیـەی کەوتۆتە بەردەستیان بیدەنەوە بە سوپای ئێرانو نەغەدەیش چۆڵ بکەن.

ئەویش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر قسەکەی ئاوەژۆ کردۆتەوە:

– تۆپەکان لە ئاوایی نەلۆسنون و بـە زووتـرین کـات دەدرێنـەوە بـە سـوپا،

بەڵام چۆڵ کردنی نەغەدە لەم بارەی ئێستادا لـە توانـا بـەدەرە، ناکرێـت پـانزە هەزار ژنو منداڵو پیرەمێرد لە شنۆدا خڕ بکرێنەوەو بژێویان بۆ دابین بکرێت.

ئەمەش ترسـی گەورەیـە بـۆ ئێـران، جـەنگی بارزانیـەکان سـوپایان شـپرزە کردوەو باری ئاسایش تێکچوە، دوای ئـەوەی سـەر لەشـکر عـەلی رەزم ئـارا لـە جـەنگی بـاکوری سـەقز بـەهێزێکی هەشـت سـەد کەسـییەوە شـکاو، کاریگـەری خستە سەر ورەی سوپا، دواجـار ئـەو شـایەتیەیان بـۆ دەدات و دەڵێـت: ئەگـەر پەنجا هەزار کەس لە بارزانییـەکانم لەگەڵدابووایـە هـەموو رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتم داگیردەکرد.

لەبەر ئەوە بە هەر نرخێك بـووە دەبێـت هەوڵبـدەین بـەبێ جـەنگ لـە ئێـران دەریان بکەین.

ئێســتا ئێــران لــە پلانــی وردایــە، هــەتا بــەهێمنی و لــەپاڵ گفتوکــۆدا بیانتوێنینەوە، نەخشەی کۆبوونەوەیەك لە تاران کێشرا، ژەنەڕاڵ بارزانی لەگـەڵ میرحاجو عێزەت عەبدولعەزیزو عەقید عەلی ئەکبر غەفاریدا بۆ گفتوگـۆ چـون بـۆ تاران.

ماوەیەکی زۆر لە تاران مانـەوە ، ئەمـەیش بارزانییـەکانی نیگـەران کردبـوو، یــەکێك لەدیلــەکانمان دوای هاتنــەوەی لای ئــەو تێکدەرانــە دەڵێــت: ورەی بارزانییەکان ڕوخابوو، خـەم و پـەژارە هـەموویانی گرتبـووەوە، ئەگـەر ژەنـەڕاڵ بارزانی نەگەڕایاتەوە ئەوە چارەنووسیان توانەوەبوو لە جێگەی خۆیاندا.

جێگەی داخە لەو نەخشەیە رزگاری بوو، لە تاران خۆی گەیاندۆتە ڕۆزفـێلتی ئەمەریکیو دیداری لەگەڵدا کردوە:

– من لە مەرگ ناترسم و تەنیا پابەندی دوو شتم، شەرافەتم و بەڵێنەکانم.

لەگەڵ ئەوانەشدا بـارودۆخی ناوچـەیی و جیهـانی هـەمووی لـە دژیانـە، دوای ئـەوەی کابینـەی عێـراق هەڵوەشـایەوە، هـەموو ئـەو وەزیرانـەی بـە داواکـاری بارزانییەکان قـایلبوون گـۆڕدران، ئـیتر هـیچ هیوایـەکی عێراقیـان نـەماوە، جگـە

لەمەرگ هیچ جێگەیەك بۆ بارزانییەكان نەماوەتـەوە، دەوڵـەتی ئێـران بـیر لـەوە دەكاتەوە بەر لەوەی خۆیان بگەیەننە زیرۆو تەهاو هەركییەكان، چـەند هـۆزێكی یـاخین، سـەركوت بكـرێن، بـەم مەبەستەیشـەوە هـەمایۆنی و غـەفاری، شـێخ ئەحمەدو ژەنەراڵ بارزانیان لە نەغەدە بینی. هەتا نەخشەی هێرشـەكە دابڕێـژن، لـە ناوەختـەو لـەپاڵ گفتوگـۆدا دەسـتیان لێبووەشـێنین، دوای ئـەوە سـەرتیپ زەنگەنـە بـە هێزێكـەوە لـە بالآنۆشـۆو دەسـتەیەك سـوارەی هێـزی فەوزیـە، هێـزێكیش بـە سـەركردایەتی عەقیـد ئەنسـاری لـە مـەهاباد، ئـەركیان ئـەوەبوو بارزانیەكان لە سنوری نەغەدە و دێهاتەكانی دەوروبەریەوە بەرەو شنۆو سنوری عێراق بشكێنن.

هێزێكی تر بە سەركردایەتی موقەدەم كەلاش لە مەهاباد، بـە مەفرەزەیـەكی تۆپخانەی حەفتاو پێنج، هێزێكی تریش لە سنوری خانە لە عەشـایەری مـەنگوڕو مامش ، هێزێكیش لە مەهابادەوە، سێ بـەتالیۆنی پیـادەو دەسـتەیەك سـوارەو دەستەیەكی رەشاش و هەواییش، بـریتی بـوون لـە حـەوت فڕۆكـەی هاینـەو دوو فڕۆكەی تایگەر موس، لـە قـۆڵی چـەپەوە لقێكـو نیـوەی بـەتالیۆنی هەمـەدان و دەسـتەیەكی تۆپخانـەی حـەفتاو پێـنج و دەسـتەیەكی هـاوەن گۆیزرانـەوە بـۆ نەلۆسـو، سـوارانی مـەنگوڕیش لـە چـۆمی گـادر پەرینـەوە بـەرەو سـینگان بەرێكەوتن، ئەو هەموو هێزەمان تێكشكا، لە قۆڵی چەپ و رێـڕەوی پشـتەوەیان لێگرتین، ئەمانە پسپۆڕی پارتیزانین هەر سـوارەكان گەیشـتنە مـەودای تفـەنگ، لـەناو قەڵاكـەوە بـەر گوللـەیان دان، ئەوانەیشـی بـە شـپرزەیی بـەرەو چـەمەكە دەرچـووبوون جـارێكی تـریش لەهـەموو لایەكـەوە بـەر گوللەیاندانـەوە، سـێ سەدكەس تەفروتونا بوون.

دوای ئـەوە سـەد پێشـمەرگە لـە نـەلۆس هێرشـان كـردە سـەر بـەتالیۆنی هەمەدانو بەرزاییەكانی دولشیان گرت، بەسەر سەنگەرەكانیاندا زاڵ دەبوو.

بە تالیۆنێك لە نەغەدەوە، شەو بە ئۆتۆمبێل بۆ یارمـەتی موقـەدەم كەلاشـی

نێردرا، چارەنووسیان بوو بەکای سەر ملە، ئێستایش جەنگ بەردەوامە، چوار دەوڵەت سنورمان لێگرتوون و هاوکاری سەربازیمان لە نێواندا هەیە لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو بەرەیەکەوە هەر بارزانییەکان سەردەکەون).

بە خوێندنەوەی ئەو نامەیەوە لاپەڕەکانی تری هەڵدایەوە، وێنەی لە سێدارەدانی قازی موحەمەد و سەیفی برای بینییەوە، کتوپڕ دڵی پڕبوو، ساتێك لێی روانی، فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارەوە، بەو دەروونە گەرمەوە، چیلکەیەکی لە بەفرەکەداو کەوتە بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە، زەردە گرتی و توشی دوڕیانێکی قوڵ هات، بەو بیرەوە پەنجەی هەڵبڕی و رویکردە رێڕەوەی مەهاباد، وەك ئەو ساتە ئەو پەیمانەی دووپات کردەوە، لە کاتی پلەی ژەنەڕاڵییەکەیدا بەجەماوەریدا:

– ئەوە شەرەفێکی زۆر گەورەیە وەك پێشمەرگەیەك لە شۆڕشی ئازادیدا بەشدارم، شەرەفێکی زۆر گەورەترم وەرگرت، هێزی ئازادی سەرکردایەتی خۆی دامێ بۆ پارێزگاری کردن لە کوردستان، پەیمانتان دەدەمێ هەتا دوا تنۆکی خوێنم ببەخشم، بۆ ئازادی گەلی کوردمان.

خەتێکی تری لە بەفرەکەدا، بەو وێنەیەوە بە چاوێکی ئاوساوەوە لە ئاسمانی روانی، تیشکی چاوی بۆ ناو تەزوی سەنگەرەکان دەکشا، وەك ئەو ساتە بە پریشکی خۆردا تێکەڵاودەبوونەوە، لە تەزوی پێشهاتەکانی ئایندەوە موی سەری بەرزدەبوونەوە، وەك چیا بڵندو وەك باڵندە تیژ رەو، تفەنگەکەی خستەوە سەر شانیو بەرەو لوتکەکە هەڵکشا، بڕیاری مان و نەمانیدا.

لەوساتەشدا، کەڤ شرینقەکە لە نیگایەوە دەبووە لوتکەی چیای بڵند، وەك ئەو ساتانە سەرکردایەتی شۆڕشی دەکردەوە، بروسکەی ئەو رۆژانەیان دەدایەوە، خاك بەگڕو بۆسۆی بۆمبا دەسوتا، دەست و قاچ لە گڕی هەوادا یاریان دەکرد، ئەو گڕو بۆسۆیانە رەنگیان دەدایەوە، لە نیگایەوە دەبوونەوە بە تنۆکەی مەرەکەبی بڕیارو کۆبوونەوەو پەیماننامە، لەوساتەشدا، کەشێتی

ژوورەکە ئەو بەراوردەیان نیشاندەدایەوە، ڕووداوەکان فۆتۆیی بە بەرچاویدا دەهاتنو دەچوون، مووی جەستەی کرژ ببوونەوە، وەك ئەو ساتانەی بە باسی کێشەی نەتەوە ڕاستدەبوونەوە، دەیان جار بەو شێوەیەی لێدەهات، جارێك بەدەم بیری ژاناوییەوە چرکەیەك ڕۆحی تواندەوە، کاتێك ڕۆژنامەنووسیك بەو مەبەستەوە هاتە لای، لە گرێ کوێرەی پرسیارەکانییەوە وروژاندی:

– ئایا ئەو پشکەی پارتی لە خەباتدا گێڕاویەتی چییە؟.

بەو پرسیارەوە شالاوێکی نادیار گرتییەوە، ساتێك بیریکردەوە، پاشان پەنجەی لە لێوی لابرد و بەشێوەیەك دەنگی بەرزکردەوە هەتا دانیشتوان گوێیان لێیبێت:

– با بڵێین ئەو دەورەی گێڕاوە لە توانایدابووە بیگێڕێت، لە بارەی کەسێتی خۆم و ئەوەی پەیوەندی پێمەوە هەیە، جگە لە گەلی کورد پارتێك نییە، ئەوانەیشی سەردەکەون تاکەکانی گەلی کوردن.

بەو قسەیەوە بیرێکی قوڵی کردەوە و لە مێژووی ژیانی خۆیدا نوقمبوو، بیرێك وەك هەڵمێکی ئەفسانەیی زمانی لە بێزمانییەوە بەرجەستە دەکردەوە، برژانگو برۆو موی جەستەی وەك تاڵیشکی باخێکی بەر با لەژێر نمەی باران و بەفرەوە دەجولان، دەیەها چیرۆکی فۆتۆییان وەك تەونی زەریای وشە دەگێڕایەوە. بە ڕوانینی زەمەنی نەزانراوەوە ئەوساتەی بە خورسکی بیرهاتەوە، لەگەڵ خڕبوونەوەی تەمەنی لاوێتیدا ریشاڵی ئەو تەونەی دەچنییەوە، پەیوەندی ڕامیاریو پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی لەگەڵ لاوانی چەپخوازی سلێمانیدا دروستکرد، دوو سیستەمی حزبی نەتەوە خواز هەبوون، کۆمەڵەی برایەتی شێخ لەتیف، لەسەر شێوازی کۆمەڵەی دامەزراوەی قوستەنتینیە دامەزرابوون، بۆرژواو دەوڵەمەندانی دەگرتەوە، گروپی دارکەریش لەژێر کاریگەریتی کاربوونارۆکانی ئیتاڵیادابوون، لە پێناوی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق و سەربەخۆیی تەواوی کوردستاندا خەباتیان دەکرد، دژی

فاشیزم و هیتلەرو دژ بە ئیمپریالیزم و ئینگلیزبـوون، دواتـر هـەردووکیان حزبـی هیوایان پێکهێنا، ئەمەیش بە کردەوەبـوو بـەهۆی ئـەوەی لـەو ماوەیـەدا لەسـەر خوێنـدنی ئـایینی هـەر بـەردەوام بێـت، مـاوەی چـوار سـاڵ شـەریعەو فیقهـی ئیسلامی تیادا خوێنـد، هـەتا مۆڵـەتی مەلایـەتی وەرگـرت، مـاوەی شـەش سـاڵ زیاتر لەسەر دەستی مامۆستایانی تایبەتی لە گوندی بارزان دەستی پێکردبوو.

بەو هیوایەیشەوە لوتکەو دەشتایی دەپێوا، کاتێك لە ناسریەوە گوێزرایـەوە. ئەو بڕوایەی بە بەرزاییەوە پێوانە دەکردەوە، هەتا تینـوێتی ئـاوارەیی بـە ئـاوی بیرو شۆڕشی شارەکە بشکێنێت، بـەو مەبەسـت و روانینەیشـەوە پەنجـەی بـەرز دەکردەوە، وتەکەی شێخ مەحمودی دووبارە دەکردەوە:

– بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـازادی پـەیمانم لەگەڵـدا بەسـتن، بـەو مەرجـەی گەرەنتی ئازادی بکەن، ڕێگەم پێدان بێنە نـاو نیشـتیمانەکەمەوە، درۆتـان کـردو مەبەستێکی ترتان هـەبوو، بەرپرسـیار بـووم لـە بەرامبـەر مەبەسـتە خراپـەکانی ئێوەدا بووەستم، چاوەڕوانی ئەوە ناکەم لەلایـەن دوژمنەکەمـەوە خێـرو خۆشـی ڕوم تێبکات، ئامادەم لە پێناوی گەلەکەمدا بمرم.

بەو بیرەوە خەرمانەی مێژووی خەباتی خـۆی خەمڵانـدەوە و بـە دڵنیاییـەوە پەنجەی هەڵبڕی:

– رۆژانـــە ئـــەوەم بـــۆ هـــەموو لایـــەك رونکردۆتـــەوە، ئامـــادەم خزمـــەتی بچوکترینتان بکەم، سەرۆکی کەس نیم و سەرۆکایەتیم بـۆ خـۆم ناوێـت، ئـەوەی دەمەوێت ئەوەیە ببمە براتان و ببنـە بـرام و یارمـەتیم بـدەن، بـۆ ئـەوەی ببینـە ڕۆڵەی ئەم گەلەو خزمەتی بکەین، ئەگەر توانیمان خزمەت بکەین بە خزمەت کـار باسـیان کـردین، ئـەوە مـەزنترە لـە نازنـاوی سـەرۆکایەتی، جێـی سـەروەری و شانازیە مرۆڤ خزمەتکاری گەلەکەی بێت.

بەو قسەیەوە بێدەنگ بوو، ئـەویش بـە سەرسـامییەوە لێـی دەڕوانـی، ئـەوە هەر لەو کاتەی ناسـی بـووی و هەڵسـوکەوتی لەگەڵـدا دەکـرد شـارەزای ئاکـاری

ببوو، به دڵنیاییشەوە ئەو هەستەی تیادا دەدییەوە، لەوساتەشدا، دەیویست ناخی بکاتەوە، جارێکی تر بە پرسیارێکی ئاگرین ورووژاندیەوە، ئەویش بە مژێکی کەسکوندی جگەرەکەیەوە دڵنیای کردەوە:

– هەندێك پرسیارم لێدەکەیت، مافی وەڵامدانەوەیم نییە، ئێمە پێویستمان بە ڕاپرسی گشتی هەیە.

– کەسێك نییە چەندو چوون لە مافی قسە کردنت بکات بەناوی گەلی کوردەوە.

بە توندی نکۆڵی لەو مافە کردەوە:

– نەخێر نوێنەرایەتی ئیرادەی گشتی ناکەم، ناتوانم بڵێم بەزمانی کوردەوە قسە دەکەم.

ئەو وەڵامە ڕۆژنامەنووسەکەی خستە بیرێکی قوڵەوە، قەڵەمەکەی لەسەر کاغەزەکە ڕاگرتبوو توانای نووسینی وشەیەکی نەبوو، لە مێشکی خۆیدا ئەو وشانەی دەتواندەوە بیری لێدەکردنەوە:

– ژەنەڕاڵ بارزانی بە جۆرج واشنتۆن بەراورد دەکرێت، بۆ ڕزگارکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردی و گەورەیی سەرکەوتنەکەیشی گەڕایەوە بۆ گەل.

لەوساتەیشدا بەو جۆرەی دەنواند، فیشەکدانێکی ڕاست و چەپ لە خۆیدابوو، دەمانچەیەکی لە ناوەڕاستەوە بەستبوو، لەولایشەوە خەنجەرێکی بەسەردا کردبوو، وەك پێشمەرگەیەکی کارامە توندو تۆڵ و بەهێز دەردەکەوت، لەوساتەیشدا پێشمەرگەیەك هاتە ژوورەوەو سینیەك خواردنی لە بەردەمیاندا دانا، قاپێك برنج و شلەی لەناودابوو، چەند پارچە گۆشتێکی لەسەر دانرابوو، دوای ئەوەی لە خوانەکە هاتنە پێشەوە، بەدەم نانخواردنەوە کەوتنەوە قسە، لەوساتەشدا، ژەنەڕاڵ بارزانی بیری لە پرسیارەکەی دەکردەوە، لەو کاتەی پلە گۆشتەکانی خستە بەردەمی ئەوەوە، ئەو گرێیەی بۆ کردەوە:

– نامەوێت بڵێم ئەوەم کردوو ئەوەم ئەنجامدا، هیچ شانازییەك بە خەباتی

خۆمەوە ناکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم متمانەی گەلی کوردم بە دەستهێناوە و لەو باوەڕەدام ئەوان متمانەیان پێمە.

ئەو وەڵامە کاریگەری خستە سەری، سەیری قەڵەم و کاغەزەکەی کرد، خۆی خڵافاند هەتا نانەکەی خوارد، دوای ئەوەی دەستی سڕی کتوپڕ نووسییەوە، پاشان سەری هەڵبڕی و کەمێك بیری کردەوە، ئەوکاتە پەنجەی لە لێوی لابرد:

– ئایا ڕێگایەك یان ئامرازێکی سیستماتیك هەیە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئیرادەی گەلی کورد بکەیت ؟

چاییچیەکە هاتە ژوورەوە، دووچای بۆ دانان، دوای ئەوەی چاکانیان خواردەوە، سیغارێکی پێچایەوە، مژێکی توندی لێداو پەنجەی بەرزکردەوە:

– ژمارەیەکی گەورە لەم گەلە لە دەورو پشتمەوەن، دەتوانرێت کۆبکرێنەوەو ڕایان وەربگیرێت و ڕاوێژیان لەگەڵدا بکرێت، هەر ئەوانەیش دەتوانن بە نوێنەرایەتی گەل قسە بکەن.

بە باوەڕەوە ئەو قسەییەی کرد، ئەویش دەیزانی وەك کەسێکی سادە دەژی، لەهەموو ساتێکدا چاوەڕوانی مەرگ بکات، بەو شێوەیەیش بەردەوام داوای لە ئەندامان دەکردەوە سادە و خزمەت کاربن:

– ئەگەر دەتانەوێت لە کارەکانتان سەرکەوتووبن و میللەت هاوکاریتان بکات، پێویستە ئیشی کادری ئاوێتەی ئەو پیشەیە بکەن، دەیزانن. بەو شێوەیە هەست دەکات جیانین لێی و لەگەڵ ئێشو ئازارو کێشەکانیاندا دەژین، لە کاتی پێویستیشدا دەبێتە پشتیوانتان.

کەڤ شرینقەکە وەکو تیشکی چاوی زیندەوەرانی بن زەریا دەهاتنەوە ناو تیشکی تەلێکسەوە، تیشکەکە تێکەڵاو دەبوون و جیادەبوونەوە وەك بەشەکانی کوردستان لە نیگایدا ڕەنگی داڕمان و کەرتکردن و کەوتنە خوارەوەی نیگاکانی دەدا، وەك ئەو ساتەی تەزووی جەنگ ئاسمانی تەنی و بە

چـینی خوێنـاوەوە قورسـایی خسـتە سـەر هێـزی پێشـمەرگە، دڵۆپـەی خـوێن شەستەی دەکردەوەو، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە، هەموو ئـەو دیمەنانـەی واتـــای وشـــکبوونەوەیان هەڵـــدەگرت، لـــە رەنگێکـــی ئەفســـانەییدا نیشـــان دەدرانـەوە، روداوەکـان زینـدوێتی خۆیـان لـە منداڵـدانی زەمەنـدا هـەڵگرتبوو، سـەرلەنوێ لـە دایکدەبوونـەوە، وەك ئەوسـاتانەی لەمـەمکی رۆژگـارەوە تـەواو خاکی وشك کردبووەوە، برسێتی و نەبوونی و کەمی کەلوپـەلی ژیـان و ئـامرازی جەنگی باڵی کێشابوو، هێزی بارزان هیچ بوودجەیەکی نـەبوو، لەوکاتـەدا جـەلال تاڵەبانی نوێنەرێکی نـارد، دە هـەزار دینـاری لەگـەڵ خۆیـدا هێنـابوو، پارەکـەی لێوەرگرتوو دای بەژمێریار:

– ئەو پارەیە لقێکی پێشـمەرگە لـە کـاروانێکی سـەربازیان گرتـووە. لەسـەر رێی سلێمانی هەولێر، بڕی سی هەزار دیناربووە، تاڵـەبانی ئـەوەی بـۆ ئێمـە لـێ ناردوە.

جەنگیش هەموو لایـەکی دەگرتـەوە، هـەموو هـەوڵ و گفتوگۆیـەك بـە خـوێن تێکەڵاودەبوونـەوە، بـەو بارودۆخـە ترسـناکەوە نەخشـەیەکی سەرسـوڕهێنەری دانا، لەبری ئەوەی بـەرەو زنجـیرەی چـیای ڕەوانـدز بـڕوات، بـەرزاییان زیـاترە، بەرەو رۆژئاواو ناوچەکانی موسڵ رۆیشـت. ئەمـەیش نەخشـەی هێرشـی سـوپای عێراقی هەڵگێڕایەوە.

بەو پێیەش کەوتە هەوڵدان بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهان، هـەتا دۆزی شۆڕش بخاتە بەرچاوی وڵاتانی رۆژئاوا، ئەوەیش دوا ئومێدی بوو هـەتا بتوانێـت یارمەتی ئەمـەریکا بـە دەسـت بهێنێـت، بـەو بـیرەوە بـە نامـە ڕۆژنامەنووسـانی رۆژئاوای بانگهێشت کرد، هەتا سەردانی هێزەکانی پێشمەرگە بکەن لە چـیاکانی کوردستان، هەوڵێکی زۆریشیدا بۆ دابینکردنی دەزگایەکی ڕادیۆو شکستی هێنـا، چـەند جـارێکی تـریش هـەوڵی بـۆ دایـەوە، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش عەبـدولخالیق مەعروف لە بەغدادەوە هێنایـەوە، نـوری ئەحمـەدی تاهایشـی نـارد بـۆ ئـەڵمانیا

ئیزگەیەکی کڕی و لە ئەشکەوتی گردە ڕەش داندرا.

ئـەو خۆئامادەکردنـەی پـارتی بـۆ روبەڕووبوونـەوە ماوەیـەك بـوو دەسـتی پێکردبـوو، هـەر بـە ماوەیـەك لـەدوای گەڕانەوەیـەوە هەسـتی بـەو ترسـناکییە کردبوو، لەلایەن رژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە هەنگاوی بـۆ دەنـرا، ناچـار بـیری لــە خۆئامــادەکردن کــردەوە، بــۆ ئــەوەی یارمــەتی وڵاتــان وەربگرێــت، بــەو مەبەستیشەوە بۆ بەشداری جـەژنی ئاهـەنگی سـاڵ یـادی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری ڕوسیا داوەتکراو چووە مۆسکۆ، لە تەنیشت نیکیتا خرۆتشـوف و سـەرانی تـردا لەسەر ترلیۆنی شەرەف وەسـتابوو، دەیڕوانییـە مەیـدانی سـورو تەماشـای ئـەو نمایشە سوپاییەی دەکرد، بەسەر ڕێگەی بەفر گرتودا، بەبۆنـەی یـادی شۆڕشـی ئۆکتوبەرەوە ڕێیان دەکرد. ئەم سەردانەیشی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، لـە بھواری ڕاگەیانیشدا سەرکەوتنی بە دەستهێنا، لە ناوەڕاستی ژانویەی هەزارو نـۆ سەدو شەست و یەکیشدا بەبێ ئومێدی لـە بـەڵێنی هاوکـاری سـۆڤیەتییەکان بـۆ یارمەتی دانـی لـە مۆسـکۆ گەڕایـەوە. بـەو شـێوەیەش لـە ئاکـاری عەبدولکـەریم قاسمەوە توشی دودڵی ببوو. ئەوەیش هەر لە سەرەتای گەڕانەوەیەوە لە نهێنی و ئاکاریـەوە، دەیزانــی دەیــەوێت بــەهاری عێــراق بشــێوێنێت، ئەوەیشــی زۆر کاریگەری لەلای هـەبوو، ئـەوەبوو ئـەو نازنـاوی پێشـەوای تـاکو تـەنیای بەسـەر خۆیـدا دەبـڕی، ئەمــەش لــەلای ببــوو بــە پرسـیاری ورووژێنــەر ، ئەوەیشـی بـۆ شیمدتو زۆر لە رۆژنامەنووسانی تری بیانی شیکردەوە:

– ئەی ئەمە مانای ئەوە نییە، ئەو بۆ ئێمە باش نابێت؟

لەگەڵ ڕۆژنامەی نەدایشدا خواست و داواکاری شۆڕشی خستەرو:

– داوای پــارتی هێنانــەدی ئــاواتی ڕەوای کــوردە، بــەبێ ئــەوەی زیــان لــە دەسەڵاتداری کۆماری عێراق بکەوێت.

لـە کـاتی مانەوەیشـیدا لـە شـاری بەغـداد مەترسـی گرتییـەوە، فەرمانیـدا ژمارەیەك لە جەنگاوەرانی خۆی لە بارزانەوە بهێنن بۆ بەغـداد، هـەتا پاسـەوانی

ماڵەکەی و بارەگای پارتی بکەن.

لە نیسانی ئەو ساڵەشدا داوای لە دەوڵەت کرد داموودەزگاکانی پارتی بە فروانی بکەونە کار، بەو جۆرەش هەوڵی بەهێزکردنی ڕێکخستنی ناوخۆیی دەدا، ئەو بیرۆکەیەیشی بۆ هەموو ئەندامانی پارتی رونکردەوە:

– پارتی واتە هەموو دامەزراوەکانی گەل و هێزو دەستەی تر، هەموویان بەشێکن لەگەل، هیچ شۆڕشێك ناتوانێت سەرکەوتن بە دەست بهێنێت بەبێ ئەوەی سەرکردایەتی پارتێکی ڕێکخراوەیی نەبێت.

بەو باوەڕەوە هەوڵیدا هەتا مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەی خەباتی وەرگرت، لە ساڵێك دوای ئەوەش مۆڵەتی یاسایی بۆ پارتی وەرگیرا، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاشکرا چالاکیەکانی خۆی ئەنجام بدات.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك نارەزایی لە چاپەمەنی دەوڵەت دەربڕی، لە بلاّوکراوەکانیدا وێنەی ئەوو عەبدولکەریم قاسمیان پێکەوە چاپدەکردوو لە ناوچە کوردییەکاندا بلاّویان دەکردەوە:

– من نارەزاییم لەوە دەربڕی، ئەو خۆی بە پێشەوای گەلی عیراقی ناو دەبات، منیش کورد، من پێشەوای گەلی کوردنیم.

ئەو بیرکردنەوەیە لە رۆح و دەرون و سیمایەوە دەردەکەوت، هەر لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەلاّتیەوە لە شۆڕشدا ئەو ئاکارەی پەیڕەو دەکرد، لەگەلٚ گۆڤاری هاواری نیشتیماندا لە شۆڕشی بارزان ئەو راستییەی خستە رو:

– لەم ڕێگایەدا مەرامی هیچ پێگەیەکم نییە، بەبێ هیچ مەرجێك ئامانجم ئازادکردنی کوردستانی عێراق و سەربەخۆییەتی، لە دواییشدا ئازاد کردنی ئەو کوردانەی لە ژێر دەستی بێگانەدان، نەتەوەی کورد یەکپارچەیەو ئەو سنوورەی جیای کردۆتەوە دەستکردە.

ئەو پێشبینیانە هاتنە دی، کتوپڕ ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان داخران،

خەبات و  ڕۆژی نویٚ و ژین و  ڕوناکی و صوت الاکرادو ڕاستی و هەتاو، پەخشی تایبەتی ڕادیۆی کوردیش لە بەغداد ڕاگیرا. بەو مەبەستەیشەوە  سکالآیەکی تری پێشکەش کردو ناڕەزایەتی دەربڕی، بەو مەبەستەیشەوە دەستی بە گەشتێکی خێرا کرد، پاش ئەوەی لە سلێمانی گەڕایەوە چووە کەرکوك، راستەوخۆ لەلایەن سوپاوە نەخشەی تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبێلیان بۆ دانا، کاتێك پوچەڵکرایەوە ئەفسەری سەرپەرشتیاری پلانەکە لە داخدا دڵی وەستاو مرد، دواییش لە چوونی بۆ فرۆکەخانە پلانیان بۆ دانایەوەو لەویش رزگاری بوو.

ئەو مەترسییانە لە یەکەم رۆژی بینینی عەبدول کەریم قاسمەوە گرتیانەوە، کاتێك لە ڕۆژی سێیەمی گەڕانەوەیدا پێشوازی لێکرد، هەستی بەو لە خۆبایی بوون و لوت بەرزیەی کرد، کاتێکیش گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی. برازاکەی پرسیاری لێکرد:

– ڕات بەرامبەر عەبدولکەریم قاسم  چییە ؟.

بەو پرسیارە زەردە خەنەیەکی وردی کرد، پەرداخێك ئاوی لەسەر مێزەکە هەڵگرت، کاتێك داینایەوە لێوی سڕی و ئەو نهێنییەی بۆ دەرخست:

– ئەو لە نوری سەعید خراپترە.

ئەو ڕایەیشی لەناو دەروونی خۆیدا هێشتەوە.

کەڤی شـرینقەکە تۆخـدەبووەوە، وەك شـارای تەقینـەوەی گڕکـانی رۆح پزیسکی لێدەبووەوە، بە نمەی بارانی سەر پەنجەرەکەوە تێکەڵی روخساری پزیشکەکەو کەفەکەدەبووەوە، لە نهێنی کەشێتی ژوورەکەوە زەمەنێکی نوێیان لە دوای زەمەنی رووداوەکانەوە دروستدەکردەوە.

## (9)

نیگاو تیشك و رەنگ و بۆن و تام و هەست و نەست و ئاوازو خەندەو گریان و دەنگ و خشپەو سرپەو ورتەو سەداو پرسیارو گومان و ڕاڕایی و شێوەو روخسارو ناوو نیشان و ئاماژەو فەزاو پانتایی و زەمەنو مێژوو لە تنۆکەیەکی ئەندێشەییەوە تێکەڵی دڵۆپەی سەر پەنجەرەکە دەبوون، فەزای ژوورەکە بە شارای ئەندێشەو بیرو روانین و تیشك و دەنگو رەنگی خەففەوە وێنەی تاریکخانەی فۆتۆیی دەدایەوە، بە هێڵ و زنجیرەی بیرەوەری روناك بووبێتەوە، سیماو جەستەی پزیشکەکەو کەڤی شرینقەکەیش لە نیگای ژەنەڕاڵدا زنجیرەی زنجیرەی شۆڕشیان بە دەزوی ئەندێشەو ژانی سەختی پڕ لە برینی نەتەوەیان دەکردە سیناریۆی فلمێکی دیکۆمێنتی مەرگەسات، لە فەزای واشنتۆنەوە بۆ قوڵایی جیهان جارێکی تر نمایش دەکرانەوە.

بە خزینی نمەی بارانی شوشەی پەنجەرەکەوە تیشکی روانین بە ئاوێتەیی گێژاوی دیمەن و تۆڕی ئەفسانەیی ناکاتەوە زەمەنی سفری لە خۆ دەگرت، وەك بوورکانێك لەناویدا بتەقێتەوە، بەو جۆرە گڕو کەف و رەنگ و شێوەو روخسارو نیگاو بروسکەو چەخماخە، لە کونی دەرزی خەیاڵەوە جیهانیان لە رەنگ و دەنگ و هێماو بزوتنەوەو **نیشانەدا** پێکدەهێنایەوە، دیدەی ببووە زەریا لوشی روداوو چیرۆکی خوێناوی نەتەوەیان گێژدەدایەوە، ژانو ئازاری تێکەڵاوی تۆفانی گێژاوی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەبوو، جێگەی دەرزیەکە لەسەر قۆڵی ئاوسابوو، وەك خەرمانی شارە زەردەواڵە خرۆشی بە جەستەیدا دەهێنا، لەگەڵ پەرەسەندنی

لێدانی دڵ و بچووکبوونەوەی گلێنەی چاویدا، هەست و نەستی تێکەڵاوی گڕکانێکی ئەفسانەیی ڕۆح دەبوون، هەستیدەکرد شرینقەکە بە مادەی سروشتی پڕبۆتەوە، قۆڵی جولاّند سڕو سست ببوو، وایدەزانی هەر بە دەستی پزیشکەکەوەیە، ئەویش بەرەو دواوە دەگەڕایەوە،کەڤی شرینقەکە تیشکێکی ئاسۆیی ئاوی دەدایەوە، ڕەنگی لابردنی نهێنیەکی دەردەخست، کتوپڕیش بە پڕبوونەوەی روانینی ژەنەڕاڵەوە، وەك هەوری رەش بە کاروانی سەرابی بووندا شەستەی خوێنیان دەکردەوە. لەگەڵ تەقینەوەو خۆخواردنەوەی شەفەق و خۆرئاوادا دڵۆپە خاکو خۆڵی سور دەکرد.

ماوەیەك بوو ئەو هەورە گرتبوویەوە، هەر لەوساتەی شای ئێرانی بینی لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن تووشی شێرپەنجە ببوو، تەونچنینی هەموو روداوێکی کارەساتی نەتەوەی کوردی دەدییەوەو کەوتە بیرێکی فۆتۆییەوە، وەك ئەوساتە لە بروسکەی کارەساتەکاندا نوقم بووەوە..

ئەوە ئەو بروسکە ناکاتانەبوون، لە تونێلی خەففەوە دەهاتنە بەرگوێ و، پیت و وشەی بە خوێنی لاوانی کوردو لەناوبردنی شۆڕش و نەتەوەکەی نووسرابوونەوە، کاتێك سەرکردەکانی ناوچەکەو ئۆپێك کەوتنە یەکگرتن، سەدام و تیتۆو بۆمەدیەنی سەرۆکی جەزائیرو شێخی بەحرەین و ئەندێراگاندی یەکتریان بینی، پەیوەندیشیان لەگەڵ سوریاو میسردا چڕکردبووەوە، بۆ مەدیەن بەڵێنی پێدان ئەمریکا ئاگادار بکاتەوە لەوەی بەردەوام بوونیان لەسەر یارمەتیدانی کورد، ئاکامی خراپی دەبێت.

کۆبوونەوەی ئۆپیك لە پایتەختی جەزائیر ئەو دەرفەتەی دایە دەستی بوومەدیەن سەدامو شا پێکەوە کۆبکاتەوە، شەوانە پاش دانیشتنی ئۆپیك دادەنیشتن، هەتا سەر لە بەیانی بەشێوەیەکی تایبەت دەدوان، هەتا بەناوبژیوانی ساداتو بوومەدیەن ئاشتبوونەوە و یەکتریان گرتە باوەش، ئەویش ڕێکەوتنەکەی ڕایگەیاند.

دوای دو ڕۆژ هەواڵی ڕێکەوتننامەکە گەیشتەوە بە شۆڕش، لە ئێزگەی دەنگی کوردستانو بی بی سی، ئەمریکا، قاهیرە و ئیسرائیل و زۆربەی وڵاتانی ترەوە بڵاوکرایەوە.

بەو هەواڵەوە بەپەلە کۆبوونەوەی بە مەکتەبی سیاسی کرد، بیری لە جەنگی پارتیزانی کردەوە، راوێژیشی بە زۆربەی سەرکردەی تری شۆڕش و دۆستەکانییەوە کرد لە سەرتاسەری جیهاندا، پاشان نامەیەکی بۆ هێنری کیسنگەر نووسی:

– گەورەم وەزیر دڵمان خوێنی لێدەتکێت، یەکێك لە ئەنجامی ڕێکەوتنەکەیان لەناوبردنی گەلەکەمانە، سنوریان لێداخستوین و هاریکاریان لێگرتوین، دوژمن هێرشی گەورەی خستۆتە سەرمان و هەر بەردەوامە، بزوتنەوەو گەلەکەمان توشی ڕوخان و هەرەسێك بووە، ناتوانرێت باوەڕبکەن، هەموو لایەکیش بێدەنگن، ئێمە باوەڕمان وایە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرپرسیارێتی رەوشتیو رامیاریان دەکەوێتە ئەستۆ بەرامبەرمان، پابەندە بە سیاسەتی وڵاتەکەتانەوە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین، بەزووترین کات کارمان بۆ بکەن بۆ وەستاندنی جەنگ. ڕێگەیشمان پێبدرێت جەنگی پارتیزانی بکەین، هیوامان وایە لەم کاتەدا پشتمان بەرنەدەن.

هەموو ئەو هەوڵانە ئاکامێکی ئاشکرایان نەبوو، ئەوەو دەیەها نامەو بروسکەو هەوڵی تر، لەرێی دیبلۆماسی و بروسکەو نامەوە یەکێتی سۆڤیەتی ئاگادارکردەوە، ئەوەیش خستیە بیرێکی قوڵەوە و ئەو نائومێدییەی دەبینیەوە، بەردەوام لەسەریان هەیبوو، لەوساتەیشدا بە دودڵیەوە بروسکەی بۆ دەنووسین، لەگەڵ مۆرکردنی دوا بروسکەدا، وەك تەزوی کارەبا بیگرێت بەوجۆرە بەوساتەوە پەیوەستەبووەوە، کاتێك لەگەڵ نوێنەری ڕوسیا بە سەرۆکایەتی ام ڕۆمانسۆڤ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت، لە مانگی فێڤریەدا لەناوپردان کۆبووەوە، پێشنیازی پێکردن، پێش ئەوەی هەر جۆرە

پەیمان نامەیەك لەگەڵ ڕژێمی بەغداد ئیمزا بکەن لەگەڵ هەموو ڕێکخراوی سیاسی تری عیراقدا ڕاوێژ بکەن، لەگەڵ ئەوەی هیچ ئومێدێکی بە روسیا نەبوو، ئەوە ئەزمونێکی درێژبوو لەگەڵیاندا، لەو کاتەی قسەی لەگەڵدا دەکردن هەستێکی سارد دەیگرتەوە، سیاسەتی سۆڤیەتی وەك سیبریا دەدیەوە، لەوساتەشدا، بەفر نیگایان پۆشیەوە، وەك ئەوکاتەی خۆی و بارزانییەکان گەیەندرانە باکۆو لە ئۆردوگایەکدا نیشتەجی کران، دوای ئەوەی لەلایەن خەباتکارانی کوردی عێراق و ئێرانەوە، بە سەرۆکی ئەنجومەنی ڕێبەرایەتی کورد هەڵبژێردرا، بڕیاریش درا لە ڕادیۆی باکۆوە ڕۆژانە بەرنامەیەك بە زمانی کوردی بلاّو بکرێتەوەو ڕۆژنامەیەکی کوردیش دەربچێت، ئەوەیش بوو بە بەستەلۆکی رق و قینی باڤرۆڤ، دەیویست بارزانیەکانو هێزە هاوڕێکانی بخاتە ژێر دەسەلاّتی خۆیەوە، کەوتە دوژمنایەتی کردن لەگەڵیاندا. دوای ئەوەی لەچەند دەستەیەکدا دامەزرێندران، ئەسعەد خۆشەویو ژەنەڕاڵ سەرتیپ کازمۆف کرانە فەرماندەیان، پرۆڤەی سەربازیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەستیان پێکردبوو، زۆربەی کات خەریکی پەروەردەی سەربازییانەو کاروباری خوێندەواری بوون.

باڤرۆف لەو رۆڵە کاریگەرەی لە کۆماری مەهابادا هەیبوو تاوانی زۆری کرد، ئەوەش لای ژەنەڕاڵ بارزانی وێنەیەك بوو هەرگیز لە بیری نەدەکرد، کاتێك بۆ یەکەمجاریش داوەتی بۆکرد، لەسەر خوانەکە سەیری کرد هیچ کام لە یارانی دیارنین، سێوە ناتێکی هەڵگرتوو خواردیەوە و بەبێ نان خواردن هاتە دەر، هەرچی تکای لێکرد نەگەڕایەوە:

– بەبێ یارانم نان بە گەروومدا ناچێت، من بۆ ئازادی کوردو کوردستان ئاوارەبووم بێ هاوڕێکانم نان ناخۆم.

لەو کاتەشدا وەك کەفێکی سپی وێنەی تۆفانی روسیاو رقو حەژمەتی جەعفەر باڤرۆڤی دەدییەوە، دەیزانی هیچ هاوکارییەکیان بە دەست ناهێنێت، بەو وێنەییشەوە دوا هێڵی کێشا:

–کاسیگێن بە نوێنەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت چووە بەغداد و لە ڕادوێوە ڕایگەیاند، پەیماننامەیەکی دۆستانە لەگەڵ عێراق و سۆڤیەتدا ئیمزا کراوە، بەو پەیمانەوە هیوام بە سۆڤیەتیش بڕا. شای ئێرانیش لە ترسی پەرەگرتنی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە عێراقدا، سنورێکی دورو درێژیشی لە باکورەوە لەگەڵیدا هەیە، مەترسی سەر کەنداوی فارسیش لەلایەکی ترەوە لەگەڵماندا پەیوەندی گرتەوە، ئەوەیش کەفێکی ژەهراویە.

لەوساتەیشدا، بەو بیرەوە هیوا بڕابوو لێیان، دەیزانی هیچ هەنگاوێك نانێن بۆ بەرگرتن لەو پەیماننامە شومەی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد بەسترابوو، شاندی پارتیش لەواشنتون کەسیان نەبینی و بە ناکامی گەڕانەوە.

دوای چوار ڕۆژ لەوپەڕی بێئومێدیدا مەکتەبی سیاسی نامەیەکی لە تارانەوە بۆ ئەمریکا نارد:

– بێدەرەتانی و پەرێشانی بەسەر خەڵکو هێزی ئێمەدا زاڵبووە ، مەترسییەکی هەرە گەورەو بێوێنە ڕوی کردۆتە جەماوەرو گەلەکەمان و هەڕەشەی نەمانمان لێدەکرێت، ئەمانەش هیچ پاساوێك هەڵناگرن، ئێمە پەنا بۆ ئێوەو دەوڵەتانی ئەمریکا دەهێنین، داواتان لێدەکەین بەڵێنەکانتان بەجێبهێنن، نەهێڵن هەڤاڵەکانتان نابووت بکرێن، گیانی ژەنەڕاڵ بارزانی و شان و شکۆمان بپارێزن، ڕێگە چارەیەکی شەرەفمەندانەیش بۆ کێشەکە بدۆزنەوە.

لەهەموو هەوڵەکانەوە بێهیوایی دەدییەوە، بەو هۆیەش فەرمانیدا پەلێکی تایبەتی بنێردرێت، بۆ ئۆردوگای دیلەکان لە نزیکی ڕایات، هەتا لە پەلاماری پێشمەرگەی داخ لە دڵ بیانپارێزن، ئیتر بە ناچاری بارەگا بەهێزەکەی خۆی لە حاجی ئومەران بەجێهێشت، لەگەڵ هەردو خێزانەکەی و نۆ منداڵی و سەدو پەنجا کەس لە هێزی تایبەتی خۆی پەنا بۆ ئێران بهێنن.

لەوساتەشدا، بەو بیرەوە بەوێنەی ئەو کارەساتە جەرگ بڕەوە، لەرەنگ و روی شای روانییەوەو هەناسەیەکی ئاگرینی هەڵکێشا:

– بڕوانن ئەو بابایەی ئێمەی تەفرەدا چی بەسەر هاتووە؟

بە سەرکەوتنی کارتەرو کۆتایی هاتنی کاری کیسنجەر خۆشحاڵبوو، لەو کاتەدا قەڵەمەکەی بە دەستەوە گرت، کەوتە بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە، لە مێژووی شۆڕشەوە ئەو بەراوردو هەولانەی بیرهاتەوە، بەردەوام حەزی بە نزیکبوونەوەبوو لەگەڵ ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ئاگای لەوە هەبوو، نیکسۆن هەموو دەزگای ئەمریکی تایبەتی بوواردبوو، هنری کیسنجەری ڕاسپاردبوو هەتا سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە بکات، لەبەر ئەوە زیاتر لە جارێك سەرسوڕمانی خۆی دەربارەی دەربڕی و بە متریخی سەدەی بیستی دەزانی، دیاری تایبەتیشی پێشکەش کرد، جارێك سێ پارچە پیشەسازی دەستی خۆماڵی بۆ ناردو بەبۆنەی ژن هێنانی د. هنری کسینجەریشەوە ملوانکەیەکی مرواری پێشکەش کرد، ئەویش لەگەڵ شای ئێراندا گەلێك بەڵێنی گەورەیان پێدابوو، هەموو جۆرە کۆمەکێکی شۆڕشی کورد دەکەن، هەتا بتوانن ڕوبەڕوی سوپای عێراقی ببنەوە و سەربکەون، بەو مەبەستەیشەوە دەیان نوێنەری لەملاولاوە ناردە گفتوگۆ، بڕوای خۆی بۆ دووپاتکردنەوە، ستایشی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکای دەکرد، بۆ ئەوەی پەیوەندی پتەو بکاتەوە، هەتا سەرنجی دەوڵەتی ئەمریکا بەرەو کێشەی کورد ڕابکێشێت.

– ئەگەر بزوتنەوەی کورد سەربکەوێت ئامادەین کوردستان ببێتە پەنجاو یەکەمین ویلایەتی ئەمریکا.

ناوەڕاستی ژوئەی هەزارو نۆ سەدو حەفتاو دوو وتوێژێکی لەگەڵ نێردراوێکی واشینتۆن پۆستدا کرد، ئاماژەی بەهەموو بەرژەوەندیەکی نێوانیان کرد:

– ئەگەر ئەمریکا بە شێوەی مرۆیی، سیاسیو سوپایی ئاشکرا، یان نهێنی پشتیوانی لە گەلی کورد بکات، بە پێی سیاسەتی ئەمریکا هەڵسوکەوت دەکەین، بە مەرجێك بە ڕادەی پێویست پشتیوانیمان لێبکرێت، دەتوانین ناوچە نەوتییەکانی کەرکوك بگرینە ژێر دەسەلاتی خۆمان و بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو

دەڤەرە بدەینە دەست کۆمپانیای ئەمریکی، ئەو ناوچەیە خاکی ئێمەیە.

ئەو روانینەی لەسەر ئەمریکا دەمێك بوو بۆ دروست ببوو، لەو کاتەی لە باکۆ بوو، لە کۆنفرانسی دامەزراندنی سەرکردایەتی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد ئەو بەراوردەی کرد:

– هێزی ئێران بەسەر کوردا سەرنەکەوتوون، بەڵکو بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتوەکان بەسەر یەکێتیی سۆڤیەتدا سەرکەوتوون، ئێمە هەتا هەموو ماف زەوت کراومان بە دەست نەهێنینەوە ئۆقرە ناگرین، پەیمانتان دەدەینی قوربانی بە بەرژەوەندی تایبەتی بدەین لە پێناو ئامانجەکانمان، یەکیەتی نێوانمان پتەو بکەینو هۆشیاری میلی بەرەو بەرژەوەندی گشتی کورد ئاڕاستە بکەین.

بەو بیرەوە، موچڕکەیەك گرتییەوەو کەوتەوە نووسینەوەی ئەو شیعرەی جەواهیری بۆ چیای سەرکەشی نووسی بوو. لەگەڵ نووسینەوەی وشەو پیت و رستەیشدا هەر بیری دەکردەوە و هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا. هەتا دوا دێڕی شیعرەکەی نووسیەوە(ناونیشانی راپەڕینی گەلەکە بە مستەفایە، هەموو رۆژێکی دیاریکراو سوێند بە ناوەکەی دەخۆن) ئەوە توشی دوڕیانێکی قوڵی کرد وێنەی هەزاران بێکەس و هەژار و بێدەرەتانی دەدییەوە، سنگیان دەکردەوە بۆ مەرگ، چاوەڕوانی گەڕانەوەیان دەکردەوە، ئەویش بۆ دەرفەتێك دەگەڕا، لەو کاتەشدا بە سەرکەوتنی کارتەر ئەو هیوایەی بۆ دروستبوو:

– کارتەر کێشەی مافی مرۆڤی لەسەرو هەموو شتێکەوە باسکردبوو، بە هیوای ئەوەم سیاسەتێکی گونجاو بەرامبەر بە کورد بگرێتە بەر.

ئەو هیوایەی کتوپڕ بڕا، بۆ بەشداری کۆبوونەوەیەکی ڕەواڵەتی و هاودەردی دەربڕین بانگ کرا بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە، پێی ڕاگەیەندرا هیچ گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی ئەمریکا ڕونادات.

لەو کاتەشدا دو ڕۆژ لەوە و بەر ئیدریس بارزانی، بە یارمەتی محەمەد دۆسکی سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد لە ئەمریکا، توانیان هەموو پێداویستیەکی

گەڕانەوەی بۆ دەستەبەر بکەن، لە ڕێگەی کۆمەڵە کەناڵێکی دیبلۆماسییەوە، توانرا ئێران ڕازی بکرێت لەسەر گەڕانەوەی، ئەوسا بلیتی فڕۆکەی بۆ بڕا.

ئەوە ئاسۆی شۆڕشی خستەوە بەرچاوی، روانینی بەسەر چیای سەرکەشەوە دەگیرسایەوە، وەك ئەو ساتەی دەدیەوە دوای دوانزە ساڵ دەربەدەری بە فڕۆکەیەك لە قاهیرە ڕاوەستا، یەکێك لە یاوەرانی جەمال عەبدولناسر هات بۆ ئوتیلەکە بۆ لای، پاش ئەوەی داوای لێبووردنی لێکرد، خەرجی ئوتێلەکەیشی خستە سەر دەوڵەتی میسر، پاش ئەوەی یەك ڕۆژی لە پور سەعید بەسەر برد، دوای ئەوە جەمال عەبدولناسر پێشوازی لێکرد، لەگەڵ ئەوەی بیروڕای یەکیان لەسەر کێشەی ناوچەکەو ڕۆژهەڵات بە گشتی گۆڕیەوە، نەشچونە ناو وتوێژێکی تەواوەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سیمای ئەو لەلای عەبدولناسر مایەوە، دواجار پێشوازی لە جەلال تاڵەبانی کرد، لە کۆڕەکەدا ئاماژەی بۆ کورسییەك کرد، ژەنەڕاڵ بارزانی لەسەری دانیشتبوو!

ئەویش دوای ئەو دیدارە هەستی بەدودڵییەکی گەورە کرد لە ناخی ئەوەوە، هەتا کاتێك بە نوێنەرایەتی تایبەتییەوە جارێکی تر گەڕایەوە، ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرا کرد:

– عەماش و ئەلسەعدی پێکەوە سوێندیان بۆ خواردم و گوتیان: سوێند بە خوا ئەگەر بە داخوازیەکانتان رازی ببین عەبدولناسر ملمان دەشکێنێت، لەگەڵ ئێوەدا بەجۆرێك دەدوێت و لەگەڵ ئێمەشدا بە جۆرێکی تر.

ئەو نهێنییە لەو کاتەوە لە دڵیدابوو، هێشتبوویەوە و تەنانەت لای شیمدتی رۆژنامە نووسیش ئاشکرای نەکرد.

لەوساتەشدا، شرینقەو فەزاو رەنگ و تیشك و زەمەن و کات و جوڵەو روانین و ئاکارو هەموو مادە و شتەکان ئاماژەی فڕین و گەشت و فڕۆکەیان لەبەرچاویدا دەدایەوە، وەك ئەو ساتانەی لە کلّپەی شۆڕشی کوردستاندا جڵەوی ئەسپەکەی بە دەستەوە دەگرتەوە، لەناو گڕو باروتدا غار غارێنی دەکردەوە، وێنەی رسکاو

دەهاتنەوە بەرچاوی، قیژەو هاوار و ناڵەو کڕوزانەوە، دەیویست وەك ئەو جارانە ببێتەوە بە پزیشکی دەردی هەژاران، بەدەم قریشکەو گریەو هاواریانەوە ساتە مێژووییەکان سەرلەنوێ چڕۆ بکەنەوە و بە وێنەی خۆیانەوە بێنەوە بەردەمی.

جارێك ئەو قریشکەیە گرتییەوە، کچێکی بیست ساڵانی شۆخ لە گوندی ساقی بەدەم قیژەیەکی بەهێزەوە هاواری کردو، ڕێی لە کاروانەکەیان گرت:

– مەلا مستەفا بارزانیم نیشان بدەن.

پێشمەرگە هەموو وەستان، هەرکەسە لەلایەکەوە دانیشتن هەتا پشووی ئەو هیلاکییەیان بدەن، بەدەم ڕێگا بڕینەوە چەشتبوویان، لەو کاتەیشدا پیکابێك لەسەر ڕێی شارەوە هات بە فەردەو کەلوپەل بارکرابوو، ژن و پیاو لەسەریانەوە دانیشتبوون، دەستیان بە ئاسنی چەمچەکەیەوە گرتبوو، لەوساتەیشدا شۆفێرەکە هێواشی کردەوە و تەپوتۆزی کەمبووەوە، بۆنی بارەکەیشی بە تێکەڵاوی دەهات، سێوو پرتەقاڵ و ئارد و سەمون و سڵق و خورماو نەوت و بەنزین و تۆزو عارەقی جەستە بەتێکەڵی دەهاتن، پێشمەرگە پڕ بە لوتیان هەڵیان دەمژییەوە، کچەکەیش قریشکەی کردەوە.

ئەو هاوارە جەستەی یەکهێنایەوە و لە مێشکیدابوو بە بانگەشەی گەردوونی، بەو بیرو هێزەیشەوە بە پڕتاو لێی چووە پێشەوە:

–کچەکەم سکاڵات چییە؟

کچەکە فرمێسکی سڕی و پریاسکەی بێکەسی کردەوە:

– سەرۆکی کورد باوکم دەیەوێت لەبری ژنێکی تر بۆ خۆی....

لەبەر گریان نەیتوانی وشەیەکی تر بڵێت، ئەویش بەدەم ڕوانینی خۆڵەکەی بەردەمییەوە گوێی لێگرتبوو، بەو شێوەیەیش وەستا هەتا ئەو ئاهێکی بەبەردا هاتەوەو قسەکەی بۆ تەواوکردەوە:

– من بداتە پیرەمێردێکی حەفتا ساڵە، سەرۆکی کورد دەمەوێت لەو شوە نەخوازراوە ڕزگارم بکەیت.

ئەوە کاری کردە سەری و موی جەستەی گرژبوون، هەموو کارێکی خۆی و کاروانەکەی راگرت، باوکی و مەلای گوندو پیرەمێردەکەی بانگکرد، بە برێك پارە کچەکەی لەو مەرگە رزگار کردوو دای بەدڵدارەکەی.

جارێکی تر بە هاوارێك داچڵکی، کاتێك ریزی پێشمەرگە لە گوندێك نزیکبوونەوە، دەنگی دەهۆڵ و زورناو گۆرانی و هەڵپەرکێ بەرزدەبووەوە، ریزە سەربانێك هەمووی فەرشیان لەسەر راخرابوو، پیاوان لەسەریان دانیشتبوون و نیشانەیان دەنایەوە، بە تفەنگی برنەو یەك یەك فیشەکیان بە بەردێکەوە دەنا، هەرجارێك دەیانشکاند، نیشانەکەیان بچوکتر دەکردەوە، نزیك کانی ژنانیش بەریز مەنجەڵی گەورە خرابوونە سەر ئاگرو ژنان چێشتیان لێدەنا، ماوەیەك بوو بووك گەیشتبووە ناو دێ، خەس و ئاوێنەیەکی گەورەی بۆ راگرتبوو، لەگەڵ هەنگاوەکانیدا دەڕۆیشت، چاویشی فرمێسکیان لێدەباری، گریەی بۆ کچەکەی خۆی دەکرد، لە دەربەندی نێوان دوگوندەکەدا لە جێبەکە دابەزی، زاوا بە ساردیەوە دەستی گرت، خەڵك بە خەمەوە دەیانڕوانییە بالای کورتی، ئەویش بەچاوی بە قوڵاچویەوە خەم و ژان گرتبوویەوە، کراس و کەواو چەفتەو لەچکە بریقە دارەکەی پێستە رەشەکەیان روناك دەکردەوە، کاتێکیش بووکەکەی تر هات، بە بالای بەرزو رومەتی ئاڵییەوە، کراسی پەمەییو کەوایەکی مۆرو هێلەکێکی شینی لەبەرکردبوو، کرمەکەکەی بەسەر سنگییەوە وەك ئالتونی ناو زەریای دەنواند، لەگەڵ بریسکەی ئاوێنەکەدا وەك مانگی چواردە لەناو ئاوێکی روندا شەوقی دەدایەوە.

لەوساتەیشدا وەك تیشکێك هاتبووە ناو گوندەکەوە، لەناو هەموو روانین و چاوەکاندا چەسپ ببوو. وردو درشت لێیان دەڕوانی. بە گەیشتنی پێشمەرگەیش بۆ ناودێ، کتوپڕ بێدەنگی هەموو شتێکی گرتەوە، وردو درشت هاتن بۆ پێشوازی ژەنەڕاڵ بارزانی، لەوکاتەدا ئەو هاوارەیش دڕی بەهەموو دەنگەکاندا، پیاوێکی بالا بەرزو چڵکنو جل دڕاو، گوریسێکی کورتی لە ملی ئالاندبوو، هاواری دەکرد.

ئەو هاوارە جەستەی خستە سەر لەرز، کتوپڕ داوای کرد بە زویی بیهێنن، بەر لەوەی بگاتە لای خەڵکی چیرۆکی ئەو شێتیەیان بۆ گێڕایەوە:

– پیاوێك ژنەکەی هەڵگرتووە بەو داخەوە شێت و هاربووە.

ئەوە ژانێکی گەورەی پێبەخشی، کتوپڕ فەرمانی کرد بە زویی پیاوەکە بدۆزنەوە، کاتێك گیرا دادگای شۆڕش بەپێی یاسای ئیسلام بڕیاری کوشتنیان بەسەردا سەپاند.

پزیشکەکە بە هونەری هەنگاونان و رەنگ و ڕووی پڕ لە نهێنیەوە رەنگی گرێی پریاسکەیەکی دەدایەوە، بە شێی نمە بارانی شوشەی سەر پەنجەرەکەوە ئاوێتەی مێژوویەك دەبوونەوە تابلوی نەتەوەیەك بوو لە خوێن و گۆشت دروستکرابوو، ئاوازیشی ئەو دەنگانە بوون لە فەزاو باوە دەهاتنە بەرگوێ، چەند رۆژ لەوەو بەر لەسەر کورسیەك دانیشتبوو لە چیمەن و فەزاو ئاسمان و روانین و دەنگو رەنگی ئەمەریکای لێدەبوو بە هاوارو قیژەو گۆشت و خوێناو، ئەو پانۆرامایەی هەمیشە روانینیان گرتبووەوە، لەگەڵ هەر جوڵەیەکیدا دیمەنێکی دەدیەوە، سەدەها وێنەی تێکەڵاو دەکردەوە، وەك تیشکێك دەزوچنی روداوی سەختو خوێناوی دەکردەوە، هەسارەو ئەستێرە لە جەنگی گەردونیدا ئاوێتە دەبوون، جیهان بە کەوتنە خوارەوەی تیشکی ئاگراویەوە تارو لێڵی و روناکیەوە وەك ئەو ساتە تێکەڵاودەبوونەوە، ئەو جەنگە تیشکییەیان پێدەکردەوە، لە جێگەیەکی سەرکەشدا، لە یەکەم گفتوگۆی بەعسیەکانەوە کردی، ئەو چینە خوێناویە لە تەوژمێکی ئاڵۆزەوە روانینی گرت، وەك ئەو ساتە تۆخ و تۆختر دەبووەوە، لە لێدوانێکدا وەڵامی نوێنەرەکەیانی دایەوە:

– لایەنگری و پشتیوانیم نەکردوون، ئاشکرایە بەغداد مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کوردی لە چوارچێوەی عێراقدا پەسند نەکرد، تا ئێستاش کەمترین داخوازی ئێمەیە بۆ ئەوەی کۆتایی بە دوژمنایەتییەکان بهێنین.

بەو قسەیەوە بێدەنگ بوو، بیری لەو مافە سادەیە دەکردەوە، بە

نەتەوەیەکی وەك کورد نادرێت، بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی گەلانی تری جیهان بە ژمارەیەکی کەمەوە.

لەوساتەشدا، بەو بیرەوە قەڵەمی لەسەر کاغەزەکە راگرتبوو، هەندێك لە داخوازییەکانی نووسییەوەو خستیە بەردەستیان:

– دارشتنەوەی برگەی ئەو مافەیە بە کەمە نەتەوەیەك بدرێت، نەوەك میللەتێکی وەکو کورد.

سەرۆکی نوێنەران وەریگرتوو خوێندییەوە:

– دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کوردو دانانی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت و جێگرێکی سەرۆك کۆمار لە کورد، پارێزگاکانی کوردستانیش بریتی بێت لە سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و دهۆك و خانەقین، ئەو ناوچەیش بگرێتەوە لە موسڵ و دیالە، زۆربەی دانیشتوانیان کوردن، دابەشکردنی داهاتی نەوتیش.

ئەو دانیشتەی بەو پلانە دەزانی، بەردەوام لە بێهێزیدا پەنایان بۆ دەبرد، ئەوەش ئەنجامی ئەو بەرگریە بوو بە گۆشت و ئێسقان دەکرا، هێزی پێشمەرگە بالاّ دەستبوون، ژمارەیان لە دە هەزار زیاتربوو، هەتا لە کۆتایی ئەو ساڵەدا دەسەلاّتیان بەسەر بەشی هەرە زۆری ناوچەکاندا گرت، ڕۆژنامەنووسانی بێگانەیان بانگهێشت کرد، ڕێکخراوی خاچی سوری نێو دەوڵەتیش داوای کرد ڕێی پێبدرێت، هەتا چەند یەکەیەك بنێرێت بۆ ناوچەکە، دەوڵەتی عێراق ڕێگەی پێنەدان.

بەو پێەش بە دودڵی و ترسەوە دەیڕوانییە ئەو گۆڕانکارییە گشتیانەی لە مەیدانی عەرەبیدا ڕوویان دەدا، بەو هێڵە ترسناکەیشەوە بیری لە فراوانبوونی گۆڕان کاریەکان کردەوە بە نامەو گفتوگۆو بلاّوکراوەوە هەولّیدەدا، لە ڕێی پەیامنێرانو سیاسەت مەدارانی جیهانەوە.

لەو گفتوگۆیانەشدا پسپۆڕی هەبوو، دەیزانی بۆ خلاّفاندنی شۆڕشە، بە

تایبــەتی ئاکــاری بەعســیەکان، لەوساتەشــدا، لــە مێــژووی کــوردو شۆڕشــەوە وردبــووەوە، لــەوەوە ئــەو کاتــەی بــیر هاتــەوە، عەبــدولرەحمان عــارف هــەوڵی ڕێکەوتنیــداو فڕۆکەیــەکی لــە بەغــدادەوە نــاردە ســلێمانی، لوقمــان بــارزانی و ژمارەیەکی تری بەندکراوی تیادابوون، لە ڕۆژی ئــەو کودەتایــەی بەســەر رژێمــی عەبدولکەریم قاسمدا کرا، دەرگای بەندیخانەی سەربازگەی ڕەشیدیان شکاندبوو، ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشی عێراقیش، لە ڕاگەیاندنێکدا لێبــووردنی گشــتی دەرکرد، ڕۆژی دواییش مافی نەتەوەیی گەلی کوردی بــە شــێوەی لامەرکــەزی بــە یاسایی ناساند، میدیای جیهــانیش ســەرکەوتنی کوردیــان باســدەکرد، ڕۆژنامــەی لۆمۆند نووسیبووی:

– بەغداد ئۆتۆنۆمی دەداتە کورد.

لەوساتەیشدا ئەو گومانە گرتیــەوە، لەگــەڵ ئەوەیشــدا فــەرمانی بــە ڕاگــرتنی جەنگ کرد، ئێزگەی دەنگی کوردستانیش فەرمانەکەی بڵاوکردەوە:

– لــە ســەرۆك بارزانییــەوە بــۆ جــەماوەری ســتەم دیــدەی کوردســتان : داوا لەهەموو براکانم دەکەم بگەڕێنەوە بۆ سەر جێگاو ڕێگــای خۆیــان، بچــنەوە ســەر کاری سەربەرزانەی پێشوویان، پێویستیشە لەسەر دەسەڵاتی نیشتیمانی دەست پێشخەری بکــات بــۆ گێڕانــەوەی ئاســایش و ئــارامی بــۆ ناوچــەکەو دان بــە مــافی نەتەوەیی گەلی کوردا بنێت لەناو گەلانی عێراقدا.

دوای ئەوەیش جەلال تاڵەبانی بە نوێنەرایەتی خۆی نارد بۆ بەغداد، ئەوەیش خســتییە نــاو چاوەڕوانییەوە، هــەتا دواجــار لــە ڕۆیشــتنی بــۆ قــاهیرە ئاگــاداری کردەوە:

– چــەندین جــار بڕیاریانــدا مــافی ئۆتۆنــۆمی بــۆ نەتــەوەی کــورد لــە عێراقــدا رابگەیــەنن، دوایــی پاشــگەز دەبنــەوە، دواجــار ســەردانی فەرمانگــەی ســەرۆکی دەوڵەتم کرد سەرۆك خەوتبوو، توڕەییم بەســەردا بارانــدن و ئاگــادارم کردنــەوەو گوتم: ئێوە ناتانەوێت گفتوگۆی ئاشتی بکەن ناچارین بگەڕێینەوە، تایــەر یــەحیا

تکای لێکردین و گوتی: مەڕۆن، دوای جەژن دەست بەوتووێژی راستی دەکەین، پێشنیارەکانتان دەنێرین بۆ جەمال عەبدولناسرو سوریا هەتا گۆشە نیگایان بزانین، لەبەرئەوە داوام کرد بچمە قاهیرە. لەبەرئەوەی کاربەدەستانی ئێستای عێراق بەبێ پرسی جەمال عەبدولناسر ناتوانن هیچ بکەن، کێشەی کوردیشیان بەستۆتەوە بە پرۆسەی سەرکەوتنی یەکگرتنی عەرەبییەوە، بڕیارە رۆژی جەژن فەرمانگەی پاسپۆرت بکەنەوە بۆ ئەوەی پاسپۆرتەکەم نوێ بکەنەوەو بچم بۆ قاهیرە.

کاتێك خوێندییەوە هەردوو دەستی بەیەکادا، لەو کاتەیشدا حەبیب موحەمەد هاتە بەردەمی پەڕەی رۆژنامەیەکی نیشاندا:

– بڕوانە شۆڤێنیەتی عەرەبی چیمان لەسەر دەنووسن.

رۆژنامەکەی وەرگرت، لەگەڵ خوێندنەوەیدا شەپۆلی نەبین مێشکی گرتەوە، بەو بیرەوە وەرچەرخایەوە:

– دەیانەوێت بمانخەنە ناو بازنەی یەکگرتنی عەرەبییەوە، کێشەی کورد چی پەیوەندیەکی بەوەوە هەیە.

ئەوەی گوت رۆژنامەکەی دایەوە دەست، ئەویش بەپێکەنینەوە وەریگرت:

– هەتا هەتایە یەك ناگرن.

کەڤ شرینقەکە ئاوەژۆ دەبووەوە، لە روانین و بیرو هەست و نەستیدا، وەك هەوری رەنگاڵەیی بوون و نەبوون، بە فەزای بیرەوەریەوە پرِدەبووەوە لە چیرۆکی روداوی مێژوویی، بە گوڵە جۆی زەمەنو تنۆکە بارانی شوشەی سەر پەنجەرەکەوە ئاوێتەی بوورکانی ئاوێنەی بوون دەبوونەوە، وێنەو چیرۆکی جەستەو رۆح و مۆخ تێکەڵاودەبوون، دەیویست بە پێلو کوژاوە بخوێنێتەوە، تیشکێکی گرمۆڵە لە پەلکە زێڕینەی رۆح لە شێوەی سەهۆڵبەندانی ئۆقیانووسی ژێر هەورێکی گەڕۆکی بەربا، لە روانینیدا سەهۆڵبەندانی دەسازاند، لە زیندەخەوی تۆڕی ئاماژەو هێمادا دەتوانەوە، شەپۆل و شێ و تەم و شنە و شەماڵ هەوری

بیرەوەریان دەخستە پاشکۆی زنجیرەی رووداوەوە، پشت مێژوویان دەکردە تابلۆی زەمەنێکی نەزانراو، لەدوای زەمەنی رووداویشەوە زەریای روانین و روخسارو رەنگ و شێواز و شێوە لە کوپەی عەتاری پشت زەمەنی تۆ و رەگەز، لە زەمەنی شوشەی شکاوی زیندەخەوی زەمەنی تابلۆیی بەشیری دایەی یەکەم ساوا رەنگدەکران، بە بۆنی دڵۆپە شیلاوگ و بڕینی یەکەم ناوك و مۆخی یەکەم باوك، بە درەختی شەوارەی کەشێتی کاتژمێری نیاندەرتاڵەوە تاڵە دەزوی یاریگای مۆندیالی رۆحی یەکەم مردویان دەهێنایە ناو زەمەنی بیرەوەری هەسارەکانی خاویەوە، بە سڕینەوەی نەبوونیشەوە دەگوازرایەوە بۆ هەسارەکانی تیژڕەوی، گەردەلول ئێستای دەبردەوە بۆ کاتژمێری بیرکردنەوە، لە چرکەی نائومێدیدا گەردوون بە چوار رەنگی فیزیاییەوە لە دەفتەری پێچراوەوە دەئاڵایەوە، بەو دڵۆپەی شیرەوە مۆمیای مەرگ و ژیان و بوون و نەبوون و سات و چرکە دەبوو، جەستەو رۆحی کۆچەری لە نامۆبوونی زەمەندا لە کەوتنە خوارەوەی زەمەنی روداودا دەتوایەوە، شێوەی تۆپێکی لە رەنگی گەردون هەڵدەگرت، بە فەزای رۆحدا سەوزایی گۆڕەپانی یاریکردنی دەدایەوە، بە تەڵزمی گڕی گڕکانی تۆڕی پرسیاری ئەزەلییەوە، زەنگی تونێلی بوون کەوتە لێدان، کاتژمێری گەردون چرکەی کرد، تۆپێك دەهات و دەچوو، بەبای ئەزەلی دەجولایەوە، هێمای مۆندیالی مێژووی لەسەر تۆماردەبوو، بە کەفی شرینقەکەیشەوە وێنەیان دەدایەوە، لە هەسارەی خاوەوە دەهات و هەسارەی تیژڕەویش وێنەی ئایندەی نیشاندەدایەوە، رەنگی شرینقەکەی دەگۆڕی، سەهۆڵبەندانی سیبریا وێنەی گۆڕپانی تۆپی هەڵدەگرت، بە بروسکەی هەسارەی تیشکەوە دیاریاندەدا، وێنەی زیندەخەوی هەسارەکانی تیژڕەوی ئاوێنەی پیری تێکدەشکاندو بە شوشەی منداڵییەوە تێکەڵی دەکردنەوە، وەك ئەو ساتانەی لە گۆڕەپانی سوردا لەسەر بەفری سپی ئاڵای دەچەقاندەوە، بەو شێوەیە مۆمیای ئاوێنەی شکاوی بوون و نەبوون دەبوو، وەك ئەوساتەی لەگەڵ هەنگاونانیدا لەناو

گۆڕەپانی کۆشکی کرملینەوە، نیگاو روخسارو بیرو روانین و هەست و نەستی ئاوێتە ببوو، بە گەردەلولی بەستەڵۆك و وەیشومەی سپی سیبریاوە، یاریگای گەردەلولی رۆحەوە مۆندیالی جیهانی نیشاندەدایەوە، وەك ئەوساتەی لە یاری نێوان مۆسکۆو باکۆدا دانیشتبوو، باکۆ یەکەم گۆڵیان کرد، بیروهۆش و روانین و سەرنجی بەو دیمەنەوە مۆمیابوو، تەزووی رۆحی بە ئاڵا دەگیرسایەوە، سەرنج و بیری بەرجەستەی ئەو یاریە رۆحیە ببوو، هەتا بەو ئەنجامەوە فیکەی کۆتایی لێدرا، هاتوو هۆریا لە هەندەرانەوە بەرزبووەوە.

بەو دەنگانەوە داچڵەکی و هاوڕێکەی دەستی گرت:

– هەستە ئەزبەنی بابڕۆین.

بەو گرتنەوە موچڕکەیەك جەستەی گرتەوەو لەو زیندەخەوە بێداری بووەوە، ساتێك بە حەپەساویەوە لەخۆی و دەوروبەری روانی، ئەوسا دەستی بەناوچاویدا هێناو لە ناخی خۆیەوە ئەو خەو خەیاڵ و راستییەی تێکەڵ کردەوە:

– کۆردۆیڤ بابچم ئاڵا بچەقێنم.

لەوساتەیشدا بە گەردەلولی ئەو بیرو روانینەوە بە زەویەکەوە پەیوەستە ببوو، هەتا گەیشتە ناو کۆشك و خرۆتشۆف و مالینکۆف پێشوازیان لێکردو کێشەی کوردی بۆ رونکردنەوە.

لەوساتەیشدا لە تیشك و رەنگ و شێوازو وێنەو روخسارەوە، گۆڕەپانی مۆندیال لە سیبریای خاکی سپیدا سرودی لاوکی سوری تیادا دەگوترایەوە.

ئەو تیشکو وێنەو بروسکەو هێزو رۆشناییانە، وەك تواندنەوەی گەردوون لە تیشکێکدا رەنگیان دەدایەوە، بە چوار رەنگەوە تێکەڵاودەبوون و جیادەبوونەوە، لە مەزارو کێڵگەی فۆتۆناتیشدا تۆڕێکیان لە روانینیدا دروست دەکرد، زایەڵەی زەنگ و وێنەو روداوو چیرۆك و داستانی رۆح و جەستەیان لە زەریای ئەندێشەو سەرسوڕمانی گەردونیدا گێژدەداو لە فەزای روانیندا زنجیرەیان دەبەستەوە، لە کۆچی ناکاتەی زەمەنی سفرەوە جۆگرافیای کۆچەری بە

فۆتۆناتی گەردوونەوە دروست دەکردەوە، لە فەزای ئەمەریکادا بە بوونەوە دەپچڕان، لە زەمەنی ناوەختەدا لە دایکدەبوونەوە. ئۆقیانووسی سپی وەك دەفتەر بەسەر گەردووندا والآدەبووەوە، بە بۆلیلی زەمەنیشەوە مێژوو دادەخراو دەکرایەوە، زەنگی گەردوون وەك زایەڵەی ئەزەلی، بەسەر سیبریای شەختەدا تونێلی بوونیان بە تۆپی سپیەوە دەهەژاند. نمەی باران سەر شوشەی پەنجەرەی ژورەکەیان گرتبوو، بە گێژەنگی بای ئەزەلییەوە رەنگاڵەی وێنەی شاراوەی ناو با، بەنمەی بارانو وێنەی کەڤ شرینقەو سێبەری پەڵە هەوری شاراوەوە، شوشەی پەنجەرەی ژورەکەیان گرتبوو.

2011/10/8 بۆ 2014/11/23

# ژیاننامە

**سەلاح جەلال عبدالله رەحیم**

**یەکەم**

- مواليدى 1963 سلێمانی.
- لەدایك بوونی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژی کەوتنە خوارەوەی (عبدالسلام عارف) لە تەیارە هەروەك هەمیشە دایکی جەختی لەسەرکردۆتەوە
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی بووە.
- زانستی ئیسلامی لەمزگەوت و تەکیەکاندا خوێندووە.
- دەرچووی ئامادەیی ئاینی ئیسلامیە/ لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە شاری هەولێر ساڵی 2009 - 2010
- دەرچوی زانکۆی عراقیە لە بەغداد/ کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان/ بەشی ئاینەکان و مەزهەبەکان و دایەلۆژی شارستانی لە ساڵی/2011-2012 لە ساڵی 2014- 2015 -تەواوی کردووە.
- بڕوانامەی ماستەرەر بەدەست هیناوە لە هەمان بەش بۆ سالی 2021
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراقە
- ئەندامی یانەی رۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یانەی رۆژنامەنووسانی عێراقە.
- ئەندامی یانەی هونەرمەندانی عێراقە.

**دووەم**

- لە ساڵی 1983 دەستی بە نووسین کردوە.
- لە ساڵی 1989 یەکەم دیوانی شیعری بەناونیشانی (ئیشککر) پێشکەش کردوە. لەلایەن رژێمی عێراقەوە لە چاپدانی قەدەغە کراوە.
- لە هەمان ساڵدا(کفن پۆش و کەونی) بڵاوکردۆتەوە.
- زۆر دیوانی شیعری و رۆمان و دەقی ترو لێکۆڵینەوە وتاری بڵاوکردۆتەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی

ئەو بەرهەمانەی بە زمانی عەرەبی بڵاوبوونەتەوە:

**سێیەم**

1-(سقوط الكون ) ديوان شعرى 2000 .

2- (سدرة الحسين) ديوان شعرى 2012

**چوارەم**

**ئەو بەرهەمانەی بەزمانی کوردی بڵاوی کردونەتەوە.**

1- کەوتنە خوارەوەی گەردوون/ شارای شیعریم/ کۆی بەرهەمەکانی 2012/2002

2. (ئۆقیانووسی مەرگەسات) دەقی شانۆیی/2003

3. (چیای ئاو) دەقی شانۆیی /2003

4. (سیمیا لە شانۆدا) 2009 لێکۆڵینەوەی شانۆ لەلایەن تیپی شانۆی سالار چاپکراوە.

5. (ئاوێنەی بوورکانی ژەنەڕاڵ) رۆمان/1992-2012 بەرگی یەکەم

6. (موسیقای مەرگی ناوەختە) رۆمان/1997-2020

7- کۆجیتۆی جەلال تاڵەبانی/1/ 2018.بەرگی یەکەم

8- كۆجیتۆی جەلال تاڵەبانی/2019/2بەرگی یەك و دوو.
9- ئاوێنەی بوورکانی ژەنەڕاڵ/رۆمان/بەرگی یەك و دو/چاپی یەکەم/2019
10- (نەفخ و وێنەی با) رۆمان چاپی یەکەم 2020

**پێنجەم**

**ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپن بەزمانی کوردی .1**

1. (ماکبیس) دەقی (شکسبیر) سیناریۆ
2. (ریشەی تیۆری رۆمانی کوردی).**لێکۆڵینەوە.**

**شەشەم**

**ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپن بەزمانی عەرەبی .**

1. (سور النور) ديواني شعري .
2. لاشخصية اللغة . مقالات ودراسات.
3. فنون قتالية في كردستان. مقالات
4. الشعرية تعني الروؤيا التي لاتستقر. مقابلات.

**حەوتەم**

**ئەو بەرهەمانەی لەزمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی ئامادەی چاپن :**

1. (تطريسات) مجموعة قصصية للقاص والباحث عباس عبدالجاسم..
2. (احلام مبللة) ديوان شعري للشاعر (جابر محمد جابر).

## هەشتەم

– لەساڵی 1996ەوە دەستی بەکاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، وەیەکەم بەرهەمی لە ڕۆژنامەی . المؤتمر العراقی بووە

– لەڕۆژنامەی الادیب الثقافیة لە سالی 2003 تائێستا بەسیفەتی نێرەری ڕۆژنامەنووسی کاری کردووە دوایی بووە بە دەستەی نووسەران لە ڕۆژنامەکەدا.

– لە ڕۆژنامەی المؤتمر العراقی ماوەیەکی زەمەنی کاری کردوە.

لە ڕۆژنامەی القاصد ماوەیەکی زەمەنی کاری کردوە

– بەرهەمەکانی بەهەردوو زمانی کوردی و عەربی بڵاوکردۆتەوە .

– لە فیستیفاڵەکاندا بەشداری کردووە لەوانە جەواهیری و مەربەد و هی تر.